# ئەمریکاناسی بۆچی؟

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لە قۆناغێکی نوێدا دەژی، قۆناغێك جیا لە هەموو قۆناغەکانی پێشوّی، جیاواز لە فۆرم و پێکهاتە ئاڵۆزەکانی، جیاواز لە سیما و روکارە کلاسیکیەکان جیاواز لە هەڵوێست و تێڕوانین و جیهانبینیەکان، تەنانەت هەموو چەمك و ئایدیەکان ئەمرۆ سیمایەکی تریان وەرگرتووە، گوتەکانی ئەمڕۆ زۆر جیاوازن لە دوێنیّ، لێکدانەوەکانیش بەهەمان شێوە، شێوازەکانی ژیانی ئاساییش، چاکسازی فراوانی تێدا کراوە٠مرۆڤ لەم قۆناغە نوێیەدا بوو بە سەنتەری سەرجەم گوتار و ئایدۆلۆژیاکان، مافەکانی مرۆڤ بوونە بەکاتە گۆریاکانی ئەرستۆ، بە جۆرێك هەموو لێکدانەوە و راڤەکردنەکان بۆ دیاردەکانی بوون، دواجار دەگەڕنەوە سەر مرۆڤ بە تەنها، بەشێوازێك دەتوانین بڵێین (هیومانیزم)ێکی مۆدێرن ئەمرۆ خەریکە دەبێتە ئایدیا و جیهانبینیەکی گلۆباڵ، ئەم گوتارە تازانە سەرجەم ناوەند و سەنتەرە روناکبیری و فەلسەفیەکانی داگیر کردووە، هاوکاتە لەگەڵ تیرورکردنی (خودی مرۆڤ) لە هەردوو لایەنی فیزیکی و فیکریەوە، هاوکاتەلەگەڵ لەناوچوون ریسواکردنی پیرۆزیەکانی مرۆڤ، هاوکاتە لەگەڵ لەناوبردن و جینۆساید کردنی گەلان، بازرگانیکردنە بە مرۆڤ و کردنی مرۆڤە بە کالآیەکی بیّ بەها و نرخ٠

لەم جیهانە نوێیەدا –کە بە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئەنتەرنێت- ناوزەد دەکرێت، مەرگی هەموو ئایدیا و بیردۆزە لۆکاڵەکان راگەیەنراوە، شالآوی مۆدێرنە خۆی کردووە بەسەرجەم کەلەبەرەکانی ژیان و بووندا، بەجۆرێك فەیلەسووفی گەورەی قوتابخانەی فرانکفۆرت (یۆرگن هابر ماس) دەڵێت: (مرۆڤایەتی ئەمڕۆ بووەتە کۆیلەی تەکنۆلۆژیا، ئەم پێشکەوتنە بەرچاوە لە جیهانی ماتریاڵدا، پاشەکشێکردنی جیهانی سپرایتی –رۆح-ی بەدوادا هات دەبینین بەختەوەری و ئاسوودەیی کە گەورەترین هیوای مرۆڤن لە ژیاندا خەریکە دەبێتە ئەو گەورە ونبووەی کە هەمووان بە دوویدا وێڵین، مرۆڤایەتی ئەمڕۆ وێڵە بە دوای بەختەوەریەکی راستەقینەدا، چونکە گومان لەوەدا نیە کە تەکنۆلۆژیا و مۆدێرنە بە تەواوی ناتوانن تینوویەتی مرۆڤ بشکێنن و بیگەیەننە جیهانی ئایدیاڵ٠بۆیە لەم نێوەندەدا مرۆڤ پێویستی بە پەناگەیەك هەیە کە لە و سەرقاڵی و جەنجاڵیەی ژیان هەڵبێت و لەوێدا بحەوێتەوە، ئاسوودەیی بەو جیهانە یۆتۆپیایەی کە لە زیهنی هەمووماندا دێت و دەڕوات و چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینین بیّ ئەوەی بمانگەیەنێتە ئاسوودەیەکی راستەقینە٠ لێرەشەوە ئایدۆلۆژیا و جیهانبینیەکان بانگەشە و ماکیاژکردنیان کردووە بەبەشێکی سەرەکی لە گوتاری رۆژانەیان، چەندین میکانیزم و هۆکاریان گرتووەتە بەر لە پێناو کەمەندکێش کردنی زۆرترین هەوادار و لایەنگر، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ مات و سەرسامە لەهەمبەر ئەو دۆخە تازانەدا کە دادەبارنە نێو گۆڕەپان لە بەرامبەر ئەو تەرزە نوێیانەدا کە هەڵگری پەیامێکی موژدەبەخشن، هەر هێزێکی نویّ کە

بەدەردەكـەوێت وا خـۆی دەردەخـات كـە هەلگـری بەهەشـتە بـۆ شـوێنكەوتوانی مایەی دەستخستنی بەختـەوەریە بـۆیان، دواتـریش مـرۆڤ دەكەوێـتە نـێوان دیفاكـتۆیەك كـە پێوێسـتە تـەنها خەمـی وەدیهێنانـی ئـەو بەهەشـتە یۆتۆپیایە بێت كە لە نێو هزر و جیهانبینیە تایبەتەكەی خۆیدا پلانی بۆ دادەڕێژێت

هـەر لێـرەوە دەكـرێت بڵێین مرۆڤ لەم ساتە بەدواوە دەبێتە گەریدەیەكی بەردەوام، گەریدەیەك بـە دوای دۆزیـنـەوەی مانـا جوانەكانـی ژیانـدا بگـەرێت، گەڕان بە دوای بەختەوەری و ئاسوودەییدا، گـەڕان بـە دوای شـوناس و ناسـنامەیەكی تـازەدا، كـە بتوانـێت سـەر لـە نـوێ پـێكهاتە و بونـیادە ئالۆزەكانـی وەكـو بیركـردنەوە و خولـیا و هـیوا گەورەكانـی پێدابـڕێژێتەوە، سـەرجەم كایەكانی پێ پێناسـە بكاتـەوە،تـا روخسـارێكی نـوێتر و گەشـاوەیان پـێ ببەخشـێت بێگومان ئەمەش پرۆسەیەكە پێویسـتی بـە هـەوڵ و پشكنینی بەردەوام هەیە، پێویستی بە وردبینی و ئارامگری هەیە، پێویستی بـە لەبەرچـاوگرتنی سەرجەم داخوازیە نوێیەكان و گرتنەبەری سەرجەم میتۆدە پەسەندكراوەكان و گشت ئەو لایەنە شاراوانە هەیە كە دەوری ئەم مەسەلە ئالۆزەیان داوە.

دیسـان مـرۆڤ دەبـێت بـە تێـرامان و هەڵسـەنگاندنێكی ژیـرانەوە هـەنگاو بـۆ ئـەو مەسـەلە چارەنووسسـازانە هەڵبنـێت، لێـرەدا هەڵەشـەیی و روكـەش بینـی دوو كاراكـتەری بەهێـزن بـۆ بـە هەڵەدابردنـی مـرۆڤ و خەڵەتاندنـی مـرۆڤن بـەو رووە دیارانـەی كـە چـەندەها ریكلام و بانگەشەی بریقەداریان بۆ دەكرێت.

بـۆیە سـەرجەم مەبەسـتە ویسـتراوەكان، سـەرجەم خولیا و خەونە پەنگخواردووەكان، بەرامبەر دەبنەوەلەگەڵ هەموو ئەو داخوازیانەی كە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە گەورەیە پێویستن.

بـە گەڕان بە دوای ئەو گەوهەرە ونبووەدا سەرەنجام مرۆڤ چەندین ئەزموون و چەندین وێنەی جۆراجـۆر دەبینـێت كـە هـەر وێنەیەكیان خاوەنـی چـەندین بانگەشە و ریكلام و خۆجوان كردنن، هەر یەكێك لەمانە هەلگری دونیایەك لە مزگێنی و دونیایەك لە بەڵێنە فریودەرەكانن.

دواتـریش مـرۆڤ دەگـات بـەو سـەرەنجامەی كـە جیهان لە چەندین جەمسەر و ئایدیا و تیۆرەوە گەیشـتووە بـە وێنەیەكی ستاندارد، وێنەیەك كە خۆی لە هەموو وێنەكانی تر جوانتر دەبینێت، بۆ هەمـوو كایـەكان راڤـەی خـۆی هەیـە، بـۆ هەمـوو دەركەوتـە ژیاریـە نوێـیەكان دیـدی تایبەتی خۆی هەیـە، لەبەرامـبەر سـەرجەم ئایدۆلـۆژیا و تـیۆرەكاندا هەڵوێسـتی جیاكاری خـۆی هەیـە، ئەمـە لـە لایـەك دەرهاویشـتەی پۆزەتیڤـی وەك یـەك دەنـگ و یـەك هەڵوێسـتی و پـێكەوە ژیـان و ئامانجـی هاوبـەش و كلـتوری هاوبـەش و ژیانـی هاوبەشـی لێدەكەوێـتەوە، لـە لایەكـی دیكەشـەوە دەرەنجامی نێگەتیڤـی وەكـوو ئاوابوونـی كلـتورە خۆماڵیە لۆكاڵەكان و سڕینەوەی دەنگ و رەنگە جیاوازەكان و نەمانی شوناسە تایبەتیەكانی لێدەكەوێتەوە.

كە دەكرێت بە هەردوو بارەكەدا وێنەیەكی تۆكمەی ئەم جیهانە نوێیەمان بۆ دەربخەن.

دوای كەوتنـی بلۆكـی رۆژهـەلات و هەرەسـهێنانی یەكێتـی شـورەوی، جـیهان بە گشتی دابەشبوو بەسـەر جەمسـەرێكی فـرە رەهەنـددا، سوشـیالیزم خـۆری ئاوا بوو، كاپیتالیزمیش لە ئاسۆی گزنگی

مـرۆڤایەتیەوە سـەریهەڵدایەوە، لێـرەوە مرۆڤایەتـی کەوتـە نـێو بەرداشـی ئـەم ریتمە نوێیە، کە لە لایەن هێزێکی گڵۆباڵی وەکو ئەمریکاوە رابەرایەتی دەکرێت.

ئـەو فاکـتەرانەش روون و ئاشـکران کـە جیهانـیان بـەرەو ئـەم ئاراسـتەیە بـرد، راسـتە جیهانـی رۆژهـەڵات یـان گەلانـی رۆژهـەڵات خاوەنـی چـەندین تایبەتمەندی وئایدیای بە هێزی یونیڤێرسالی بـوون، خاوەنـی کەرەسـتەیەکی گـەورەی پیشەسـازی و تەکـنۆلۆژی بـوون، بـەڵام لاوازی و دوبەرەکی ناوخـۆو دابەش بوونی هێزەکانی ئەم وڵاتانە بەسەر چەند هەرێمێکی جوگرافی تەسکدا، وپەرش و بڵاوبوونـیان، هێزەکەیانـی بـێ بـەها کـردبوو لـە لایەکـی تریشـەوە هەوادارێکـی زۆریـان بۆ جیهانی خـۆرئاوا هەبـوو، ئـەم گەلانـە نـەوە تازە پێگەیشتووەکانیان سەرسام بوون بە رۆژئاوا و پێشکەوتنە بەرچـاوەکەی، بـە مانیەکـی تـر تـواناى وەرگرتنـی ئـەو ژیـارە نوێـیەیان هەبـوو بـە هەمـوو دەرهاویشـتەکانیەوە، ناکرێت ئـەوەش لـەبیر بکـرێت کـە ئـەم ژیـارە نوێـیە پێکهاتەیەکـی تـۆکمە و ئالیەتێکی نوێی گرتە بەر بۆ هەیمەنە کردن بەسەر جیهاندا.

سەرچـاوە سـەرەکیەکانی پیشەسـازی وەکـوو پـیترۆڵ و پێکهاتـەکانـی تری بۆ خۆی مسۆگەر کرد، پەیـوەندیە دیبلۆماسـی و ئاشـتەوایيەکانی رۆژبـەرۆژ لـە پەرەسـەندندا بوو، دەزگا و دامەزراوەکانی سـەرگەرمی لێکۆڵـینەوە و گـەڕان بـوون بـەدووی زانـیاریدا دەربارەی سەرجەم گەلانی جیهان، بۆیە چۆنیەتی مامەڵەکردن و شێوازی پەیوەندیەکانی پشتبەستوو بوون بە زانیاریە هەمەجۆرەکان، کە پێشــتر زەمینەسـازی بـۆ کـردبوو، ئەمانــە و سـەرەڕای هەوڵـە بەردەوامەکانـی بـۆ پێشخسـتن و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای سەربازی.

لـە ئەنجامـی ئـەم فاکـتەرانەوە توانـی ببێت بە رێبەری جیهان و جڵەوی سەرکردایەتی گێتی لە گەلانـی تـر وەربگـرێت، هـەروەك توانـی کۆنـترۆڵـی بەشـێکی گـەورەی جـیهان بکـات و لەگـەڵ گەلـە نەیارەکانیشیدا شێوازی نوێ و تەکتیکی بەهێز و پلانی داڕێژراو پیادە بکات.

بـۆیە ئێسـتا دەبیـنین کلتوری ئەمریکی بەهەموو رەهەندە جۆراوجۆرەکانیەوە، خۆیان کردووە بـە نـێو سـەرجەم گەلانـی دونـیادا، ئـەم کلـتووره نوێـیە جێگەی بەسـەرجەم کلتوره باوەکـان لـەق کـردووە، تۆکمەیـی و بەهێـزی ئـەم کلـتووره نوێـیە لەوەدایـە کـە داخـوازیە نوێیەکانـی هەمـوو کـۆمەڵگەیەك لەبەرچـاو دەگـرێت، لەگـەڵ داخـوازی و پێداویسـتیە هەنووکەییەکانـی کـۆمەڵگە نوێیەکاندایە .

لـە نـێو ئـەو رەهەنـدە گشتگیرانەشدا، راگەیاندن و میدیای ئەمریکی گرنگی تایبەتی خۆیان ون نەکـردووە، توانیویەتـی ببێـتە زنجیرەیەکـی نەپسـاوی پەیـوەندیە میدیایـیەکان، و پەیـوەندی بەسـەرجەم کلتورەکانەوە کـردووە، دیـارە ئـەم مـیدیا گڵۆباڵە کـە گوزارشـت لـە دید و هەڵویست و تێڕوانینەکانـی گەلانـی ئەمـریکا دەکـات، هاوکـات رووبـەرووی ئـەو دیـد و تێـڕوانینە جـیاوازانە دەبێـتەوە کـە ئاراسـتەی کـراوە، لێرەشـەوە پەیوەندیەکـی ئۆرگانـی پەیـدا کـردووە لەگەڵ سەرجەم ناوەندەکانی راگەیاندندا.

ئەمـرۆش لـە نـێو دونـیای کـورد و مـیدیای کوردیدا کەموزۆر گرنگی بەم لایەنە دراوە و باس و خواسـتی لەسـەر کـراوە بـەڵام هەوڵـەکان هـەر چـۆنێك بـن لـە قـاڵبی سـادەگۆیی و کلاسـیکی

تێنەپەڕیون، بۆیە لێرەوە پێمان وایە کەلێنێك لە نێو دونیای رۆشنبیری و نووسینی کوردیدا هەیە لەبەرامبەر ئەو مەسەلەیەدا.

جا لە پێناو خزمەتکردنی بواری ئەکادیمی و وەرگێڕان لەو بوارەدا کە ئاماژەی پێکرا گۆڤاری ئەمریکاناسی زادە و هەڵقوولاوی ئەو هەستی بەرپرسیاریێتی و خزمەتکردنەیە بە کتێبخانە و میدیای کوردی و رەوشی نووسین و وەرگێڕان لە کوردستاندا.

دیارە ئێمە پێویستمان بە دامەزراندنی چەندین سەنتەر و بنکەی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان و گەلە جیاوازەکان، تاوەکو لە نزیکەوە ئاگامان لە رەوشی مێژوویی و سیاسی ئەو گەلانە بێت و بتوانین لە ئەزموونەکانیان سوودوەربگرین.

گۆڤاری ئەمریکاناسی هەڵگری ئایدیای خزمەتکردنە بە بواری نووسین و وەرگێڕانی ئەکادیمی، نووسینێك کە بتوانێت لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا وەك و سەرچاوەیەك پشتی پێ ببەسترێت، ئەمەش بە وەرگێڕانی پرۆگرامە سەرەکی و بابەتیەکان لەسەرجەم بوارەکانی (هزر و وێژە و مێژوو فەرهەنگ و جوگرافیا...هتد)دا کە تایبەت بن بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

رەنگە گرتنەبەری ئەم رێچکەیە و هەڵبژاردنی بابەتێکی لەمجۆرە، جێگەی سەرنج و تێڕامانی خوێنەران بێت، بەلام بە هیوای ئەوەین کە ئێمە یەکەم کەس بین لەو دەرگا فراوانەمان دابێت و خۆمان کردبێت بە نێو جیهانە نادیارەکەیدا و دواتریش رێگا خۆشکەر بێت بۆ کەسانی تر و نووسەرانی تر، تاوەکوو بتوانن ئەسپی خۆیان لە بوار و مەیدانەکانی تر و کایەکانی دیکەدا هەلینگ بدەن و ئێمەش وەکوو هەموو گەلانی تر خاوەن چەندین سەنتەر و دامەزراوەی گەورەی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان بین لە هەموو بوارەکاندا. بێگومان ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستاندایە هەوڵی چەندین مانگ هەوڵدان و گەڕان و شەونخونیە تا گەیشتووەتە ئەم ئاستە. لێرەشەوە ناکرێت رۆڵی سەرجەم ئەو ناوەند و دەزگا و کەسایەتیانە لەیادکەین کە بوونە هۆکاری سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە.لە نێو ئەوانیشدا بەڕێز (فەتاح زاخۆیی) وەزیری رۆشنبیری، کە کارئاسانی بۆ کردین و هەروەها بەڕێزان لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و کاك (هەڵگورد عەبدولوەهاب) بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و مامۆستای نووسەر (رێبین رەسوڵ ئیسماعیل) کە هۆکاری بنەڕەتی بوو لە سەرخستنی پرۆژەکەدا، و سەرجەم ئەو ناوەند و دەزگایانەی کە هاوکاریان کردووین.

# ئەمریکا لە مێژوودا

بەشی یەکەم

و:یاسین حەمەسەعید

(هەر گیز ئاسمان و زەوی هێندەی ئێرە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ پێکەوە گونجاو نەبوون)
(**John Smith**جۆن سمیپ)

لە لوتکەی چاخی سەهۆڵبەنداندا، لە نێوان ساڵانی (٣٤٠٠٠ و ٣٠٠٠٠) بەر لە زاییندا، زۆربەی ئاوەکانی گۆی زەوی لە هەناوی کیشوەرە (قارە) هەرە گەورە سەهۆڵیەکاندا بوون. لە ئاکامدا دەریای برینگ (bering Sea) سەدان مەتر لە ئاستی ئێستای لە خوار تر بوو و پردێکی وشکانی، بە نێوی (Beringia) لە نێوان ئاسیا و ئەمریکای باکووردا وەدەرکەوتبوو. وا دەردەکەوێت کە برینجیا، لێواری کۆتایەکەی پانیەکەی نزیکەی (١٥٠٠) کیلۆمەتر بوو بێت. (تەندرا)یەك (دەشتێکی تەخت) شێدار و بێ درەخت و بەلام داپۆشراو بە بە گیا و رووەکی هەمەجۆر بوو بە هۆکاری روو تێکردنی گیاندارە زەبەلاحەکان، کە مرۆڤە دێرینەکان بۆ مانەوەی خۆیان و بەردەوامی ژیانیان راوی ئەو گیانلەبەرانەیان دەکرد.

یەکەمین مرۆڤەکان کە پێیان نایە نێو ئەمریکاوە بە بێ ئەوەی بزانن کە هاتوونەتە نێو کیشوەرەێکی نوێوە. درێژەیان دا بە داب و نەریتی باو باپیرانیان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ و بە کەنارەکانی سیبریادا تێپەڕ بوون و بە ناوچەی پردی وشکانی (Beringia) شدا تێپەڕیان کرد.

پاشان گەیشتنە ئالاسکا و هەزاران ساڵی تریش بەسەر ئەو زەمەنەدا تێپەڕی و تا یەکەمین دانیشتوانی ئەمریکایی رێگای خۆیان بە ئاراستەی کێوە سەهۆڵینەکانی باشوور کردەوە و تا گەیشتنە ئەو شوێنەی کە ئێستا بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (United States) دەناسرێت . تەنانەت لەم رۆژگارەشدا چەند نموونەیەکی ژیانی سەرەتایی لە ئەمریکای باکووردا دەتوانرێت بەرچاو بکەوێت. هەندێك لەم نموونانە دەتوانرێن بە شێوەیەکی بەڵگەنامەیی و و متمانە پێکراو بگەڕێنرێتەوە بۆ ساڵانی بەر لە(١٢٠٠٠) پ.، لەم دوایانەشدا بورجێکی ئێشکگری لە باکووری ئالاسکادا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان قۆناغ. هەروەها چەند ڕمێکیش لە نزیکی کلۆڤیز (Clovis) لە نیۆ مەکسیکۆ دۆزراونەتەوە.

سـەرەڕای ئەمانـەش چـەند كەلوپەلێكـیش لـە هەنـدێك ناوچـەی تـری ئەمـریكای باكـوور و ئەمـریكای باشـوور دۆزراونەتـەوە كە ئـەوە دەسـەلمێنن كـە لەوانەیـە ژیـان لـە زۆرێـنەی نـێوەگۆی رۆژئاوای زەوی تا ساڵی (١٠٠٠٠) پێش زایین بە تەواوەتی هاتبێتە كایەوە.

لـەو سـەردەمەدا، (مامـوت)ەكـان لـە نـێو چـووبوون و بایسـۆن (گامێشـە كێویەكانـی ئەمـریكای باكـوور) سەرچـاوەی سـەرەكی خۆراكـیان و پێستەكانیشـیان پۆشـاكی ئەمـریكاییە سـەرەتاییەكانی پێدەهێـنا. بـە تێپەڕبوونـی كـات، گیانلەبەر و ئاژەڵی زۆر و فـراوانتر -چ لـە لایەنی مرۆڤەوە چ بە هۆكاری سروشـتی- لـە نـێو چـوون.ئـیدی روەك و ناوكەكانـیان بـوونە بەشـێكی گـرنگ لـە خۆراكی سـەرەكیان. هـێدی هـێدی، رانـە مـەڕ و بـەراز و سەرەتاكانی كشتوكاڵكردنیش وەدەركەوت. هیندیە سـوورەكان دەوروبـەری هەشـت هـەزار سـاڵ پ.ز، لـەو ناوچـەیەی كـە ئێسـتە بـە مەكسـیكی ناوەند دەناسـرێت، بـوونە پێشـڕەو و دەسـتیان بـە ناشـتنی گەنمەشـامی و كولەكە و لۆبیا كرد، وردە وردە، ئـەم شـارەزاییە بـەرەو باكووریش تەشـەنەی كـرد و تـا سـاڵی (٣٠٠٠) بـەر لـە زایـین، جـۆرێك لـە كشـتوكاڵكردنی سـەرەتایی لـە نـێو دۆڵەكانـی نـیۆ مەكسـیكۆ و ئەریـزۆنادا بەدەركـەوت. دواتـریش نیشـانەكانی ئاودێـری دەركـەوتن و تـا لـە سـاڵی (٣٠٠٠) بـەر لـە زایـین یەكـەمین ئاسـەواری ژیانـی گوندنشینی دەستی پێكرد.

تـا سـەدەی یەكەمـی مـیلادی، هوكـۆمەكان (Hohokum) لە دەوروبـەری ئـەو ناوچـەیەی كـە ئەمـرۆ بـە فۆینـیكس (Phoenix) لـە ئەریـزۆنادا دەناسـرێت، نیشـتەجێ بـوون. پیشـەی ئەوانـە دروسـتكردنی جـۆرێك لـە كـوخ بـوو كـە شـێوەی وەك هـەرەم وا بـوو وەك ئەوانەی كە لە مەكسیك دۆزرانەوە و دروستكردنی كارێز و سیستەمەكانی ئاودێری بوو.

كوخ نشینان و گوندەكانی هیندە سوورەكان:

یەكـەمین گروپ لە هیندیە سوورەكان كە بە دروستكردنی كوخە هەرەمیەكانەوە خەریك بوون لـەو ناوچـانەی كـە ئێسـتا بە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەناسرێت (ئادێنانەكان- Adenans) بـوون. ئـەم گـرووپە نـزیكەی (٦٠٠) سـاڵ بـەر لـە زایـین دەسـتیان كـرد بـە دروستكردنی چاڵە ژێر زەمینـیەكان و هەروەها سەنگەریش. هەندێك لەم كوخانە كە تا ئەم رۆژگارە ئاسەواریان ماوەتەوە لەسـەر شـێوەی مـار یـان هەنـدێك لـە باڵندەكان دروسـتكراون كـە لەوانەیـە گوزارشـت لـە ئاییـنی بوونیان بكات بەلاَم تا ئێستا ئەم بابەتەش یەكلایی نەكراوەتەوە.

وا دەردەكـەوێت كـە ئادێـنانەكان (Adenans) ئاوێـتەی چـەند هۆزێكـی تر بوون كە بە (هۆپ ویلیانـزەكان- Hopewellians) نـاو دەبرێن، لەگەڵ ئەواندا بۆ ناوچەكانی دیكە كۆچیان دەكرد. یەكـێك لـە مەڵبەندە كلتوریەكانی ئەمانە لە باشووری ئۆهایۆ (Ohio) دۆزراوەتەوە كە ئاسەواری هـەزاران لـەم كـوخانە تێـیدا ماونەتـەوە. (هۆپ ویلیانزەكان- Hopewellians) كە لە بازرگانیدا دەسـتێكی بالاَیـان هەبـوو بازرگانـیان بـە كـالاَ و شمەكـە جۆراجـۆرەكان دەكـرد لـە ناوچـەیەكدا كـە تیرەكەی دەگەیشتە سەدان كیلۆمەتر.

دەوروبـەری سـەدەی پێـنجەم (هـۆپ ویلیانـزەکان- Hopewellians)یش نەمان و هێدی هێدی ڕێگـا بـۆ بەدەرکەوتنـی چـەند هۆزێکـی تـر کـرایەوە کە بە (میسیسیپیەکان- Mississippians) ناسـراون (یـان هـەمان شارسـتانیەتی (تێمـپڵ مـۆند - Temple Mound)٠ شـاری کاهوکـیا ( Cahokia) کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی سێنت لوینزەوە (St. Louis) لە ویلایەتی میسوری، بـە پێـی هەنـدێك سەرچـاوە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی دوانزەی زایینیدا ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی بیست هـەزار کـەس بـووە٠ لـە ناوەنـدی ئـەم شـارەدا بینایەکـی گـەورەی لـە خشـت دروسـتکراو کـە لـوتکەکەی (چـونکە لـە شـێوەی هەرەمـدا بـووە) تـەخت بـووە کـە بەرزیەکـەی سـی مەتـر و لەسەر ڕوبەرێکـی سـی و حـەوت هێکتـاری دروسـتکراوە، هەشـتا بیـنـای تـر لەم شێوەیە لە دەوروبەری ئەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە٠

دانیشتوانی شارەکانی وەك کاهوکیا بۆ دابینکردنی خۆراکیان، ڕاوە شکار و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و بازرگانـیان دەکـرد و پشـتیان پـێ دەبەسـت٠ئەمانـە لە ژێر کاریگەری دانیشتوانی پێشکەوتووتری باشـوور، لـە کۆمەڵگەکەیاندا دابەشبوونی چینایەتی دەرکەوت کە کۆیلایەتی تێیایدا تەشەنەی کرد و تا وای لێهات مرۆڤەکانیش قوربانی دەکران بۆ بۆنەکانیان٠

لـە دەوروبـەری سـاڵی (٩٠٠) زایینـی (ئاناسـازیەکان- Anasazies) کـە بە باوباپیرانی (هیندیە سـوورە هۆپـیەکان- Hopi Indians) ئەمـرۆ دادەنـرێن، لـەو ناوچـانەی کـە ئێسـتا بـە باشـووری وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمــریکا دەناســرێت، دەســتیان کــرد بــە دروســتکردنی گــوندی هیــندی سوورنشین، کـە لـە خشـت و بـەرد دروسـت دەکران٠ ئەم بینایانە کە لە شێوەی باڵەخانەی سەیر و بـێ وێـنەدا بـوون کـە زۆریـنەی کـات لەسـەر تاوێـرەبەردە زەبەلاحـەکان دروسـت دەکـران٠ بـە ناوبانگترینـیان کۆشـکی تاوێـری (Mesa Verde) کە لە ویلایەتی کلۆرادۆیە کە نزیکەی دووسەد ژووری هەبـوو٠ لـە بیـنا بەناوبانگەکانی تر، وێرانەکانی پویبلۆ بۆنیتۆ (Pueblo Bonito)یە لە هێڵـی سـنووری ڕوبـاری چـاکو (Chaco) و نیۆمەکسـیکۆیە کـە (٨٠٠) ژووری هەبـوو٠لەوانەیـە دەوڵەمەندتریـنی هیـندیە سـوورەکان لـە پـێش کۆلۆمبسـدا لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی زەریای پاسـیفیك (هـێمن)دا دەژیـان٠ دەوروبـەری هـەزار سـاڵ بەر لە زایین دەستکەوتنی خۆراك و شوێنی نیشتەجێ بوون فراوان بوو٠

## کلتوری ئەمریکایی ڕەسەن:

ئـەو ئەمـریکایەی کـە سـەرەتا ئەوروپایـیەکان هاتـنە نێویەوە لە بیابانێکی وشك و خاڵی هیچی دیکـە نەبـوو٠ لـەم ڕۆژگـارەدا بـاوەڕ وایـە کـە دانیشـتوانی نـیوەگۆی ڕۆژهـەڵات تا ڕادەیەك هێندەی دانیشتوانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ئەو کاتە بووە واتە نزیکەی چل ملیۆن کەس٠

ژمـارەی دانیشـتوانی ڕەسـەنی ئەمـریکا لـەو سـنوورەی کە ئێستا بە ئەمریکا ناودەبرێت لە نێوان بیسـت تـا هـەژدە میلـیۆن کەس بوو کە لە نێوان مێژوونووسانیشدا جیاوازی ڕا هەیە سەبارەت بەم

بابەتـە و پێـیان وایە ئەم ژمارەیە لەوەش كەمتر بووە كاتێك كە ئەوروپییەكان هاتوون بۆ ئەمریكا٠ ئـەوەی كـە لێرەدا شایانی ئاماژە پێكردنە ئەو كاریگەریە وێرانكاریە بوو كە لەسەر ئەم دانیشتوانی رەسـەنی ئەمـریكایە بەجـێما ئـەویش ئـەوە بـوو كـە ئەوروپـیەكان كاتـێك لـە ئـەوروپاوە دەهـاتن هەلگـری چـەندین نەخۆشـی بـوون كـە لـە رێگـەی ئەمانـەوە بـۆ ئەوانیش گوێزرایەوە٠ بە تایبەتی نەخۆشـی ئاوڵـە كـە بـە تەواوەتـی چەندین هۆزی لە دانیشتوانی رەسەنی ئەمریكای لەناو برد و وا دەردەكـەوێت خێرایـی لـە ناوچوونی هیندیە سوورەكان یان هەمان سوورپێستەكان (ئەمە راسترە) لـە سـەدەی شـانزەهەمدا ئـەم نەخۆشـیانە بـوون تاوەكـوو ئـەو شـەڕانەی كـە لەگەڵ ئەوروپییەكاندا هەیانبووە٠

داب و نەریتی سوورپێستەكان لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەوەی لە ناوچەیەكی بەرفراواندا دەژیان تا رادەیەكی زۆر لەگەڵ یەكتردا جیاواز بوو٠ بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی لێكچوویشی تێدا بوو٠

زۆربــەی هــۆزەكان لــە ناوچــە دارســتانیەكانی رۆژهــەلأت و ناوەڕاســتدا، بــە راوە شــكار و بەرهەمهێنانـی گەنمەشامی خۆراكـی خـۆیان دەست دەخست٠ لـە زۆربـەی كاتەكانـدا، ژنـان ئەركی كشــتوكاڵكردن و دابەشــكردنی خواردەمەنــیان دەكەوتــە ئەســتۆ و پیاوانــیش بــە راوە شــكار و جەنگەكانەوە خەریك دەبوون٠

لـە هەمـوو روویەكـەوە كـۆمەڵگەی هیـندیە سـوورەكانی ئەمـریكای باكـوور پەیوەسـت بـوو بـە زەویـەوە٠ ناسـینی سروشـت و توخمەكانـی بـە بەشـێكی گرنگـی بیروبـاوەڕی ئایینی ئەوان دادەنرا٠ شـێوازی ژیانـی ئـەم سوورپێسـتانە لـە بـنەڕەتدا لەسـەر بـنەمای هۆزایەتـی و سوشیالیسـتی بـوو بەجـۆرێك كـە مـندالأن بـە بـەراورد لەگەڵ داب و نەریتی ئەو كاتەی ئەوروپاییەكان گەلێك ئازادی فراوانتریان هەبوو٠

لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە هۆزەكانـی ئەمـریكای باكوور رێنووسـی هێـرۆگلیفیان بـۆ نووسـین بـەكار دەهێـنا، كەچـی كلـتوری ئـەوان زۆر بگـرە بـە تەواوەتی زارەكی بوو و جەختێكی فراوانیشی لەسەر دووبارەكــردنەوەی ئەفســانە و چــیرۆكە كــۆنەكان دەكــردەوە، لــە نــێوان خێڵەكانیشــدا كــڕین و فرۆشــتنیش هەبـوو و بەڵگەكانـیش ئـەوە دەسـەلمێنن كـە هـۆزە دراوسـێكان پەیـوەندی گشـتگیر و رەسمیان بەیەكەوە هەبووە و كە زۆر دۆستانە و هەندێكجاریش دوژمنانە بووە٠

### ئەو ئەوروپییانەی كە یەكە مجار هاتنە نێو ئەمریكاوە:

یەكـەمین گـروپ لـە ئەوروپـیەكان كـە هاتـنە نـێو ئەمـریكاوە –تـا ئەوەنـدەی بەڵگـەكان دەیسـەلمێنن- نۆرسـەكانن (Norse) كـە لـە گـرینلەندە (Greenland) وە بەرەو رۆژئاوا چوون٠ ئـەریك سـوور (Eric The Red) لـە دەوروبەری ساڵی (985) لەوێدا نیشتەجێ بوو٠ دەووترێت كـە لـە سـاڵی (1001) كـورەكەی لـیف (Leif) لێوارەكانـی باكـووری رۆژهەلأتـی كەنـەدای ئێسـتا گەڕاوە و بە لانی كەمەوە بۆ زستانێك لەوێدا ماوەتەوە٠

لەگەڵ ئەوەشدا لەو نووسراوانەی کە لە نۆرسەکانەوە ماوەتەوە و دەستمان کەوتووە ئەوە دەردەخەن کە دەریاوانی ڤایکینگ (Viking) کەناراوەکانی ئەتلەنتیکی باکووریان دۆزیوەتەوە تا دەگاتە سنووری باهاماس (Bahamas)، بەلأم بانگەشەیەکی لەم بابەتە تا ئێستا نەسەلمێنراوە. لە ساڵی (1936) ز، هەندێك لە پاشماوەکانی خانووی نۆرسەکان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانە لە (Danse-adx-Meadow) لە نیو فۆندلاند (New Foundland)ی باکوور دۆزرایەوە تارادەیەك نووسراوەکانی نیۆ تاتەگلەکانی نۆرسەکانی پشت راست کردەوە.

لەساڵی (1497)، واتە پێنج ساڵ دوای ئەوەی کە کریستۆف کۆڵمبس بە دووی ڕێگایەکدا بوو لە رۆژئاواوە بۆ ئاسیا گەیشتە کەناراوەکانی کاریبی (Caribbean)، دەریاوانێکی خەڵکی ڤێنیزیاش کە ناوی جۆن کابوت (John Cabot) بوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێك بۆ پاشای ئینگلتەرا گەیشتە کەناراوەکانی نیو فۆندلاند (New Foundland). ئەگەرچی کارەکەی هەر زوو و بەخێرایی فەرامۆش کرا بەلأم گەشتەکەی کابوت بوو بە بنەرەتێك بۆ بانگەشەکانی ئینگلتەرا بۆ موڵکیەتی ئەمریکای باکوور. ئەم گەشتە هەروەها بوو بە هۆی کردنەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ ڕاوەماسی پڕ دەرامەتی دەریاچەی جۆرج بانکس (George Banks) کە ڕاوە ماسی کارانی ئەوروپی بە تایبەتی پورتوگالیەکان روویان لەم ناوچەیە دەکرد.

کۆلۆمبس گەرچی هەرگیز پێی نەکەوتە سەر خاکی ئەو شوێنەی کە ئێستە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسراوە، بەلأم گەشتەکەی یەکەمین داگیرگە ئیسپانیەکانی ئەمریکای بونیات نا. یەکەمینی ئەم دۆزراوانە کاتێك دەستی پێکرد کە لە ساڵی (1513) کە گرۆپێك بە فەرماندەیی خوان پۆنس دی لیۆن (Juan Ponce de Leon) لە کەناراوەکانی فلۆریدا لە نزیك شاری سێنت ئەگۆستین(St. Augustine)ی ئێستا پێیان خستە سەر وشکانی.

ئیسپانیەکان بەسەرکەوتن بەسەر مەکسیکیەکاندا لە ساڵی (1522) شوێن پێی خۆیان لە نیوەگۆی غەربی گۆی زەویدا هێندەی تر قایم کرد. ئەم دۆزینەوانە پاش لە چاپکردن و بلأوبوونەوەی نووسینەکانی ئەمریگۆ ڤیسپۆچی (Amerigo Vespucci) ئیتالی، کە کۆمەڵێك لە یادداشتەکانی سەفەرەکەی بە نیوی (دونیای نوێ)، هێندەی تر زانیاری ئەوروپیەکانی لەسەر ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ بە ئەمریکا دەناسرێت زیاد کرد. تا لە ساڵی (1529) چەند نەخشەیەك دروستکران کە کەناراوەکانی ئەتلانتیکی لە لیبرادۆر(Lebrador)ەوە تا تیرادل فیگۆ ( Tierra del Fuego)ی تێدا دەست نیشان کرا بوو. گەرچی سەدەیەك درێژەی کێشا تا هیوای دۆزینەوەی ڕێگایەك (ڕێگەی تێپەڕین بۆ باکووری خۆرئاوا) بۆ ئاسیا بە تەواوەتی وەلا بخرێت.

لە نێو دۆزراوزە بەناوبانگەکانی ئیسپانیادا، دۆزینەوەکەی هیماندۆ دیسۆتۆ ( Hemando Desoto) بوو. کە دۆزەرێکی بە ئەزموون بوو کە لە کاتی دۆزینەوەی پیرۆ (Peru) دا لەگەڵ فرانسیسکۆ پیزارۆ (Francisco Pizzaro)دا بوو. دیسۆتۆ پاش بەجێهێشتنی هاڤانا لە ساڵی (

1539) گەیشتە فلۆریدا و بۆ دەستكەوتنی دەسكەوت لە لێوارەكانی باشووری رۆژهەلاتی ئەمریكای تا رووباری میسیسیپی بڕی.

فرانسیكۆ كۆرۆنادۆ(Francisco Coroonado) كابرایەكی ئیسپانی دی بوو كە لە سالی ( 1540) لە مەكسیكەوە كەوتە رێ بە هیوای دۆزینەوەی ئەو حەوتە شارە ئەفسانەیەی كە بە سیبۆلا (Cibola) ناسرابوون. گەشتەكانی كۆرۆنادۆ گەیشتە تا سنووری گرەند كانیۆن ( Grand Canyon) و كانزانس بەلام لە كۆتاییدا بە هۆی نەدۆزینەوەی زێر و ئەو كانزا بە نرخانەی تر كە بە دوویاندا بوو گەشتەكەشی تووشی شكست بوو.بەلام سەرەڕای ئەمەش، ئەوانەی كە لەگەل كۆرۆنادۆ دا بوون دیاریەكی بێوێنەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەكە بەجێ هێشت كە ئەویش ئەو ئەسپانەدا بوون كە لە دەستی خاوەنەكانیان هەلهاتبوون و بوونە هۆی گۆرانی ژیان لە گریت پلەینز( Great Plains) چەند نەوەیەك زیاتر تێپەڕی نەكرد بوو كە هیندیە سوورەكانی ئەم ناوچەیە لە پەروەردەكردن و راهێنانی ئەسپدا دەستێكی بالایان پەیدا كرد و تێیدا كارامە بوون و سنووری چالاكیەكانی خۆیانی پێیان زیاتر كرد.لەو كاتەدا كە ئیسپانیەكان لە ئاراستەی باشوورەوە بەرەو باكوور دەكشان، بەشەكانی باشووری ئەمریكای ئەمڕۆ هێدی هێدی بەهۆی گەشتەكانی چەند كەسێكی وەك جیۆڤانی دا ڤێرازانۆ (Giovanni da Verrazano) كە كەسێك بوو خەلكی ناوچەی فلۆرەنسا بوو لە فەرەنسا و لە سالی (1524) گەیشتە كەناراوەكانی كارۆلینای باكوور و پاشان بە كەناراوەكانی ئەتلەنتیكدا تێپەڕی و گەیشتە بەندەری نیۆركی ئەمڕۆ.

دە سال دواتر، كەسێكی تری فەرەنسی بە نێوی جاك كارتیە (Jacques Cartier) هەر وەكوو ئەوروپیەكانی پێش خۆی بە هیوای دۆزینەوەی رێگایەكی ئاوی بۆ ئاسیا دەستی كرد بە گەشتێكی دەریایی. گەشتەكانی ئەویش بۆ كەنارەكانی روباری سێنت لۆرێنس بوو بە بناغەیەك كە فەرەنسا داوای مولكایەتی بەسەر ئەمریكای باكوور بكات و ئەم داوایەش تا سالی (1763) درێژەی كێشا.

هۆگۆنتەكانی (Huguenots) فەرەنساش لە دوای كەوتنی یەكەمین داگیرگەی خۆیان لە كیبك (Quebec) لە ماوەی دەیەكانی سالی (1540) لە دەوروبەری بیست سال لە پاش ئەمە بە مەبەستی گەیشتن بۆ كەناراوەكانی باكووری ویلایەتی فلۆریدا كەوتنە رێ. ئیسپانیەكانیش كە فەرەنسیەكانیان وەك مەترسیەك دەزانی بۆ رێگا بازرگانیەكان لە كەناراوەكانی كەنداوی(Gulf) دا، هەموو داگیرگەكەیان وێران كرد لە سالی (1565)دا، لەگەل ئەمەشدا، فەرماندەی هێزەكانی ئیسپانی، پێدرۆ مێنندێز (Pedro Menendez) شارێكی لەو ناوەدا دروستكرد بە نێوی سێنت ئەگۆستین (St. Augustine). ئەم شارە بە یەكەمین شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوروپیەكان بوو لەو شوێنەی كە ئێستە بە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ناو دەبرێت.

ئـەو دەسـتکەوتە زۆرانەی کە لە داگیرکەکانی ئیسپانیا لە مەکسیك، کەناراوەکانی کاریبی و پیرۆ دەسـتی ئیسـپانیا دەکـەوتن، هێزەکانـی تـری ئەوروپاشـی بـەرەو خۆی راکێشا. بە تێپەڕبوونی کات، وڵاتانـی وەك ئینگلـتەرا، بـە پشـت بەسـتن بـە هێـزی دەریایـی خـۆی تا رادەی سەرکەوتن هێرشیان کـردە سـەر کەشـتیەکانی ئیسـپانی بـە سـەرکردایەتی فرانسـیس درێـك (Francis Drake) کـە هەڵگری ئەو دەستکەوتانە بوون، ئەوانیش هێدی هێدی روویان کردە (دونیای نوێ).

لـە سـاڵی ( 1578) هۆمفـری گیلبێـرت (Humphrey Gilbert )، نووسـەری بابەتـێك سـەبارەت رێـڕەوی باکووری رۆژئـاوا، لـە لایـەن شـاژنی ئینگلتەراوە (ئیلیزابێس) مافی پێکەوەنانی داگیرگـەی (ناوچـە دوورەکـان) لـە هەنـدێك ناوچـەی (دونـیای نـوێ)ی پـێ بەخشـی کـە هێشـتا ئەوروپییەکانـی تـر وەك موڵکـی خـۆیان سـەیریان نەدەکـردن. پێـنج سـاڵی خایانـد تـا گەشتەی ئەو دەسـت پێـبکات. پـاش ئـەوەی لـە دەریـادا شـوێن بـزر بـوو، زڕبـراکەی، ڤۆڵتێـر راڵی ( Walter Raleigh) درێژەی بەئەرکەکەی ئەویدا.

لـە سـاڵی ( 1585)، راڵی یەکـەمین داگیرگـەی ئینگلـتەرای لـە ئەمـریکای باکووردا بونیات نا لە دوورگـەی رۆئانـۆك (Roanoke) لـە کەنارەکانـی کارۆلیـنای باکـووردا. دواتـر ئـەم هەوڵـە کاریگەریەکـی ئەوتـۆی نەبـوو و هەوڵـی تر لە دوو ساڵی یەك لە دوای یەکدا شکستی هێنا. و دواتر بیسـت سـاڵی خایانـد تـا ئینگلـتەرا سـەر لـە نـوێ دەسـتی پێکـردەوە. ئـەمجارە لـە سـاڵی (1607)، داگیرگەیـەك لـە جێمز تاون (Jamestown) دروستکراو و ئەمریکای باکوور چووە نێو قۆناغێکی نوێوە.

داگیرگـە نیشـینە یەکەمیـنەکان: سـەرەتاکانی سـەدەی شـانزەهەم دەسـتپێکی شـەپۆلە مەزنەکانـی کۆچـی ئەوروپاییـەکان بـوو بـۆ ئەمـریکای باکوور. ئـەو جمانـە بەهێـزەی کە زیاتر لە سێ سەدەی خایاند، لە کۆمەڵێکی بچووکی خەڵکی ئینگلتەراوە دەستی پێکرد و بوو بە لافاوی ملیۆنەها مرۆڤی تـر. ئەوانەی کە تازە هاتبوون، بە ویستێکی بەهێزەوە شارستانیەتێکی نوێیان لە ئەمریکای باکوور بونـیات نـا. یەکەمینـی کۆچـەرە ئینگلیـزەکان بـۆ ئەمـریکا ماوەیەکـی دووردرێـژ دوای ئـەوەی داگیرگەکانـی ئیسـپانیا لـە مەکسیك، هیندی رۆژئاوا (West Indies) و ئەمریکای باشوور جێگیر بـوو بـوون، لـە ئەتلانتـیکەوە تێـپەڕین. هـەر وەکوو هەموو رێبوارە نوێکانی دونیای نوێ، کۆچەرە ئینگلیـزەکانیش لـە نـێو کەشتیە بچووك و قەرەباڵغەکاندا دەهاتن. ئەوانە لە ماوەی گەشتەکەیاندا کـە شەش تا دوانزە حەوتە بوو، زۆر لاواز بوو بوون و گەلێکیشیان بە هۆی نەخۆشیەوە مردبوون. هەندێك لە گەشتیەکانیش تووشی کارەساتی دەریایی هاتبوون و هەندێکیش شوێن بزر بوو بوون.

زۆرێـك لـە کۆچـەرە ئەوروپـیەکان بەهۆی گوشاری سیاسیەوە، بە دووی ئازادی ئایینزایی، و یان چـەند هـۆکار و بارودۆخێکی تـرەوە کـە هەمـوو ئەمانـە لـە وڵاتانـی خـۆیاندا قەدەغـە بوون و یان

سنووردار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێدەهێشت و روویان لە دونیای نوێ دەکرد. لە نێوان ساڵانی (1620 ) تا (1635)، گوشارێکی ئابووری توند بەسەر ئینگلتەرادا زاڵبوو. ژمارەیەکی زۆر تووشی دیاردەی بێکاری هاتن. تەنانەت کەسانی لێهاتوو و شارەزاش زۆر بەگرانی دەیانتوانی ژەمی رۆژانەیان بەدەست بێنن. بەرهەمی کەمیش ئەوەندەی تر بارەکەی شپرزەتر کرد. جگە لەمانەش، شۆرشی پیشەسازی، پیشەسازی نوێی چنینی هێنا بووە کایەوە کە خۆی بۆ بەردەوامبوونی پێویستیەکی زۆری بە کەرەستەی خاو لە خووری و پەموو هەبوو تا بتوانێت درێژە بەخۆی بدات. خاوەن زەویوزارەکانیش، کێڵگەکانیان بەجێهێشت بوو و گوندنشینەکانیشیان ناچار کردبوو کە مەڕ بەخێو بکەن. پەرەسەندنی داگیرگەییش خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ ئەم ژمارە زۆرەی گوندنشییانە کە لە شوێنی خۆیان هەڵکنرابوون.

یەکەمین وێنای ئەم داگیرە نشینانە بۆ ئەم ناوچەیە شتێك جگە لە دارستانێکی ئێجگار گەورە شتێکی دیکە نەبوو. کۆچەریەکان بێگومان هەرگیز بەبێ یارمەتی هۆزە سوورپێستە میوان دۆستەکان نەیاندەتوانی ژیانیان درێژە پێبدەن. ئەم هیندیە سوورانە شێوازی ناشتنی بەروبوومە ناوچەیەکانیان فێر کردن وەك کولەکە، لۆبیا، و گەنمەشامی، ...هتد،. سەرەڕای ئەمەش دارستانە فراوان و دەست لێنەدراوەکانیش لە کەناراوەکانی رۆژهەڵاتدا بە درێژی (2500) کیلۆمەتر بە سەرچاوەیەکی گرنگی سووتەمەنی دادەنرا. هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی کەرەستەی خاو بوو بۆ دروستکردنی خانوو و کەلوپەل و کەشتی کالای سوودمەند و شیاو بۆ هەناردەکردن.

گەرچی ئەم کیشوەرە نوێیە پڕ لە سەرچاوەی سروشتی بۆ ژیان بەلاّم بازرگانی کردن بۆ داگیرگەنشینەکان بە تایبەتی بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە توانایاندا نەبوو بەرهەمیان بێنن شتێکی زۆر پێویست بوو. کەنارەکانی ولاّت بەباشی سوودیان لێوەرگیرا لە لایەن ئەم داگیرگەنشینانەوە و هەموو ئەم کەناراوانە رێگەی ئاوی بۆ چوونە نێو رووبارەکان و هەبوو بواریشی بۆ دروستکردنی بەندەر بازرگانی بۆ رەخساندن، تەنها دوو ناوچە، ئەوانیش کارۆلینای باکوور و نیۆجرسیباشوور، بوون کە بواری دروستکردنی بەندەری گەورەیان نەبوو تا بتوانن زەریاکانی پێ ببڕن.

رووبارە گەورەکانی وەك: کنبك (Kennebec)و هودسن (Hudson)، دلاوەیر (Delaware )، ساسکویهانا (Sasquehanna) ، پۆتۆماك(Potomac) و چەندینی تر و وشکانیەکانی نێوان کەناراوەکان و چیاکانی ئاپالاچیان (Appalachian) بەیەکەوە گرێدەدا. تەنیا یەك رووبار لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسیەکان بوو کە لە کەنەدا بوو و ئەویش بریتی بوو لە سێنت لۆرینس ( St. Lawrence) کە ئاوەکەی دەڕژایە نێو گریت لیکز (Great lakes) و لەویشەوە بۆ ناوچەکانی نێوەندی کیشوەرەکە دەچوو. دارستانە بەرفراوانەکان و هەروەها بەرگری کۆمەڵێك لە هۆزە سوورپێستەکان و هەروەها بەربەستەکانی چیای ئاپالاچیان دەبوونە رێگر لە بەردەم گوازتنەوەی

شت و مەك كەسەكان بۆ پشتەوەی كەناراوەكان. تەنیا راوچی و هەندێك لە بازرگان دەچوونە ئەم ناوچانەوە. بۆ چەند ساڵێك، داگیرگە نشینان، شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە لێواری كەناوارەكاندا هەڵدەبژارد. هۆكارە سیاسیەكانیش كاریگەریەكی گەورەی هەبوو بۆ كۆچكردن بۆ ئەمریكا. لە ساڵەكانی (1630)، یاساكەی چارلزی یەكەم (Charles I) كە تێیدا هاتبوو رێ لە كەس ناگیرێت بۆ كۆچكردن ویستێكی گەورەی بۆ كۆچكردن دروستكرد بۆ دونیای نوێ. راپەرینەكانی دواتر و سەركەوتنی نەیارانی چارلز بە رێبەری ئۆلیڤەر كروم وێل (Oliver Cromwell) لە ساڵەكانی (1640) بووە هۆی ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆر لە كاڤالێرەكان –ئەسپ سوارە چەكدارەكان- (پیاوانی پاشا) هەڵبێن بۆ ئەمریكا و لە ڤێرجینیا بگیرسێنەوە. لە ناوچە ئەڵمانی زمانەكانی ئەوروپاشەوە لە كۆتایی سەدەی هەڤدە و هەژدەوە، سیاسەتی توندوتیژانە و ستەمكارانەی هەندێك لە میرەكان –بەتایبەتی سەبارەت بە ئایینزا- و هەروەها ئەو خراپەكاریانەیانەی كە ئەنجامی جەنگە جۆراجۆرەكامەوە هات بوویە ئاراوە، دیاردەی كۆچكردنی بۆ ئەمریكا زیاتر كرد.

# جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا
(1783-1775)

ئا: بەهجەت ئەحمەد زەنگەنە

### هۆکارەکانی جەنگ:

داگیرگەکانی ئەمریکا دوای شەڕی حەوت ساڵە وای لە ئینگلتەرا کرد کە خەرجیەکی زۆر بکەوێتە سەری کە خۆی دەدا لە (14) ملیۆن پاوەنی ئیسترلینی لە ساڵێکدا، ئینگلتەرا هەستی کرد بەوەی کە پێویستە دانیشتوانی داگیرگەکانی ئەمریکا بەشدار بن لە دانی ئەو خەرجیەدا. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دانیشتوانی داگیرگەکان کەوتبوونە ژێر هەڕەشەی سوور پێستەکان (هیندیە سوورەکان) و هێرش و مەترسی فەرەنسیەکانەوە، جگە لەوبارە ئابووریەی کە ولأتەکەیشی پێدا تێدەپەڕی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ شەڕ و فراوانخوازیەکانی ولأتانی ئەوروپا کە کاریگەری هەبوو لەسەر بیری ئەمریکیەکان کە بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە و لە ولأتی ئینگلتەرا جیا ببنەوە.

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەوروپادا روویاندا لەسەرەتای سەدەی نوێدا لە لایەن باڵە جیاوازەکانەوە گۆڕانکاریەکی زۆری کرد لەو کیشوەرەدا ، کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر داگیرگەکانی ئەمریکا ، لەو گۆڕانکاریە گرنگانەش وەك شۆڕشی ئایینی، و پێشکەوتنە سیاسیەکانی سەدەی هەڤدەهەمی زایینی،هەروەها جولأنەوە رۆشنبیری و رۆشنگەریەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا، هەروەها بازرگانی نوێ و سامان کە لە ئەنجامی دۆزینەوە جوگرافیەکانەوە هاتە کایەوە کە کاریگەری زۆری هەبوو بۆ دروستبوونی چەندین کێشە لە ئەمریکا و ولأتانی تری ئەوروپادا کە نەدەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێن (1).

ئینگلتەرا بۆ خۆی تا ساڵی (1763)ز سیاسەتێکی گونجاو و جێگیری نەبوو لە بەرامبەر داگیرکەکانی ئەمریکادا، تەنها ئەوە نەبێت کە بە کەرەستەی سەرەتایی ئەم ناچەیەوە بازرگانی کردووە و بازرگانی برەو پێداوە، بەبێ ئەوەی هیچ کارگە و کۆمپانیایەك لەم ناوچەیەدا دابمەزرێنێت، هەروەها سەرەتای بەڕێوەبەری داگیرگەیی بەپێی یاسا و دەستوری ئینگلیزی چووە ناو داگیرگەکانی ئەمریکا، ئەمەش بە دامەزراندنی (کۆمەڵەی تەشریعی)، کە دواتر بڕیاری لەسەر ئازادی تاکدا.

لێرەوە دوژمنی داگیرکاری و قۆرغکاری راستەوخۆ زیاتر خەسڵەت و سیمای گرت لە ئەمریکادا، ئەوە بوو ئینگلتەرا هەستا بە گواستنەوەی ناوەندی بەڕێوەبردنی داگیرگەکان لە لەندەنەوە بۆ داگیرگە ئەمریکیەکان خۆیان، ئەوە بە هۆکاری راستەوخۆی جەنگی سەربەخۆیی لە ئەمریکادا دادەنرێت، ئەوە جگە لەو شەڕ و کێشە زۆرانەی کە بۆ ماوەی (150) ساڵ بوو لە ئینگلتەرادا هەبوو، کە رۆڵی هەبوو تێیدا و دواتر کە نەتوانێت بەرگری بکات لە خۆی لە ناو داگیرگەکاندا٠

دوای ئەوەی کە سەریشکەوت لە جەنگی حەوت ساڵەدا بەسەر فەرەنسادا وایکرد کە خۆی رێکبخاتەوە و لەناو داگیرگەکاندا جۆرێك لە رێکخستن هەبێت، زۆرێك لە خەڵکی ئینگلتەرا لە پرۆتستانیەکان خووی ئینگلیزیان وەرگرتبوو پێش جەنگی حەوت ساڵە، بەڵام دواتر زۆرێك لە فەرەنسیە کاسۆلیکەکانە و ژمارەیەکی زۆر لە هیندیە سورەکان کەوتنە بەرگری لە خۆیان و موڵکەکانیان، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی تابێت پەیوەندی لە نێوانیاندا بەرەو ئاڵۆزی و شلۆقی بڕوات و زیاتر ناکۆکی بکەوێتە نێوان فەرەنسی و ئینگلیزەکان دواتر بووە هۆی روودانی جەنگ،{2}٠

ئەوە بوو هەر لە دوای جەنگی حەوت ساڵەی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا (جۆرج گرانڤل) بووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ئینگلتەرا لە ساڵی (1764)دا ئەوە بوو ئەو هەوڵیدا تا ئەو بڕە زۆرە لەخەرجی کە کەوتوو بووە سەریان لە جەنگدا لەسەر سکی خەڵك و کۆمەڵگەی ئەمریکی دەربهێنن، ئەمەش لە رێگەی سەپاندنی باج و زەریبەی نوێوە بوو، ئەوە بوو کەوا باج خرایە شمەکی هاوردە لە ئەمریکا لە ساڵی (1764)، هەروەها پەرلەمانی ئینگلتەرا بڕیاری بە دەرکردنی یاسایەك کرد تا ساڵی (1765) ئەم بڕیارانەی لە هەموو رۆژنامە و دەزگاکاندا بڵاوکردەوە، ئەم کارانەی پەرلەمانی ئینگلتەرا و سەرانی تری دەسەڵاتداری ئینگلتەرا کاردانەوەی خراپی هەبوو لەسەر جەماوەر، بە تایبەتی دادوەران و خاوەن کار و بازرگانەکان پەرلەمان کارێکی ئینتیدابیە)}3{٠

دەرکردنی بڕیاری شەکر لە ساڵی (1764)دا هەنگاوی یەکەم بوو لە رژێمی تازە دامەزراودا، ئەوە بوو باج خرایە سەر هاوریشم و شتومەکەکانی تر، هەروەها پیاوانی حکومەت کە کاربەدەستی بوون لەسەر گومرگ ئەوە بوو کەوتنە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و کەشتی گەلەکانی ئینگلتەرا بەتایبەتی کەشتیە جەنگیەکان لە ئاوی ئەمریکادا بە زانیارییەکی زۆرەوە کەوتنە گرتن و راوەدونانی ئەو کەسانەی کە رایاندەکرد، خەڵکی لە ژێر دەستی ئینگلتەرا و ئەو یاسایانەی کە دەریدەکرد زیاتر تووشی وەڕس بوون هاتن کە لەژێر ناوی چاککردنی داهاتی نەتەوە و وڵاتدا دەریدەکرد، ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر خەڵکی داگیرگەکان، وایلێهات کە خەڵکی بە دەست سەرانە و باجەوە دامابوون بۆیان نەدەدرا،}4{٠

ئەوە بوو لە هەمان ساڵدا پەرلەمانی ئینگلتەرا یاسایەکی تری دەرکرد ئەویش لەسەر دراو بوو تیایدا ئەوەی خستبووە روو کە نابێت داگیرگەکان پارەی کاغەز دەربکەن و بەکاری بهێنن کە

کاریگەریەکی خراپی لەسەر ئابووری داگیرگەکان هەبوو ئەمەش دەبووە هۆی نایەکسانی لە هاوکێشەی بازرگانیدا، ئاکامی ئەو یاسایەی پەرلەمان لە ساڵی (1765)دا دەرکەوت کە تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی زیاتر بەرهەم زیاد بێت خەرجکردن لە داگیرگەکان کەمتر بێتەوە، ئەم یاسایە لەسەر شێوازێك دانرا بوو کە لە نێوان (6) پنس و (6) جونەیە بوو کە لەسەر رۆژنامە و بەڵگەنامە یاسایەکان بەدەر دەکەوت، ئەمە جگە لەو گرێبەستەی کڕین و فرۆشتنەی کە هەبووە ئەم یاسایەش خەڵکی ناچار کرد کەوا رەخنەی لێبگرن، }5{.

ئەم یاسایەی پەرلەمان کە بە یاسای (مۆر) ناسراوە وای لە سەرانی بازرگان کرد رێگەی بەرگری بگرنەبەر، ئەمەش بە دروستکردنی کۆمەڵەیەك بوو بۆ وەستانی شتومەکی هاوردە، ئەمەش بووە هۆی دابەزین و لاوازی بازرگانی لەو ساڵەدا لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەوە بوو داگیرگەیەکی وەك (ڤیرجینیا) کەوا ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا نابێت باج و زەریبە بخرێتە سەر دانیشتوانی داگیرگەی (ڤیرجینیا) جگە لە ئەنجومەنی نوێنەران نەبێت کە ئەو مافەی هەیە و دەتوانێت بیکات، ئەم گیانی بەرهەڵستیەش گوازرایەوە بۆ داگیرگەکانی تری ئەمریکا، ئەوە بوو لە داگیرگەی (ماسا چوست) و دواتر بۆ ئەوانی تریش بەهەمان شێوە ئەم گیانی بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەیە پەرەیسەند، کەوتنە دانانی چەندین کۆمەڵە و گروپ لە پێناوی دانانی رێگایەك بۆ گەیشتن و رزگار بوون لەو باجە زۆرەی کە خراوەتە سەریان لەلایەن هێزی ئینگلیزەوە، ئەمانە ناوی خۆیان نابوو (نەوەی ئازادی)، ئەمەش وایکرد کەوا رێکەوتن و لێك گەیشتن لە نێوان هەردوولا لەسەر بارودۆخی داگیرگەکانی ئەمریکا، ئەوە بوو ئەنجومەنی (ماساچوست) هەستا بە بانگەشەیەك بۆ سەرجەم داگیرگە ئەمریکیەکانی تر تاوەکو نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ کۆنگرەی (نیۆرك) بۆ مەترسی ئەو یاسایەی پەرلەمان، ئەوەبوو کۆنگرەکە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (1765)دا بەست لە (نیۆرك)، بە ئامادەبوونی (27) نوێنەر کە نوێنەری نۆ داگیرگە بوون، ئەوە لەو کۆنگرەیەدا وروژێنرا کە رای گشتی لەسەر ئەوەیە کە نابێت پەرلەمان بەهیچ شێوەیەك بێتە ناو کاروباری ئەمریکاوە بەم شێوەیە کۆمەڵانی خەڵك لە داگیرگەکاندا دژی هاتنە ناوەوەی پەرلەمانی ئینگلتەرا بوون بۆ کاروباری داگیرگەکان ئەوان رایانگەیاند کە پەرلەمانی ئینگلتەرا بۆی نییە باج و سەرانە بسەپێنێت بەسەرماندا تەنها و تەنها ئەنجومەنی نوێنەران نەبێت دەتوانێت.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کاردانەوەیەکی خراپی لێکەوتەوە ئەو یاسایەی پەرلەمانی ئینگلتەرا لە نێو داگیرگەکانی ئەمریکاشدا دژایەتی زیاتر پەرەیسەند لە نێو بازرگانەکاندا، ئەوە بوو ئینگلتەرا هەستاو لە ژێر فشاری بازرگانە ئەمریکیەکان کەوتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە و چاککردنی بەندەکانی یاسای شەکر، }6{.

بێگومان هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی ئینگلتەراوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ خەڵکی داگیرگەکانی ئەمریکا، لە ساڵی (1766)دا، دیسان پەرلەمانی ئینگلتەرا رایگەیاند کەوا

مافی ئـەوەی هەیـە یاسـا دابنـێت لـە داگیرگەکانـی ئەمـریکادا، هـەروەها وەزیـری دارایـش (چـارل تاوسـەند) ئەم مافەی پێدا، ئەوە بوو لە ساڵی (1767) هەندێك پێشنیار خرایە روو لەسەر ئەوەی بـاج بخـرێتە سـەر داهاتـی نەتـەوە و بـاج و سـەرانە بخـرێتە سـەر شمەکەکانـی تـری وەك چـا و کەرەسـتەکانی تـر، بـەڵام ئـەم یاسـایەش ناڕەزایـی دایـەوە لـەناو داگیرگەکانـی ئەمـریکادا بووە هۆی کەمبوونەوەی هاوردە بۆ ناوەوەی وڵات، ئەمەش لە سەردەمی وەزارەتی (رۆکینگهام)دا بوو {7}.

ئـەوە بـوو ئـەم بـڕیارەش هەڵوەشـایەوە کـە (سـامویل ئادامـز) رۆڵـی کـارا و گرنگـی هەبـوو لـە وەسـتانەوە لـە دژی ئـەم یاسـایە، هـەروەها کەرتـی شـتومەکی ئینگلـتەرا لە جوڵە کەوت، خەڵکی بۆ بەرگریکـردن گەیشـتنە بەنـدەری بازرگانـی (بۆسـتۆن)، جەماوەر هەڵیان کووتایە سەر کارمەندانی گومـرگ و دواتـریش وای لـە حکومەتی ئینگلتەرا کر کە یارمەتی سەربازیان بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی خـۆیان بپارێـزن لـە دەسـت داگیرگەکانـی ئەمـریکا، ئـەوە بـوو دوو دەسـتەی چـەکدار نێـردرا بـۆ پارێـزگاری کـردن لـەو کارمەندانـەی گومـرگ، ئەمـەش ئاکامـی ترسـناکی لـێکەوتەوە، بـووە هـۆی پـێکدادان لـە نـێوان خەڵك و ئەو کارمەندانەدا، لە ئەنجامدا سێ کەس کوژران لە دانیشتوانی شاری (بۆستۆن)، ئەم رووداوە بە (کوشتاری بۆستۆن) بەناوبانگە.

بـەم شـێوەیە لـە ژێـر گوشـاری ئەمـریکیەکاندا پەرلەمانی ئینگلتەرا کەوتە پاشەکشەکردنی ئەو بـڕیارەی دابـوو لەسەر سەپاندنی باج و زەریبە بە بەردەوامی بۆ ماوەی سێ ساڵ جۆرێك لە ئارامی هاتـە ئـاراوە، ئەمـەش سـەرەتایەك بـوو بـۆ باشـتر بوونـی پەیوەندیەکانـی نـێوان هـەردوولا بـە شـێوەیەکی لەسـەرخۆ، هەرچەندە جەماوەر بیریان لەوە نەکردبووەوە، هەوڵ بۆ سەربەخۆیی بدەن تا ئەم کاتە.

لەگەڵ ئەوەشـدا ژمارەیـەك لـە رادیکاڵی و نیشـتمانیەکان تێدەکۆشـان بـۆ ئەوەی باج لەسەر چا نەمێنـێت و دژی ئـەو پرەنسیپە بـوو کـەوا پەرلەمانـی ئینگلتەرا سەپاندبووی بەسەر داگیرگەکاندا ئەویش باج بوو، {8}.

لـە سـاڵی (1770)دا گۆڕانکاری بـە سـەر حکومەتـی ئینگلـتەرادا هات و (لۆرد نۆرت) لە بەرەی پارێزگاران بووە سەرەك وەزیران، دووبارە باجی خستەوە سەر چا، بۆ بەرگریکردن لەو بڕە چایەی ماوە لای کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی لە لەندەنەوە دەهێنرا بۆ ئەمریکا. ئەوە بوو کاتێك کەشتی گەلێکی بارهەڵگری ئینگلتەرا کە پڕ بوو لە چا، ئەم کەشتییانە لە لایەن هەندێك لە خەڵکی شاری (بۆسـتۆن) و گـروپێك لـە هیـندیە سـورەکانەوە پـەلامار دراو ئـەو سێ کەشتیە چایەیان خستە نێو دەریاکەوە ئەمەش لە بەرواری کانوونی یەکەمی ساڵی (1773) بوو کە لە مێژووی ئەمریکادا بە (ئاهەنگی چا بۆستۆن) بە ناوبانگە{9}.

ئـەم کارەش دەسەڵاتدارانی ئینگلتەرای هەراسان کرد وای لێکردن زنجیرەیەك یاسا دەربکەن دژی داگیرگەکانی ئەمریکا، ئەوە بوو بەندەری بۆستۆن داخراو چاکەشی لەلایەن دانیشتوانی شارەکەوە قەرەبـوو کـرایەوە، هـەروەها دەسـتەی یاسـادانەران لە (ماساچوست) دامەزراو لە شوێنەکانی تریش

بەهەمان شێوە چەندین دەستە دامەزرا ئەمەش لەلایەن پاشاوە بوو، هەروەها داوا لە سوپای ئینگلتەرا كرا و مافی ئەوەی پێدرا كەوا كالاّ بنێرێتە دەرەوە لە شارەكەدا٠{10}٠

یەكێكی تر لەو هۆكارانەی بووە هۆی هەلگیرسانی جەنگی سەربەخۆیی لەسەر مەسەلەی رێكخستنی باجەكانی رۆژئاوا بوو ئینگلتەرا دەستی بەسەردا گرتبوو لە دوای جەنگی حەوت ساڵە، ئینگلتەرا هەر لە ساڵی (1763)وە ئارەزوی لە رێكخستنی ئەم زەویانەدا هەبووە بەلاّم بە رێگەیەكی شاراوە، هەروەها چاودێریەكی زۆر توندی خستە سەری لەسەر فراوانخوازی ئەو لایەنانەدا، لە ئەنجامدا پەرلەمانی ئینگلتەرا لە ساڵی (1774) یاسای (كوبیك)ی دەركرد، بەمەش زیاتر ناكۆكی كەوتە نێوان٠

لەبەر ئەوەی زەویەكانی (كەنەدا) كە لەلایەن فەرەنساوە درابوو پێی حكومەتی تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ بەرێوەبردنی ناوچەكەیان و كاروباری خۆیان سنوورەكانی هەموو زەویەكانی رۆژئاوای دەگرتەوە كە دەكەوێتە نێوان رووباری (ئۆهایۆ)و دەریا گەورەكانەوە، ئەم رێوشوێنانە كاردانەوەی هەبوو لەلایەن ئینگلتەراوە، چونكە هاوپێچ بوو لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی داگیرگەكانی ئینگلتەرادا نەدەگونجا لە كەنارەكاندا بەخێرایی ژمارەی دانیشتوان زیادی دەكرد بۆ داگیركردنی ئەو ناوچانە٠

لەسەر سنوورەكان دەسەلاّتی فەرەنسیەكان كەوتنە دامەزراندنی كەنیسەی كاسۆلیكی كە رۆڵی گرنگی گێرا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو كارانەی رابردوو بوو كە ئینگلتەرا كردبووی، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هەموو دەستەو گروپەكانی گەلی ئەمریكای یەكخست دژی ئینگلتەرا كە ژمارەیەكی زۆر لە پیاوانی ئایین و سیاسیەكان و بازرگانی كە داگیرگەكانی ئەمریكا لە خۆی گرتبوو لەگەڵ ماساچوست {11}٠

بەلاّم هۆكاری راستەقینەی جەنگی سەربەخۆیی راستەوخۆ دەگەرێتەوە بۆ ئەو خرۆشان و پێكدانە بەهێزەی لە لایەن دانیشتوانی داگیرگەكانی ئەمریكاوە دژی زیادەرەویەكانی ئینگلتەرا و ئەو یاسایانەی كە پەرلەمانی ئینگلتەرا بریاری لەسەر درابوو لەسەر ئەو پێشنیارانەی یان ئەو داواكاریانەی كە لەلایەن پاشا (جۆرجی سێیەم)ەوە درابوو لە ساڵی (1774)٠

ئەوە بوو لە ئەنجامی دەركردنی ئەم جۆرە یاسایانەوە یەكەم كۆنگرەی داگیرگەكان بەسترا لە ئەمریكای باكوور لە (1774/9/5) لە شاری (فیلادلفیا) كە نوێنەرانی ولایەتەكان هەوڵیاندا كەوا شتومەكی ئینگلتەرا ببرن و نەهێڵن، هەوڵی ئەوەشیان دا بگەنە رێكەوتنێكی یەكجارەكی لەگەڵ ئینگلتەرادا بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەكانیان بەبێ گرفت {12}٠

هەروەك وتمان لەو كۆنگرەیەدا هیچ بیرۆكەیەك لەسەر سەربەخۆیی و جیابوونەوە نەدرا، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری خەڵك دەیانوویست پەیوەندیەكانی خۆیان بپارێزن لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرادا گرۆپێكی تر لە خەڵكی داگیرگە ئەمریكیەكان ئامادەی ئەوە بوون كەوا بەرگری بكەن و ملكەچی نەكەن لە بەرامبەر داگیركەردا و زۆرێك لەوان نارەزایان دەربری

بەرامبەر كارە توندوتیژەكانی ئینگلتەرا بەرامبەر ئەمریكا، هەرچەند گفتوگۆیەكی زۆركرا لە ناو ئەو كۆنگریەدا بەلاّم نەگەیشتن بە هیچ ڕێكەوتنێك چونكە ئەوە بوو ئینگلتەرا خۆی سوور بوو لەسەر جێبەجێكردنی ئەو یاسایانەی كە دەریكربوو بە تایبەتی یاسای ستەمكاری، بەلاّم دانیشتوانی (ماساچوست) ئامادەیی سەرەتاییان دەربڕی لە چەك و بەرگری كردن، سەربازگەیەكیان دامەزراند لە شاری (كۆنكۆرد) ژمارەیەكی زۆر لە كەرەستە و ئامڕازی سەربازییان تێدا دانا، دەستیان كرد بە هێنانی چەندین تیپی سوپا و لەوێدا كەوتنە مەشق كردن، }13{.

لەم خالاّنەی باسمان كرد تا دەهات پەیوەندیەكانی نێوان هەردوولا ئالۆزتر دەبوو، چونكە هەریەك لەوان چ ئەمریكیەكان و چ ئینگلتەرا وایان كرد جەنگ ببێتە شتێكی چاوەڕوان كراو و خۆیان بۆ جەنگ ئامادەكرد، ئەمریكیەكان دەستیان كرد بە كڕینی چەك و تەقەمەنی پیاوە جەنگاوەرەكانیان رادەهێنا لەسەر گیانی فیداكاری و لەخۆ بردووی، هاوكات هێزەكانی ئینگلتەرا لەوە دلّنیا بوون ڕۆژێك دێت ئەمریكیەكان هێرش دێننە سەر هێزەكانیان لە بۆستن، بۆ ئەم مەبەستەش لە شەوی (1775/4/18)دا هێزێك پێكهاتبوو لە (800) كەس رەوانەی ناوچەیەكی فرانكۆرت كرابوون ئەمریكیەكان دایان بەسەریاندا، هەر لە سەرەتاوە ئەمریكیەكان بەمەیان زانی چرایەكیان داگیرساند لەسەر بورجی كەنیسەیەكی بەرز دانا كە هێمایەك بوو بۆ یەكێك لەو كرێكارانەی ئەندامی بزوتنەوەی نیشتمانی بوون ناوی (پۆلیڤەر) بوو، ئاگاداری نیشتمان پەروەران بكات بە سواری ئەسپەكەی بەرەو كۆنكۆرت كەوتەڕێ ئاگاداری ئەو جوتیارانەی كرد كە لەو ناوچانەدا بوون دوای ئەوە ئەمریكیەكان توانیان ڕێگا بە هێزەكەی ئینگلتەرا بگرن و شەڕ دەستی پێكرد، بەلاّم هێزەكەی ئینگلتەرا سەركەوتن لە دوو شەڕدا بەسەر ئەمریكیەكاندا ئەویش شەڕەكانی (ئیكسفتون و كۆنكۆرت).

لە كاتی گەڕانەوەی هێزەكانی ئینگلتەرا بۆ شاری بۆستن ئەمریكیەكان توانیان لە هەردوو دیوی ڕێگەی گەڕانەوەیاندا ئاگر بارانیان بكەن و پەرتەوازە بە هێزەكانیان بكەن، هەوالّی ئەم شەڕە بە خێرایی بلاّوبوویەوە و چەند هێزێكی ئەمریكی كۆبوویەوە لە داگیرگەكانی لە (كامبرویج و ماساچوست) و نیازیان بوو گەمارۆی بۆستن بدەن،}14{.

لە (1775/4/19) سەرەتای پێكدادان لە نێوان هەردوولا روویدا و یەكەم جەنگی گەورە لە نێوانیاندا روویدا كە هێزێكی بچووكی ئەمریكیەكان و هێزێكی زەبەلاحی ئینگلتەرا بوو، هێزی سەربازی ئینگلتەرا شێواز و فۆرمێكی نیزامی بەخۆوە گرتبوو، بەلاّم ئەم شەڕە بە سەركەوتنی ئەمریكیەكان كۆتایی هات كە بە شەڕی (بونكرهیل) ناسراوە، }15{.

ئەم شەڕە وای لە ئەمریكیەكان كرد زیاتر بڕوا بە خۆیان بكەن و زیاتر گیانی شۆڕشگێڕی پەرەیسەند لە نێوانیاندا داگیرگە ئەمریكیەكان زیاتر خۆیان ڕێكخست دژی دەسەلاّتدارانی ئینگلتەرا لە ناوچەكەدا، بەجۆرێك نیشتمان پەروەرەكان دەستیان گرت بەسەر تەواوی دامودەزگاكانی حكومەتدا و توانیان فەرمانبەرە یاساییەكانی دەستوپێوەندەكانی پاشایەتی لە

دەسەڵاتی ناوچەكە دەربكەن، كاتێك لە كۆنگرێسی دووەم كۆبووەوە هێشتا شەڕ بەردەوام بوو، چونكە ئەوان داوای مافەكانیان نەدەكرد بە ڕێگای ئاشتی بەڵكو بە ڕێگای جەنگ هەوڵی بەدەستهێنانی مافەكانیان دەدا، }16{.

كۆنگرێسی دووەم (1775)ز

هەروەك ئاشكرایە سەرەتای مانگی نیسان جەنگ هەڵگیرسا لە نێوان هەردوولادا، ڕۆژ بەرۆژ زیاتر گیانی سەربەخۆ خوازی و هەوڵدان بۆ رزگار بوون لە كۆت و بەندی داگیركەری ئینگلتەرا لە ناو دانیشتوانی وڵاتدا تاوی دەسەند هێزە جەنگاوەرەكانی داگیرگە ئەمریكیەكان بە سەركردایەتی(جۆرج واشنتن) هەموو كردە سەربازیەكانیان ئەنجام دەدا، .17

هەر لەم كاتەدا و لە (1775/5/10)ز دا كۆنگرێسی دووەم بەسترا و دەستیان كرد بە كۆبوونەوە ئەمە لە كاتێكدا بوو گیانی بەرخودان و شۆڕشگێڕی تاوی سەندبوو، بەڵام هێشتا بیر لە جیابوونەوە و سەربەخۆی نەكرا بووەوە لە ئیمپراتۆری ئینگلتەرا، خەباتیان دەكرد لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە رەواكانیان، هەر لەو كۆبوونەوەیەدا (جۆرج واشنتن) كرایە بەرپرسی فەرماندەی هێزە ئەمریكیەكان كە لەو كاتەدا ئەو هێزە گەمارۆی خستبووە سەر شاری بۆستن.

ئەم كۆنگرەیە لە (فلادلفیا) بەسترا، بەڵام جۆرجیا بەشداری تێدا نەكرد، ئەم كۆنگرەیە بە سەركردایەتی (جۆن هانكۆك) بەسترا، بازرگانێكی دەوڵەمەندی شاری بۆستن بوو، بە ئامادەبوونی (تۆماس جێفرسون) و (بنیامین فرانكلین) هاوڕێیەتی ئەویان دەكرد، بەشدار بووانی كۆنگرەكە داوایان لە پاشای ئینگلتەرا كرد كە ئەوان دژی ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرا نین و نایانەوێت جیابن لە ئیمپراتۆریەت بەڵكو داوای ئەو مافانە دەكەن لێیان زەوت كراوە، هەموو تاوانەكانی ئەم شەڕانەشیان خستە ئەستۆی وەزیرەكانی شا، بەڵام شا (جۆرجیسێیەم) هەموو هەوڵەكانی شكستی خوارد كە دابووی بۆ گەیشتن بە ڕێكەوتن لەگەڵ جەنگاوەرانی داگیرگەكانی ئەمریكادا، لە ( 1775/5/23)ز دا لێدوانێكی رایگەیاند كەوا داگیرگەكان لە بارودۆخێكی نالەبار و یاخی بووندان، بەڵام لە بواری ئابووریدا كۆنگرە بڕیاریدا بە دەركردنی پارەی دارایی و هەروەها هەستا بە بەخشینی دەسەڵات بە داگیرگەكان بۆ دروستكردنی حكومەتێكی خۆماڵی لە بواری سیاسیدا، بەم شێوەیە ڕووداوەكان تا دەهات توندوتیژ تر دەبوون لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرا جەنگاوەرەكاندا، لە جەنگی (بانكرهێل)دا لە بۆستن ڕوویدا زیاتر توندوتیژی بەخۆوە بینی، سەربازگەكانی ئەمریكا ناچار بوون لە چیای (بانكرهێل) بكشێنەوە و زیانێكی گیانی و ماڵی زۆریان لە سوپای ئینگلتەرا دا بەم جۆرە زیاتر گیانی ڕاپەڕین و هەڵسانەوە لە نێوان هێزەكانی داگیرگەكانی ئەمریكادا تاوی سەند و ورەیان بەرزبوویەوە بە ڕێژەیەكی ئێجگار زۆر، }18{.

لەگەڵ ئەوەی كە كۆنگرێس ئەو هەنگاوانەی نای لە دانانی حكومەت و پەیوەندی كردن بە وڵاتانی تری ئەوروپاوە و دروستكردنی پەیوەندی دیبلۆماسی ئەم كارانە وایكرد جۆرێك لەسەربەخۆبوون بۆ خۆیان پەیدا بكەن و سەروەری بۆ خۆیان دەستەبەر بكەن و نەهێڵن پەشێوی

پەیدا ببێت لە نێوان حکومەتەکەیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا تا ماوەی ساڵێك دوای راگەیاندنی حکومەتی ناوخۆی سەربەخۆیی خۆیان رانەگەیاند، ئەمەش بۆ خۆی چەند فاکتەرێك لە پشتیەوە بوو، لەو فاکتەرانەش کە رێگر بوون لە بەردەم سەربەخۆبوونیاندا وەك زۆر لەو کەسانەی لەناو داگیرگەکاندا دەژیان پەیوەندیان بە ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەراوە هەبوو پێیان خۆش نەبوو ئەم پەیوەندیانە بپچڕێنێت هاوکات کەسانێکی تریش هەبوون دەترسان لەوەی ئەگەر دەسەڵاتی ئینگلتەرا نەمێنێت ئەوا ئاژاوە و دووبەرەکی و شەڕ دروست دەبێت و حکومەتێکی دیکتاتۆری وتۆتالیتار دەسەڵات بگرێتە دەست خراپتر و توندو تیژ تر بێت لە دەسەڵاتی ئینگلتەرا ئەمە و جگە لە زۆرێك لەو بازرگانە دەوڵەمەندانەی لەناو داگیرگەکاندا هەبوون پێیان وابوو ئەو دەستکەوت و سامانانەی هەیانە و دەستیان دەکەوێت لەناو داگیرگەکاندا لە کاتی جیابوونەوە و سەربەخۆیدا هەموویان لە دەست دەچێت و بەدەستی ناهێننەوە، ئەم هۆکارانە رێگربوون لەبەردەم کۆنگرەدا کەوا باس لە هەرجۆرێك لە سەربەخۆیی بکات کەوا کۆمەڵی لەت کردبوو بۆ دوو لە بیرکردنەوە، جۆرێك لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون و جۆرێکی تر لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرادا بوون، ئەمەش هەریەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی بیری دەکردەوە، بەرژەوەندی خۆی بەلاوە گرنگ بوو نەك بەرژەوەندی گشتی گەل، {19}٠

ئەوانەی لەو کۆبوونەوەی کۆنگرێسدا بەشداریان کردبوو دەسەڵاتی ئەوەیان پێنەدرابوو باسی بابەتێکی لەو شێوەیە بکەن، چونکە ئەو کەسانەی کە دژی جیابوونەوە بوون لە ئینگلتەرا لە کاتی جەنگی سەربەخۆیدا لە سێیەکی دانیشتوان بوون و هەروەها زۆربەی خەڵکی ویلایەتی نیۆرك و ویلایەتەکانی خواروو لەوان بوون بەم شێوەیە لە دوای ئەوە نیشتمان پەروەران کەمێك هێور بوونەوە و (جۆرج واشنتن) کەوتە رەخساندنی هەلێك بۆ دووبارە رێکخستنەوەی هێزەکانی، لە بەهاری ساڵی ($1776$)دا گەمارۆی شاری بۆستنیان داو هێزەکانی ئینگلتەرایان تەنگاو کرد تاوەکو شار چۆڵ بکەن، لە میانەی ئەم گەمارۆیەدا ژمارەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی دەستی ئەمریکیەکان کەوت، باڵی راستنی کۆنگرە کە بە سەرکردایەتی (جۆن دیکنسۆن) لە ($1775/9/5$)دا هەوڵی ئەوەی دابوو بۆ دووبارە پەیوەندی لەگەڵ شادا و بە ناردنی بروسکەیەك کە تێیدا بەخێرهاتنی رێزی بۆ شا (جۆرجی سێیەم) دەربڕیبوو، پێی وابوو دەبێت داگیرگەکان سەرکوت بکرێت کە لە دۆخی بەرەنگار بوونەوەدان، {20}٠

لە ژێر کاریگەریەتی و فشاری کەشتییە سەربازیەکانی ئینگلتەرادا هەستا بە بۆردومانی شاری (بالمۆس) لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٧٧٦)دا (تۆماس پایین) نوسراوێکی دەرکرد لە ژێر ناوی (چاکزانین) (حسن الادراك)دا تێیدا جەختی لەسەر سەربەخۆی کردەوە و تێیدا هێرشی کردبووە سەر پاشای پیرۆز و گاڵتەی بە بیروباوەڕی پاشای پشتایشت کردبوو، رایگەیاند کە دەبێت بە ئاشکرا شۆڕش بکرێت دژی داگیرکەری زۆردار بۆ دەرکردنی لە وڵاتدا و لە پێناوی گەیشتن بە سەربەخۆی

و راگەیاندنی کۆماری لەسەر بنەمای دیموکراتیئەم داگیرگە ئەمریکیانە جێگایەك بووە بۆ هەموو چەوساوەیەك کە لە ژێر سێبەری دەرەبەگایەتیدا بووە ئەو رژێمە چەوسانەوەیەتیەوە، {21}.

لە ساڵی (1776)دا باڵی چەپی برژواکان توانیان کۆنگرێس رازی بکەن بەوەی زنجیرە رێگایەك بگرێتە بەر دژی بەریتانیا وەك هەڵگرتنی یاسای کەشتیوانی بە جۆرێك هەموو بەندەرەکانی ئەمریکا کراوە بێت لە بەرانبەر هەموو وڵاتانی دەوڵەتە تازەکاندا...هتد، بەم شێوەیە کۆنگرەی ئەمریکا کۆمیتەیەکی نهێنی رێکخست بۆ کاروباری دەرەوە ئامانجی کۆشش بوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و دەست و پەیوەند بۆ خۆی لە وڵاتانی ئەوروپادا، هەروەها بۆ دەستهێنانی یارمەتی و کۆمەکی شەڕ، ئەمەش لە زەینی کۆنگرێسدا بوونێکی سیاسی لە پشتەوە بوو بۆ جەنگ، (22).

دیارە شۆڕشی ئەمریکی هەروەك چۆن لە زۆربەی شۆڕشەکاندا دەرکەوتووە لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە هاتووەتە بوون، شۆڕشی ئەمریکیش بە هەمان فۆرم و شێوە بووە، کۆمەڵێکی کەم لە خەڵکی کە زۆر چالاك و ئەکتیف بوون توانیان زۆر لەو کەسانەی کە دوو دڵ بوون لە بەرامبەر ئەو شۆڕشەدا بیانخەنە سەر ئەو رێگەیەو بەرەو ئامانج و پرەنسیپە و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی وڵات، لە دەست کۆت وبەندی داگیرکەری ئینگلتەرا، ئەوان زۆر حەزێکی تەواویان نەبوو بۆ سەربەخۆی و جیابوونەوە بەڵام ئەم ئاواتەی ئەوان هاتە دی لە ساڵی (1776)دا ئەویش راگەیاندنی سەربەخۆیی بوو، {23}.

بانگهێشتی سەربەخۆیی

ئامانجی سەرەکی لە جەنگ کردندا هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن ئەمریکیەکان کە ئینگلتەرا هەوڵی دەدا بە خراپی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵیاندا، ئەوە بوو کۆنگرێس رایگەیاند بۆ چەند جارێك کە گوێڕایەڵی عەرشی ئینگلتەرایە، بەڵام ئەوە بوو جەنگ بەرپا بوو لە دوای ساڵێك گۆڕا بۆ جەنگێك سەربەخۆیی بە دوای خۆیدا هێنا لە نیشتمانی دایکدا، ئەم گۆڕانەش لە ئەنجامی چەندین فاکتەرەوە سەریهەڵدا لەوانە: لە ئەنجامی ئەو تاڵی و نالەباری و خوێن رژانەی کە لە ساڵەکانی جەنگدا لە سەرەتاوە کرا، ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی دەسەڵاتدارانی ئینگلتەرا بەرامبەر بە داگیرگەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دەدا، بەکارهێنانی ئەو سەرباز و گروپانەی کە دژی ئەمریکیەکان بەکارییان دەهێنا، جگە لەمانەش هیندیەکانیان هاندەدا دژی دانیشتوانی داگیرگەکان، لە هەمووی گرنگتر بیروباوەڕەکانی (تۆماس پایین) بڵاوبووەوە لە نێوان دانیشتواندا بەشێوەیەك هەموو خەڵك کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕە و گیانی سەربەخۆیی لە ناخیاندا تاوی سەند، {24}.

(تۆماس پایین) داوای جیابوونەوەی دەکرد بە یەکجاری لە دەسەڵاتی ئینگلتەرا، دەیگوت: (پێکەوە ژیان لە نێوان داگیرگەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرادا بیرۆکەیەکی چەوتە و هەموو شتێکی دادپەروەری و سروشتی داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکات لە دەسەڵاتی ئینگلتەرا) ئەو رای

وابـوو ئێسـتا كاتـی خۆیەتـی بـۆ سـەربەخۆ بـوون و تاكـەی لـە ژێـر كـۆت و گـیرۆدەی دەسـڵاتی دەرەبەگایەتیدا بین،}25{.

لـە سـەرەتای مانگەكانـی سـاڵی (1776)وە بـیری سـەربەخۆیی و ئامادەكاری بۆ جیابوونەوە لە ئینگلتەرا لـە نیشتمانی دایكدا هاتە كایەوە ئەمەش لەسەر دەستی چەند كەسێكی نیشتمان پەروەر بـوو، لـە چـینی سەردەسـتە و نوخـبە بـوو، لـە كـۆمەڵگەی ئـەو سـەردەمەی ئەمـریكادا، دانیشتوانی ئەمـریكا شـەرعیەتی ئەوەیانـدا بـەوەی كـە چارەسـەری كێشـەكان بـە جـیابوونەوە و سـەربەخۆیی دەبـێت و چارەسـەری گـرفتەكان مەیسـەر دەبێت، لە ناو كۆنگرێسدا مقۆمقۆی ئەو بیرە خرایە بەر بـاس و لێكۆڵیـنەوە، بـۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك پێكهات كە }5{ نوێنەر بوون بەسەركردایەتی (تـۆماس جیفرسـۆن) بـوو، بـۆ ئامـادە كردنـی راگەیاندنـی سـەربەخۆیی و ئـەو بەرنامەیـەی كـە خراوەتە روو لە كۆنگرێسدا، }25{.

لـە دووی تەمـوزی سـاڵی (1776)دا كۆنگـرێس هەنگاوێكـی بـەرەو پێشـەوە نـاو بڕیارێكـی زۆر گـرنگ و پـڕ مەخـزای دەركـرد كـە تێیدا هاتووە: (ئەو داگیرگە یەكگرتووانە ئازاد و سەربەخۆن لە راسـتیدا دەبـێت هـەروا بـن خـۆی ئـازاد كـردووە لـە هەمـوو كۆت و بەنـد و خۆ گرێدان بە تەختی پاشـای ئینگلـتەراوە هەمـوو پەیوەندیەكـی رامـیاری لـە نـێوان ئینگلـتەرای مەزنـدا پێویسـتە ببچـڕێنرێت)، بـەم شـێوەیە بـۆمان دەردەكـەوێت ئـەم بـڕیارە كاریگـەری راسـتەوخۆی كـردە سـەر تەواوی داگیرگە ئەمریكیەكان، }26{.

راگەیاندنـی سـەربەخۆیی پێكهاتـبوو لـە سـێ بـەش هەربەشـەی تایـبەت بـوو بـە بـوارێك لـە بوارەكانـی ژیـان، و دەسـتەبەر كردنـی تەواوی مافەكانی خەڵكی ئەمریكا، هەموو دواو خواستەكانی خـۆیان لـەو سـێ بەشـەدا جـێ كـردبووەوە، بەشـی یەكـەم راگەیاندێكـی قـوڵ و چـڕی لەخۆگـرتبوو لەسـەر فەلسـەفەی دیموكراسـی و ئـازادی دانـرابوو، ئەمـە چەند كۆپلەیەكە لەو بەندەی یەكەم:(.. ئـێمە بـڕوامان بـەو راسـتیە بەڵگـە نەویسـتانە هەیـە و هەمـوو خەڵكـی وەكـیەك مافـیان هەیـە، دروستكەریان چەند مافێكی پێبەخشیوون ئەو مافانە شایەنی لێسەندنەوە نین وەك ژیان و ئازادی و هەوڵدان بەرەو ئاسوودەیی، حكومەت پێویستە ئەم مافانە دروست و راست بپارێزێت لە نێوان لە نـێوان خەڵكـدا دەسـەڵاتێكی دادپـەروەر ببـێت، ئەم حكومەتانە دەسەڵاتی بە رەزامەندی و ئارەزوی خەڵكـەوە دەبـێت كە حكومیان دەكەن، هەر حكومەتێك لەسەر هەر شێوازێك بێت ئەگەر تێكدەری ئـەم مافانـەی خـەڵك بـێت، ئـەوا مـیللەت بـۆی هەیـە ئـەم دەسـەڵات و حكومەتە بگۆڕێت و لەناوی بـدات و حكومەتێكی تـازە دروسـت بكـات كـە لەسـەر پرەنسـیپی ئـەو رێـنمایانە بـڕوات كە میللەت دایدەنـێت و ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی بـۆ مـیللەت دەسـتەبەر بكـات). ئـەم بۆچـوونانە (جێفرسۆن) داینەهێـناو داڕێـژەری نەبـوو بەڵكـو لـە پـێش ئـەوەوە چـەندین فەیلەسـوفی فەرەنسـی و چەندانی تـریش باسیان لە بابەتی لەو جۆرە كردووە (جان لۆك) باسی لە بابەتی لەو جۆرە كردووە لە پێش سـەدەیەك لەوەوبەر، بەڵام (جێفرسۆن) بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەی ئەمریكا ئەم

بۆچوونانەی بریتی بوون لە فەلسەفەیەکی دیموکراتی و ئازاد کە تەعبیری لە یەکسانی دەکرد لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا ئەو دەیوت: (خەڵکی یەکسانە لە بەرامبەر خودا و پاشادا) واتە هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان رەش پێست و سپی پێستدا لە ئەرك و مافدا، لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا هەبووە و دیاردەیەکی زەق بووە، }27{.

لە ئەمریکا هیچ مافێکی یەکسانی نەبووە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و رەش پێست و سپی پێستدا یان پیاو و ژندا، بەڵام ئەمانە لە بەها بەرزەکانی دیموکراتییەت کەم ناکاتەوە کە خەڵك هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنان، بیری یەکسانی کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ئەقڵ و ئەندێشەی ئەمریکیەکان و خەڵکی فێر کرد رەخنە بگرن لە دەوروبەری خۆیان و بەکاهێنانی ئەم بیروبۆچوونانە لە ژیانی رۆژانەیاندا، ئەو مافانەی خەڵکی هەیەتی لێیان ناسەندرێت، چونکە وەریان نەگرتووە لە حکومەت، بەڵکو ئەو مافانە شتێکی سروشتیە و لەگەڵیاندا لە دایك بووە ناتوانن دەستبەرداری بن ئەگەر خۆشیان بیانەوێت حکومەتەکان دروست دەبن بۆ پارێزگاری کردن لەم مافانە، }٢٨{ .

لە بەشی دووەمی ئەم راگەیاندنەدا وەستاوە لەسەر (25) داواکاری دەست درێژی نەکرێتە سەر مافەکانی دانیشتوانی داگیرگەکانی ئەمریکا لەلایەن شای ئینگلتەراوە کە (جۆرجی سێهەم) بوو ( ... لە هەموو یەکێك لەم داواکاریانەدا کە پێشکەشکران بەرکەوتێك بوو لە توندترین بارودۆخدا بۆ روونکردنەوەی ئەو بارودۆخە بە روون و ئاشکرا، بەڵام وەڵامی ئەوە نەبوو کە دووبارە کرایەوە بە گوشار، بەڵام شا رەوشتی بەوە ناسراوە کە ستەمکارە و نایەوێت لەگەڵ کەسدا بگونجێت و نایەوێت بە هیچ جۆرێك ئازادی بۆ گەل فەراهەم بکات..)، واتە شای ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرا بە هیچ شێوەیەك ملکەچ ناکات بۆ داواکاریەکانی گەل کە داواکاریەکی رەوا و بە هەقە، بۆیە گەل هەر بەردەوام بوون لەسەر داواکانیان و بەرگریکردن لە ماف و بڕیاردانی مافی چارەنووسی ساز لە خاکی خۆیاندا دەبینیەوە، }29{.

بیردۆزی (گرێبەندی کۆمەڵایەتی) بڕیاری رێکەوتنی دا لەگەڵ ئەم مافانەی کە گەل داوای کردبوو دەبێت دەوڵەت لەسەر ئەم بیردۆزەیە دروست بێت و بەپێی ئەم بیردۆزەیە خەڵکی هەموو لە ژیاندا هاوبەشن، بەمجۆرە لە دوایدا جەماوەر رێکەوتن لەسەر دروستکردنی حکومەت کە پێیان بەخشرا ئەو داوایەی کە داوایان کردبوو، هەندێك دەسەڵات درا بەوەی کە ژیان و ئازادی بۆ خەڵك بپارێزێت.

ئەمریکیەکان بە تەنها ئەم بیردۆزەیان بڵاونەکردەوە و کاری پێبکەن، بەڵکو لە کاتی شۆڕشدا حکومەتەکەیان گۆڕی و لە شوێنی ئەو حکومەتی تازەیان دروستکرد، لەناو ئەو دەستورانەی دایاننابوو مەرجی سەرەکی و بەهێزیان دانا بۆ پارێزگاری کردن لە ژیان و ئازادی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش و دوور لە ناخۆشی، ئەم بۆچوونانە تەنها خەیاڵاتێك نەبوون لە

مێشكی فەیلەسوف و بیرمەندەكاندا بەڵكو گۆڕا بۆ چەند یاسایەك كە ئەمریكیەكان لەسەری دەرۆشتن و پەیڕەویان لێدەكرد، ئەمریكیەكان پێشوازییەكی گەرمیان لەو بانگەشەیە كرد، }30{

بەشی سێیەمی ئەو راگەیاندنە سەراپا تەرخان بوو بە قورسی و سەنگی سەربەخۆی و بڕیاردان بەجێبەجێكردنی ئەم سیاسەتە، كە خۆی لە جیابوونەوە و سەربەخۆخوازی و دوور لە دەستی داگیركەری ئینگلتەرادا دەبینینەوە، دەسەڵاتێك خۆی لەخۆیدا شەرعیەت لەلایەن گەلانەوە وەرگرتبێت و بەدوور بێت لە دەسەڵات و بڕیاری سەرانی زۆرداری ئینگلتەرا و دەرەبەگایەتی دەسەڵاتێك كە جەماوەر خۆیان دروستیان كرد و دانیشتوانی داگیرگەكانی ئەمریكا بە گەرموگوڕیەكی زۆرەوە پێشوازیان لەو بانگەشەی سەربەخۆیی بوونە كرد وایاندەزانی كە لە ئاسمانەوە فەرمانە و بۆیان هاتووەتە خوارەوە كە كە جێبەجێی بكەن، }31{.

ئەو خەڵكانەی كە لە داگیرگەكاندا بوون یان بوون بە نیشتمان پەروەر پشتگیریان لە سەربەخۆیی دەكرد یان لەگەڵ ئینگلتەرادا بوون لە پێناو پارێزگاری كردن لە پلەوپایەیان، نیشتمان پەروەرەكان لە داگیرگەكانی باكوردا پێكهاتبوون لە جووتیار و پیشەوەر و بازرگانە بچووكوكان، بەڵام لە داگیرگەكانی باشوردا زۆربەیان پێكهاتبوون لەو جووتیار و وەرزێرانەی كە ناكۆك و ناتەبا بوون لەگەڵ ئینگلتەرادا لە رووی ئابووری و سیاسیەوە كە ئینگلتەرایەكان ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو دەكرد چونكە جووتیارەكان قەرزاری بازرگانەكانی ئینگلتەرا بوون، بەڵام ئەوانەی سەر بە ئینگلتەرایەكان بوون لە چینی سەرەوەی كۆمەڵ بوون، وەك خاوەن زەویە گەورەكان و پارێزەرەكان و سەرۆكی زانكۆكان و دەرچووانی زانكۆ و زۆربەی زۆری قەشەكانی كڵێسەی ئینگلتەرا، ئەمانە ئازار و جەفایەكی زۆریان چەشت لەلایەن نیشتمان پەروەرەكانەوە لەسەر ئەو هەڵوێستانەی كە هەیانبوو بەرامبەر بە نیشتمان پەروەرەكان بە شەرمەزاریان دەدایە قەڵەم.

زۆربەی زۆری ئەوان دەركران بۆ كەنداوە دورەكانی هیندی رۆژئاوا، و ئینگلتەرا لە دوای خۆیان ئەو مولّكانەیان بەجێهێشت كە نەیاندەتوانی لەگەڵ خۆیانی بەرن بۆ ئەوێ، هەموو ئەو مولّكانەیان لێسەندرایەوە كە هەیان بوو بەهۆی ئەو كارە نابەجێیانەی كە كردبوویان بووە مایەی توڕەبوونی نیشتمان پەروەرەكان، چونكە ئەمانە بەكەم سەیری نیشتمان پەروەرەكانیان دەكرد و یارمەتی و هاوكاری ئینگلتەرایان دەدا لەو هێرشانەی دەیانكردە سەر نیشتمان پەروەرەكان یەكێك لە نیشتمان پەروەرەكان بە راشكاوانە وتوویەتی (ئەوانەی لایەنی ئینگلتەرایان گرتووە سەریان لە ئینگلتەرایەو لاشەیان لە ئەمریكایە بۆیە پێویستە ملیان بپەڕێنرێت، }32{.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت جەماوەری نیشتمان پەروەر كەوتە سەر بیرۆكەی جەنگان و خەبات كردن لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی ئەو سەربەخۆییەی رایگەیاندووە، جەماوەر هەموو بەیەك دەنگ لەیەك سەنگەردا خەباتیان دەكرد دژی یەك داگیركەر ئەویش ئینگلتەرا بوو، ئەمش لە پێناو ئازادی فەراهەمكراو بۆ تاكی كۆمەڵگە و حكومەتی خودموختاری و ژیانێكی ئاسوودە و پڕ خۆشی بۆ كۆمەڵگەی ئەمریكی.

بۆیە راستەوخۆ خەباتی درێژخایەنیان راگەیاند دژی دوژمن كە خۆی لە (جۆرجی سێیەمدا) دەبینیەوە بە هیچ شێوەیەك ملی بۆ ئەو بڕیارانەی كە دەریان كردبوو كەچ نەدەكرد، بەڵكو هەر سوور بوون لەسەر ئەو یاسا چەق بەستووەی كە هەیانبوو لە وڵاتی دەرەبەگایەتیدا و دەیانوویست داگیرگەكانی ئەمریكاش بەهەمان دەرد بەرن، بەڵام لێرەوە كردە سەربازیەكان دەستی پێكرد٠

كردە سەربازیەكان

هەروەك ئاشكرایە لە دوای بانگهێشتی سەربەخۆیی لەلایەن ئەمریكیەكانەوە ئینگلتەرا دەستی كرد بە درێژەدان بە شەڕ و بەوپەڕی ورەوە، لە نێو هاوڵاتیاندا پرسیار دەكرا ئایا ئەمریكیەكان دەتوانن خۆیان رابگرن لە ئاست هێز و توانای ئینگلتەرادا، بەڵام ئەمریكیەكان زۆر باش دەیانزانی ئەگەر بێت درێژە بدەن بەشەڕ بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ ئەوا ئینگلتەرا ماندوو دەبێت و ئەمریكیەكان سەردەكەون بەسەریاندا و جەنگەكە بە قازانجی ئەمریكا دەشكێتەوە، چونكە ئەمریكا لەسەر خاكی خۆی شەڕ دەكات ئەوەی بەلای ئینگلتەراوە پێویست بوو دەبوایە سەرباز و شتومەك و كەرەستەی جەنگی بگوێزێتەوە بەسەر زەریای (ئەتلەنتیكی) ئەمەش كاتێكی زۆر و ماوەیەكی درێژی دەوویست زۆری هیلاك و ماندووی دەكردن، }33{٠

بەڵام گەر بەراوردێك بكەین لە نێوان هێزی سەربازی هەردوولادا بۆمان دەردەكەوێت لەو رووەوە جیاوازیەكی زۆر هەیە، هێز و توانای ئینگلتەرا لە چاو ئەمریكا زۆر گەورەتر و زەبەلاح تر بوو، چونكە ئینگلتەرا لە كەشتیوانی دەریایدا شارەزاییەكی ئێجگار زۆری هەبوو هەموو كەشتیەكان توانیان هێزەكانی بپارێزن تا ساڵی (1778) دواتر ئەو توانایەیان نەما، هێزی زۆری هەبوو لە رووی ژمارە و كەرەستە و شارەزاییەوە زۆر بەرز تر بوو لە ئەمریكیەكان، ئینگلتەرا پشتی دەبەست بە سەرچاوە ئابووریەكان، بەڵام رای گشتی لە ناو خەڵكی ئینگلتەرادا وایكرد لە بەرامبەر جەنگدا لاواز بن بەو لاوازیەش مانەوە لە بەرامبەر هێزەكانی ئەمریكادا كە لە ئینگلتەرایەكان زۆر جیاواز بوون لە هەموو روویەكەوە، چونكە ئەمریكا لە رووی سەربازییەوە زۆر لاواز تر و كەم توانا تر بوو لە ئینگلتەرا چونكە هێزەكانی ئەمریكا لە رووی رێكخستن و شێوازێكی توندو تۆڵی لەسەرەتاوە تێدا نەبوو، ئەمە جگە لە شارەزایی لە جەنگدا، هەروەها دابەش بوونێك هەبوو لە نێوان ریزەكانیاندا لە كاتی جەنگدا، جگە لەوەی كە زۆرێك لە مەوالیەكان كە شوێنكەوتەی ئینگلتەرا بوون لەگەڵ هیندیەكاندا یارمەتی و كۆمەكیان بە ئینگلتەرا دەكرد، جگە لەمەش لە رووی ئابووری و باری داراییەوە زۆر بەهێز نەبوون لە چاو ئینگلتەرادا، }34{٠

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریكیەكان نە حكومەتیان بوو نە دەسەڵاتێكی وایان هەبوو كە ئەو كارەیان بۆ بكات، كۆنگرێسیش ئەو دەسەڵاتەی نەبوو چونكە دەسەڵاتی راستەقینەی لە دەستی حكومەتەكانی ویلایەتە جیاوازەكاندا بوو، كاری سەربازی بە ئارەزو بوو بە زۆر نەبوو، ئەمەش بەشی ئەو مەبەستەی نەدەكردكە شەڕیان پێدەكرد، ئەو پارانەش كۆدەكرایەوە لە رێگای

پارمەتیەوە بوو کە ولایەتەکان دەیاننارد یان لە رێگای قەرزەوە بوو یان لە رێگای ئەو پارانەوە بوو کە دەریان دەکرد، بەڵام ئەم پارانە بەشی ئەو جەنگەی نەدەکرد چونکە ولایەتەکان لە دانی ئەو پارانەدا کەمتەرخەم بوون، بەڵام ئەو پارانەی کە دەریان دەکرد بووە هۆی بەرز بوونەوەی بەهای شتومەك و تێکشکان و داتەپینی باری ئابووری وڵات، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەمریکیەکان هێزێکی دەریای ئەوتۆیان نەبوو بتوانن بەرەنگاری هێزە دەرییایەکانی ئینگلتەرای پێبکەن کە بە تەواوی دەستی بەسەر زەریادا گرتبوو، {35}.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کەموکورِی و کەم توانایەدا ئەمریکیەکان توانیان سەربکەون، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، ئەم فاکتەرانە هاندەر بوون بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان ببنە براوەی جەنگەکە:

بەهۆی سەرکردایەتی (جۆرج واشنتن) کە زۆر کارزان و لێهاتوو بوو لە جەنگدا، نیشتمان پەروەرێکی لێهاتوو بوو لە گۆڕەپانی جەنگدا، بەوپەڕی لەخۆ بردنەوە لە سەرجەم قۆناغەکانی جەنگدا کاری دەکرد و هەموو جەنگاوەرەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا بەشێوەیەك سەرنجی رادەکێشان کەوا گیانی بەرەنگاری لە ناخیاندا تاوی سەندبوو لە بەرامبەر دوژمندا.

بەزین و سەر شوڕ پێکردنی ئینگلتەرا لە داگیرگەکانی ئەمریکادا زۆر خراپ بوو لەو ئامانجەی هەیانبوو لەبەر ئەوەی شانۆی کردەوە سەربازیەکان لە داگیرگەکاندا خۆی لە رووبەرێکی فراواندا دەبینیەوە کە زۆر خەڵکی تێدا نەبوو، جگە لەو تێچوونەی کە لە گواستنەوەی هێزەکان و کەرەستە سەربازیەکانی ئینگلتەرادا بەسەر زەریادا دەرۆشتن زۆر گران بوو بۆ ئەو ئامانجەیان.

یەکێکی تر لەو فاکتەرانە یارمەتیەکانی وڵاتانی ئەوروپی بوو بە تایبەتی یارمەتیەکانی فەرەنسا کە بە نهێنی هەتا ساڵی (1778) دەگەیشت بە جەنگاوەرەکان، دواتر هاوپەیمانانیان بەست لەگەڵ فەرەنسادا کە لە دەریاو وشکانیەوە یارمەتیەکانی دەگەیاندە بەرەکانی جەنگ، ئەمانە هۆکاری هاندەر بوون بۆ سەرکەوتنی ئەمریکیەکان لەو جەنگەدا کە بەرپا کرا بوو لە نێوانیاندا، {36}.

لە دوای شەڕی (بۆنکر هێل) ئینگلتەرا تێکشکاو لە دەوروبەری بۆستن مایەوە، تا ئازاری ساڵی (1776) کاتێك (جۆرج واشنتن) هێزە سەربازەکانی کە ژمارەیان (8) هەزار نەدەبوو گواستنیەوە بۆ نیۆرك، هێزە سەربازەکانی ئینگلتەرا لەو ناوچانەدا چەندجار لەو ژمارەیە زیاتر بوون، لە مانگی ئابی (1776)دا شەڕی (فلات بۆش) روویدا لە برۆکلین کە بەشێکە لە شاری نیۆرك، ئەمریکیەکان لەم جەنگەدا شکان و سەربازەکانی ئەمریکا پاشەکشەیان کرد بۆ (نیوجەرس) لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا بوون، بەڵام ئەمە زۆری پێنەچوو لە ناکاو تووشی تیپێکی سوپای ئینگلتەرا بوون پێکهاتبوون لەو سەربازە ئەڵمانیانەی بە کرێ گیرابوون لە ریزەکانی سوپای ئینگلتەرادا شەڕیان دەکرد دژی ئەمریکا لە (ترتۆن) لە شەوی جەژنی سەری ساڵدا بوو (1000) کەسی لێ بەدیلگرتن، دوای ئەوەی دایان بەسەر (بدنستون)دا لە ساڵی (1777)دا رووبەڕووی سەربازەکانی ئینگلتەرا بوویەوە و تێکی شکاندن و پەرتەوازەی کردن، لەم ساڵەدا وەزارەتی جەنگی

ئینگلتەرا بەرنامەیەكی دارشت كەوا ویلایەتەكان بكات بە دوو بەشەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی كۆنترۆڵی بكات، بەڵام سەركەوتوو نەبوو لەو پلانەی داینابوو، }37{.

بەم شێوەیە دەبینین داگیرگەكانی باكوور و ناوەراست لە سێ ساڵی یەكەمی جەنگدا بوون بە گۆڕپانی جەنگ و ئەو پلان و بەرنامانەی كە ئینگلتەرا داینابوو بۆ گرتنی رێگای نیۆرك و هندسن شكستی هێناو هێزە دەریایەكانی ئینگلتەرا كەوتە یارمەتیدانی هێزە وشكانیەكان و لەسەر لەسەر رۆخی كەناری زەریای ئەتڵەسی بوون،}38{ بەم شێوەیە جەنگ تەشەنەی سەند تا گەیشتە كەنداو و رووبەرێكی زۆری وڵاتەكەی گرتەوە و شەڕی دەستەویەخە لە نێوانیاندا روویدا و هێزەكانی ئینگلتەرا زۆر بە توندی تێكشكان لە دەریا و وشكانیەوە هەرچەندە هێزەكانی ئینگلتەرا شارەزایی زۆریان هەبوو هونەری جەنگیان هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەو دەسەڵاتە خراپەی كە هەیانبوو لە ناوچەكەدا و كەمی خۆراك و چەندین بەرهەڵستی تر وایكرد بشكێن و پاشەكشە بكەن، }39{. دوای ئەوەی (جۆرج واشنتن) بە تەواوی هێزەكانی خۆی رێكخستەوە بوە هۆی تێكشكاندنی ئەو بەرنامەیەی ئینگلتەرا داینابوو بۆ گرتنی ستراتیژیەكانی ئەمریكا، چونكە جەنەراڵێكی ئینگلتەرا ناوی (هاو) بوو بە پێچەوانەی ئەوەی ئینگلتەرا دەیویست، ئەو لە باشورەوە هێرشی كردە سەر (فلادلفیا) واتە لە باشوری نیۆركەوە، لە جیاتی ئەوەی بڕوات بۆ یارمەتی دانی هاورێكەی كە دەیویست شاری (البنی) بگرێت، ئەمەش بە كارێكی خراپ شكایەوە بەسەر ئینگلتەرادا، چونكە ئەمریكیەكان سەركەوتن، ئەوە بوو لە جەنگی (ساراتوغا)دا كە خاڵی سەركەوتن و گۆڕان بوو بۆ سەربەخۆیی لە جەنگی سەربەخۆیی ئەمریكا. هێزەكانی ئینگلتەرا كەوتە جوڵە بە سەركردایەتی (بوجوین) لە كەنەداوە بەرەو باشور بۆ گەیشتن بە هێزەكانی بەریتانیا كە پێشرەوییان كردبوو لە نیۆركەوە بەرەو (ئەلبەنی)ئامانجیان بوو دەستبگرن بەسەر هێڵی دەریاچەی (شامبرلین و رووباری هدسن)دا بۆ بڕینی (نیو ئینگلەند) لە داگیرگەكانی تر، بەڵام خۆیان دابەدەستەوە لە حەڤدەی تشرینی یەكەمی ساڵی (1777)دا لە (ساراتوگا) لەگەڵ ئەو سەربازانەی كە مابوونەوە لەگەڵیاندا، 40. لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت لەگەڵ ئەو هێزە زۆرەی ئینگلتەرا كە دەینارد بۆ توانەوەی شۆڕشگێڕانی داگیرگەكانی، ئینگلتەرا جارێكیان (30) هەزار سەربازی نارد زۆربەیان ئەڵمانی بوون و بەكرێ گیرابوون بەڵام هەموویان تیاچوون چونكە جەنگاوەرەكانی ئەمریكا بەهۆی كۆمەكی فەرەنساوە كە دواتر لە ساڵی (1778)دا بوو بە هاوپەیمانی ئەمریكا ئیتر زیاتر هاوكاری دەگەیاندە بەرەكانی جەنگ دواتر هۆڵندا و ئیسپانیاش كەوتنە جەنگەوە لەگەڵ ئینگلتەرادا ئەمەش وای لە ئینگلتەرا دەكرد رۆژ بەرۆژ زیاتر بەرەو لاوازی بەرێت و شۆڕش زیاتر تاوی دەسەند و هەموو شارێكی ولایەتەكان لە ئینگلتەرا هەستان بە گژ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا چوونەوە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەو كۆمەك و یارمەتیانەی فەرەنسیەكان دەیانناردە بەرەكانی جەنگ و سەركەوتنەكانی زیاتر مسۆگەر تر دەكرد، }41{.

**یارمەتی فەرەنسا بۆ ئەمریكیەكان:**

ململانـێ و دوژمنایەتـی لـە نـێوان ئینگلـتەرا و فەرەنسـادا هـۆیەك بـوو بـۆ بـۆ پاڵپشـتی کردنـی فەرەنسـیەکان لـە ئەمـریکیەکان و یارمەتیەکانی ئەوان، سەرەتای هاوکاری و یارمەتی فەرەنسیەکان بـۆ ئەمـریکیەکان بـە نهێنـی بوو لەبەر ئەوەی نەك ببێتە هۆی شەڕ لە نێوان ئەوان و ئینگلتەرادا، سـەرەتا فەرەنسـیەکان تـەنها کەرەسـتەی جەنگیان دەنـارد بـە رێژەیەکـی ئـێجگار زۆر، بـەڵام دوای ئـەوەی جەنـەراڵ (بـرگوین) خۆی دا بەدەستەوە ئەم هەواڵەیان پێگەیشت ئیتر بە ئاشکرا دانیان نا بـە سـەربەخۆیی وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و لە (1778/2/6)دا هاوپەیمانیان بەست، دوای ئـەوەی ئیسـپانیا جەنگـی راگەیانـد دژی ئینگلـتەرا لـە سـاڵی (1779)دا دواتـریش هۆڵەندا جەنگی دژی راگەیاند ئیتر هێزەکانی ئینگلتەرا لە داگیرگەکانی ئەمریکادا گلۆڵەیان کەوتە لێژی.

لـە نـێوان سـاڵانی (1778-1781)دا زۆربـەی هێـزە دەریایەکانـی و نـیوەی هێـزە پیادەکانـی پێشـکەش کـرد بـە هێـزە شـەڕکەرەکانی بڕێکـی زۆر کەرەستەی جەنگی نارد کە تێکڕای تێچوونیان بە بڕی (1,000,000,000) فەرەنگ بوو لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەمریکا پەیمانیدا کەوا پەیمانی ئاشـتی و ئاشـتەوای نـەکات لەگەڵ ئینگلتەرادا بەبێ رەزامەندی فەرەنسا و دەبێت هەموو کارێك بە ئارەزوو ویستی فەرەنسا بێت کە بیەوێت لەگەڵ ئینگلتەرادا بیبەستێت،{42}.

واتـە فەرەنسـا رۆڵـی سـەرەکی و یەکلاکـەرەوەی بینـی لـە جەنگەکـەدا بـووە هـۆی سـەرکەوتنی کۆتایـی بەسـەر ئینگلتەرادا هەروەها دانەنان بە سەربەخۆیی داگیرگەکانی ئەمریکادا، جگە لەمانەش گـەر سەیری ریزی سوپای ئەمریکا بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین خۆبەخشی فەرەنسی لە نـێو ریزەکانـی سـوپای داگیرگەکانـی ئەمـریکادا بـوون و خـۆیان بـۆ جـەنگ کـردن ئامادە کردووە و هاتونەتەنـێو جەنگـەوە وەك (لافایـت) کـە ئەفسـەرێکی پایـە بـەرز بـوو لـە سـوپای فەرەنسـیدا و هاوکاری هێزەکانی ئەمریکای دەکرد دژی ئینگلتەرا کە پلەی جەنەراڵی هەبوو لە سوپاکەی (جۆرج واشـنتن)دا، ئـەو هەمـوو هەوڵـی خـۆی خستەکار لـە زسـتانی ساڵی (1780)دا بۆ کۆتایی هێنان بە جـەنگ، لویسـی شـازدەهەم بـە هێزێکـی (6) هـەزار سـەربازیەوە هێرشـێکی کـرد بـە فەرماندەیـی جەنـەراڵ (روشـامیوا) کـە رۆڵـی گـرنگ بـوو لـە جەنگەدا، بەڵام هێزە دەریاییەکانی فەرەنسا زیادی کـرد لـە بەرامـبەر هێزەکانـی ئینگلـتەرادا، لـە دوای شـەڕی (سـاراتوگا) ئیسـپانیاش دانـی نـا بـە سـەربەخۆیی ئەمـریکا و پشـتیوانی سـەربازی بـۆ دەربـڕی، ئیسـپانیاش ئامانجی لـە هەڵگیرسـاندنی جـەنگ لە دژی ئینگلتەرادا لە دووڕووەوە بوو،لەلایەکەوە بۆ وەدەرنانی سوپای ئینگلتەرا لە (جبل گـارق)، و لاوازکردنـی مەترسـیەکانی لەسـەر دەوڵەتەکانـی ئەمـریکای لاتینـی لـە روویەکـی تـرەوە، چـونکە مەترسـی ئینگلـتەرا زۆر زیاتـر بوو لەچاو مەترسی ئەمریکادا، دواتر هۆڵەنداش دانی نا بە سـەربەخۆیی ویلایەتەکانـی ئەمـریکادا و جگـە لـە کۆمەك و یارمەتـی دانی شۆڕشگێڕەکان لە کاتی جەنگکـردنیان لەگـەڵ ئینگلـتەرادا، ئـەوە بـوو ئینگلتەرا ناچار جەنگی راگەیاند لەگەڵ هۆڵەنداشدا هـەروەك چۆن پێشـتر جەنگی راگەیاند بوو لەگەڵ فەرەنسا و ئیسپانیادا، بەمجۆرە ئینگلتەرا جگە لـە ئەمـریکا جەنگـی لەگـەڵ فەرەنسا و ئیسپانیا و هۆڵەنداشدا راگەیاندوو لە چوار بەرەوە جەنگی

دەکرد، ئەمەش بووەی هۆی چۆکدادانی لە بەرامبەر پەلامارەکانی ئەمەریکادا، {42}. دوای ئەوەی هێزەکانی ئینگلتەرا لە شەڕی (ساراتوغا)دا شکستیان خوارد هێزەکانی ئینگلتەرا سوور بوون لەسەر جەنگ کردن بەلاّم هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی (1778)دا گەڕانەوە بۆ فلادلفیا بەهۆی تێکشکاندنی دەریایەکانی فەرەنسی بەلاّم دواتر زنجیرە تێکشکاندنێك تووشی هێزەکانی ئینگلتەرا بوو لە دۆڵی (ئوهایو) لەو ساڵەدا هێزەکانی ئەمریکا توانیان باکووری رۆژئاوا کۆنترۆڵ بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی بووە هەر لە شەڕدا بوون لە باشوردا هەرچەندە لە داگیرگەکانی باکووردا تووشی تێکشکاندن و بەزین بووبوون، هێزەکانیان بە سەرکردایەتی جەنەراڵ (کۆرنوالیس) بەرەو ناوچەکانی باشور کەوتە رێ و توانیان شاری (سافانا) لە جۆرجیا داگیر بکەن و دواتر شاری (نشارلستون) لە کارۆلینای باشور لە ساڵی (1780)دا داگیر کرد، لە هەمان ساڵدا جەنەراڵ (کۆرنوالیس) بەرەو فرجینیا بەرێکەوت بۆ سەر پێشۆڕکردن و تێکشکاندنی هێزەکانی ئەمریکا لەناو بەشی ناوخۆییدا بوون بە سەرکردایەتی جەنەراڵ (لافایت)، {43}.

(کۆرنوالیس) دەیویست ئەو سوپایە بخاتە ژێر فەرماندەی خۆیەوە بەلاّم ئەم کارەی بۆ نەکرا و گەڕایەوە بۆ (یورکتۆن) کە لە کەناری دەریادا بوو تێیدا مایەوە، لەم کاتەدا (جۆرج واشنتن)لە نزیك نیۆرك بوو کە (6) هەزار سەربازی لەگەڵدا بوو، (رۆشامبۆ) کە فەرماندەی یان جەنەراڵێکی فەرەنسی بوو ئەو (لویسی شازدەهەم) بە سەرکردایەتی هێزە فەرەنسیەکان ناردبووی بۆ یارمەتیدانی ئەمەریکیەکان، ئەم فەرماندەیە (5) هەزار سەربازی لەگەڵدابوو لە (نیوپۆرت و رۆت ئایند)، هەروەها (دیگراس) سەرکردایەتی دەریای فەرەنسای دەکرد لە دوورگەکانی هیندی رۆژئاوا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ بەدەنگەوە هاتن و یارمەتیدان، ئەمەش هەلی رەخساند بۆ سوپای ئەمریکی کە بیر لەوە بکاتەوە کە لە ناوی بەرێت، بۆیە (جۆرج واشنتن) هەلی قۆستەوە و ئەم هێزانە و چەند هێزێکی تری ئەمریکی و فەرەنسی خستە ژێر فەرماندەیی خۆیەوە کە ژمارەیان گەیشتە (16) هەزار سەرباز و هێرشی کردە سەر (یۆرکتیون) و (کورنوالس)ی فەرماندەی هێزەکانی ئینگلتەرا لەوێدا.

هێزە دەریایەکانی فەرەنسا رێگەی هەلاّتن و درچوونیان لە هێزەکانی ئینگلتەرا گرتبوو لە دەریادا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەوا (کورنوالیس) ناچار بێت بەخۆی و (8) هەزار سەربازەوە خۆی بدات بەدەستەوە لە (1781/10/19)ز، زۆرێك لە مێژوو نووسان وای لێکدەدەنەوە کە خۆ بەدەستەوە دانی جەنەراڵی ئینگلتەرا (کورنوالیس) بە سوپای ئەمریکی و (جۆرج واشنتن) بە کۆتایی هاتنی جەنگ دادەنێن لەگەڵ ئەمەریکادا چونکە بە شکاندنی و گرتنی جەنەراڵ (کورنوالیس) هێزەکانی ئینگلتەرا هیچ بەرگریەکیان پێنەکرا و لە هەموو شوێنەکان پاشەکشەیان کرد لە بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکادا، چونکە گەر فەرماندە یان سەرکردە نەبێت سوپا هیچی پێناکرێت، {45}.

له هەمان ساڵدا سوپای ئینگلتەرا له هەموو ناچەکانی باشور پاشەکشەی کرد، هیچی لێنەمایەوە جگە لە پاسگەیەکی بچووك نەبێت لە شاری نیۆرك، ئەوە بوو ئەنجومەنی گشتی ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی دەبێت کۆتایی بە جەنگ بێت لەگەڵ ئەمریکادا ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەوروپا هەموو سەرکەوتنەکانی هێزەکانی ئەمریکایان بە جیهان ڕاگەیاند لە (یورکتون)، دوای ماوەیەکی کەم سەرۆك وەزیرانی ئینگلتەرا دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند کە (لورد نورپ) بوو، شای ئینگلتەرا حکومەتێکی نوێی پێکهێنا بە سەرکردایەتی (ردکنگهام)، بەم شێوەیە گۆڕانێکی زۆر گەورە بەسەر سیاسەت و دەسەڵاتی ئینگلتەرادا هات، سەرەتای کاری ئەم دەسەڵاتە نوێیەی حکومەت هەستا بە ڕێکەوتن و دانوستاندن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر کە ئەمریکا بوو، لە سەرەتای دەستپێکردنی دانیشتنەکاندا لە نێوان هەردوولادا بە نهێنی بوو لە نێوان ئەمریکیەکان و حکومەتی لەندەندا، گفتوگۆکان بەردەوام بوو لە مانگی نیسانی ساڵی (1782) تا تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، ڕێکەوتنی کۆتای لە نێوان هەردوولادا چەند ئاستەنگی لە نێواندا خولقاندبوو بە هۆی ئەوەی ئەمریکا لە ساڵی (1778)دا کاتێك بووە هاوپەیمانی فەرەنسا گرنتی ئەوەی لە ئەمریکا وەرگرت کە نەبێت بە هاوپەیمانی ئینگلتەرا و هیچ ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵدا نەکات، لەو کاتەشدا فەرەنسا دژی ئینگلتەرا لە شەڕدا بوو، بەندەکانی پەیمان نامەکە دانی نا بە سنورەکانی ئەمریکادا لە دەریا گەورەکانی باکورەوە بۆ فلۆریدای باشور لە زەریای ئەتڵەسیەوە لە ڕۆژهەڵات تا ڕووباری میسیسیپی لە ڕۆژئاوادا، مافی ڕاوکردنی پێدا لە کەنارەکانی کەنداو و کەشتی بخاتە گەڕ لە ڕووباری میسیسسپی، بەم شێوەیە ئەمریکاش ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هەموو ئەو موڵکانەی کە دەستی بەسەردا گرتبوو، دووبارە بیگێڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا و پارێزگاری لێبکات، {46}.

## ئاکام و گرنگی جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا

ئەو جەنگەی بەرپا بوو لە نێوان داگیرگەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرادا کۆتای پێهات بە پێی پەیمانی پاریس لە (1783/9/3)دا تێیدا ئینگلتەرا دانی نا بە سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانیئەمریکادا کە (13) ویلایەت بوو، بەو مەرجانەش ڕازی بوو کە ئاسانکاری تێدا بوو، هەرچەند هێزەکانی ئینگلتەرا دەستیان گرتبوو بەسەر چەند شوێنێکدا لە زەریای هیندی ڕۆژئاوا داو سەرکەوتبوون بەسەر هێزە دەریایەکانی فەرەنسادا، بەڵام ئینگلتەرا دەستی هەڵگرت لە هەموو ئەو زەویانەی کە دەکەوتە نێوان چیاکانی (ئەپلاتشیان) و ڕووباری مسیسیپی بۆ کۆماری ئەمریکا، فلۆریداش بۆ ئیسپانیا، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ناکۆکی نێوانیان بەتایبەتی ئەو نەرمی نواندنەی ئینگلتەرا لەبەرامبەر ئەمریکاداو ڕێگە پێدانی کەشتی گەلی ئەمریکی و ڕاوە ماسی لە نزیك ڕۆخی کەنارەکانی کەنەدا، پێشبینی دەکرا ئەگەر بێت و ئینگلتەرا دەستی لەو زەریایانەی ڕۆژئاوای چیاکانی ئەپلاتشیان هەڵنەگرتایە ئەو کات شەڕ دیسان سەری هەڵدەدایەوە، دوای واژووکردنی ڕێکەوتنەکەی نێوان هەردوولا، بە چەند هەفتەیەك ئەو هێزەی

لە نیۆرك مابوویەوە ئینگلتەرا کشانیەوە (جۆرج واشنتۆن) دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆی بۆ (ڤێرجینیا)، دواتر ماڵئاوایی لە ئەفسەرەکان کرد لە نیۆرك و لەوێشەوە بەرەو شاری (ئاناپۆلیس) ماریلاند رۆیشت کە چەند ئەندامێکی لە ئەندامەکانی کۆنگرێس لەوێدا کۆبوونەوە دەست لە کار کێشانەوەی خۆی وەك فەرماندە راگەیاند کە نزیکەی (8) ساڵ لەو پلەیەدا بوو کە پڕاوپڕ بووە لە کارەسات و ناخۆشی، }47{.

بەم شێوەیە ئەمریکیەکان توانیان کۆنترۆڵی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بگرنە دەست و بوارێك بڕخسێنن بۆ دامەزراندنی دەڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد، کە دوور بێت لە هەموو کۆت و بەندێکی ستەمی دەرەبەگایەتی چەوسێنەر کە ساڵەها بوو بە دەستی رژێمێکی تۆتالیتاری وەهاوە دەیناڵاند، بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان کە خۆیانی لێ رزگار بکەن و رژێمێکی نوێی ئازاد و دیموکرات دابمەزرێنن، کە تەعبیر لە ناخی تاك و ئازادیەکانی بکات، جەنگاوەرەکانی ئەمریکا توانیان ئەم کارە بەجێبهێنن کەوا ئەو داگیرگانە بگۆڕن بۆ ویلایەتی ئازاد و دامەزراندنی گەلی ئەمریکی کە هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بێت، دیارە گرنگی ئەم جەنگە لە رووی نێودەوڵەتیەوە بووە هۆی گۆڕانێکی گەورە لە پەیوەندی بەهێزی نێوان دەوڵەتەکانی جیهاندا.

ئەو ورووژم و دەسەڵاتەی ئینگلتەرا کە پێشتر هەیبوو، دەسەڵات گرتن بەسەر تەواوی دەریا و زەریاکاندا و دەسەڵاتی لە تەواوی داگیرگەکانی ئەمریکادا بەتەواوی لاواز بوو، کەوتە پووکانەوە، هاوکات بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سیاسەتی ئینگلتەرا لە جیهانی نوێدا و بووە هۆی زیاتر بەهێز بوونی جوڵانەوەی نیشتمانی لە ئێرلەندەدا، بەم شێوەیە شۆڕش و شەرگوێزرایەوە بۆ دەوڵەتی ئەمریکای لاتینی ئەویش بووە هۆی زنجیرەك لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی دژی دەسەڵاتی ئیسپانیا و پرتوگالی کە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا بوون، شۆڕشی ئەمریکی هۆکارێکی راستەوخۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسی بوو چونکە فەرەنسا موڵك و ماڵێکی زۆری خستە بواری جەنگەوە دژی ئینگلتەرای مەزن لە جیهانی تازەدا، و هاوکاری کردنی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا، ئەمەش بووە هۆی شەکەت بوون و بەتاڵبوونی داهاتی دەوڵەتی فەرەنسا و تەنگەژەیەکی دارایی و ئابووری گەورە لە سەردەمی لویسی شازدەهەمدا، بەجۆرێك کەس نەیدەتوانی ژیانی بگوزەرێنێت، }48{.

دوای گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرە پلە بەرزانەی کە بەشداری جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکایان کرد لەلایەن فەرەنسیەکانەوە وەك (لافاییت و سیموت)، ئەمانە بوونە بەرهەڵستی سیاسی لە سیاسەتی لویسی شازدەهەم و سەرەتای پێشکەشکردنی بیروبۆچوونی جیاواز کرا وەك رژێمی بووژانەوەی دیموکراتی و رژێمی دەرەبەگایەتی و زۆرداری لەلایەکی تر لە فەرەنسادا، شۆڕشی فەرەنسا داکۆکی لە مافی مرۆڤ و رێز و بەهاکانی مرۆڤایەتی دەکرد ئەم بنەمایەی لە شۆڕش و جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکاوە وەرگرتووە، بووە دروشم بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان، جەنگی سەربەخۆیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و لە نێوان داگیرگەکانی ئەمریکادا بووە هۆی دەروازەیەك اله بنیاتنانی دەوڵەتێك کە دواتر قۆناغ بە قۆناغ گەشتە چڵەپۆپە، }49{.

بـە کـۆتای هاتنـی جەنگـی سـەربەخۆیی و بەسـتنی پـەیمان نامـەی پـاریس لـە سالی (1783)دا بـووە هـۆی لـە دایکبوونـی گەلێکـی نـوێ کـە ناسـراوە بـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـریکا، ئـەو بەشـدارانەی لـە شـۆڕش و جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەشداریان کردووە نزیکە (400) هەزار جـەنگاوەر بـوون، ئـەم شۆڕشـە بـە شۆڕشـێکی زۆر گـەورە و خاڵێکـی پـڕ وەرچـەرخان دادەنرێت لە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکادا، چونکە وڵاتی لە رژێمی فیودالی دیکتاتۆریەوە گۆڕی بۆ رژێمێکی نوێـی دیموکـرات کـە تـەواوی مافەکانـی تـێدا رەچـاو بکـرێت، چـونکە پێشـتر لەلایـەن دەسـەڵاتی ئینگلـتەراوە دەبـرا بەڕێـوە کـە رژێمێکـی دەرەبەگایەتـی نامۆ بوو بە خەڵکی چونکە خەڵکی وەڕس بووبـوون بەدەسـت بـاج و سـەرانەو هـیچ ئازادیەکـی تـاك و کۆ نەبوو لە نێوان داگیرگەکاندا، چەوساندنەوە بووبوو بە سیمای دیاری ئەو کۆمەلگەیە کەوا خۆی لە (13) ویلایەتدا دەبینیەوە، }50{٠

جگـە لـەوەی زۆرێـك لـەو خەڵکـەی کە دژی شۆڕش و جەنـگ بوون دژی ئینگلتەرا، چونکە لەوە دەترسـان لە ناو ئەمریکادا لەجێی ئەو رژێمە رژێمێکی تری دیکتاتۆری دیکەی شەڕخواز بێتە سەر حـوکم، کـە هەمـوو ئازادیەکیان لێزەوت بکات، بەڵام دوای تێپەڕینی قۆناغەکانی جەنـگ و تا کۆتای هاتنـی جـەنگ و وازهێنانی (جۆرج واشنتۆن) لە پۆستی فەرماندەیی، دواتر دەبینین بە مۆرکردنی ئەو رێکەوتنە ئەمریکا جیا بوویەوە لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرای مەزن٠

ئـەو دەسـەڵاتەی ئینگلـتەرا لـە ناچـەکەدا بـوو بـۆ مـاوەی سـەدەونیوێك دەسـەڵاتی ئینگلـتەرا شـێوازێکی ئینگلیـزی بەخشـی بـە ژیان و هەڵسوکەوتی میللەتی ئەمریکا، یاسای گشتی ئینگلتەرا تا ئێسـتا یاسـای ئەمـریکای لەسـەر دەڕوات، لـە کاتـی لـە دەسـتدانی یاسـای تایـبەت ئـەو رژێمـەی کـە حکومەتـی ئەمـریکا پەیـڕەوی دەکـات لـە هەمـوو بەشـەکانیدا لـە بـنەڕتدا دەگەڕێـتەوە بـۆ رژێمـی ئینگلـتەرا چ لـە بـواری (دەسـەڵات و دادوەری و ئـایین و خوڕەوشـت و ئەدەبـی)دا واتە رنگدانەوەی کلـتوری ئینگلـتەرا زۆر زاڵە بەسەر هەموو ژیانی رۆژانەی ئەمریکادا و تا ئێستاش زۆرێك لەو سیما دیارانـە لـەناو کۆمەڵانی خەڵکی ئەمریکادا و لە هەموو ولایەتەکاندا، ئەمریکیەکان پاکتی مەزن بە بنەڕەت دادەنێت بۆ ئازادیەکانی مرۆڤایەتی٠

بــە هــەمان شــێوە ســەیری فەیلەسـوف و شـاعیر و رووناکبیرەکانــی ئینگلـتەرا دەکـەن وەك فەیلەسـوف و شـاعیر و روناکبیرەکانـی ئینگلـتەرا دەکـەن وەك فەیلەسـوف و شـاعیرەکانی خۆیان بە پێچـەوانەی ئەمـەوە سەیری فەیلەسوف و رووناکبیرەکانی ئەوروپا بە چاوێکی تر و جیاواز سەیری دەکەن٠

دەتـوانین بڵێین شۆڕشـی ئەمریکی بە روویەك لە رووەکان دانێت کە ئینگلتەرا خۆی لە نێوان ئیمتـیازاتە تایـبەتەکان و مافەکانـدا و هـەروەها لـە نـێوان حوکمـی ئـەو سـەرتواکس و دیموکراتیدا دابنـرێنت٠ سـەرکەوتنی ئەمـریکیەکان لەم جەنگەدا سەرکەوتن بوو بۆ گەیشتن بە مافەکانی گەل و ئازادیەکانـیان کـە بۆ ماوەی (150) ساڵ بوو لێیان قۆرخ کرابوو، بەڵام بە هەر شێوەیەك بوو بە

هەمـوو تـواناو كۆششـی خـۆیان و یارمەتـی فەرەنسـاوە توانـیان ئـەو مافانـە بسـەننەوە و بـبن بـە وڵاتێكی سەربەخۆ وەك وڵاتانی تری دونیا،} 51 {٠

پەراوێز و سەرچاوەكان:


١. د٠محمد محمد صالح، الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، ص/ (209)٠
٢. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/(59
٣. د٠ محمد محمد صالح: الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، ص/ (210)٠
٤. طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (61)٠
٥. عبالمجيد النعنعى: تاريخ ولايات المتحدة الأمريكية الحديث، ص/ (171)٠
٦. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (62)٠
٧. د٠ محمد محمد صالح: الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، ص/ (27)٠
٨. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (63)٠
٩. د٠ محمد محمد صالح: الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، ص/ (211)٠
١٠. فربنيس فريدمان: موجز التأريخ الأمريكى، ص/ (19)٠
١١. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (67)٠
١٢. د٠ عبدالوهاب الكيالمى: موسوعة السياسية، جزْ الثانى مؤسسة العربية لدراسة والنشر، ص/ (175)٠
١٣. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (66)٠
١٤. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(53)٠
١٥. د٠ عبدالوهاب الكيالمى: موسوعة السياسية، جزْ الثانى مؤسسة العربية لدراسة والنشر، ص/ (175)٠
١٦. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (54)٠
١٧. د٠ محمد محمد صالح: الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، ص/ (211)٠
١٨. الان نيفتز و هندى ستيل كوماجر: موجز تاريخ ولايات المتحده الامريكيه، ص/ (77)٠
١٩. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (54)٠
٢٠. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (67)٠
٢١. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (68)٠
٢٢. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (55)٠
٢٣. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (67)٠
٢٤. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (55)٠
٢٥. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (69)٠
٢٦. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (55)٠
٢٧. هندى ستيل كوماجر: وثائق حية من تأريخ الأمريكى، ص/ (7)٠
٢٨. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(56)٠
٢٩. هندى ستيل كوماجر: وثائق حية من تأريخ الأمريكى، ص/(8)٠
٣٠. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(57)٠
٣١. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/(7٠
٣٢. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(57)٠

٣٣. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(58)٠
٣٤. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/(70)٠
٣٥. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (59)٠
٣٦. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (71)٠
٣٧. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (59)٠
٣٨. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(71)٠
٣٩. د٠ عبدالوهاب الكيالمى: موسوعة السياسية، جزْ الثانى مؤسسة العربية لدراسة والنشر، ص/ (176)٠
٤٠. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (72)٠
٤١. د٠ محمد محمد صالح: الدول الكبرى بين الحربين العالميتين (1914-1945)، (212)٠
٤٢. فرينيس فريدمان: موجز التأريخ الأمريكى، ص/ (214)٠
٤٣. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (74)٠
٤٤. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/(61)٠
٤٥. د٠ عبدالوهاب الكيالمى: موسوعة السياسية، جزْ الثانى مؤسسة العربية لدراسة والنشر، ص/ (176)٠
٤٦. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (75)٠
٤٧. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (62)٠
٤٨. عبدالفتاح حسين ابو الغليه: تاريخ امريكيتين و تكوين السياسى ولايات المتحده الامريكيه، ص/ (67)٠
٤٩. د٠ طليعة الصباح و د٠ر راغب الحلمى: تأريخ ولايات متحدة الامريكية، (1996)، دمشق، ص/ (76)٠
٥٠. د٠ عبدالوهاب الكيالمى: موسوعة السياسية، جزء الثانى مؤسسة العربية لدراسة والنشر، ص/ (176)٠
٥١. فرحات زياده و ابراهيم فريجت: تأريخ الشعب الامريكى، (1946)، ص/ (62)٠

# نیشتەجێ بوون لە ئەمریكای باكوور

## هاوڵاتیە ڕەسەنەكان

## (هیندیە سوورەكان)

و: بەرزان مەلا تەها

ئەوكاتـەی ئەوروپاییـەكان گەیشـتنە ئـەم كیشـوەرە نوێـیە هیـندیە سـوورەكان لـە گشـت شـوێن و بەشـەكانی ئـەم كیشـوەرەدا بوونـیان هەبـوو، كەم تا زۆرێك خاوەنی ئاستی شارستانی جیاواز بوون، لـەم كیشـوەرە نوێـیەدا زیـاد لـە (400) هـۆزی هیـندی سـەرەكی دەژیـان و خاوەنی زیاد لە (160) زمـان و دیالیكتـی ناوخۆیـی بـوون، نشینگەی ئـەم هۆزانە لە راستیدا ئەم كیشوەرە نەبوو بەڵكو لە كیشوەری ئاسیاوە هاتبوون و لە ڕێگەی تەنگەی (بهرنك)وە نیشتەجێی ئەم كیشوەرە بوون.

هیـندیە سوورەكان لە ئەمریكای باكووردا بە ئاراستەكانی باشوور و رۆژهەڵاتدا نیشتەجێ بوون و بڵاوبـوونەوە دواتـر بـە هـەمان ئاراسـتەدا چـوونە نـێو ئەمـریكای لاتینـیەوە، دواتـر بـە درێژایـی كەنارەكانـی رۆژئـاوا هـەروەها شـێوە درێژەكانـی باكوور و باشـوور لە نێوان بەرزاییەكانی رۆكیدا و هەروەها بە درێژایی كەنارەكانی باشوور بڵاوبوونەوە.

هیـندیە سـوورەكان لـە كۆتایـی چـەرخی بەسـتەڵەكدا نیشـتەجێی ئەمـریكای باكـوور بـوون و تووشـی چـەندین بارودۆخـی قـورس و گـران بـوونەوە سەرەڕای قورسای گوزەران و زاڵبوون بەسەر كێشـەكانی دیكـەدا، سـەرجەمی ئـەم بـارو دۆخانـە كاریگـەری راستەوخۆی لە نزم بوونەوەی ئاستی شارستانیدا هەبوو بەم شێوەیە مانەوە واتە لە ئەمریكای باكوور هەتا دۆزینەوەكەی (كۆڵۆمبۆس).

گەیشـتنی ئەوروپاییـەكان بـۆ ئـەم كیشوەرە و بڵاوبوونەوەیان لە ناوچەكاندا كاریگەری تایبەتی خـۆی هەبـوو، هیـندیە سـوورەكان لـە پانتایـی و درێـژی ناوچـەكاندا دەژیـان و لـە شـێوەی هـۆزدا نیشـتەجێی ئـەم ناوچـانە بوون، لەسەر راو و كۆكردنەوەی كشتوكاڵ دەژیان، ژمارەیان نەزانراو بوو بـەڵام زۆریـنەیان لـە بەرزاییەكانی مەكسیك و نزیكەی ملیۆنێك لە هیندیە سوورەكان لە ویلایەتە یەكگـرتووەكان و كەنـەدا دەژیـان، ئاستی شارستانی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جیاوازی هەبوو، هەندێكیان بە هۆی راوی گیانلەبەرانەوە دەژیان و هەندێكی تریان بەهۆی پیشەی راوو كۆكردنەوە و دۆزیـنەوەی خـواردن دەژیـان، ئـەم هـۆزانەش لـە ویلایەتـی یـۆتادا دەژیـان، دواتر ئەم پیشەیە لە ناوچـە نیشـتەجێیەكاندا گۆڕانكاری بەسەردا هات لە ئەنجامی جەنگی نێوان هۆزەكان و برسێتی و نەخۆشـی، ئـەم هـۆكارانەش وایكـرد هـۆزەكان نشینگەكانی خۆیان جێبهێڵن و گۆڕانكاری لە پیشە و ژیانـی ئابـووری خـۆیاندا بكـەن، لە گرنگترینی ئەم گۆڕانكاریانەش ئیسپانیەكان هەستان بە ناردنی ژمارەیەكـی زۆری ئەسـپ كـە كاریگەریەكـی گـەورەی دروست كرد لەو كاتەدا، واتە لە ساڵی (1600

)دا، هەروەها کاریگەری لەسەر داب و نەریت و ڕێگاکانی ژیانی هیندی سوورەکان کرد، دوای ئەوەی هیندیە سوورەکان هەستان بە شوێندا گەڕانی گای بیسۆن (bison)، هەرکاتێك خێزانێك پێویستی بە خواردن هەبووایە ئەوا پیاوی سپی پێست هەڵدەستا بەهۆی ئەسپەکەیەوە زۆرترین گای راو دەکرد ئەویش لەبەر پێسەکەی نەوەك گۆشتەکەی، بازرگانی پێستەش لە بازاڕەکانی ئەوروپادارەواجێکی زۆری هەبوو، لە ئەنجامدا بە ملیۆنەها گای وەحشی تووشی راوکردن بوون، دواتر بووە هۆی دروست بوونی جەنگێکی خوێناوی لە نێوان هۆزەکاندا واتە لە نێوان خۆیاندا، هەروەها لەگەڵ ئەو ئەوروپاییانەی کە بە ئاڕستەی رۆژهەڵاتدا هاتبوونە ئاو ئەم ناچانەوە، ئەمیش دوای ئەوەی هۆزە هیندیەکان هەستیان بە ڕوودانی برسێتی دەکرد لە ئەنجامی کەم بوونەوەی ژمارەی گیانلەبەران، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی خواردن بوو، هەروەها لە ئەنجامی هێرشی گەورەی ئەورپاییەکان لە رۆژهەیٚتەوە بە ئاڕستەی رۆژئاوا، زۆرێك لە هۆزە هیندیەکان ناوچەکانی خۆیان جێهێشت بەرەو ئەو ناوچانە کەوتنە رێ کە زۆر مەبەستی ئەوروپیە سپی پێستەکان نەبوون، لە کۆتاییدا ژمارەیان کەم بوووەوە و بوونیان تەنیا لە ناوچە وشکانیەکاندا بە تایبەت لە باشووری رۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان کە زۆرینەیان لە چادرگەکانی (Reservations)دا هەتا ئەمرۆ بەسەر دەبەن، ژمارەیان لە کۆتایی سەدەی نۆدەدا گەیشتە نزمترین پلە، هەتاوەکو ئێستا زۆربەی هیندیەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا ژیان بەسەر دەبەن، هیندیە سوورەکان توانیان چەندین شێوەی شارستانی پێشکەش بە ئەوروپیەکان بکەن بۆ ئەوەی ناویان ببردرێت، بە تایبەتی پیشەسازی بەلەمی بچووك و بەرز (Canoe) پێڵاو بۆ سەرکەوتن بەسەر بەفردا (Showshoe) وە پیشەسازی شەکر، ئاستی کشتوکاڵی هیندیە سوورەکان کاریگەری گەورەی لە ئابووری کشتوکاڵی ئەمریکیدا دروست کرد و بەرەو پێشەوەی برد٠

کۆچەرە ئەوروپاییەکان

سەرەڕای نیشتەجێ بوونی هیندیە سوورەکان لە کیشوەری ئەمریکای باکووردا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەڵام دابڕاو و نەناسراو بوون هەتا ساڵی (1492) لەوکاتەی (کۆلۆمبۆس) هەستا بە دۆزینەوەی هەندێك دوورگە لە دەریای (کاریب)دا، لە راستیدا ئەوروپاییەکان دەستیان نەکردبوو بە کۆچکردن بەرەو ئەم جیهانە نوێیە تاوەکو دۆزینەوەکەی (کۆلۆمبۆس)٠

هەندێك لە دانیشتوانی ئەسکەندەنافیا کە بە (فایکنك) ناسراو بوون پێش دۆزینەوەکەی (کۆلۆمبۆس) گەیشتبوونە ئەمریکای باکوور، لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە ئەوروپاییەکان بیریان لە کۆچکردن بەرەو ئەمریکا نەکردبووەوە، لە دوایدا دەرکیان بەوەکرد کە رێگا لە ئەوروپاوە بە ئاراستەی رۆژئاوادا ناگاتە دوورگوکانی هیندی رۆژهەڵات (الهند الشرقیە) بەڵکو کۆچکردنی ئەوان بەرەو خاڵێکی نوێی دەوڵەمەند و پڕ سەرچاوەی سروشتییە، لەگەڵ ئەمەشدا بە ئاسانی دەبوونە خاوەنی ئەم سەرچاوانە، دەوڵەمەندەکانی رۆژئاوای ئەوروپا (ئیسپانیا- فەرەنسا- هۆڵەندا- ئینگلتەرا) وایان دەبینی کە ئەمە هەلێکی زێڕینە و نابێت دەست بەرداری بین، لە دەرەنجامی هاندانی ئەم دەوڵەتانەوە ژمارەیەکی زۆری ئەوروپاییەکان چاویان بڕییە ئەم جیهانە نوێیە (ئەمریکای باکوور)٠

لە سەرەتای ئەم بیرۆکەیەدا دەوڵەتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەستان بە ناردنی لێکۆڵەرەوان بۆ دۆزینەوەی ئەم جیهانە نوێیە و ناساندنی بۆیە هەستان بە

دامەزراندنـی چـەند داگیرگەیەك پێش وەخت هەتاوەكو هەر لە سەرەتادا خۆیان بە خاوەنی بزانن، بـۆیە ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی دەوڵەتەكانی ئـەوروپا كۆچیان كرد بەرەو ئەم كیشوەرە نوێیە لـە رێگای زەریـای ئەتڵەس و دەریـای كاریبـیەوە، سەرەتا بە ئاڕستەی رۆژئاوا و باكووردا پەڕینەوە بـەرەو چیاكانی ئیبلاش پاشان بەرەو چیاكانی رۆكی هەتا گەیشتنە فەراغ دەریای (هادی)، لە كاتی پەڕیـنەوەیان لە رۆژهەڵات بەرەو رۆژئاوا تووشی چەندان رووداوی سروشتی بوونەوە بە تایبەت لە ساتەكانی پەریـنەوەیاندا لـە چیاكانی ئیـبلاش و مسیسپی و رۆكی، ئەوروپاییـەكان لـە زەمەنێكی مێژوویـی درەنـگ وەخـتدا گەیشتنە ئەمـریكای باكوور، لـەم پێناوەشـدا تووشـی هـیچ تـەنگ و چـەڵەمەیەكی ئەوتۆنەبـوون لـە ساتەكانی نیشتەجێ بوونـیان لـەم جیهانە نوێیەدا،بە پێچەوانەی هیـندیە سـوورەكان، ئەوروپـیەكان لـە كاتـی چوونە ناوەوەیانـدا بـۆ ئەم كیشوەرە پڕ چەك بوون و خاوەنـی رێكخستنی ئابـووری و كۆمەڵایەتـی بوون، توانیان بە ئاسانی بەسەر ئەو كێشانەدا زاڵ بن كـە دەهاتـە بەردەمـیان، شارەزایەكی زۆریـان لـە دۆزیـنەوەی سەرچاوە سروشـتیەكاندا هەبـوو بـە ئاسـانی دەینتوانـی بژێـوی خـۆیان دابـین بكـەن، لـەم پێناوەشـدا دیسـانەوە زۆرێـك لـە دەوڵەتـە بەهێـزەكان لـە كێبەركێدا بـوون بـۆ دەست بەسـەرا داگرتنـی ئـەم خاكە نوێیە لە رێگەی دروست كردنـی داگیركانـەوە بـوو بـۆ دەسـت بەسـەرا گرتنـی رووبەرێكی فراوانـی زەوی، لـە گـرنگترین ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانەی كە گرنگی تایبەتیان بەخشە ئەم خاكە واتە (ئەمریكای باكوور)؛

یەكەم: ئیسپانیا

ئیسپانیا لە پێشەوەی دەوڵەتە ئەوروپیەكانی تردا بوو كە جێ پێ قایمكردنی لەم كیشوەرەدا بە تایبەتـی لە رێی هەردوو لێكۆڵەری ئیسپانی (وێساتو- كوردنادو) لە ناوچەكانی باشووری رۆژهەڵات و رۆژئاوایـی ئەمـریكای باكوور، ئـەم گـرنگیەی ئیسـپانیادەگەڕایەوە بۆ پاراستنی ئیمپراتۆریەتێكی فراوان لە ئەمریكای لاتینیدا.

لـە ناوچـەكانی فلۆریدا ئیسـپانیەكان هەسـتان بـە بنیاتنانـی چوار ناوەندی نیشتەجێ بوون لە گرنگترینیان ناوەندەكانی (بنساكولا- سانت أوكستین) لە ساڵی (1565) لە پێناوی بە گژداچوونەوە و بـەرەنگار بـوونەوەی بەرژەوەندیەكانـی ئینگلتەرا و فەرەنسـیەكان، لـە ساڵەكانی نێوان (-1731 1690) ئیسـپانیەكان هەسـتان بـە بنیاتنانـی (12) مەڵـبەندی دینـی و تەبشـیری بـۆ مەسـیحی كردنـی هیـندیە سـوورەكان لـە پێـناو دەسـتگرتن بەسـەر داگرتنـی كەنارەكانی رۆژئاوای ئەمریكای باكوور هەبـوو، بـۆیە ئـەم هۆكارە پاڵی بـە ئیسپانیەكانەوە نا بۆ دامەزراندنی چەندین مەڵبەندی تەبشـیری (المركـز التبشـیریە) لـە ویلایەتەكانـی كالیفۆرنـیا و تەكسـاس و نیومكسـیلۆ و نـیفادا و چەندین ویلایەتی دی.

لـە راسـتیدا نـیازی ئیسـپانیەكان لـە كـردنەوەی مەڵـبەندە تەبشـیریەكان لـە ئەمریكای باكووردا تـەنها بـۆ مەسـیحی كردنی بوو نەك بۆ كاری سیاسی یان سەربازی، گەورەترین مەڵبەندی تەبشیری لە باكووردا لـە ساڵی (1609)ز دامەزراو بنیات نرا، سەرەڕای دەست بە سەردا گرتنی ئیسپانیا بۆ ئـەم ناوچانە و بەم ئاراستانەدا بۆ ماوەیەكی زۆر درێژەی كێشاو رۆڵی ئیسپانیەكانیش لە بنیاتنانی مەڵبەندەكانـی نیشـتەجێ بـووندا رۆڵێكی هامیشی بوو بە جیاوازی رۆڵی بەریتانی و فەرەنسیەكان، ئیسـپانیەكان وەك لـە سـەرەتای باسـەكەدا ئاماژەمـان پـێدا مەبەسـتی سیاسیان نەبوو لە نیشتەجێ بوونـیان لـە ئەمـریكای باكووردا بەلگەش بـۆ ئـەم قسـەیە كۆچـكردنێكی ئەوتـۆ بـەدی نەدەكرا بۆ

نیشتەجێ بوون لە مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بووندا، مەبەستی ئیسپانیەکان بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت بوو بە تایبەتیش مەزهەبی کاسۆلیك لە نێو هیندیە سوورەکان و پیاوانی سوپا کە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و گەڕان بە دوای سەرچاوە سروشتیەکانی وەك ئاڵتون و زیو و هەروەها ئەو کەسانەی کە هەموو هەوڵ و کۆششێکیان تەنها دەستگرتن بوو بەسەر سامان و خێر و بێری ئەو ناوچانەدا، ئەمەش تەنها لە رێگەی پیاوانی ئایینیەوە جێبەجێ دەکرا، دواتر ئیسپانیانیەکان هەستان بە بڵاوکردنەوەی شارستانیەتی ئیسپانی لە ناوچەکانی باشوور و باشووری رۆژئاوای ئەمریکای باکوور، ئەم شێوازەش تا ئێستا لە دانیشتوانی ئەم ناوچانەدا بەدی دەکرێت.

ئیسپانیەکان لەو ناوچانەی کە زۆرترین دانیشتوانی تێدابوو مەڵبەندی تەبشیرییان دەکردەوە سوودێکی زۆری دەستکەوت، دواتر دەستیانکرد بە بەرهەمهێنانی ئەو ناوچانەی کە بەناوبانگ بوون بە بەرهەمی (وەرزی)، هەروەها هەستان بە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پەروەردە و بەخێوکردنی مەڕ و هەموو جۆرەکانی چوارپێ لە ناوچە نیمچە بیابانیەکاندا، سوودێکی زۆریان لە سامانە سروشتیەکانی وەك ئاڵتون و زیو و مس و ...هتد لە بەرزای چیاکاندا بەدەست هێنا، سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەستان بە چەسپاندنی یاسا گشتیەکانی ئیسپانیا لە هەموو ئەو ناوچانەدا، بڵاوکردنەوەی دابونەریتی ئیسپانی کە تا ئێستاش هەموو ئەم فاکتەرانە بەدیدەکرێت هەر لە رووی زمان و دابونەریتی ئیسپانی لەو ناوچانەدا. ئیسپانیەکان ئەو دەمەی چوونە نێو ئەمەریکای باکوورەوە لە ناوچەکانی باشوور و باشووری رۆژئاوا دواتر بڵاوبوونەوەیان لە ویلایەتەکانی باشوور و باشووری رۆژئاوا بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی (فلۆریدا- تەکساس- نیومکسیلۆ- نیفادا- ئەریزۆنا- کالیفۆرنیا)، ئەمەش بە پێچەوانەی ئینگلتەرا و فەرەنسیەکان ئەمان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتەوە چوونە نێو ئەمریکای باکوورەوە هەستان بە کردنەوەی داگیرگە بە درێژایی کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بووبوون ئەمیش بە هۆی کۆچە بەردەوامەکانی ئەوروپیەکان.

دووەم: فەرەنسا

فەرەنسا بە پلەی دووەم دێت لەو دەوڵەتە ئەوروپیانەی کە توانی جێگای پێی خۆی قایم بکات لە ئەمریکای باکووردا، توانی لە رێگەی بازرگانی پێستەی ئاژەڵەی وشکانیەوە بچێتە ناو ئەم کیشوەرەوە لە رێگەی دورگەی (سانت لۆرنس) و پێنج دەریا چکۆکە و لە باشوورەوە لە رێگای رووباری ئوهایۆ و مسیسپی هەتاوەکو دوورگەی مەکسیك، توانیان لەم رێگەیانەوە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەمریکای باکوور داگیر بکەن.

سەرەڕای دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەکانی بازرگانی و کشتوکاڵی و هەروەها داروتەختەی ناوچەکە فەرەنسیەکان توانیان زیاتر دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، توانیان لە سڵی (1604)دا یەکەمین موستەعمەرەی فەرەنسی بە درێژی رووباری سانت لۆرنس و بە تایبەتیش لەو ناوچەیەی کەوتبووە نێوان کوبك و مونتریالی ئێستا.

لە راستیدا گرنگیدانی فەرەنسیەکان تەنها بۆ مەبەستی بازرگانی و ئاڵوگۆڕپێکردنی بوو لە نێوان ئەو ناوچانەدا، بە تایبەتیش کۆکردنەوەی پێستەی ئاژەڵ یەکەم سەرچاوەی بازرگانی فەرەنسیەکان بوو، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە نرخێکی بەرزی هەبوو لای ئەورپایەکان و بە

ئاسـانیش ئاڵوگـۆڕی پێدەکـرا لە ناوخۆوە بۆ کەنارەکان لە ڕێگەی وشکانی و ئاویەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا بازرگانـی پێسـتە قازانجێکـی زۆری بـە فەرەنسـیەکان گەیانـد، هـەر ئەمــەش وایکـرد فەرەنسیەکان دوای بنیاتنانـی (کوبـیك) چاو بـبڕنە سەرچاوە نوێیەکانـی باکوور و ڕۆژئاوا، دواتر بەرژەوەندیەکانـی فەرەنسا تووشـی پـێکدادان بوو ئاڵۆزیەکی گەورەی لەگەڵ کۆمپانیای (هدسنی)ی بەریتانیادا کرد.

فەرەنسیەکان کـە دەستیان گرتبوو بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەوی لە ئەمریکای باکووردا زۆر بـە خێرایـی لایەنگـرەکانیان لـەم ناوچانەدا کـەم دەبوویەوە، لە دوای ئەو جەنگە (7) ساڵەیەی لە سـەرەتادا لـە نـێوان فەرەنسـیەکان و دانیشـتوانی ڕەسـەنی ئـەو ناوچـانەدا سـەری هەڵـدا، جەنگەکە درێـژەی کێشـاو کیشـوەری ئەوروپاشـی گـرتەوە لـە نـێوان ساڵەکانی (1756 -1763) لـە کۆتاییدا فەرەنسـیەکان تـێك شـكان و ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی فەرەنساش بەریتانیا داگیری کرد، دووبارە فەرەنسا لـە سـاڵی (1800) دەسـتی بەسـەردا گـرتەوە و لـە سـاڵی (1803) فرۆشـرایە ویلایەتـە یەکگرتووەکان.

### سێیەم: بەریتانیا

بەریتانـیا بە سێیەم دەوڵەتی ئەوروپایی ناوزەند دەکرێت کە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەمریکای باکووری لـە ژێـر دەسـتدا بـوو، دوای ئەوەی چەند هەوڵێکی سەرنەگرتووی دا لە دروستکردنی دوو داگیرگـە لـە ناوچـە کەناریەکانـی زەریای ئەتڵەسی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی چیای (ئیبلاش)، یەکەمیان داگیرگـەی (جیمسـتاون) کـە لـە سـاڵی (1607)دا لـە ویلایەتـی ڤێـرجینیا بنیاتنـرا، دووەمـیان داگیرگەی (بلیمۆس) لە ویلایەتی ماساجوست کە لە ساڵی (1620)دا بنیاتنرا.

بـە دوو داگیرگـەی کشـتوکاڵی ناسـرا بـوون و لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بوون، بەڵام داگیرگەی یەکـەم دوای چـەند سـاڵێك لـە بنیاتنانی تووشی سەرنەگرتن بوویەوە، بەڵام کشتوکاڵی توتن بوویە هـۆی دیاریکردنـی شـێوازی گەشەسـەندنی داگیرگـەی (جیمستاون) و ناوچە کەناریەکانی باشوور لە بـواره ئابـووری و کۆمەڵایەتـیەکاندا، تـوتن پێویسـتیەکی زۆری بـە دەسـت کارکـەر هەبـوو، کێشـەی نەبوونـی دەسـتی کارکـەر لـە ئەنجامی کەمی دانیشتوانی ئەو داگیرگەیە بوو کە کۆمپانیای لەندەنی تـێدتا دامـەزرا و دواتـر جێمسـی یەکەم هەستا بە نیشتەجێکردنی هاوڵاتیە ئینگلیزەکان لە ڕێگەی کەشـتیەوە، کۆمپانـیای لەنـدەن لـە سـەروبەندێکدا دامـەزرا کـە بەریتانـیەکان ئارەزوویەکـی زۆری کۆچـکردنیان بـەرەو ئـەم جـیهانە نوێـیە دەکـرد کۆمپانـیای لەنـدەن هەسـتا بـە بەخشـینی پـارە و ئامادەکردنـی خەڵکـی بـۆ کۆچـکردن بەرامـبەر بـە کرێگـرتن، بۆیە ئەو کەسە دەبوو بۆ ماوەی سێ ساڵ تـا حـەوت سـاڵ کـار بـۆ ئـەم کۆمپانـیایە بکات دواتـر ئـازاد و سەربەست دەکرا، کە بووە هۆی یاسـای بەندایەتـی کردنـی سـپی پێست دواتـر یاسـای بە بەندایەتی کردنی ڕەش پێست جێگای ئەم یاسایەی گرتەوە دوابەدوای هێنانی ڕەش پێستەکان لە ئەفەریقاوە لە ساڵی (1619)دا.

لـە مـاوەی سـەدەی حەڤـدەدا شـێوازی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی زۆر بـە ڕوونـی لـە داگیرگـەی (جیمسـتاوندا) دەرکـەوت، کۆمەڵێکی کـەم خاوەنـی کێڵگەی بـەر فـراوان بـوون کـە بـە (بلانتیشن) ناسـرابوو، ژمارەیەکی زۆری سپی پێستەکانی تێدا ئازاد بوون دوای ئەوەی ماوەی کارکردنیان تەواو بـوو، بەنـدە ڕەش پێستەکان کە موڵکی خاوەن زەوی و زارە کشتوکاڵیەکان بوو بۆیان نەبوو ئازاد بن

بە هیچ کلۆجێك، لەم نێوەندەدا واتە لە نێوان ئەم دوو چینەدا چینی جوتیاران سەری هەڵدا کە کاریان لە زەویدا دەکرد و بەرهەمەکانیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا، ئەم چینەش چینی سپی پێستەکان بوون کە لە بەندایەتی ئازاد بووبوون، لە ساڵی (1620) دووەم داگیرگەی ئینگلیزی لە (نیوالکلاندا) بنیاتنرا کە شاری (بلیمۆسی) تێدایە، دوای چەندین ساڵ لە تێکۆشان و بەردەوام بوون لە پێناو مانەوە لە ناوچە ساردو سەختەکاندا بەرهەمی کشتوکاڵی گەیشتە ئەو رادەیەی کە پشتی پێنەبەسترێت لەم پێناوەدا روویان کردە دەریاکان بۆ راوەماسی و هەروەها بۆ دارستانەکان بۆ پیشەسازی و دروستکردنی کەشتی لە پێناو ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا لە نێوان ئەوروپا و ئەم جیهانە نوێیە، زۆرێك لە دانیشتوانی ئەم داگیرگەیە بەو ژیانەی تێیدا بوون رەزامەندنەبوون، کارکردنی بازرگانی بە شێوەی بەرفراوان، ئەم کەشتیانەش لە گواستنەوەی رەش پێستەکاندا رۆڵی کارای دەبینی، ئەمەش سامانێکی گەورە بوو بۆ خاوەن کەشتی و بازرگانەکان.

**گەشەسەندنی دانیشتوان:**

رێژەی گەشەسەندنی دانیشتوان لە ئەمریکای باکووردا لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا و بە شێوەیەکی ئەوتۆ نەبوو بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو لەو ناوچانەش (نیواکلاند، ڤێرجینیا)، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان سەربەخۆیی خۆی لە ئینگلتەرە سەند، دوای زیاد لە (167) ساڵ لە بیاتنانی داگیرگەی (جیمستاون- بلمۆس) ژمارەی دانیشتوانی لە هەموو داگیرگە نیشتەجێییەکاندا لە (3) ملیۆن تێپەڕی نەدەکرد.

ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکای باکوور هەتاوەکو ساڵی (1800) گەیشتە (6) ملیۆن و لە ساڵی (1900)دا دیسانەوە ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکای باکوور گەیشتە (81) ملیۆن و لە ساڵی (1950)دا گەیشتە (164) ملیۆن و لە ساڵی (1970)دا گەیشتە (225) ملیۆن و لە ساڵی (1975) گەیشتە (240) ملیۆن، زیاد بوونی بەرچاوی دانیشتوان لە ئەمریکای باکووردا بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕایەوە:

یەکەم: زیادبوونی ئاسایی دانیشتوان.

دووەم: زیادبوونی ژمارەی لە دایك بووان بەسەر ژمارەی مردوواندا لە پاڵیشدا کۆچی بەر فراوان بۆ ئەم کیشوەرە نوێیە.

ژمارەی لە داك بوون لەم کیشوەرەدا جیاوازیەکی زۆری هەبوو لە نێو ویلایەتەکاندا، بە ژمارەیەکی زۆر لە ویلایەتە کشتوکاڵیەکان و ناوچە لادێ نشینەکان بە ژمارەیەکی کەم لە نێو ویلایەتە پیشەسازیەکان و شارە گەورەکان، لە (نیوفونلاند، نیومەکسیکۆ، بەرتاویۆتا، کۆبیك، ئەریزۆنا، لویزیانا، ژمارەی لە دایك بوون بەرزترین تۆماری تێدا بە ئەنجام گەیەنرا، تۆمارێکی کەمیش لە (ئەریکۆن، رودالایند، نیوجرزی، ئۆلکلاهۆما، بنرالسکا، نیۆیۆرك، ئیواو ینسلڤانیا.

بە نیسبەت کۆچی دەرەکی بۆ ئەمریکای باکوور بە شێوەیەکی کەم لە ماوەی (200) ساڵدا بەدی دەکرا بە تایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەستی فەرەنسیەکان بە درێژایی رووباری سانت لۆرنس، هەروەها ناوچەکانی ژێردەستی ئیسپانیەکان بە درێژایی کەنارەکانی کەنداوی مەکسیك، ژمارەی کۆچکەران بۆ ئەم ناوچانە ژمارەیەکی کەم بوو، بە جیاوازی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە نێوان شەڕی ناپلیۆن تا ساڵی (1914) گەیشتە (30) ملیۆن کە

پێکهاتبوو لە کۆچکەرە ئەڵمانی و ئەسکەندەناڤی و هۆڵەندی و ئێرلەندی و فەرەنسیەکان و ژمارەیەکیش لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەردەوام لە نێوان ساڵی (1900) و ئێستا زیادی کرد بە هۆی ی بەرزبوونەوەی ژمارەی لە دایك بوون کەم بوونەوەی ڕێژەی مردن و هەروەها کۆچکردنی یەك لە دوای یەك، ژمارەی دانیشتوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا زیادی کرد لە (76100000) لە ساڵی (1900) بۆ (216700000) لە ساڵی (1975) وەك لەم خشەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

خشتەی گەشەسەندنی دانیشتوان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە نێوان ساڵی (1900) بۆ (1975) ):

ژمارەی دانیشتوان (76100000) (11670000)

ڕێژەی سەدی ژمارەی لە دایك بووان (3/2) (1/5)

ڕێژەی سەدی ژمارەی مردووان (1/7) (0/9)

ڕێژەی کۆچکەران (8) (1/8) ڕێژەی سەدی گەشەسەندنی دانیشتوان (2/3) (0/6)لە ڕاستیدا ژمارەی لە دایك بووان ڕووەو کزی دەڕۆیشت لە دوای ساڵی (1900) لە ساڵی سی و سەرەتای چلەکانی ماوەی جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها ئەزمەی ئابووری لە سیەکان و جەنگی جیهانی دووەم لە چلەکاندا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبوو، لە دوای تەواو بوونی ئەزمەی ئابووری لەو ماوانەی ئاماژەمان پێدا ژمارەی لە دایك بووانی ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتە ژمارەیەکی نوێ ئەویش (2/7%) ئەوەی یارمەتی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی دەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو کۆچکردنە بەردەوامەی ئەوروپاییەکان بوو کە ژمارەیان گەیشتە (44) ملیۆن کۆچکەر لە ساڵی (1820)دا ژمارەی هەرەزۆریان لە وڵاتەکانی (ئەڵمانیا، ئیتالیا، بەریتانیا، ئێرلەندو یەکیەتی سۆڤیەت، کەنەداوە) کۆچیان کردبوو، ئەم کۆچەش تاوەکو ئێستا بەردەوامە بە تێکڕای (155000) کەس لە ساڵێکدا، ڕێژەی کۆچکەران لە کۆندا (40%) ڕێژەی گەشەسەندنی دانیشتوان بوو، بەرەبەرە ئەم ڕێژەیە بەرەو کەمبوونەوە هات بۆ (16%)لە شەست و حەفتاکاندا. ئەگەر لە جیاوازی ڕێژەیی لەدایك بوون و مردن و ژمارەی کۆچکەران لە نێوان ساڵەکانی (1900) بۆ (1975) بکۆڵینەوە ئەوا ئەم کەمبوونەوەی بە مانای کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوان نەبوو، بەم شێوەیە ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی (1950)دا گەیشتە (155) ملیۆن، ئەم ژمارەیە لە ساڵی (1960)دا ڕووی لە زیاد بوون کرد بۆ (179) ملیۆن کەس، ئەم زیادبوونە لە شێوەیەکی تەدریجی بوو هەتا لە ساڵی (1970)داژمارەی دانیشتوان گەیشتە (210) ملیۆن کەس، زیاد بوون هەر بەردەوام بوو هەتا لە ساڵی (1975)گەیشتە نزیکەی (218) ملیۆن، ماوەی نێوان ساڵەکانی (1950)بۆ ساڵی (1975)ژمارەیدانیشتوان لەگەشە سەندنێکی بەردەوامدا بوو.

# جەنگی ناوخۆ
# هەڵبژاردنی (ئەبراهام لەنکۆڵن) و جیابوونەوە

و: عەبدوڵڵا گەرمیانی

هەندێك لە سەرکردە باشوورییە توندڕەوەکان و لە پێش هەموویانەوە (جفرسون دایڤس) دواتر بوویە سەرۆکی ولایەتە باشوریە جیابووەکان، لەسەر هەندێك راو بۆچوون پێکهاتن و پشت ئەستوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی و وەرگرتنی وەکو ئامانج و بنچینەیەك بۆ پلانی حیزبە دیموکراتیەکان، لەو بۆچوونانەی لەسەری پێك هاتبوون دەبێت هەریەك لەو ولایەتە جیاوازانە سەروەریەکی سەربەخۆ و مافێکی هەبێت دابڕژێت، هەروەها کۆنگرێس هەستێت بە پارێزگاری کردنی موڵکی گاریەتیەکانی (استرقاق)ی هەرێمە رۆژئاواییەکان (کۆنگرێس و هەر ئەنجومەنێکی یاسادانان مافیان لە هەرێمەکاندا نیە···لەگەڵ دەسەڵاتی لابردن··· و مافی هەر ئەمریکیەکە ئەو موڵکایەتیەی پێی رەوا بێت لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی یەکێك لەو هەرێمانە، ئەوەش دەبێت پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە یەکێتی ئەمریکاوە تێیدا وەکو (ولایەتێك) دابڕێژرێت·

حیزبی دیموکراتی کاتێك بۆ (پاڵێوراوی سەرۆکایەتی) لە نیسانی ساڵی (1860)ز لە شاری (چار لستون و کارولینای باشوور) کۆبوونەوەیەکی گشتی بەس، نوێنەرانی باکوور لەسەر پلانی پێشکەش کراوی نێو کۆنگرە قایل نەبوون، بۆیە نوێنەری (ئەلباما) لەو کۆنگریە پاشەکشەی کرد و بە دوایدا هەندێك لە نوێنەرانی (میسیسپی و لویزانا و کارولینای باشوور و فلۆریدا و تەکساس و ئەرکەنساس و جۆرجیا) بە دوای کەوتن و هۆڵی کۆنگرەیان بەجێهێشت ، ئەم رووداوە بوویە مایەی دەرکەوتنی جیا بوونەوە لە پایە و ریزەکانی حزب هەردوولایەن خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پاڵاوت·

حیزبی کۆماری کۆبوونەوەی خۆی لە مانگی (ئایار) لە شاری (شیکاگۆ)و لە کەش و هەوایەکی یەکێتیانە و حەماسیدا گرێدا، هەموو لایەك رێك کەوتن لەسەر خۆپاڵاوتنی (ئەبراهام لەنکۆڵن) و پلانی سیاسی حیزب لەمەدا کورت بوویەوە (بۆ کۆنگرێس و هەر ئەنجومەنێکی یاسادانان مافی دەست تێوەردانیان لە هەرێمەکاندا نیە···و بەخشینی موڵکەکەیان شێوەیەکی یاسایی هەیە لەهەر هەرێمێك لە هەرێمەکانی ئەمریکادا) لەگەڵ پێویستی بە سنوور کێشان سەبارەت بە بازرگانی کردن بە موڵکەکان، وەرگرتن و هێنانی کانساس بۆ نێو هەرێمی ئەمریکا بەو سیفەتەی ولایەیەکی ئازاد بێت، راپەڕاندنی هەندێك چاکسازی ناوخۆیی، وەکو چاککردنی بەندەرەکان و شتی دیکە،

دانانـی یاسـاکانی گومرگـی لـە پێنـاو پاراسـتنی کارگە نیشنمانیەکان، لەم سیاسەتەشدا هیچ ترس و سڵەمینەوەیەك نیە بۆ خۆبەدوور گرتن لە بنەما و پرەنسیپەکان.

دیموکـراتیە باشـووریەکان کـە خـۆیان ئامـادە کـردبوو، هـەروەها پەیمانـیان دابـوو گەر ئەبراهام لەنکۆڵن لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئەوە لە یەکێتی ئەمریکا پاشەکشە بکەن.

کاتـێك ئـەو گـریمانەیە هاتـەدی و (لەنکـۆڵن) بە سرۆکایەتی گەیشت، (پاپر سوپ کارۆلینا) ژنە سـەرکردەی ولایـە باشـووریەکان و روژاو ئەنجومەنە یاسادانانەکەی بۆ کۆبوونەوە بانگهێشت کردوو کۆمەڵەی (عمومی) ولایەکە گرێیدا-ئەو کۆمەڵەیەی دەنگی لەسەر دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ساڵی (1788)دا.

لـەو کۆبـوونەوەیەی لـە (20) کانونـی یەکەمـی سـاڵی (1860)ز بەسـترا بـە زۆریـنەی دەنـگ بـڕیاریدا بـە پاشەکشـە کردنـی ولایـەی (سـوپ کارولـینا) لـە یەکێتـی ئەمریکا، ئەوانەی کۆبوونەوە (لائحـە)یەکیان بڵاوکـردەوە هـۆکار و مەشـخەڵ و روونکردنەوەی خۆیانی لەخۆ گرتبوو، کە بوویە هـۆی بڕیاردانـی جـیابوونەوە، لـە مـاوەی مانگـی یەکەمـی سـاڵی دواتـر ولایەتـی (میسیسپی فلۆریدا ئەلباما و جۆرجیا و لویزانا و تەکساس) پاشەکشەیان لە یەکێتی ئەمریکا کرد.

ناتوانـرێت رێـژەی ئـەو کەسـانە بزانرێت کە لە باشووردا جیابوونەوەیان دەویست، بەڵام ئەوەی ئاشـکرایە و جێـی سەرسـوڕمانە کۆمەڵانێکـی زۆر لـە باشـوور دژی جـیابوونەوە بـوون و هاوشـانی خەڵکـی باکـوور چوونە جەنگەوە ئەمەش بەڵگەیەکی بۆ ئەو کۆمەڵە تۆڵەسێن و وروژاوەی تاك و ژمارە کەم، کە لە زۆر باردا کاریگەریان لەسەر گشتی هەیە.

**سروشتی ململانێ**

لـەو هـۆکارانەی باشووری پاڵدا بەلای جیابوونەوەدا ترسی سەرکردەکانی بوو لە بێبەش بوون و پەراوێـز خسـتن لـە سـوود و بەرژەوەندیەکـی زۆر ئومـێدی بەدەسـتهێنانیان دەکـرد، بیریـان کـە بینـیویانە ئـەو هـۆکارانەی شارسـتانیەتی نەتـەوەی ئەمریکای زیندوو کردووەتەوە وایان بینیوە لە باشووردا رەوتێکی لەسەرخۆ بووە و هیوای بەرەو پێشچوونی لە دەست داوە.

هاوسـەنگی لـە نـێوان باشوور و باکووردا ئەو هەلەی بە فیڕۆدا بۆ پەیوەندی کردنی (کالیفۆرنیا و منیسـوتا و ئەوریغـون) بـە یەکێتـی ئەمـریکاوە، بـەو سـیفەتە ولایـەی سـەربەخۆ بـن، لـەم سەرو بەنـدەدا بـەرەو پێشچـوون و فراوانـی باشـوور و گەشـە کردنـی سیسـتەمە ئابـووریەکەی ئاڵۆزی و نالـەباری بەدەرخست، ئەم رووداوانە بوونە هۆی ترسناکی بۆ سەرکردەکان و خۆ ئامادە کردن و بە ئاگا بوون لە پەرەسەندن و باڵادەستی کارگەکانی باکوور بەسەر بەرژەوەندیە کشتوکاڵیەکاندا.

لـە پـاش هەڵبژاردنـی (لەنکۆڵن) وەکو سـەرۆك، تـرس و سڵەمینەوەیان زیاتر بوویەوە، چونکە باوەڕیـان وا بـوو بـەوەی بێـبەش دەبـن لـە پلـەو پایـەی فیدراڵیدا و شـوێن و جـێگایان لـە یەکێتـی ئەمـریکادا لاواز دەبـێت، لـە پێناو دۆزینەوەی رێگە چارەیەك لەو تەنگەژەیە رزگاریان بکات بە نێو گەلـدا دەگەڕان و لایەنـە چاك و جوانەکانی جیا بوونەوەیان دەخستە روو، هەروەها باسی ئەوەیان

دەکردکە جیا بوونەوەی باشوور سوودی بێ ئەندازەی بە دوادا دێت و باشوور دەتوانێت مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەوروپادا ئەنجام بدات بەبێ هیچ بەربەست و گومرگێك، خەڵکی باکوور دەیانەوێت بیخەنە سەر هاوردەکان (الواردات)، هەروەها بەو جیابوونەوەیە پەیوەندیەکانی باشوور لەگەڵ جیهانی دەرەوە راستەوخۆ دەبێت بەبێ دەستێوەردانی سەرمایەدارانی باکوور، هەروەها جودایخوازان لەسەر جیابوونەوە دەیانووت دەتوانن بازرگانی بە کۆیلەکانی ئەفریقاوە بکەن و دەبێتە هەنگاوێك بۆ دروست کردنی کارگە و بانك و ژووری بازرگانی و ئینجا رێگە خۆشکەریشە بۆ رەگەز داواکراوەکانی دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ٠

لە (1861/2/4)ز نوێنەرانی حەوت ولایەتەکە لە شاری (مونتغموری لە ئەلاباما) کۆبوونەوە و رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی ولایاتی هاوپەیمانێتی ئەمریکی و (جیڤرسۆن دایتس)یش بە سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا، خەڵکی باکوور تێروانینیان سەبارەت بەم جیابوونەوەیە بە گوێرەی جیاوازی مەیل و بیریانەوە جیاواز بوو٠

ئەوانەی قسەیان لەسەر لابردنی موڵکایەتی تەواو دەکرد، جیابوونەوەی باشوور لە یەکێتی ئەمریکا بە کارێکی دروست و لەبار ئەژماردە دەکرد و هەر بەوەشەوە رزگاریان دەبێت لە (سیستەمی شەیتانی) کە داخوازی موڵکایەتی و کۆیلە گەری دەکرد، پاشان هەندێك لەو سەرمایە دارانەی پەیوەندی بازرگانی پەیوەستی کردبوونەوە بە باشوو، بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گێڕانەوەی باشوور بۆ باوەشی یەکێتی ئەمریکا بە کارێکی شیاو و لەبار نەدەزانی و لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری هەوڵی بەدیهاتنی گێڕانەوەی باشووریان نەدەدا، کۆنگرێس چارەسەرێکی خستە روو بۆ مانەوەی موڵکایەتیەکانی ئەمریکا و رێگەدان بە بازرگانی کردن بە کۆیلەکان (استرقاق) و موڵکایەتیەکان لەنێو وڵاتدا و دروستکردنی هێڵێك ولایە ئازاد و ولایە موڵك ویستەکان لەیەك جیابکاتەوە، وەکو ئەو هێڵەی لە رێککەوتنێکی ساختەییدا دانرا ئەمانەیان وەکو بنەمایەکی گرنگ دانا، بەڵام ئەم چارەسەرە هەریەك لەو دوولایەنە رەزامەندییان لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی کۆمایەکان سووربوون لە دژایەتی کردنی هەر رێککەوتنامەیەك رێگا بدات بە درێژبوونەوەی سیستەمی موڵکگەری (استرقاق)ی هەرێم و ناوچە رۆژئاوایەکان، دیموکراتیە باشووریەکان داوێنیگیر و پێداگریان لە مافیان دەکرد بە گواستنەوەی کۆیلە و موڵکەکانیان بۆ ئەو هەرێمانە، لە ئاکامدا هەڵوێست ئاڵۆز بوو، هەروەها پەنا بردنە بەر چەك جێی ناوبژیوانەکانی گرتەوە٠

## هەوڵی ( لەنکۆڵن ) بۆ داڕێژانی یەکێتی

لە ئازاری ساڵی (1861)ز ئەبرەهام لەنکۆڵن لە کەش و هەوایەکی تەنگەژاویی و ورياییەوە دەستی بەسەر کورسی دەسەڵاتدا گرت و خەڵکی نەیاندەزانی ئەنجامی جیابوونەوەی ولایەتە باشووریەکان لە یەکێتی ئەمریکا چی دەبێت، ئاخۆ هەردوولا رێکدێن و ولایەتەکانی باشوور دەگەڕێنەوە سەر یەکێتیەکە، یان ولایە باکووریەکان ئەمری واقیع قبوڵ دەکەن و رازی دەبن بەو

جـیابوونەوەیە، یاخـود دژی دەوەسـتن و دەستپێشـخەری جەنگـی باشـوور دەکـەن و هەوڵـی زۆر گەڕاندنەوەی دەدەن بۆ یەکێتی ئەمریکا؟

لەنکۆڵن لـە وتـاری یەکەمـیدا بەو سیفەتەی سەرۆکە سیاسەتی خۆی بەشێوەیەکی روونی دوور لـە گومان خستـە روو، بـە راشکاوی باس لە پێویستی بەردەوام بوونی یەکێتی کردەوە و داوای هەر ولایەتێکـی داواکـار بـۆ پاشەکشـە لـە یەکێتـی ئەمـریکا پوچـەڵ کـردەوە ئـەویش بـە گـرتنەبەری رێگەچـارەیەکی کاریگـەر بـۆ سەرخسـتنی دەسـتوور و یاسـای فیدراڵـی لـە هـەر دوژمـنکاریەك، لـە هەنـدێك ولایەتـەکان هەوڵـی بـۆ دەدەن بـە شـێوەیەکی گشـتی شـێوازی وتارەکـەی نەرمونیانـی و لێبووردەیـی و دوور لــە زمانــی توندوتــیژی بــوو، هەوڵــیدەدا هاوڕێکــی و گونجاویــیەك لەنــێوان هەردوولا بەدی بهێنێت بە بانگەشە کردن بۆ یەکێتی و برایەتی و ئاشتی.

بـەڵام ئــەم وتــارە هەڵچــوونی دەرونەکانــی کــەم نەکــردەوە و خەڵکــی چــاوەڕێی رووداوێکــی یەکلاکـەرەوەیان دەکـرد، یەکـێك لەو دوولایەنە پێی هەستێت و بە شێوەیەکی کرداری گوزارشت لە هەڵوێستی بکات.

هەردوولا وەکو پشکۆیەك مانەوە بۆ هەڵایسانی ئاگری جەنـگ، ئەم رووداوانە (لەنکۆڵن)ی زیاتر خستـە نـێو پەشـێوی و دوودڵـیەوە، چونکە مەبەسـتی شوێنکەوتووانی ئەو هەوڵەی لێیان دەویست جێبەجێی نەکـرد لـەو کاتـەدا (لەنکۆڵن) مەبەسـتی نەبـوو لەسـەر دیـاردەی کۆیلەکانـی (استرقاق) جـەنگ، جـەنگ هەڵبگرسـێنێت و ببێـتە مایـەی جـیابوونەوەی ولایەتەکانـی دیکـە کـە لەسـەر سیســـتەمی (اســـترقاق) کاریـــان دەکـــرد، هـــەروەك زۆرێـــك لـــە خەڵکـــی باکـــوور بەتایـــبەت بازرگانەکانـئارەزووی جەنگیان نەدەکرد، لەبەر ئەو پەیوەندیە بازرگانیەی لەگەڵ خەڵکی باشووردا هەیانـبوو. لـە کۆتاییدا ئەوەی چاوەڕێ دەکرا رووبدات روویدا، لەبەرامبەر رووداوێکی دوژمنکارانە لـە (12-13) نیسـان بـۆ سـەر فـۆرت سومتر هێزەکانی هاوپەیمانی دەستیان بە شۆڕش کرد،(فۆرت سـومتر) قەڵایـەك بـوو لـە بەنـدەری (چارلسـتون) (کارولیـنای باشـوور) پارێزەرانـی فیدراڵـی تـێدا نیشەجێ بوو بوون و لە پێش ئەو رووداوە (لەنکۆڵن) بڕیاری نۆژەنکردنەوەی دابوو.

حکومەتـی فیدراڵـی لـە پاشـەڕۆژی ئـەو کـارە ترسـا و سووربوو لەسەر دەرکردنی پارێزگارەکانی ئەو قەڵایە لە بەندەری (چارلستون)، حکومەت توانی بە ئاگری تۆپەکانی بۆ سەر ئەو قەڵایە سوپا پارێـزگاریەکەی ناچـاری خـۆ بەدەسـتەوەدان بکـات، بـۆیە باکووریەکان لـە بەرامبەر ئەو رووداوەدا دوودڵـیان بـۆ دروسـت بـوو، رێگـای جەنگـیان گـرتەبەر، لـە (15)ی نیسـان (لەنکـۆڵن) بەیانێکـی دەرکـردوو تێـیدا داوای لـە دەسـەڵاتدارانی ولایەتە لایەنگیرەکانی کرد بۆ کۆکردنەوەی (75) هەزار جەنگاوەری خۆبەخشکار بۆ خزمەتی سەربازی بە ماوەی سێ مانگ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن.

لـە دەرەنجامـی گـۆڕنکاریەکان و کاریگەریەکانـی هەریـەك لـە ولایەتـی (ڤێـرجینیا و کارۆلیـنای باشـوور و تنسـی و ئەرکنسـاس) لـە یەکێتـی ئەمـریکا جـیابوونەوە و رۆیشـتنە پـاڵ ولایەتـە باشووریەکان و پایتەختی هاوپەیمانی لە (مونتغموری) گۆڕدرا بۆ (ریتچموندی ڤێرجینیا).

بەڵام ولایەتی كالیفۆرنیا و ماریلند و كنتاكی فوروری لە یەكێتیەكە مانەوە ئەمەش پاش راڕا بوون لە جیابوونەوە و ولایەتەكانی دیكە بۆ ماوەیەكی زۆر لەو كاتەدا كە جودایخوازان خاوەنی هێزو ڕێژەیەكی زۆری گیانی بوون.

ولایەتە هاوپەیمانیەكان لەسەرەتای ملمێنێكەدا پانزە ولایە بوون لە بەرامبەردا لە باكوور بیست و سێ ولایەی یەكێتی هەبوو-لە دانیشتوانی یەكەمدا- كە رەش پێستەكانی تێدا بوو-سێ یەك بوون كە نۆ ملیۆنی دەكرد و لە بەرامبەریدا لە باكوور نزیكەی بیستودوو ملیۆن رەگەزی سپی پێست هەبوو، لەوكاتەدا حكومەتی فیدراڵی كارگەی نوێی رستن و پۆڵا و شمەكی هەبوو، هەروەك زۆرێك بازرگانی دەرەوە و سێ بەشی هێزی سەرمایەداری و سەرچاوەی زانیاری و هونەرە جەنگیەكان لای خەڵكی باكوور، درێژی هێڵی ئاسنی لە باكووردا دەگەیشتە بیستودوو هەزار میل لە بەرامبەر نۆ هەزار میل لە باشووردا، ئەوەش مەزەندە نەدەكرا كە چەندە ئەو هێڵە كاریگەری هەبوو بەسەر جوڵەی گواستنەوە و ئەو خێراییەی پێویست بوو لە ئاڕستەی بارو كەرەستە جەنگیەكاندا.

سەرەڕای ئەو باڵادەستیەی باكوور بەسەر باشووردا هەیبوو خەڵكی باشوور باوەڕیان وەهابوو، لە كۆتاییدا سەركەوتن بەشیان دەبێت، وایان دانابوو بەرهەمی لۆكە كە زۆرترین بەرومبوومی كشتوكاڵیان بوو لەگەڵ بەربومەكانی دیكەدا، كارگەكانی باكوور هەمیشە پێویستیان پێ دەبێت، بۆیە لە بەرژەوەندی خەڵكی باكووردا نیە پەنا ببەنە بەر دوژمنكاری كە بێگومان كارێكە دەبێتە هۆی بێ بەشبوونیان لەو بەروبومانە، لە لایەكی دیكەوە دەیانبینی لە توانایاندا هەیە ئەو بەروبومانە رەوانەی بازاڕەكانی ئینگلتەرا و فەرەنسا بكەن و لە بەرامبەردا كار لەسەر هاوردەی كەرەستە جەنگیەكان بكەن لەو دوو وڵاتەی سەربەخۆ ناسراون، ئەم كارانە برە و بە بازرگانیەكەیان و باوەڕ بە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەكانیان لەیەك كاتدا دەكات .

ئەو هۆكارانە باوەڕیان پتەو كردبوو بەسەركەوتن و باڵادەستی و كەم ئەژمار كردن بۆ توانا جەنگیەكانی خەڵكی باكوور، باوەڕیان وابوو ئەو هێزەی بە توانا و چالاكە گەرچی ژمارەشی كەم و كەرستەی زۆر نەبێت دەتوانێت دەستەبەری سەركەوتن بكات بە سەر هێزێكدا باوەڕی لە دەست دابێت و تواناكانی لاواز بوو بێت، گەرچی لە رووی ژمارە و كەرەستەشەوە باڵادەست بوو بێت.

لە پاش دژ كارانەی سەر (فۆرت سومتر)و یەكبوونی باكوور و هەڵوێستە كردن و وەستان بەرامبەر رووداوەكە هیچ راڕییەك نەمایەوە لە دەروونی (لەنكۆڵن) بۆ كار كردن لە پێناو بەردەوام بوونی یەكێتی ئەمریكا و داڕشتنەوەی گەرچی ناڕەحەتی و گرانی بۆ راپەڕندنی پێویست دەكرد. لەوەی نووسیویەتی دەڵێت: (باوەڕمان وەهایە بیری بنچینەیی بۆ ئەم ململانێیە لە پێویستییەتی بە بەڵگەی روون سەری هەڵداوە بەوەی حكومەتی گەل پوچەڵ نیە یاخود ئەستەم نیە، پێویستمانە سەوز و بەردەوام بین لە كارێكی گرنگدا ئەویش ئەوەیە: شیاوە بۆ كەمینەیەك گەر هەبێت لە وڵاتێكی ئازاددا پایەكانی حكومەت وێران بكات، گەر ئەم مەترسیانە

هەبـوو ئـەوە بـەر پەرچـداری بـۆ دەبـێت٠٠٠)، ململانـێ سـەری هەڵـداو هەرلایـەك هـیوای وابـوو جەنگەکـە کـەم دەخایەنـێت و سـەرکەوتنیش بـەش دەبـێت، لـە سـەرەجەنگەکەدا هـەردوولا هانـی خۆبەخشیان دەدا بـۆ خزمەتـی سـەربازی، بـەڵام کە جەنگ درێژەی کێشا هانایان بردە بەر سەرباز گرتن (التجنيد الاجباري)٠

**هێرشە سەربازیەکان**

حکومەتـی یەکێتـی ئەمـریکا بـۆ پـلان و نەخشـە جەنگیەکەی لە سێ ئامانجی سەرەکی کۆڵیەوە بـۆ ملکەچ کردنی باشوور و گێڕانەوەی بۆ باوەشی یەکیەتیەکە، یەکەم ئامانـج: دەست گرتن بەسەر (ریچموند) پایتەختـی هاوپـەیمانان، دووەم ئامـانج: زاڵبوونە بەسـەر رووبـاری میسیسپی، ئامانجی سێیەم گەمارۆدانی دەریایی بەندەرەکانی باشوورە٠

ئامانجـی یەکـەم: سەرەڕای هەندێك هەوڵ کە هێزەکان پێی هەستان، هێڵە بەرگریەکانی باشوور لە ساڵانی یەکەمدا پوچەڵیان کردەوە و نەیانهێشت هێزەکانی یەکێتی ئەمریکا پێی بگات٠

لـە پێشـدا یەکـەمین هـەوڵ لە (1861/7/16)ز کاتێك سوپای بکوور بە سوپای باشوور گەیشت لەسـەر رووبـاری (بولـرن)ی باکوری (ڤێـرجینیا) کـە هەریەکـەیان سـی هـەزار سەرباز دەبوون، لەو جەنگـەدا سوپای باکوور تێکشکاو هەندێك بە مەبەستی گەیشتن بە واشنتۆنی پایتەخت رایانکرد و سەرباز و کەرەستە جەنگیە بەجێماوەکان کەوتە دەست سەربازانی باشوور٠

کاتـێك خەڵکـی باکـوور دووپاتـی جەنگـی مـاوە درێـژ و ناڕەحەتـیە زەبەندیـیەکەیان دەکردەوە، سـەرکردەیەکی باکـوور بـەناوی (جـۆرج مکلـیلن) هەسـتا بـە ئەنجامدانـی هەوڵێکـی دیکـە لـە نێوان هـەردوو مانگـی ئـازار و تەمـوزی سـاڵی (1862)ز پـاش ئـەوەی سـوپاکەی بەشـێوەیەکی رێکوپـێك راهێـنا و دەوڵەمەنـدی کـرد بـە کەرەسـتە پێویسـتیەکان و لـە نیمچـە دوورگەیەکـی نـێوان هەردوو رووبـاری (یـۆرك) و (جـایمس) بـەرەو (ریچموند) پێشـکەوت، کاتـێك جـێگا گرنگەکانی ئەو شارەی گـرت، بـۆ ماوەیـەك چـاوەڕێی یارمەتـی بـوو، لەگـەڵ ئـەوەی تـوانای بەرپەرچـدانەوەی هێرشـە دژو پشـتینەییەکان بێتەوە کە یەکێك لە سوپاکانی باشوور پێی هەستا بە سەرکردایەتی (روبرت لی) لە جەنگـی ئەمـریکا-مەکسیکدا ناوبانگـی دەرکـرد و لـە پـێش سـەرکردە باشـووری و باشـترین پیاوانی ڤێـرجینیا دانـرا، خـۆی لەبـەردەم تەنگـەژەی نالـەباردا بینـیەوە و ناچار بوو بە دزیەوە بە خۆی و سـوپاکەیەوە پاشەکشـە بکـات بـۆ دواوە، بـەڵام کاتـێك (لی) هەوڵـیدا باکـوور داگیر بکـات لـە مانگـی ئەیلـولدا (مکلـیلن) لـە رووبـاری (انتیـتام)ی مارلیند پێی گەیشت و ناچاری گەڕاندنەوەی کرد، (لی) هەوڵەکـەی لـە هاوینی ساڵی (1863)ز دووبارە کردەوە و لەگەڵ سوپای فەرماندەی باکوور (جۆرج یـید) پـێکداهاتن لـە جەنگـی (غتیسـبورغ-بەنسـەلفانیا) بـەو توانایەی هەیبوو بەرەنگاری بوویەوە، ئـەم جەنگـە بە جەنگە یەکلایکەرەوەی جەنگی ناوخۆیی دادەنرێت، لە کۆتاییدا و لە شوباتی ساڵی (1864)ز دا (لەنکـۆڵن) جنـراڵ (یولیسـیس غـرانت)ی دەستنیشـان کـرد بـە فەرمانـدەی گشـتی سـوپاکانی یەکێتـی ئەمـریکا، لـە پاشـدا بـوو بـە هەژدەهـەمین سـەرۆکی وڵاتـە یەکگـرتووەکان، ئەم

فەرماندەیە هەستا بە هێرشێکی بەر فراوان بۆ سەر سوپای (لی) لە ڤێرجینیا و دەستی گرت بەسەر (ریتشموندی) پایتەخت و بەو هۆیەوە حکومەتی هاوپەیمانانی رووخاو (لی) لە دێی (ئاپوماتوکسی) هەرێمی ڤێرجینیا لە (1865/4/9)ز خۆی بەدەستەوەدا و بەوەش کۆتایی بە جەنگی ناوخۆ هات. پێش ئەوەی دەست لە باسی ئەم جەنگە هەلگرین دەبێت بگەرێینەوە بۆ دوو ئامانجەکەی دیکە کە حکومەتی یەکێتیە پشتی پێدەبەستن و لە هەوڵەکانیدا پێکای.

لە سەرەتاکانی سالی (1862)ز ژینرال گرانت بەرەو قەلای هاوپەیمانیەکان رۆیشت لە رووباری تنسی و کمبرلند لە لقەکانی میسیسپی و دەستی بەسەرا گرت، لە پاش چەند هەفتەیەك هێزی دەریایی یەکێتی ئەمریکا توانی دەست بگرێت بەسەر شاری (نیواورلینزی) نزیك رووباری (میسیسپی).

لە پایزی ئەو سالە گرانت هێزەکەی ئامادە کردەوە و هێرشی بردە بەر شاری فیکسبورغ (میسیسپی) کە جێگایەکی پڕ قەلاو تۆکمەی سەر رووبار بوو، رووبەڕووی هێرش بوویەوە و نەڕوخا تا (1863/7/4)ز بە لە دەستدان و رووخانی حکومەتی یەکێتی ئەمریکا توانی بە درێژایی دەست بەسەر رووبارەکەدا بگرێت و بەوەش ئەکەنساس و لویزانا و تەکساس لە ولایە هاوپەیمانیەکانی دابڕێت، ئەم رووداوە هێرشەکانی دیکەی رۆژئاوای بە شوێندا هێنا، گرنگترین هێرش فەرماندەی باکوور (ویلیم شیرمان) لە بەهاری (1864)ز پێی هەستاو ولایەی جۆرجیای داگیرکرد و لە یەکی ئەیلولی هەمان سال دەستی گرت بەسەر (ئالانت)داو بەرەو رۆژهەلات گەڕایەوە و لە هەمان سالدا و لە (20)ی کانونی یەکەم بەندەری (ساڤانا)ی داگیر کرد، پاشان بەرەو باکوور هەلگەڕایەوە و شاری کۆلۆمبیای داگیر کرد لەمەدا چار لستون لە کارۆلینای باشوور ناچاری خۆبەدەستەوە دان بوو.بە راگەیاندنی (لەنکۆلن) بۆ گەمارۆدانی دەریایی ئامانجی سێیەم هاتەدی کاتێك ئەو گەمارۆیە لە ناوچەی کارۆلینای باشوور و باکور و تاوەکو فلۆریدا باشوری گەمارۆکە بێت،ئەویش بۆ کۆسپ دروست کردن لەبەردەم بازرگانی دەرەوەی باشوور و تەنگاو کردنی بارە ئابووریەکەی تاوەکو لە کۆتاییدا ناچاری خۆبەدەستەوە دانی بکات.

نابەرامبەری هێز و بالادەستی هێزی دەریایی باکور گەورەترین کارەکتەر بوو لە سەرکەوتنی ئەو گەمارۆیە، لەو ماوە زۆرەی جەنگدا پێویستیە ژیانیەکانی باشوور لەسەرخۆ کورتی هێنا و بوێری و ئازایەتی سەربازەکان کەم دەبوویەوە و جل و بەرگ و دەرمان بەرەو نەمان دەچوو، هەروەها هەژاری و نارەحەتی بالی بەسەر ژیاندا دەکێشاو کار گەیشتە ئەوەی خواردەمەنی و تفاقی سەربازەکانی و دابینکردنی نارەحەت دەبوو، ئەوانە هۆکارە گرنگەکانی خۆبەدەستەوەدانی (لی) و رووخانی حکومەتی باشوور بوو.

ژمارەی سوپای فیدرالی نزیکەی (24898,304) ژمارەی سوپای هاوپەیمانی نزیکەی ( 1300,000) کەس بوو، زیانی گیانی هێزەکانی فیدرالی (359,527) کەس و هێزەکانی هاوپەیمانی نزیکەی (258,000) کەس بوو، جگە لە سەدەها هەزار کەس لەوانەی برینداری

جیاواز بوو به درێژایی ژیان له توانای كاركردن كەوتن، تێچوونی ئەو جەنگە به (دەبلیۆن) دۆلار بوو، گەلیش لەو جەنگەدا له ناڕەحەت ترین ئازار و مەینەتی و دەردەسەریدا ژیانی بەسەر دەبرد

## گرفتەكانی جەنگی ناوخۆ و دەره نجامەكانی ناڕەحەتیەكانی هەردوو حكومەت له باكوور و باشووردا

جەنگی ناوخۆ كێشەو گرفتانێكی خستەوە تەنها هەردوولایەن خۆراك و لەنێوچووی نەبوون، گرفتی دارایی سەرەكی ترین گرفت بوو، خەرجیە حكومیەكان ئەو جەنگە سنووری ئەو خەرجیەی بەزاند كە ئەمریكا له سەربەخۆبوونیەوە تائەو مێژووە بەخشیبووی، كارێكی ئاسایی و راستەقینەیە كە باری قورس بەسەر گەلدا بهێنێت گەر سەردەمێكی نموونەی ئەو حاڵەتە رووی نەدابێت لە پێشتردا، كاتێك (لەنكۆڵن) سەرۆكایەتی بەجێهێشت خەزێنەی وڵات چۆڵ بوو، حكومەت بۆ ئەوەی سەرمایەی دەست بكوێت و پێویستیەكانی جێبەجێ بكات رووی كردە سێ سەرچاوە (دانانی باج و دەركردنی دراو و هاندانی قەرز) باج بە شێوەیەكی گشتی یاسا گومركیەكان بوو رێژەی گەیشتە چل و حەوت لە سەدی نرخی پێویستیەكان، ئەم رێژە زۆرە له رابردوودا سەرشانی گەلی قورس نەكردبوو، لە دوای ئەم باجە باجێكی دیكەی بە شوێندا هات، ئەوەش لە ساڵی (1861) باجی دەستكەوت و بەروبووم بوو، سەرچاوەی دووەم دەركردنی دراو سوودێكی زۆری نەبوو بەراوورد بەوەی حكومەت دەیویست، چونكە لەسەر بنەمای بەهاداری تایبەتمەند نەبوو، بۆیە بەهاكەی سووك و نرخەكان بەرز بوونەوە و لە ئەنجامدا تێكچوون و كێشە كەوتە سیستەمی دارایی، بەڵام قەرزەكان سەرچاوەیەكی گرنگ بوون لە بەدیهاتن و چارەسەری سەروەتی حكومەتدا، بۆ برەودان و هاندانی ئەم قەرزانە و نەهێشتنی پشێوی دارایی لە وڵاتدا جكومەت پەنای بردە بەر رێكخستنی بانك و سەرپەرشتی كردنی راستەوخۆی و یاسایەكی لەو بوارەدا دارشت لە ساڵی (1863)ز بەردەوام تاوەكو ئەمڕۆ بنچینەی سیستەمە بانكەكانی ئەمریكایە. ئەو ناڕەحەتی و تەنگەژانەی حكومەتی هاوپەیمانی لە باشووردا رووبەڕووی بوویەوە گرانتر و چاككردنی ئاڵۆز تر بوو، له سەرەتادا فەرمانگەیەكی دارایی نەبوو متمانەی بخاتە سەر وەكو حكومەتی فیدراڵی، بۆیە پێویست بوو له نەبوونەوە بیهێنێتە دی، بە پشت بەستن بە یاسایەكی گومرگی هیچ سوودێكی بۆ نەبوو، له دوای گەمارۆدانی دەریایی سەر باشوور و قەدەغەكردنی هاوردنی شتوومەك كە باجی لەسەر دادەنرا، بۆیە پەنا بردەبەر باجی راستەخۆ و دەركردنی دراوی نوێ، ئەم دراوە بەشێكی زۆری ئاڵوگۆڕی پێكرا، تاوەكو قەرەباڵغی و داكشانێكی شەرمەزارانەی دارایی خستەوە، بەڵام قەرزەكانی حكومەتی فیدراڵی له دوای كۆتاییهێنان بە جەنگی ناوخۆ نەیانناساند و قەدەغەی دانەوەی كرد له ولایەتەكان.

گرفتـی دووەم هاتەدی و لە جووڵەی سەربازگرتن (التنجید الاجباری) لای هەردوولا سەریهەڵدا، لەسـەرەتای جەنگدا ڤین و حەماسەتێکی زۆر بوو، بۆیە بە ویستی خۆیان سەربازی کردنیان قبووڵ دەکرد و سوپا بڕدەبوو لە پیاوانی جەنگ و جەنگیش درێژەی کێشاو بەردەوام بوو.

کاتـێك هـەردوولا لە پاکتاو کردن و هەوڵدان ماندوو بوون و دڵنیا بوون لە ماوە کێشانی جەنگو حەماسـەت لـە سـنگەکاندا ساردبوونەوە و خۆبەخشکردن کارێکی گـران بوویەوە و سەربازەکان لە ریزەکانـی خـۆیاندا هەڵدەهاتن، هیـچ چارەیەك بۆ هەردوو حکومەتەکە نەمایەوە جگە لە سەرباز گرتن نەبێت، گەل لە هەردوولادا بە خۆپیشاندن و تیاڕژان بەرەنگاریئەو رێگە چارەیە بوونەوە.

لـە بەرامـبەر ئـەو بـڕیارەدا بـۆ مـاوەی سـێ رۆژ لـە نـیۆرك شـڵەژان و پەشـێوی بـەردەوام بـوو هـەروەها بـوویە هـۆی قوربانیدانی هەزار کەس لە کوژراو و برینـدار و زیانێکی زۆری سەروەتەکان، خەڵکی باشـوور ئازار و مەینەتی دژایەتیان بۆ یاسای بە زۆر سەرباز گرتن کەم نەبوو، هەروەك لە خەڵکی باکووردا دەبینـرا، لـە کۆتایـی جەنگـدا ژمـارەی سـەربازەکانی باشـوور گەیشـتە سـەدهەزار سـەرباز. سیاسـەتی هـەردوو حکومەت بۆ دروستکردنی ناڕەحەتی و برگرانیەکان دەستێکی ئاشکرا بـوو، کۆماریە تـوند رەوەکانی باکوو رەخنەیان لە (لەنکۆڵن) دەگرت و لە بەڕێوەبردنی جەنگدا بە لاواز تۆمەتـباریان دەکـرد، لەبـەر ئەوەی نەیتوانی بە گرتنەبەری رێوشوێنی ئازاد کردنی بەندەکان بگاتـە بنچـینەی بەڕێوەبـردنەکەی. هەندێکی تـر بـە (تاغـوت) وەسـفیان دەکـرد لـە گـرتنە بـەری توندوتـیژی کـە لـە جەنگدا سوودی نەبوو، دەیانووت بەوەی دەیەوێت ئازادیەکانی خەڵکی و شکۆی ولایـەکان لەنـێو بـەرێت، ئـەم بەرهەڵستکاریە تەنها گەلی نەگرتەوە، بەڵکو کۆنگرێسیش (لەنکۆڵن) ئەبـوونەوە و زۆرێـك لـە ئەندامەکانـی قسـەیان لەسـەر دەت درێژیەکانـیان دەکـرد لـە هەنـدێك لـە دەسـەڵاتەکاندا ئەنجامـی دابوو، جگە لە کۆنگرێس هیـچ کەسێك کار لەسەر کردنی نیە و ئاگاداریان کـردەوە بـە پەیوەسـت نەبوونـی تـەنها بـەو دەسـەڵاتانەی پێـیدراوە. شانسـی جفرسـون دایڤـس و حکومەتەکەی لەباشـووردا لەچـاو ئـەوەی باکـووردا لەبارێکی باشـتر نەبـوو، هـەردوو دەسـەڵاتداری جۆرجـیاو کارۆلیـنا بـەردەوام گـرفتیان دەخسـتە بـەردەم حکومەتەکەیـو بـە تـوندی داوای مافـی ولایـەکان ئارسـتەی حکومەتی هاوپەیمانی دەکرد، رۆژنامەکان و کۆنگرێس و حکومەتی ولایەتەکان لـە لایەکـی دیکـەوە رەخـنەیان دەوروژانـد بەرامـبەر بەڕێوەبردنـی جـەنگ و خـراپ بەکاهێنانـی لەلایـەن سـەرۆکەوە بـۆ خەڵکی وێـنا دەکـرد، لە هەردوو بەشدا کار ئاڵۆز بوو، فرڤێڵ و گەندەڵی و خۆبردنە پێشەوە رەگی داکوتا.

زۆرێـك لـەو کەسانەی هەل و دەرفەتیان دەقۆستەوە لای هەردوو حکومەتەکە و داوای خۆیانیان هەبـوو سـەروەتی بـاش و زەبەلاحـیان بـۆ خۆ دەستەبەر دەکرد و لایان بەلای مافی کەسانی دیکەدا نەکـردەوە و کاریـان بـۆ یەکێتـی ئەمـریکا نەکرد، ئەمە لە لایەنە رەشەکانی ئەو جەنگە بوو، بەڵام لایەنـە سـپی و درەشـاوەییەکانی لـە نموونەکانـیدا دەردەکـەوێت، وەکـو پاڵەوانێتـی و وەسـتانەوە و دروستی بنەماو باوەڕ هەروەها قوربانیدان لە پێناو نیشتماندا. لەنکۆڵن و لی سەرۆك (لەنکۆڵن) لە

باكوور و جینـرالْ (لی) لـە باشـوور دوو پـیاو بـوون لەیـەك سـەردەمدا ژیـان و كاروبـاری نیشـتمانی هاوشـێوەیان چارەسـەر كـرد و خاوەنـی سـیفەتانێكی لـێك نزیكی بـێهاوتا بوون، وەكو پاڵەوانێتی و وەستانەوە و خۆشەویست بوون٠

ابـراهیم لەنكـۆڵن (1809-1865) لـە نـێو گەلـدا لـەدایك بـوو لـە نـێو گەلیشـدا خۆشەویسـتی بەدەسـتهێنا، ژیانـی كاركردنی لە كرێكاری كێڵگەكاندا دەستی پێكرد و پاشان بازرگانی و روپێوەری، لـە سـاڵی (1863) رۆیشـتە رێڕەوی پارێزەری و لەو لایەی (یەنویز) كاری دەكرد، لەگەڵ ئەوەی لە سیاسـەتدا رۆچوو، هـەروەها تـا گەیشـتە سـەرۆكایەتی ولایەتـە یەكگرتووەكان پێیەوە ماندوو بوو، شـان و باڵایەكـی درێ و پـڕی هەبـوو لەگـەڵ دیمەنێكـی زبـرو تـوڕە بـە بینینـی دیمەنـی مـرۆڤ رای لێدەكـرد، هەنـدێك لـە ناحەزانـی بـە گـەوج نایـان دەبـرد، بـەڵام نەتـەوە هەسـتیان بـە گەورەیەتـی دەكـرد و دانـیان بـە دانایـی و لەسـەر خۆیـی دەبـرد، سـەرخەری راسـتی بـوو، نمـوونەی پێدەبـرا ئەمـریكیەكان نازنـاوی (ئیبراهیمـی مـتمانە پێكـراو)یـان پێبەخشـی٠ ئەگـەر چـی تـوانا سیاسـی و چەرمەسـەریەكانی زۆر بـوو كارەنەنگیەكـی دیار بوو، لەو سیفەتە دیارانەی دیكە سینگ فراوانی و زمـان پـاراوی و پوختەیـیەكەی بـوو، كاریگـەری ئـەوەی لەسـەر بـوو كـە جەنگەكـەی ماوەیـەك زۆر درێـژەی كێشاو ناڕەحەتی زۆری لەگەڵدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەكی بە زاردا نەهات بۆنی رق و كینە بدات بەرامبەر خەڵكی باشوور، هەموو هەوڵ و ئومێدێكی كورت بوویەوە لە یەكخستنی وڵات و پـێكەوە هێنانـی دڵـەكان، سـەرەڕای كلاسیكی بوونی چەند دەسەڵاتێك لە رۆژانی جەنگدا باوەڕی پتەوی بە دەسەڵاتی دیموكراسی و جوانیەكانی لەرزۆك نەبوو٠

ئەمـەش چـەند رسـتەیەك لـەو وتـارەی لـە (1863/11/19)ز لە ئاهەنگێكی گۆڕەپانی جەنگی (غتیسـبورغ) وتوویەتـی: (بـۆ مـاوەی هەشـتاو حـەوت سـاڵە باوكانمـان لـەم كیشـوەرەدا نەتەوەیەكی نوێـیان پێكهێـنا لەسـەر پـێكهاتەی ئـازادی و ئەو باوەڕەیان دارشت كە دەڵێت: (خەڵكی بە یەكسانی دروسـتكراون)،( ئـەوە ئـێمە لـە جەنگێكـی نـێو خۆیی گەورەدا پێكدا دێین بۆ ئەوەی تاقیبكەینەوە ئایـا لە توانای ئەم نەتەوەیە و هەر نەتەوەیەكی دیكەدا لەسەر ئەم بنەمایە پێكهاتبێت بتوانێت لە سـەرخۆی بـەردەوام بـێت و نەروخـێت٠٠٠ئـەوە هاتـووین بۆ كۆششكردنی بەشێك لەم گۆڕپانە كۆتا پاداشـتە بـۆ ئەوانەی گیانی خۆیان لە پێناو ژیاندنەوەی ئەم نەتەوەیە بەخشی٠٠٠ بەڵام ٠٠٠دەبێت دەروونـی خـۆمان رابهێـنین بۆ كارێكی گەورە لە پێشماندایە و دڵسۆزی و خۆشەویستی لەو مردووە پایەدارانـە وەرگـرین كـە لـە كۆتایشـدا دڵسـۆزی و خۆشەویسـتی خۆیانـیان بەخشـی، بەدڵنیاییـیەوە دەبـێت چوارچێوەیەكی یەكجارەكی بكێشین بـۆ ئـەوەی نەهـێڵین مـردنیان بە فیڕۆ بڕوات، با ئەم نەتەوەیـە بـە یارمەتـی خـوا لە دایك بوونێكی ئازاد بێت و حكومەتی گەل سێبەرداری ژیان بێت و گەلیش خاوەن بوونە لە جیهاندا)٠

بـە پـێەوانەی ویسـتەوە قـەدەری ئـەم پـیاوە لـە (1865/4/14)ز بـە هەفـتەیەك پـێش خـۆ بەدەستەوە دانی (لی) كوژرا كاتێك لەگەڵ خێزانەكەی و چەند هاوڕێیەكیدا لە یەكێك لە شانۆكانی

واشنتۆندا بە چەند فیشەکێك وەکو تۆڵەسەندنەوەی باشووریەکان و لەلایەن رۆلبنسەرێکی شانۆیی ساختەوە پێکرا. گەلی ئەمریکا بە بیستنی مردنی تووشی غەمێکی گەورە بوون و وڵات پیاوێکی بێهاوتا و سەرکردەیەکی گەورەی لە کیسدا، چونکە واشنتۆن بە باوکی گەورەی وڵات دەیناسی و (لەنکۆڵن)یش پارێزەری یەکبوونی بوو، (روبرت لی)یش لەو پیاوە پاڵەوانانە بوو کتێبەکان نەمری بۆ نووسیەوە لە کارزانی جەنگی و رەوشت بەرزی و کارە مرۆڤایەتیەکاندا، ئەو وەختەی دڵنیا بوو شانسی باکوور دەبێت، هەستا بە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی باشوور بە قبوڵ کردنی ئەمری واقیع و پێویستی رێکەوتن لەگەڵ برا باکووریەکانیاندا بە گیانی لێبوردەیی و هاوکاری و خۆشەویستی.

لەبەرامبەر توانای رێکخستن و برێری ئارامگری و داکۆکی کردن لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی سەربازەکانی خۆشەویستی و لێبوردەیی و رێزی سەربازەکانی بەدەستهێنا، لەنکۆڵن خاوەن دەرونێکی گەورە بوو لە هەموو بارەکاندا چ ئاشتی یاخود جەنگ یاخود سەرکەوتن و باری نوشوستی، کاتێك جەنگی ناوخۆ کۆتایی هات خۆی ئامادەکرد بۆ بوژاندنەوەی باشوور لە رووی ئابوریی و رۆشنبیری و سیاسیەوە، بەڵام ئەم ویستە لە دوای پێنج ساڵ هاتەدی.

پەیوەندییەکانی دەرەوە

لێرەدا جگە لە کێشەی دارایی و سەربازگرتن (التجنید الاجباری) و دژایەتی ناوخۆ کێشەیەکی دی هەبوو، ئەویش کێشەی پەیوەندیەکانی دەرەوەیە کە پەیوەندییەکی پتەوی بە جەنگی ناخۆوە هەیە، رووداوەکانی ساڵی (1861)ز بیری دابڕانی ئەمریکای لەنێو برد، گەر فەرەنسا و ئینگلتەرا گەمارۆی دەریاییان بشکاندایە و دانیان بە باشووردا بنایە و یارمەتی دارایی و شتومەك بدرایە، ئەوە دەرەنجامی جەنگە ناوخۆیەکە جیاواز دەبوو، لەنکۆڵن ئاگاداری ئەو ئەگەرە بوو، بۆیە بە هەموو هەوڵێك لەبەردەم دەستێوەردانی وڵاتان دەوەستاو لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا بۆ رازیکردنی رای گشتی ئینگلتەرا و پیشاندانی خۆشەویستی بۆ ئیمپراتۆریەتی ئینگلتەرا.

شانسی باکوور لەوەدا بوو لە ئینگلتەرا هاورێ و دڵسۆزی باشیان هەبوو بۆ کێشەکەی و حەزیان بەسەرخستنی دەکرد، چونکە باوەڕیان وەها بوو جەنگە ناوخۆیەکە ململانێی نێوان موڵکگەرەکانو دیموکراتیەکانە. بۆیە هەوڵیان دەدا رای گشتی ئینگلتەرا فەراهەم بکەن بۆ یارمەتی نەدانی باشوور و یارمەتیدانی بە مەترسی لەسەر ئازادیەکانیان لە گشت شوێنێکدا دادانا، لەنکۆڵن لەو بڵاوکراوەیەی بڵاوی کردەوە یارمەتی ئەو بانگەوازەی بۆ دان، جفرسۆن دایڤس سەرۆکی حکومەتە هاوپەیمانیەکە لەلایەکی دیکەوە هەوڵی دەدا بۆ لایەنگیرکردنی وڵاتانی ئەوروپا و راکێشانی سۆزی بۆ کێشەکە، لە پێناو ئەو مەبەستە نێردراوەکانی رەوانەی ئەو دەوڵەتانە کرد و تا رادەیەك نێردراوەکانی سەرکەوتوو بوون لە پەلکێش کردنی لایەنگیری چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا بۆ لایەنگیرکردنی باشوور و دروستکردنی بیرۆکەی سەرکەوتنی باکووری دیموکراتی لەو جەنگەدا زیانی بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەوروپا دەبێت.

لـە فەرەنسـا پۆلیۆنـی سـێیەم (1852-1870) لایـەنگیری و مەبەسـتی خـۆی خسـتە روو بـۆ یارمەتیدانـی باشـوور و سـاڵی (1861)ز بـەرەو رووسـیا بەرێکـەوت بـۆ پێشـنیاری دروسـتکردنی هاوپەیمانیەتـیەك دژی ئەمریکای باکوور، کاتێك لە هەوڵەکەیدا شکستی خوارد گەیشتە ئینگلتەراو داوای بەشـداربوونی کـرد لـە جەنگـی ناخـۆدا لەوەشـدا بەشی شەرمەزاری و شکست بوو، لە دواییدا راسـتەوخۆ گەیشتە لای (لەنکۆڵن) و ویستی نێوەندی هەبوو لەو جەنگەدا، بەڵام شێوەیەکی هێمنو نەرمونـیان ناوبژیوانـیەتەکەی رەتکردەوە٠ حکومەتی ئینگلتەرا لە نمونەی ئەو لایەنگیریەی کاتێك رێگایـدا بـە دروسـتکردنی کەشـتی جەنگـی بـۆ باشـوور لـە ئاوەکانـی وڵاتەکەیـدا سـەرەڕای ئـەوەی پێچـەوانەی یاسا نێودەوڵەتـیەکان بوو، لەو سنوور بەزاندنە پاشگەز نەبوویەوە تا ئەو کاتە باکوور هەرەشـەی راگەیاندنـی جەنگـی لـە دژکـرد و ئینگلـتەرا بـیری لـە پێویسـت بوونـی هـاوردەی گەنمی باکـوور کـردەوە٠ دادگـەری نـیە گەر ئینگلتەرا تاوانبار بکرێت بەهۆی سۆزیان بۆ باشوور و دژکاری بەرامـبەر باکـوور، بەڵکو ویستیان بـووە بـە شـێوەیەکی ناڕستەوخۆ یارمەتی سیستەمی (استرقاق) بـدەن، خەڵکی باکـوور لەسـەرەتای جەنگـدا رایانگەیاندبـوو کـە ئامانجـیان رزگارکردنـی کـۆیلەکانە، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە دەیانوویست موڵکایەتـی لـە ولایەتەکانـی باشـوور بمێنێـتەوە بـەو مەرجەی بگەڕێنـرێتەوە کۆشـی یەکێتـی ئەمریکا، هەندێك لە ئینگلتەرا دەیانبینی بەوەی باکووریەکان تەنها لـە پێـناو رێسـا گومـرگیەکان دەجـەنگن٠ بـە بـۆنەی گـەمارۆی دەریایـی لەلایـەن باکـورەوە و چەسـپاندنی بەسـەر باشـوور و جەنگەکـەی کاریگـەری خسـتە سـەر کارگـەی لـۆکە چـنینەکانی ئینگلتەرا و یاساغی هاوردەی لۆکەی باشوور هاتە سەر٠

رووسـیا و بروسـیا و وڵاتـە ئەسـکەندەنافیەکان لایـەنگیری خـۆیان بـۆ باکـوور ئاشـکرا کـرد، لەسـەردانێکی دۆسـتانەدا رووسـیا کەشـتیەکی گـەورەی رەوانەی نیۆرك و سان فرانسیسکۆ کرد، ئەو دۆستایەتیە بوو لە کۆتایی جەنگدا دەروازەی کردنەوەی مامەڵەی بازرگانی بوو لەگەڵ رووسیادا٠

**ئازاد کردنی کۆیلە**

ئـازاد کردنـی کـۆیلە کارێکی سادە و ساکار نەبوو، بەڵکو بە سروشتی خۆی بەرۆگرامێکی زەمەنی لەسـەرخۆی دەوێـت، لـە پێشـتردا بینـیمان چۆن کاتێك کۆماریەکان لە ساڵی (1861)ز دەسەڵاتیان گـرتە دەسـت توانیان دەستەبەری مانەوەی موڵکایەتی (کۆیلە بوون) بکەن لە ولایەتەکانی باشووردا بـەو مەرجـەی بگەڕێـتەوە سەر یەکێتی ئەمریکا، کۆنگریس هەنگاوێکی دڵنیایی نەنا لە پێناو ئازاد کردنـی کۆیلایەتـی تـا مانگـی نیسانی ساڵی (1862)ز بڕیاریدا یارمەتی دارایی دابین بکات بۆ ئەو ولایـەی کۆیلەکانـی ئـازاد بـێت و بـە ماوەیـی و پلـەکاری ئەنجامـی بـدات٠ بـەڵام ئـەم هەنگاوەش بە شکست کۆتایـی هـات، دوای چـەند رۆژێـك کۆنگـریس سیسـتەمی موڵکایەتی لە هەرێمی کۆلۆمبیای هەڵوەشـاندەوە٠ بـیری ئازاد کردنی کۆیلە بە شێوەیەکی دیار لە مانگی حوزەیراندا بوو، لە نۆزدەی ئـەو مانگـەدا کۆنگـریس موڵکایەتـی (کـۆیلە گـەری لـە هەمـوو هەرێمـە رۆژئاوایـیەکاندا بـەبێ رووبەڕووبـونەوەی ولایەتـەکان هەڵوەشـاندەوە، ئـەو کەسـانەی بـنەمای هەڵوەشـاندنەوە تـەواو و

یەکجارەکیان دەرکردو سەرۆك (لەنکۆڵن)یان بەراڕاو لاواز تاوانبار کرد. لەنکۆڵن مافی هەبوو لەو راڕایە و ترسەی لە یەکێتی ئەمریکا کە تووشی هەڵوەشاندنەوە و لە دەستدانی لایەنگیری و موڵکگەریەکان ببێت تاوەکو ئێستا لە یەکێتی ئەمریکایان، هەروەك دەیزانی خەڵکی باکوور یەك راو بۆچوون نین لەسەر ئەو باسە و گەر پەنا ببەنە بەر خێراکردن ئەوە کەلێن لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

لە کۆتاییدا لە هاوینی ساڵی ($1862$)ز لەنکۆڵن سووربوو لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارەو بڵاوکراوەیەکی نووسی سەبارەت بە ئازاد کردنی کۆیلە بەسەر ئەندامانی حکومەتەکەی خوێندییەوە و پاشان خستیە کەنارەوە بێئەوەی بڵاوی بکاتەوە یاخود داوای جێبەجێکردنی بکات بە پێی مۆڵەت و دەرفەت باکوور لەو ئان و ساتەدا لە جەنگی (ئەنیتام) و لە مانگی ئەیلول لە بەرامبەر باشووردا سەرکەوت، ئەو کاتە بڵاوکراوەکەی بڵاوکردەوە و یەکەمین مانگی ساڵی داهاتوو وەکو کاتی گەڕاندنەوەی ولایەتە هاوپەیمانەکان دانا ئەگەر ئەوە هەموو کۆیلەکانی ئەو ولایانە ئازاد دەکات، ئەو ئاگادار کردنەوەیەی لەسەرەتای ساڵی نوێدا جێبەجێکرد.

ئەم بڵاوکراوەیە ئەو ولایەتە لایەنگرانەی نەدەگرتەوە کە سیستەمی موڵکایەتی لە هەندێکیاندا پەیڕەو دەکرا' تەنها ولایە دابڕاوەکانی یەکێتی ئەمریکای گرتەوە، هەتا ئەو کاتەی ولایەتەکانی باشوور لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هاوپەیمانیدا بوون کارکردن بۆ رزگار کردنی کۆیلە لە ئارادا نەبوو، ئەو کارەو بەدەر کردنی ئەو بڕیارە لەلایەن سەرۆکی کۆمارییەوە بەهاکەی کەم کردەوە و زۆرێك گومانیان لە دەسەڵاتە دەستووریەکەی هەبوو لە بەرامبەر هەڵوێستی لە رزگار کردنی کۆیلەدا، چونکە کۆیلە بە موڵکی بەگ و گەورەکەی دادەنرێت و سەرۆك لەوەدا مافی نیە لە رێگای بڕیارەوە موڵکی خەڵکی دابڕێت. لەنکۆڵن دەرکی بەو حاڵەتە کردبوو، هەروەها ناڕەحەتی هاتە پێش لە جێبەجێکردنی راگەیەندراوەکەدا، بۆیە داوای لە کۆنگریس کرد بۆ رێکخستنی راست کردنەوەی (تعدیل) دەستوور سەبارەت بە یاساغ کردنی کۆیلایەتی و موڵکگەری بەیەکجارەکی لە وڵاتدا. لە دوای مشتومڕێکی زۆر کۆنگریس رێگای بە رێکخستنەوەی دەستووریداو بە راست کردنەوەی (تعدیل)ی سیانزەهەم ناسرا، لە کانوونی دووەمی ( $1865$ )ز ئەم تەعدیلەی رەوانەی ولایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا کرا بە مەبەستی رازی بوون و داڕشتنەوەی لە شێوەیەکی یاساییدا، سێ بەشی وڵاتانی ئەمریکا تا ($18$)ی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە دوای رووخانی حکومەتی هاوپەیمانی لەسەر ئەو بڕیارە رەزامەندی تەواویان (پێویست) دەرنەبڕیبوو، لە پاشداو لەژێر کاریگەری هێزە جەنگیەکانی باکوور هەندێك لە ولایەتەکانی باشوور ڕەزامەند بوون.

تووندڕەوە کۆماریەکان بەو تەعدیلە دەستیان هەڵنەگرت، بەڵکو سووربەەن لەسەر راستکردنەوەی دیکە، کە بە تەعدیلی چواردەیەم ناسرا و ئامانج تێیدا بەخشینی هەموو مافە مەدەنیەکانی رەش پێستەکان بوو بە گشتی لەگەڵ مافی سیاسی پیاوەکانیان، کە سوود لە رەگەزە ئەمریکیەکەیان وەردەگرن بەهۆی بەشداربوونیانەوە، مافە مەدەنیەکان بەم دەقە دەستەبەر بوو:

هیچ ولایەتێك بۆی نیە دەست بخاتە ژیان و ئازادی و موڵکی هەر مرڤێکەوە، تەنها لە شێوە رێدراوەکان و بە پێی یاسا نەبێت، هەروەها پێویستە لەسەر ولایەتەکان دەستەبەری پارێزگاری یاسایی بکەن بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی، هەروەها ئەو (تعدیل)ە بە ناڕستەوخۆ بڕیاری مافی دەنگدانیدا بە رەش پێستەکان لە هەڵبژاردنە گرنگەکاندا.

### دووبارە رێکخستنەوەی باشوور

کاتێك ئەم تەعدیلە رەوانەی ئەنجومەنی یاسادانان کرا بۆ (مصادقە) لەسەر کردنی کۆنگرێس هەوڵی پلانێکیدا بۆ رێکخستنەوەی سەر لە نوێی باشوور و دووبارە بنیاتنانەوە، بە پێی ئەم پلانە جگە لە ولایەتی (تنسی) هەموو ولایە جیابووەکان دابەشکرا بۆ پێنج ناوچەی سەربازی و هەرناوچەیەك خرایە ژێر دەسەڵاتی سەربازێکی باکووری، بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و سەرپەرشتی کردنی سەر لەنوێی بنیاتنانەوە.

بەشێوەیەکی کاتی سەرکردەکانی شۆڕشی باشوور بێبەشکران لە مافی هەڵبژاردن و مەڵبەندە حکومیەکانی ولایەتەکان، جگە لە سەرکردەکان رەش پێست و سپی پێستەکان مافی دەنگدانیان هەبوو بەو پێیەی نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن لە ئەنجومەنی (عمومی)داو لە هەموو ولایەتەکان هەستێت بە دانانی دەستورێکی نوێ مافی دەنگدانی رەش پێستەکان لەخۆ بگرێت. کاتێك حکومەتی ولایە بە گوێرەی دەستوور دێتەدی ئەو کات رەزامەندی ئەنجومەنە یاسادانانەکەی لەسەر (تەعدیل)ی دەستوری چواردەیەم دەدات، ئەوجار شیاوی سەر لە نوێ رۆیشتنە ناو یەکێتی ئەمریکا دەبێت و شیاوە بێ نوێنەرانی رەوانەی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرایەتی و پیران بکات. ئەوەی لەم پلانەدا هەبوو بە گرانەوە کەوتە سەر خەڵکی باشوور زۆرێکیان لە رزگار کردنی کۆیلەکاندا زیانی گەورەی لێکەوت و سەرکردەکانی بێ بەشکران لە سیاسەت و بە نارەحەتەوە دەیانبینی کۆیلەکانی دوێنێیان ئەمرۆ لەگەڵیاندا بەشدار دەبن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هۆکارە ژیانیەکانیان لەگەڵدا بەشدەکەن، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، چونکە کاریان کەوتبووە دەست هێزی سەربازی و ئیرادەیان بە داگیرکردن لە نێو چووبوو، باشتر دەبوو ملکەچ ببن و یەك لە دوای یەك ولایەتەکان رەزامەندیان لەسەر ئەو پلانە نیشانداو (ئەمری واقیعیان) قبوڵ کرد.

لە ساڵی (1868)ز هەریەك لە ئەرکنساس و لویزانا و ئەلاباما و جۆرجیا و فلۆریدا و کارۆلینای باشوور گەڕانەوە یەکێتی ئەمریکا، بە هەمان جۆر لە ساڵی (1870)ز تەکساس و میسیسپی و ڤێرجینیا گەڕانەوە و بەو شێوەیە سەر لە نوێ رێکخستنەوەی باشوور و رێکخستنە سیاسیەکەی دارێژرا. کۆنگریس متمانەی تەواوی نەبوو بەو پلانە کە کۆتاهێنەری کێشەکان بێت، بەڵکو رێگای بە تەعدیلێکی تردا کە بە پانزەیەم ناسرا و داوای لە ولایەکان کرد بۆ (مصادقە)ە کردنی بەوەی هەر پیاوێکی هەڵگری ناسنامەی ئەمریکی نابێت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان یاخود هەر ولایەیەك مافی دەنگدانی لێ بسەنرێت بە هۆکاری رەگەز و رەنگ و بارە کۆیلایەتیەکەی، ئەم (تعدیل)ە لە دوای رەزامەندی وڵاتەکان لە ساڵی (1870)ز جێبەجێکرا.

بەو بڕیارانەی درا ولایەتی باشوور لەلایەن رەش پێست و سپی پێستەکانەوە بەڕێوەبرا، ئەوانەی کە زۆرینەیان هەژار بوون مافی دەنگدانیان بە زایە (فیڕۆ) نەرۆیشت، هەردوولایەن (سپی

و ڕەش پێست) ئامانجیان بەكارهێنانی هەندێك لە پیاوانی باكوور بوو، ئەو پیاوانە مەبەستیان بوو لە باشوور سەروەتە بێ ئەدازەكان كۆبكەنەو، ڕەش پێستەكان توانیان ماوەیەك دەسەلاَت بكەنە سەر هەندێك ئەنجوومەنی یاسادانانی ولایەكان و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ كۆنگریس و دەست گرتنە سەر كاروبارە دونیاییەكانی ولاَت، بەلاَم دەسەلاَتە بالاَكانیان بۆ خەڵكی باكوور بەجێهێشت كە مەستیان قۆستنەوەی دەرفەت و كۆكردنەوەی سەروەت و سامان بوو، ناشاردرێتەوە حكومەت هەستاوە بە كاری بیناسازی و ئاوەدانی لە هەندێك لایەنەكاندا، وەكو دروستكردنی پرد و ڕێگاوبان و داڕشتنی یاسای فێركردن و دروستكردنی دەزگای خێرخوازی و٠٠٠هتد، بەلاَم لە رووە گشتیەكەدا شیاوی دەسەلاَت نەبوو، چونكە كەوتبووە گەندەڵیەوە لە ڕێكخستن و شپرزەیی بەڕێوەبردنی داراییدا؛ سروشتیە بەوەی نابێت پلە نایاب و بالاَكان بۆ سپی پێست دابنرێت، بۆیە بیریان لە دەرباز بوون كردەوە لەو گەندەڵیە، لە هەندێك كاتدا دەستیان لە بەكارهێنانی زەبر و زەنگ و توندوتیژی بۆ گەیشتنە دەسەلاَت هەڵنەگرت٠

بۆ ئەو مەبەستە چەند كۆمەڵە و دەستە نهێنیەكیان پێكهێنا لەوانە كۆمەڵەی كوكلوسكلانی بە ناوبانگ دروستكرا لە ڕێگای كارە تیرۆریەكانەوە باكووریەكان ناچار بە گەڕانەوە بكات بۆ ولاَتەكەیان، ڕەش پێستەكان كاری ترسێنەریان هەبوو كەوتبووە نێوان ئەوان و سندووقەكانی دەنگدانەوە كە مافی دەنگدانی لێسەندەوە، لە بەرامبەر ئەو هەنگاوەیاندا، هەوڵی ئاشتەوایی و هێمنانەیان هەبوو پارمەتیدان زۆرێك لە ڕەش پێستەكان دیسپلینە سیاسیەكانی باكوور نیگەران بن و بەلایانەوە نەنگی بێت دەستكردی باكووریەكان بن، لەلایەن خۆیانەوە دەستبەرداری دەنگدان بوون، هەندێكی تریان زیاتر ملكەچیان نواند و لە مافی خۆیان پاشگەز بوونەوە شوێنی سپی پێستە گەورەكانیان كەوتنەوە، ئەمە بە پلەكاری داگیركاری باكوور كۆتایی هات و سەربازەكانی لە باشووردا پاشەكشەی كرد و دانیان بە شكستی پلانەكەیاندا نا لە گێڕانەوەی ڕێكخستنی ولایەتەكانی باشوور و ئەو ئامانجەی دایانابوو بۆ پارێزگاری كردن لە بەرژەوەندی و فراوانی دەسەلاَتی باشوور پارێزراو نیە٠

بەرژەوەندی كۆیلەكان ڕێڕەوێكی پەژاراوەییگرتەوە و حیزبی دیموكراتیش بووەتە بڕبڕەی پشتی باشوور، بێگومان جەنگی ناوخۆ لایەنی ئەكتیڤ و نەگەتیڤی هەیە، هەروەك ئەوە سروشتی جەنگە، لایەنە نەگەتیڤكانی لەوەدایە كۆتایی بە ژیانی شەست هەزار گەنجی نەتەوە هێنا، ئەوانەی گەر بژین و دەردەداری ئەو جەنگە بووبن ئەوە دەبێت بە درێژایی ژیان لە مەینەتی و چەرمەسەری دەبن، لە باشووریشدا چەندین وێرانكاری بەجێهێشت كە لە چەند ناچەیەك، تاوەكو ئێستاشوێنەواری ماوەتەوە، هەر ئەو جەنگە ڕق و كینەی لە نێوان باكوور و باشووردا چاند دڵانی پڕ لە ڕق و تۆڵە كرد، هەروەها لە لایەنە ئەكتیڤ و چاكەكانی ئەوە بوو كۆتایی بە موڵكگەری (كۆیلایەتی) هێنا و ژمارەی ئازادكراوەكان چوار ملیۆن كەس بوو، بوویە مایەی یەكگرتنی نەتەوەی ئەمریكا بە باشوور و باكوریەوە، هەروەها پۆل پۆل یەكتریان دەهاڕی و ئاشتی كە نێودەبرا و وێرانكاری دەخستەوە و ڕووە جوانەكانی یەكبوونی لە نێو دەبرد و لاوازی جێگرەوەی هێز دەبوو٠ هەوڵی تازەكردنەوەی پەیوەندیەكان كارێكی ئاڵۆز نەبوو، كاتێك ئیسپانیا و ئەمریكا

هەڵگیرسا لە ساڵی (1898)ز دا رق و کینەیان کۆتایی هات و دڵەکان هاتنەوەیەك و نەتەوەش لە پێناو شکۆیی نیشتمان بەبێ جیاوازی و لەبیرکردنی رابردوو روانین بۆ ئایندەیەکی گەشاوە لە یەك سەنگەردا کۆبوونەوە دژ بە ئیسپانیا• نەریتی کارلێکراو لەگەڵ یاسادا جیاوازە بە سەریدا زاڵ دەبێت بۆیە کێشەی رەش پێستەکانی ولایەتەکانی باشوور لەو روانگەیەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوو بڕیاری تەعدیل کراوی (چوارده و پانزە)ی دەستووردا هاتبوو سەبارەت بە بەخشینی مافی دەنگدانی رەش پێستەکان و لە پێشتردا لەلایەن حکومەتە باشوریەکانەوە تەگەرەی خرابوویە بەردەم و مافی خۆیانی لە دەنگداندا لێ قەدەغە کردبوو• بێگومان ئەو یاسایە گشتیە و دەسەڵات و بڕیارەکانی (سپی و رەش) پێست بە گشتی دەگرێتەوە•••بەڵام پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت، جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانە لە ئەرزی واقیعدا جگە لە رەش پێست و چینی هەژاری شپی پێست ئەگینا لەسەر کەسی دیکە ناچەسپێت• هەڵەیە گەر گومان بکرێت بەوەی مافی دەنگدان لە باشووردا لەسەر رێسایەکی یەکسانی نێوان دایشتووان بەرێوەدەروات هەروەك ئەوە حاڵەتی باکووریشە، دەبێت بوترێت یەکسانی رەها لە وڵاتەکان و لە نێوان سپی و رەش پێستدا لە واقیعدا بوونی نیە، لە رووی پایەی ئابووریەوە رەش پێستەکان لە دوای هەموو چینەکانەوەن، تێکەڵاوی لە نێوان هەردوو رەگەزدا زۆر وون و بێ بوونە، ئەم حاڵەتانە زۆر بە روونی دەردەکەوێت لەو کاتەوەی یاساغکرا، رەش پێستەکان لە تەنیشت سپی پێستەکانەوە لە نێو شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیل و شوێنە گشتیەکاندا دابیشن، خانوو بازاڕی گشتی و پەرەستگا و دەزگاکانیان دابڕا و لە خانوو گەڕەکی سپی پێستەکان بنیات نرا، بەڵام رێگای خەباتیان گرتە بەر لە پێناو بەدیهاتنی یەکسانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و سیاسیان، بۆ ئەم مەبەستە و لە پێناو داخوازی بە دەستهێنانی مافەکانیان هیچ دەرفەتێکیان لە کیس نەدەچوو•

کاتێك جەنگی جیهانی ئێستا روویدا بە هەموو تەنگەژەکانیەوە هاوکاری دڵسۆزانەیان خستە روو بە پێی توانا و وزەیان بەخشی تاوەکو ئەمرۆ پاداشتەکەی وەردەگرنەوە، دەبێت چارەسەرێکی دادپەروەرانە بدۆزنەوە بۆ کێشەکانیان و لەگەڵ یاساکانی ولاـ دانایی بڕیارەکانی پێبکێشێت و لەگەڵ ئەو پرۆگرامە رێك بێت کە ئەو نەتەوەیە لەگەڵ دروست بوونیدا رێڕەوی پێگرتبوو، دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، وەکو ئەو گرفتە زۆرانەی لەبەردەم رێگای گەلی ئەمریکادا لە کاتە جیاوازەکاندا تووشی هاتوون، تێیدا دەربازی بوون، لەسەر دادگەری و دانایی هەڵکەوتووە، ئەفرێنراو نیە چونکە ئازادی لای ئەو بوارێکی فراوانی هەیە و ناڕەحەت نیە لەگەڵیدا، داخوازیکاری ماف بە دەست بهێنێت، گەرچی لە هەندێك حاڵەتدا وەرگرتنەوەی ماف نالەبار و ناڕەحەت بێت•

جۆرج واشنتۆن

# یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا

یاسین حەمەسەعید

**پێشەکی:**

زۆرن ئەو کەسانەی لە مێژوودا ناویان دەمێنێتەوە و نەوە و وەچەکانی داهاتووی وڵاتەکانیان و بگرە هەموو جیهانیان بە چاوێکی رێزەوە سەیریان دەکەن و هەمیشە وەك رابەرێکی رۆحی و نەتەوەیی لەبەرچاویان دەگرن تەنانەت زۆربەی لاپەڕەکانی مێژوو هێندە باسی کەسانی هەڵکەوتوو دەکات کە دەتوانین بڵێین مێژوو هەر دەڵێیت بریتیە لەسەرگوزشتەی ئەوان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کەسانە رۆڵی سەرەکیان بینیوە لە رووداوەکاندا و جێگە پەنجەیان بەسەر رووداوەکاندا دیارە جا وەنەبێت مێژوو تەنها باسی کەسانی پاك و دڵسۆز بکات بگرە زۆربەی جار مێژوو ئەو کەسانەش باس دەکات کەوا خائین و خۆفرۆش و نیشتمان فرۆش بوون و یان دەستیان لە وێرانکردن و کوشتنی کەسانیتردا هەبووە و بە هەمان شێوە مێژووش دەکەوێتە باسکردنی ئەوان و نموونەش زۆرن وەك دیکتاتۆر و زۆردار و ستەمکاران...هتد، بەلاّم ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە ئەو کارە مەزنانەی کە لە بواری رزگاری وڵاتێك یان هەر کردەوەیەکی لەوجۆرە تەنها هەموو ماندوو بوون و ئازایەتیەکە بۆ کەسی سەرکردە و پێشڕەو ناگەڕێتەوە بەڵکو کەسانی نێو کۆمەڵگە و وڵات و یان بەلانی کەمەوە کەسانی نێو ئەو بزوتنەوەیەی کە کەسی سەرکردە رێبەرایەتی دەکات رۆڵی خۆیان دەگێڕن و لە راستیدا ئەوان سووتەمەنی و پێداویستی رووداوەکان ئامادە دەکەن و کەسی پێشەوا ئەو کەسەیە کە دەنکە شقارتەکە دادەگیرسێنێت و بەمەش رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. هەموو ئەم وتانە ئەوە دەردەخات لەهەموو رووداو و بابەتێکی مێژوویدا ئەو هەموو کارە گەورەکان و کەسانی بەرپرس و گەورە نایکەن و بەڵکو خاڵەکە لێرەدایە و بۆ مێژوو جێگای بایەخپێدانە ئەوەیە کە ئەم رابەر و پێشەوایانەن کە توانیویانە لێبڕاوانە دەست بدەنە چالاکی و و کارکردن تا توانیویانە سەر رشتەی رووداوەکان بگرنە دەستیان و کەسانی تر رازی بکەن کەوا بە لێهاتوییەکەی بتوانێت رێبەرایەتیان و متمانەیان بەدەست بێنێت و پاش متمانەپێهێنیان هەوڵی هێنانەدی ئامانجەکانیان پێکەوە بدەن

یەکێك لەو کەسانەش کەوا لە مێژوودا رۆڵی بینیوە بە تایبەتی لە دامەزراندنی ولاتێك کە دواتر توانی ببێتە وڵاتێك کەوا بێتە پێشەنگی هەموو وڵاتانی جیهان لە زۆربەی بوارەکانەوە وەك

بواری سەربازی و ئابووری و لە ناوخۆشدا تا رادەیەکی بەرچاو پرنسیپەکانی دیموکراسیش پەیڕەو بکات ئەو کەسەش بریتیە لە جۆرج واشنتۆن کە رۆلێکی بەرچاوی بینی لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی ئەمریکیدا بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

واشنتۆن ئەو کەسەیە کە وەك کەسێکی کارا و چالاك دەرکەوت چ لە قۆناغی پێش سەربەخۆیی ویلایەتەکانی ئەمریکا و چ لە پاش ئەم سەربەخۆییەشدا، ئەم نووسینەش بابەتێکە سەبارەت بەم کەسایەتیە و کارو چالاکیەکانی و ژیانی.

سەرەڕای ئەمەی پێشوو لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی خێرا و چاو خشاندنێك بۆ ژیانی جۆرج واشنتۆن بکەم بەو هیوایەی بتوانم ئەو لایانانەی کە پێویستن بتوانم روون بکەمەوە

**بارودۆخی ئەمریکا بەگشتی**

**لە سەروبەنی ژیانی جۆرج واشنتۆندا**

زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی کە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە کۆچیان بۆ ئەمریکا دەکرد، خەڵکی ئینگلتەرا بوون، بەڵام هەندێك لە خەڵکانی وڵاتانی هۆلەندە و سوید و ئەڵمانیاش لە ناوەڕاستی ئەمریکادا نیشتەجێ بوون، فەرەنسیەکانیش لە کارۆلینای باشور و ناوچەکانی دیکە نیشتەجێ بوون، کۆیلە ئەفریقاییەکان بە تایبەتی لە باشور و هەندێك لە پورتوگالی و ئیسپانیەکانیش لە هەموو داگیرگەکاندا پەرش و بڵاو بوون ئەمە سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پرۆتستانتی و ئایینزاییەکانی تر.

لە دوایساڵی (١٦٨٠)، ئینگلتەرا چیدی بە تەنیا سەرچاوەی کۆچکردن دا نەدەنرا، هەزاران کۆچبەر بە مەبەستی هەڵهاتن و دەربازبوون لە شەڕ و شۆڕەکان روویان لە ئەمریکا دەکرد و ئەوروپایان بەجێدەهێشت. زۆرێك لەوانە ماڵ و شت و مەکەکانی تری خۆیان بەجێدەهێلا و تا لە هەژاری کە سەرچاوەی بۆ دەوڵەتەکانی ئەوروپا دەگەڕایەوە دەرباز ببن.

بەم شێوەیە دیاردەی کۆچکردن بەردەوام بوو تا ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا زیادی کرد تاوای لێهات لە ساڵی (١٦٩٠)دا گەیشتە ٢٥٠ هەزار کەس، لەم بەروارە بەدواوە هەر بیست و پێنج ساڵ جارێك ئەم ژمارەی دانیشتوان دوو بەرابەر دەبوو تا لە ساڵی (١٧٧٥) گەیشتە دوو میلیۆن و نیو کەس.

گەرچی خێزانەکانیان توانی لە ماساچوستەوە بچن بۆ ڤیرجینیا و لە کارۆلینای باشورەوە بچن بۆ پنسیلڤانیا، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش جیاوازی لە نێو داگیرگەکاندا بە روونی دەبینرا، و داگیرکەکانیش بەگشتی دابەشدەکران بە سێ بەشەوە:

یەکەم: نیۆ ئینگلەند (NEW ENGLAND).

نیۆ ئینگلەند دەکەوێتە گۆشەی باکوری رۆژئاواوە، ئەم ناوچەیە زەویەکەی بەردەڵانی بوو و لە هێڵی درێژی تاشەبەرد پێکدەهات و هەروەها زستانەکەشی درێژ و سارد بوو ئەمەش بژێوی ژیانی لە رووی بەروبوومی کشتوکاڵیەوە تارادەیەك زۆر گران کرد بوو، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەدوای پیشەی دیکەدا دەگەڕان تا بتوانن لە رێیەوە ژیانی خۆیان دابین بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە

وزەی ئـاو سـوودیان وەرگـرت و ئـاش و کارگەکانـی دروسـتکردنی تەختەیان پێ خستە گەڕ، بەهۆی بوونـی درەختـی لـەبار لـە ناوچـەکەدا هـەر زوو تەختەی ئەو ناوچانە ناوبانگی دەرکرد و ئینجا لە ئەنجامـی ئەمەشـەوە پیشەسـازی کەشتی لەم ناوچەدا سەریهەڵدا، بەندەرە چاکەکانیشی فاکتەرێکی سـەرەکی بـوون لـە گەشەسـەندنی بازرگانـی و ئابـووری و هـەروەها سـوودوەرگرتن لـە بەرهەمـە ئاویەکانـی وەك ماسـی و کاویـار و ...هـتد، بەمـەش ئابووریەکـی تاڕادەیـەك بەهێـز لـەم ناوچـەدا بەدەر کەوت.

لەگـەڵ هاتنـی هەرچـی زیاتـر لە کۆچبەران و نیشتەجێ بوونیان لە گوند و شارەکاندا زۆرینەی خەڵکـی نـیۆ ئیـنگلەند دەسـتیان دایە کاری بازرگانی. ئەو کێڵگانەش کە لە گوندەکانی دەورو بەری شـاردا بـوون تاڕادەیـەك دەیتوانـی پێداویسـتی شارنشینان لە خۆراك پڕ بکەنەوە، لەو گوندانەدا کە خەڵکـی دەژیـان وای لـێهات کـە گوندێك یـان چەند گوندێك کڵێسە و تەنانەت قوتابخانەش دروست بکەن و لێرەشەوە وردە وردە زەمینەی کاری هاوبەش بۆ دامەزراندنی دامودەزگاکان ڕەخسا.

داگیرگـەی کەنـداوی ماساچوسـت، کاروبـاری بازرگانـی خـۆی پـەرە پـێدا، تـا لـە کۆتایـی سـەدەی هەڤدەهەمـەوە بـەدواوە ئەم ناوچەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی دەسەند و شاری بۆستۆنیش بوو بە یەکێك لە بەندەرە هەرە گەورەکانی ئەمریکا لەو سەردەمەدا.

تەخـتەی داربـەڕوو بـۆ دروسـتکردنی کەشـتی و تەخـتەی دار سـنۆبەریش بـۆ بورجـی نـێو کەشـتیەکان بـەکاردەهات و کـە کەرەسـتەی خـاوی ئـەم تەخـتانە واتـە دارەکانـیان لە دارستانەکانی باکووری ڕۆژهەلاتـەوە دابین دەکران.خاوەن کارگەکانی کەشتی سازی لە کەنداوی ماساچوست و بە دروسـتکردنی کەشـتی و خسـتنە نـێو ئـاوەوە بونیادێکـی گـەورەی بازرگانیان پێکهێنا کە گرنگیەکی تایبەتـی هەبـوو، تـا کۆتایـی پێهاتنـی قۆناغـی داگیرگـەکان نـزیکەی سێ یەکـی کەشـتیەکانی وڵاتـی ئینگلـتەرا لـە نـیۆ ئیـنگلەند دا دروست دەکران، گـرنگترین ناردەنیەکانـی ئـەو ناوچـەش کـە ڕۆڵی گـەورەیان لـە گەشەسـەندنی ئابووریدا دەگێڕا ماسی و تەختە بوون.بازرگانانی نیۆئەنگلەندی هەر زۆر بەخێرایـی هەسـتیان بـەوە کـرد کـە شـیرەی قامیشـی شـەکر و کـۆیلەکان لـە کـاڵا بەنـرخ و سـوودارەکانن، یەکێك لە پڕ دەرامەتترین و بگرە ناخۆشترین ئەو کڕین و فرۆشتانانە دەکرا ، کڕین و فرۆشـتنی کـۆیلە بـوو، بازرگانـەکان کۆیلەکانیان لە کەناراوەکانی ئەفریقاوە دەکڕی تا لە کێڵگانی قامیشـی شەکری نیۆ ئینگلەنددا کار بکەن، هەروەها لە ئەفریقاوە شیلەی چەنەوەریان دەهێنا و لە بەشێك لە وڵاتی ئەمریکا کە بە هیندی ڕۆژهەڵات (West Indies)ناسرابوو دەیان فرۆشت.

**داگیرگەکانی ناوەند:**

ژیـان لـە داگیرگـە ناوەندیـەکان زۆر جیاوازتـر بـوو لـە نیوئیـنگلەند چونکە دانیشتوانەکانی کـە زۆریـنەیان لـە شـارەکاندا دەژیـان سـیمایەکی شارسـتانی پـێدا بـوون کـە ئەمـەش وایکـرد بـوو تـا ڕادەیەکـی زیاتـر لـە ناوچـەکانی دیکـە بایـەخ بـە بـوارە شارسـتانیەتیەکان بـدەن. لـە نـێوان ویلایەتەکانـی ناوەنـدیش دەتوانین بڵێین کە پەنسیلڤانیا دیارترینیان بوو کە توانی زۆر بەخێرایی گەشـە بکـات کـە تـا سـاڵی (١٦٨٥) ژمـارەی دانیشـتوانی تـەنها نـۆ هـەزار کـەس بـوو بـەڵام هـەر زوو

ناوەندەکەی کە شاری فیلادلفیا بوو گەشەی کرد و شەقامە پڕ لە دارەکانی پەیدا بوون و خانووە قەشەنگ و جوانە خشتیەکانی سەرنجی هەموانی رادەکێشا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەندەرەکانیشی بەناو بانگ بوون بۆ بازرگانی و گەشتی دەریایی. تا کۆتایی سەردەمی داگیرکاری، زیاتر لە (٣٠٠٠٠٠) کەس کە خاوەنی زمانی جیاواز و بیروباوەڕی جیاواز و پیشەی جیاواز بوون تێیدا دەژیان. توانایی و لێهاتوویی و لێزانی ئەم دانیشتوانە وایکرد بوو کە شاری فیلادلفیا لە رووی بازرگانیەوە ببێتە سەنتەرێکی سەرەکی لە ئەمریکای ئەو کاتەدا.

جگە لە ئینگلیزەکان لە پەنسیلڤانیا گروپە ئەتنیکیەکانی تر دەژیان وەك (Quaker )کواکرەکان و ئەڵمانەکانی تێدا دەژیان کە ئەمانە زیاتر لە دەرەوەی شارەکان دەژیان و بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون سەرەڕای کشتوکاڵ وەك کاری سەرەکیان کارەکانی وەك دروستکردنی کوخ و رستن لە ماڵەوە و پێڵاو دروستکردنیان دەکرد. پەنسیلڤانیا بۆ سکۆتلەندیەکان وەك رێگوزەرێك وا بوو لە سەدەی هەژدەدا، ئەم تاقمە کە یەکێك لە کاربەدەستانی پەنسیلڤانیای ئەو سەردەمە باسیان دەکات و دەڵێت (کەسانی نامۆ و هەژار بەڵام روودار و دەمدرێژ) رقێکی زۆریان لە ئینگلیزەکان بوو و لە هەموو کاربەدەستانی وڵاتیش گومانیان هەبوو. سکۆتلەندی و ئێرلەندیەکان زێتر پێیان باش بوو لە ناوچە دوور دەستەکان نیشتەجێ ببن و تا لە رێی راوە شکار و کشتوکاڵەوە بتوانن ژیانی خۆیان بەرن بە رێوە.

نیۆ یۆرك بە پێچەوانەی پەنسیلڤانیاوە هێما و دەرخەری فرە زمانی و فرە رەگەزی ئەمریکا بوو تا ساڵی (١٦٤٦) دانیشتوانەکەی پێکدەهات لە (هۆڵەندیەکان، فەرەنساییەکان، نەرویژیەکان، سویدیەکان، ئینگلیزەکان، ئێرلەندیەکان، و پورتوگالی و ئیتالیەکان، لەگەڵ هەنگاریەکان و..هتد،)

**داگیرگەکانی باشوور:**

داگیرگەکانی باشوور بە پێچەوانەی داگیرگەکانی ناوەند و نیۆئەنگلەندەوە لەم ناوچانە پێکهاتبوو: ڤێرجینیا، موریلەند، کارۆلینای باکوور و باشوور و جۆرجیا تا کۆتایی سەدەی هەڤدە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڤیرجینیا و موریلەند تا رادەیەکی زۆر لە جوتیاران و خاوەن کێڵگە بچووکەکان پێکدەهات. جوتیارانی ناوچەی تایدواتر (هەڵکشان و داکشانی دەریا)، بە پشتیوانی هێزی بازوی کۆیلەکان، کۆنترۆڵی سیاسیان بەسەر ناوچەکە و زەویە کشتوکاڵیەکانیشدا هەبوو. ئەمانە خانووی گەورە و ژیانی ئەرەستۆکراتیان بۆ خۆیان پێکەوەنا بوو تارادەیەکیش پەیوەندی خۆیان بە دونیا و جیهانی دەرەوەش پاراست بوو.

لە هەمان کاتدا، جوتیارانی خاوەن زەوی واتە ئەو جوتیارانەی خاوەنی زەوی خۆیان بوون و لەسەری کاریان دەکرد چەند ئەنجومەنێکی ناوچەییان پێکهێنا بوو و لە رێی ئەم ئەنجومەنانەشەوە توانی بوویان چەند پلەیەکی سیاسی بەدەست بهێنن.

کارۆلینای باشووریش بوو بوو بە بەندەرێکی سەرەکی و سەنتەرێکی بازرگانی لە باشووردا. دارستانە فراوانەکانیشی بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان

لە داگیرگەکانی باشووردا، هەروەکو داگیرگەکانی دیکە، ژمارەی دانیشتوان روو لە زیادبووندا بوو کە لە سنووری ئەمانەش سوور پێستەکان* دەژیان و ئەو دانیشتوانانەی کە لە نزیکی ئەمانەوە دەژیان بە دروستکردنی کوخەوە خەریك بوون و دەستیان کردبوو بە کشتوکاڵ کردن و لەوێشەوە رێیان بەرەو ناوچە بیابانییەکان کردبوویەوە و گەنمەشامیان بەرهەم دەهێنا. پیاوان خەریکی راوە شکار دەبوون و لە پێستی ئاسك یان مەڕ جل و بەرگیان دروست دەکرد و دەیانپۆشیو ژنانیش جل و بەرگێکیان دەپۆشی کە لە پارچە وقوماش دروستکرا بوو و لە ئاهەنگەکانی سەما و دانسیشدا بەشداریان دەکرد گرنگترینی ئەو ئاهەنگانە بریتی بوون لە باربکیۆ (Barbecue)** و نیشانە شکێن و دوێل*** و پێشبڕکێی دورینی لێفە و راخەر کە تا ئێستاش بە نەریتێکی فۆلکلۆری ئەمریکا دێتە هەژماردن. خواردنیشیان بەگشتی بریتی بوو لە گەنمە شامی و گۆشتی مەڕ و ئاسك و قەل و ماسی.

**کوورتەیەك لە ژیانی جۆرج واشنتۆن**

جۆرج واشنتۆن لە (٢٢)ی شوباتی (١٧٣٢) لە ویلایەتی ڤیرجینیا لە دایك بووە. کاتێك واشنتۆن تەمەنی یانزە ساڵان بوو باوکی مرد، براکەی لۆرینز کە لە ژنی پێشووی باوکی بوو، بوو بە جێگرەوەی باوکی پاش ئەوەی کە لۆرینزی برایشی لە ساڵی (١٧٥٢) مرد، واشنتۆن کە ئەو دەمە بیست ساڵان بوو جێگەی گرتەوە و خانوو زەوی زارەکانی باوکی کە لە شاری مۆنت ڤێرنون بوو بۆ بەجێما، واشنتۆن لێهاتوویی و ئازایی خۆی نواند لە بەرەکانی جەنگدا بە تایبەتی ئەو جەنگانەی کە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ فەرەنسی و سور پێست (هیندە سوریەکان)دا دەیان کرد. واشنتۆن لەکاتی لەشکرکێشی دا بۆ (برادۆکس) لەگەڵ (تۆماس گێج) و (هۆراشیۆ گاتس) و (چارلز لی) کەوتە رێ. هەروەها چاویشی کەوت بە (دانیال مۆرگان) کە خاوەن گاراژ و بنکەی گوازتنەوەی ئەهلیشی بوو. لە ساڵی (١٧٥٨) واشنتۆن لەو زنجیرە شەڕانەدا گەڕایەوە بۆ چاودێری کردنی کێڵگە و زەویوزارەکانی بۆ ساڵی دواتریش لەگەڵ مارسادا خێزانی پێکهێنا.

واشنتۆن پاشان لە خانەی بیرجسی ڤێرجینیا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری کرد ئەمەش هەلی بۆ رەخساند ببێتە یەکێك لە رابەرانی رادیکالی نیشتمانی. دواتر خۆی ئامادە کرد لە دانیشتنی یەکەمی شۆڕشگێڕەکانی ویلایەتەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا بەلام نەیتوانی رۆڵێکی ئەکتیڤی هەبێت، بەلام لە دانیشتنی دووەمدا هەموو رۆژێك بە جلو بەرگی سەربازیەوە ئامادە دەبوو و لە ژووەنی ساڵی (١٧٧٥) هەڵبژێردرا وەك سەرکردەی سوپای نوێی رزگاریخوازی ئەمریکا.

واشنتۆن دەسبەجێ بەرەو شاری بۆستۆن کەوتە رێ و فەرمانددیی ئەوێی گرتە ئەستۆی خۆی لە ساڵی (١٧٧٥)دا. لەوێدا دەستی کرد بە پێکهێنانی سوپا و دواتر توانی هێمنی و ئاسایشی ئەو ناوچە دوورە دەستانە دابین بکات. بەلام دواتر بەهۆی گوشاری بێ وچانی ئینگلتەراوە ناچار بوو ئەو شارە بەجێ بهێڵێت و بەرەو شاری نیویۆرك کەوتە رێ سوپای ئینگلتەرا رۆژ بە رۆژ ناوچەی فراوانتری دەست بەسەردا دەگرت و بۆ مانگی ئەگۆستیش خۆی بۆ داگیرکاری نوێ ئامادە دەکرد.

لەسەر داخوازی و گوشاری فراوانی ژنراڵ (ویلیام هۆی) واشنتۆن سەرکردایەتی سوپاکەی کردەوە و توانی سوپای ئینگلتەرا لە چەند ناوچەیەك ببەزێنێت وەك ناوچەکانی (لۆنگ ئایلەند،کەنداوی کیپ، و دەشتە سپیەکان) هەروەها توانی ناوچەی (فۆرت)یش بگرێت. هەرچەندە بەهۆی گوشاری سوپای ئینگلتەراوە ناچار بوو لە نیوجرسی پاشەکشێ بکات لە نۆڤەمبەری ساڵی (١٧٧٦).

ژنراڵ (چارلز کۆرن ولز) لە نیوجرسیەوە کەوتە شوێن واشنتۆن کە بەرەو پنسیلڤانیا دەڕۆیشت. واشنتۆن ئەوەی دەزانی کە پێویستی بە زامنکردنی سەرکەوتن هەیە پێش دەست پێکردنی ساڵی نوێ بۆیە دەرگای سەربازگیری بۆ سوپاکەی والاّ کرد بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بێنە نێو ریزی سوپاوە. دوای ئەم کارانە توانی سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەر لە ترینتۆن لە (٢٦) دێسەمبەری ساڵی (١٧٧٦) و هەروەها سەرکەوتنیشی لە (پرینسیتۆن)یش بەدەست هێنا لە (٦)ی جێنێوەری ساڵی (١٧٧٧) پێش چارەکی یەکەمی زستانی ئەو ساڵە تەواو ببێت، لە راستیدا ئەم سەرکەوتنانە جێگای سەرسوڕمان نەبوون چونکە واشنتۆن لەبەرئەوەی هەموو هەلومەرجەکانی سەرکەوتنی لەو شەڕانەدا رەخساند بوو لەوانە وەك ئەوەی خۆی بەشداری راستەوخۆی لە شەڕەکاندا هەبوو هەروەها ئەو سەربازانەی کە لەگەڵیدا بەرامبەر بە دوژمن دەجەنگان هەرچەندە لە رووی چەکەوە زۆر تۆکمە نەبوون وەك بەرامبەر، (ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە چەکەکانیان خراپ یان زۆر کەم بووبێت بەڵکو مەبەست ئەوەیە وەك ئەوەی دوژمن نەبووە) بەلاّم خاوەنی ئیرادە و ورەیەکی پۆلاّیین بوون. لە مانگی (مەی) لە ئەنجامی دەست پێکردنەوەی هێرشەکان و خۆنواندن و مانۆڕ بەرامبەر ژنرال (هۆی) لە پەنسیلڤانیا بۆیە ژنراڵی ناوبراو توانی واشنتۆن ببەزێنێت لە (برێندی وای) پاشان ژنراڵ (هۆی) توانی تا رادەیەك لە خۆ نواندن و مانۆڕی بخات و تەنانەت شاری فیلادلفیاش بگرێت لە مانگی سێپتەمبەردا و دواتریش توانی لە (جێرمان تاون)یش شکست بە واشنتۆن بهێنیت لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٧٧٧)دا. پاش ئەم شکستانە لە زستاندا واشنتۆن چووە نێو دۆڵی (فۆرگ)ەوە.

واشنتۆن دۆڵی فۆرگی کردە بنکەیەکی بەهێز بۆ سوپاکەی، هەروەها ناوچەیەکی گونجاو بوو بۆ دەربازبوون لە هەلومەرجە ناخۆشەکان و راهێنانی سەربازی سوپاکەی. ژنراڵ هێنری کلینتۆن توانی پاشەکشێ بە ژنراڵ (هۆی) بکات و بۆیە ئەویش لە شاری نیوجرسی پاشەکشەی کرد. واشنتۆن کەوتە شوێنی کاتێك لە نیوجرسی هاتە دەرەوە و هێرشی بردە سەر سوپاکەی.

واشنتۆن نەیتوانی بوو بچێتە نێو شاری نیویۆرکەوە تا ساڵی (١٧٨١). تاوەکو پاش چاوەڕوانیەکی زۆر بۆ گەیشتنی یارمەتی دەریایی و کەشتیگەلی فەرەنسی کە هاوکاریان کرد لە هێرشی (یۆرك تاون)دا کە لە ئەنجامدا ژنراڵ (کۆرن وڵز) خۆی دا بەدەستەوە و بەمەش کۆتایی بەشەڕەکە هات. پاش ئەم زنجیرە چالاکیانە لە پۆستەکەیدا مایەوە تا ساڵی (١٧٨٣) و پاش ئەم بەرواره گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی و لەوێدا بە ژیانی ئاسایی خۆیەوە خەریك بوو تا ساڵی (١٧٨٧) . لە دوای ئەم ساڵانەش گەڕایەوە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان و بەشداری کرد لە دانانی (دەستوور)دا، بێ ئەوەی مەیلی تەواوی هەبێت (واتە بە حەزی خۆی نا) بووە یەکەمین سەرەك

کۆماری  ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاش ئەوەی دوو خولی سەرۆکایەتی ئەو ولأتەی کرد، پاش تەواو بوونی خوولی دووەم بۆ خوولی سێهەم رەتی کردەوە و چونکە ئەمە بەلایەوە سەرەتایەك بوو بۆ دەسەلأتی دیکتاتۆری، بەمەش رێگای خۆشکرد بۆ کەسانی تر کە بتوانن پۆستی سەرۆکایەتی ولأت بگرنە دەست، لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا، دیموکرات و فیدرالیستەکان دەرکەوتن وەك دوو پارتی بەرچاو لە زەمینەی سیاسیدا٠

**مارسا واشنتۆن**

**خێزانی جۆرج واشنتۆ ن**، (MARTHA WASHINGON)

مارسا لە ساڵی (١٧٣١) زایینی هاتە دونیاوە لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خاوەن زەویوزار کە باوکی خاوەن کێڵگەیەکی گەورە بوو لە کەناراوەکانی ڤێرجینیا، ٠ کاتێك تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو شووی کرد بە (دانیال پەرکێ کەستیس) واتە ساڵی (١٧٤٨) کە یەکێك لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ڤێرجینیا بوو کە ئەم پیاوە لە ساڵی (١٧٥٧) مرد٠ زەویوزارێکی زۆری بەجێهێشت و هەروەها چاودێری کردنی دوو منداڵەکەشی خستە ئەستۆووە٠ مارسای بێوەژنی لاو چاوی بە جۆرج واشنتن کەوت کە ئەوکاتە جۆرج واشنتن کلۆنێلێکی سەربازی بوو لە ڤێرجینیا هەر زۆر بەخێرایی ئەم دوو کەسە خێزانیان پێکهێنا لە بەرواری نۆی کانونی دووەمی ساڵی (١٧٥٩) کە ئەو کات مارسا تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو کە جۆرج واشنتنیش تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو واتە مارسا بە ساڵێك لە واشنتن بەتەمەنتر بوو٠ بەلأم مارسا منداڵی لە واشنتن نەبوو بەلأم منداڵەکانی لە مێردی پێشووی گەلێك دڵی واشنتنیان خۆشکرد و جێگەی منداڵی نەبووی بۆ پڕکردنەوە و تەنانەت وەك منداڵی خۆشی پەروەردەی کردن، کاتێك یەکێك لە کوڕەکانی مارسا لە ساڵی (١٧٨١) دا مرد، واشنتن منداڵەکانی ئەویشی بەخێو کرد!٠ لە هەمووی ماوەی هاوسەری و تەمەنیدا مارسا هاورێ و هاوسەرەکی بەوەفا بوو بۆ واشنتن، پاش مەرگی واشنتن ئەویش لە دوای سێ ساڵ مرد لە ساڵی (١٨٠٢)دا٠

(کاتێك شەڕی نێو لە ولأتی ئینگلتەرا لە نێوان چارلزی یەکەم و ئۆلیڤەر کرۆمویلی پەرلەمانخوازدا روویدا، زۆربەی بنەماڵەی (لۆرێنس واشنتن) لایەنگری سیستەمی پاشایەتیان دەکرد، بەلأم پاش ئەوەی چارلزی یەکەم شکستی خوارد زۆربەی لایەنگرانی سیسستەمی پاشایەتی کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا و لە ڤێرجینیا گیرسانەوە لە ساڵی (١٦٥٦)دا، لە نێویشیاندا  کۆلۆنێل (جۆن واشنتن) کە نەوەی لۆرێنس واشنتن و هەروەها باپیرەی جۆرج واشنتن بوو پاش ئەوەوی زەریای ئەتلەسیان بڕی لەوێ گیرسایەوە٠

( مارسا واشنتن }MARTHA WASHINGTON{ ژنێك بوو کە لە بنەماڵەکەیەوە کە خەڵکی ویلایەتی ڤیرجینیا بوو زەویوزارێکی فراوانی بۆ بەجێما بوو لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا کاتێك بێوەژن بوو شووی کرد بە جۆرج واشنتن لە ساڵی -١٧٥٩- ئەو سامان و زەویوزارەی کە لە بنەماڵەکەیەوە بۆی بەجێمابوو بریتی بوو لە —١٧٠٠٠- }ئەکرێ{ و هەروەها خاوەنی سێصەد

کۆیلەش بوو، جۆرج واشنتن دوو منداڵەکەی کە وەك کۆلەبەست لەگەڵ خۆی هێنا بوو وەك منداڵی خۆی بەخێو کرد و پەروەردەکردنی گرتە ئەستۆی خۆی و دواتریش منداڵی منداڵەکانی مارساشی بەخێو کرد.

(واشنتن پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی دوو خولی چوارساڵان سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد بۆ جاری سێیەم خۆی نەپاڵاوت هەر چەندە کە بە پێی یاسای ئەو کاتەی وڵات دەیتوانی ئەم کارە بکات بەڵام نەیکرد و ئینجا دوای ئەم بڕیارەی واشنتۆن بوو بە نەریت و یاسا کە هیچ سەرۆك کۆمارێك بۆ نیە زیاتر لە دوو جار سەرۆکایەتی وڵات بگرێتە ئەستۆ. واشنتن گرنگی تایبەتی بە خوێندنی باڵا دەدا و لە هەمان کاتیشدا لە رووی سەربازیشەوە گەلێك توندوتۆڵ بوو لە سەردەمی سەرۆکایەتیەکەی هەلومەرجی سەر لەنوێ دەست پێکردنەوەی جەنگ لە نێوان فەرەنسا و ئەمریکادا رەخسا بەڵام بە لێهاتوویی خۆی توانی رێی لێبگرێت.

}لە مانگی (اوت) ساڵی (١٧٧٦) لە رۆژی(٢٨) ئەو مانگەدا جەنگی (لانگ ئایلاند) لە نێوان سوپاکانی جەنراڵ جۆرج واشنتنی سەرکردەی سەربەخۆخوازانی ئەمریکایی و و سوپاکانی ئینگلتەرادا روویدا و بۆ مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشی ئازادیخوازەکان هاتبوون، لە ئاکامی ئەم شەڕە و شەڕەکانی دواتر جەنگەکانی ناسراو بە جەنگەکانی سەربەخۆیی دەستی پێکرد. بەهۆی کەمی ژمارەی ئەمریکاییەکان لەم شەڕەدا بەزین و سوپای ئینگلتەرا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و جۆرج واشنتن لەگەڵ زیان لێکەوتنێکی فرە و زەوەند بەرەو نیوجرسی پاشەکشەی کرد.{.

دەستووری ئەمریکا –ساڵی }١٧٧٩{

}لە هاوینی گەرمی ساڵی (١٧٧٩) دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە فیلادلفیا دانرا، گرنگترین و سەرەکیترین ئاستەنگ کە لە رووناکی دەستوردا دەبووایە چارەسەر بکرایە بابەتی هیز و دەسەڵاتی دەوڵەت و هەڵبژاردنی دەوڵەتی یاسایی و دیموکراسی لە لایەن گەلەوە بێت چونکە هێشتا لەو سەردەمەدا پارتە سیاسیەکان دەرنەکەوتوو بوون. جۆرج واشنتن و بەدیهێنەرانی تری دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بانگەشە سیاسی و موناقەشە و کێشە نانەوە و بەدەست هێنانی ئیمتیاز و هەلقۆزتنەوە و کێبەرکێیەکان و فراکسیۆنکاری و لادانی پارتە سیاسیەکان لە لایەن ئینگتەرایەکانەوە بیرەوەری خۆشیان نەبوو و لەو باوەڕەدا بوون کە ئەمریکا بە بێ سیستمی حیزبی باشترە، بەمجۆرە هەڵبژاردن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و پەسەندکراو لە لایەن هەموو هێزە جەماوەریەکانەوەن بەبێ دروستبوونی پارت و حیزبی سیاسی دەستی پێکرد و جۆرج واشنتن بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن گەلەوە وەك یەکەمین سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا.

بەمجۆرە جۆرج واشنتن و هاورێکانی بە بێ ترس لە شکست و دژواریەکان بنەمای دەوڵەت و گەلێکی ئازاد و بەهێز و باوەڕدار بە نیشتمان و ئازادی و هاوکات لەگەڵ بوونی ئیرادەیەکی بەهێزو خۆشبین بەرامبەر مێژوو و داهاتوو و زاڵبوون بەسەر دژواریەکاندا نا.

جـێگای ئامـاژە پێکـردنە کـە بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی سیاسـی ساڵەکانی دانانی دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمــریکا و هەڵبژاردنــی یەکــەمین ســەرەك کــۆمار (جــۆرج واشــنتن) لــە رووی گەشـەکردنی ئابـووری و هەسـتی سیاسـی لەگـەڵ ئەمـرۆدا گەلـێك جیاواز بوو لە صەددا نـەوەدی گـەلی ئەمریکـی خەریکـی جوتـیاری و ئـاژەڵ بەخێوکـردن وەك ئاژەڵەکانـی مانگا و بەرازو مەڕ و پەلەوەر و ئەسپ و ...هتد، بوون.

زۆربـەی خێـزانەکان خاوەنـی کـێڵگەی سەربەخۆی خۆیان بوون هەموو ئەندامانی خێزان بە نێرو مـێوە بـە پـێکەوە لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، چاندنی گەنم و پەموو لە بەرهەمە سەرەکیەکانیان بـوو. لـە شـارەکانی وەك بۆسـتۆن، فیلادولفـیا، و نـیوۆرك بازرگـان و خاوەنـی کارگـە بچـووکەکانی پیشـەی دەسـتی چالاك بـو بـوون و کاریـان دەکـرد. ئەم گروپە تازە دەرکەووتووە لە رێگەی کڕینی ئـەو بەرهەمانـەی کـە جوتـیاران بەرهەمـیان دەهێنا و لە پێداویستی خۆیان و خێزانەکانیان زیاتر بـوو و هـەروەها لـە رێگەی فرۆشـتنی ئـەو کەرەسـتانەی کـە پێداویسـتی کـێڵگە و جوتـیاران بـووو بەسـوود وەرگـرتن لـەو هەلـومەرجە گـونجاوەی کـە دەوڵەتـی تـازە دروسـتکراوی جـۆرج واشـنتن رەخسـاندبووی رۆژ بـە رۆژ لـەبیری زیاتـر دەوڵەمەندتـربوون بـوون بەمـەش سـەرەتای گەشـەکردنی ئابـووری هـەر لەسـەردەمی سـەرۆکایەتی جـۆرج واشـنتنەوە دەسـتی پێکـرد.وڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمـریکای ئەوکاتـە لـە دەرزیـەوە تاوەکـو کفـن پێویسـتی بەهەمـوو شـتێك هەبـوو .دروسـتبوونی پیشەسـازیە بچووك و گەورەکان و کەشتی سازی و بلاوبوونەوە و تەشەنەکردنی بازرگانیو دروست بوونــی بانکــەکان و دروســتکردنی رێگــا و شــارێکانی بازرگانــی هەمــوویان ئــەو پێداویســتیە هەنووکەیانە بوون کە لەبەردەم دەوڵەتەکەی واشنتۆندا بوون.

}دەسـتووری وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـریکا، تـا سـاڵی (١٧٧٦) هەمـوو هەرێمەکانـی ئەمـریکای باکـوور (سـیانزە ولایـەت) بـە داگیرگـەی ئینگلـتەرا دادەنـران، ئەگەرچـی ئـەم ویلایەتانــە لــە بەرێوبردنـی کاروبـاری نێوخۆیـی ئـازاد و سـەربەخۆ بـوون، بـەلاّم لـە راسـتیدا هەمـوو بـڕیارەکان بەگشـتی لـە لایەن پەرلەمانی ئینگلتەراوەوە دەردەچوون. لەساڵی (١٧٧٥) لە فیلادولفیا کۆنگرەیەك بەسـترا و لـەو کۆنگـرەیەدا جـۆرج واشـنتن کـرا بـە فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی شۆرشـگێڕ. ئـەم کۆنگـرەیە لـە سـاڵی (١٧٧٦) سـەربەخۆیی ئەم سیانزە ویلایەتەی راگەیاند لە وڵاتی ئینگلتەرا، پاش چـەندین وتـوێژ و راگۆڕیـنەوە لـە نێوان حاکمەکانی ئەم ویلایەتانەدا دەرەنجام کۆنگرەی فیلادلفیا لـە رۆژی هەڤدەی سێپتامبەری ساڵی (١٧٧٨) ز دەولەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای راگەیاند و دەسـتووری وڵاتیشی بە رەزامەندی پەرلەمانی ویلایەتەکان دانا { ـــ لە ساڵی (١٧٩١) بەدواوە ئیتر ئەو سیوحەوت ویلایەتەی تر هێدی هێدی بە خواستی خۆیان پەیوەندیان بەم یەکێتیەوە کرد.

چـوار سـاڵ پـێش ئـەم بـەرواره واتە لە ساڵی (١٧٨٣) ئەمریکا توانی سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت و لـە کۆنیالیزمـی ئینگلـتەرا رزگـاری ببـێت. سـێ کـەس لـەم رۆژەدا کۆبـوونەوە و پێکەوە دەستووری وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـریکایان نووسـی، ئـەو سـێ کـەش بریتـی بـوون لـە جێمـز مادیسـۆن و

بونـیامین فـرانکلین و جوّرج واشـنتوّن، ئـەم سێ کەسـە لـە فیلادلفیا پـێکەوە کۆبـونەوە و تا یاسا پێویسـت و گونجاوەکانـی دەوڵەتـی فـیدراڵ و لەگـەڵ دوو ئەنجمـوومەندا بنووسـن. دەسـتووری کۆنفیدراسیۆن، پـاش چـەند رۆژێـك لـەدوای بەجێهێشـتنی ئینگلـتەرا دانـرا. دەقـی نـێو کاغـەزی دەسـتوورەکە لـە کۆنگـرە (کۆنگـرێس) وەك سەرچـاوەی دەسـەڵاتی ناوەنـدی و هەبوونـی بـڕیار لـە بوارەکانـی وەك کاروبـاری دەرەوە، هـەروەها راگەیانـدنـی جـەنگ و دەرکـردن و چـاپکردنی پـارە جـەخت کـرابوویەوە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا لـە بابەتەکانی وەك کاروبـاری بانکی و لەشکرکێشی دەسـەڵاتی سـنووردار و ئەرکـی سـەرەکی لـە ئەسـتۆی دەوڵەتـدا بـوو. لەسـاڵی (١٧٨٦) لەسـەر پێـنج بـنەڕەت لـە دەسـتووردا رێکنەدەکەوتن و بـۆ ئـەم مەبەسـتە نوێنەرانـی پێـنج ویلایـەت چـوون بۆ فیلادلفیا بـۆ ئـەوەی سـەبارەت بـەم بنەڕەتانە بکۆڵنەوە، ئەوە بوو لە رۆژی بیست و نۆی (مەی) ( ١٧٨٧) نوێـنەری ویلایەتـەکان ئامادەبـوون جگـە لـە نوێـنەری ویلایەتـی (رودئایلەنـد) لـە هۆڵـی سـەربەخۆیی (hall) کۆبـوونەوەکەیان ئـەنجام دا، لـە ئاکامـدا جۆرج واشنتن وەك سەروکی لیژنەی دەسـتووری هەڵبژێـردرا و بـۆ مـاوەی سێ مـانگ بە سەرۆکایەتی ئەو هەموو بنەڕەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵـی لێکۆڵیـنەوەیان لەسـەر کـرا. بەهـۆی ئـەو جـیاوازیانەی سـەبارەت بـە سـەلاحیەت و بەرپرسـیارێتیەکان دروسـت بـوو بـوون، بڕیاریان دا کە ئەنجومەنێکی (راوێژکاری)ش بۆ سیستەمی یاسـادان و بەرێوەبردنـی ولات دابنـرێت تـا لـە ئاسـتێکی بەرزتـرەوە سـەبارەت بەمجۆرە بابەتانـە بکۆڵێتەوە.

لـە هەڤـدەی سـێپتەمبەری سـاڵی (١٧٨٧) و لـە لایەن (٤١) ئەندام لە (٣٨) ویلایەتەوە، دەستووری ولاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـریکا واژوو کـرا، لـە حەوتـی دێسـەمبەری سـاڵی (١٧٨٧)یشـەوە لـە لایـەن پێنجـی ویلایەتەوە (جۆرجیا، پەنسیلوانیا، نیوجرسی، دلاوێر، کونتاکی) بە رەسمی ناسراو و دانیان پـێدا نـا. هەنـدێك لـە ویلایەتەکانـی تـری وەك (ماساچوسـت) رەخـنەی ئاراستەی دەستووری ولات کـرد، چونکە بـە مافەکانـی وەك ئـازادی را دەربـڕین و مافی مرۆڤ و ئازادی لە بواری چاپەمەنی و ئـازادی بـیرو بـاوەڕ (ادیـان) کـەمتر ئاماژەکـرا بـوو. لـە فـوریەی سـاڵی (١٧٨٧) ویلایەتەکانی تر بەو مەرجـەی کـە یاسـا بنەڕەتـی و و مـادە یاسـاییەکان کـە جیاوازی رایـان لەسـەر بـوو ببوژێنـرێتەوە، دەسـتوورەکەیان پەسەند کرد و بە رەسمی دانیان پێدا نا، بە شێوەیەکی فەرمی لە چواری مارسی ( ١٧٨٩) دەسـتوور خـرایە بـەردەم دەوڵـەت بـۆ ئـەوەی بـە پێـی ئـەم دەسـتوورە هەڵسوکەوت بکـات و کارەکانـی رابپەڕێنـێت. لـە بیسـت و پێنجـی سـێپتەمبەری (١٧٨٩)یـش دوانـزە بـنەڕەت پێشـنیاری دوانـزە بـنەڕەت کـرا بـۆ ئـەم دەستوورە و ئەوە بوو دە بنەڕەت لەم بنەڕەتە پێشنیارکراوانە خرانە سـەر دەستوور . ویلایەتی رودئایلەند هێشتا نارەزایی خۆیی دەردەبڕی سەبارەت بەم دەستوورە، تا لـە لایـەن دەوڵەتـی ناوەندیەوە بە گەمارۆدانی ئابووری هەڕەشەی لێکراو بە دوای ئەمەدا لە بیست و نـۆی (مـەی) ساڵی (١٧٩٠) بە رەسمی پەیوەندیکردنی خۆیی راگەیاند و بەمەش دەستووری ولاتـە

یەگرتووەکانی ئەمریکا دانراو خرایەگەر لە ولاتدا، رۆژنامەی شەرق چهارشنبه ٦خرداد ١٣٨٣ - ٦ ربيع الپانی ١٤٢٥ - ٢٦می ٢٠٠٤ )

**پارتی فیدراڵی** (FEDERALIST PARTY)

پارتی فیدراڵی یەکێك بوو لەو دوو پارتە سیاسیەی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە داوای سیستەمی فیدراڵی دەکرد بگرە لە جیهانیشدا، کە مێملەکەی پارتی (کۆماری دیموکراتخواز) بوو، لەو کاتەدا کە جۆرج واشنتن سەرۆکی لیژنەی دەستووری بوو بۆ دارشتنی دەستوور و هەروەها لەماوەی خوولی یەکەمی سەرۆکایەتی جۆرج واشنتن توانی پارتی بەرامبەر ببەزێنێت و کاروباری ولات بگرێتە ئەستۆی خۆی تاوەکو لە ساڵی (١٨٠٠) بەرامبەر بە (جۆن ئادامز) لە هەڵبژاردندا شکستیان هێنا٠

لەسەر دیواری ئەو ماڵەی کە کاتی خۆی تێیدا دەژیا و ئێستاش بووەتە مۆزەخانەیەك لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نووسراوە:

( مۆنت ڤێرنون، ماڵی شۆرشگێری ئەمریکایی و پاڵەوانی شەرەکانی رزگاریخوازی ئەمریکایە، ئەم خانووە لە ڤێرجینیادایە و نزیکەی سیانزە میل (دوانزە کیلۆمەتر) لە شاری واشنتن دی سیەوە دوورە لە یەکێك لە پارچە زەویەکانیدا دروستکراوە کە رووبەرەکەی (٥٠٠) ئەکرێیە،(ئەکرێ ( acre): یەکەیەکی پێوانی زەویە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بریتیە لە ٤٣٥٦٠ پێ چوارگۆشە کە بە نزیکراوەیی دەکاتە ٤٠٤٧ مەتر چوارگۆشە) ئەو ستون و کۆڵەکانە بەردەم یا رووی ئەو خانووە پیشان دەدات کە دەکەوێتە رۆژهەلاتی رووباری (پۆتاماك) و بەسەر ئەو رووبارەدا دەروانێت)

( جۆرج واشنتن و یەکەمین کابینەی حکومەتەکەی، سکرتێری واشنتن بۆ کاروباری دەوڵەت تۆماس جێفەرسۆن، سکرتێری واشنتن بۆ کاروباری ئابووری ئەلیکساندەر هامیلتۆن، کە لە وتوێژ و راوێژدان سەبارەت بە سیاسەتی ئابووری ئیدارەی حکومەتەکەی واشنتن)

(لە سێی ژوئیەی ساڵی (١٧٥٤) هێزە ئەمریکاییەکان بە سەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن لە لایەن هێزەکانی فەرەنساوە تووشی شکست هاتن لە دۆڵی ئۆهایۆ دا٠)

بیروباوەری ئایینی جۆرج واشنتۆن: (Religious beliefs)

(هەر چەندە جۆرج واشنتۆن هەڵگری بیروباوەری ئایینی مەسیحی بوو بەلام یەکێکە لەو سەرۆك کۆمارانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە شوێنکەوتەی رێبازێکی تایبەتی نێو ئایینی مەسیحی نەبوو، بەلام باوەرێکی پتەوی بە خودا هەبوو، بەلام وای نەدەزانی (یان وای بە پێویست نەدەزانی) کە خودا دەست بخاتە نێو کاروباری دونیاییەوە لە رێگای پەرچووەکانەوە }موعجیزە) و سروشەکانەوە٠ بیروباوەرە ئایینیە نا رەسمیەکانیشی دەچوونە ریزی خودا ویستی و خوداپەرستیەوە بەبێ نیاز بە مورشید و رینۆماییکار، هەرچەند گوێرایەڵ و خزمەتگوزار بوو

وەك ئەفسەرێك لە ریزی ئەوكاتەی سوپا سەرەتاییەكی وڵاتەكەیدا ئەو كاتانە پەیڕەوكاری كڵێسەی ئۆسقۆفی بوو كە خێزانەكەی (هاوسەرەكەی) ئەندامێكی چالاك بوو تێیدا٠

واشنتۆن بە یەكێك لە یەكەمین كەسەكان دادەنرێت لە بانگهێشتكردنی هەمووان بۆ رێبازێكی ئایینی گشتگیری كە سەرجەم بڕوادارانی مەسیحی بەهەموو رێباز و تەریقەتەكانیەوە لەخۆ بگرێت٠ لە ساڵی (١٧٩٠) بە نووسراوێك كە ئاراستەی گەل كرا بوو (هەركەسێك كە بیروڕای توندرەوانە بڵاو بكاتەوە ئەوە رێگەی پێنادرێت٠٠٠چەوسێنەر داڵدە نادرێت ٠٠٠لەوانەیە وەچەكانی ئەبراهام كە لەم نیشتمانەدا گیرساونەتەوە، بەردەوام بن لە مومارەسەكردنی بیروباوەكانیان و باشیش بن لەگەڵ دانیشتوانەكانی تریشدا، بەڵام دەبێت هەركامیان لە ژێر داری هەنجیر و بێستانی خۆیدا بێت نابێت هیچ كەسێك بۆ كەسێكی تر بێتە جێگای ئازار و ترساندن، شایانی باسە ئەم پەخشنامەیە لە لایەن كۆمەڵگەی یەهودی نیشتەجێی ئەمریكاوە بە رووداوێكی گرنگ و خاڵێكی وەرچەرخان سەیر كرا چونكە تا ئەو كاتەش لە لایەن مەسیحیەكانەوە دەچەوسێنرانەوە، لە دوای هەزارەها ساڵ ئیدی یەهودیەكانیش بە مافە سیاسی و و ئینسانیەكانی خۆیان شاد دەبن)

كاتێكیش ئەمریكاییەكان توانیان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن و لە وڵاتی ئینگلتەرا خۆیان رزگار بكەن سەرۆك واشنتۆن لە یەكەمین وتاریدا وەك یەكەم سەرەك كۆمار ئەم وڵاتە وتی ( هیچ گەلێك هێندەی گەلی ئەمریكی شایستەی ئەوە نیە كە رێز لە زاتی باڵا بگرێت كە كاروباری مرۆڤەكان رێدەخات، چونكە هەر هەنگاوێگ بۆ سەربەخۆیی هەڵدەگرین سێبەری ئەو زاتە بەسەرمانەوە زیاتر نومایان دەبێت٠ (canoon.org.ebook.htm)٠

(جەنگەكانی حەوت ساڵەی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا(١٧٥٦-١٧٦٣)٠ هۆكاری سەرەكی ئەم جەنگانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان خاوەنداری لەسەر ئەمریكای باكوور بە تایبەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و كەنەدا٠ كە لە كۆتاییدا ئەم شەڕانە بوو بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی فەرەنسا لەم ناوچە و هەرچی زیاتر بوونی دەسەڵاتی ئینگلتەراش لەو ناوچەیەدا٠ لەئەنجامدا لە ساڵی (١٧٦٣) بە پێی پەیماننامەی پاریس، فەرەنسا بە شێوەیەكی تەواو دەسەڵاتی لە ئەمریكادا كشایەوە، لەم ساڵانەدا ئەمریكا تەنیا سیانزە ویلایەت بوو كە تاڕادەیەك هەموویان كەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئینگلتەراوە، لەبەر ئەوەی ئینگلتەرا خۆی بە تاكە دەسەڵات لە ناوچەكەدا دەبینی و هەروەها ئەو خەرجیە زۆرانەی كە لە ئەنجامی داگیركردنی ناوچەكانی تر لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەو لەشكر كێشیانەی كە بۆ ئەو ناوچانەی دەكرد پێویستی بە پارەیەكی لە رادەبەدەر بوو بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانی كە ئەم كەمهێنانی پارەیەشی دەیویست لەسەر حیسابی ئەمەریكیەكان پڕ بكاتەوە بۆ ئەم مەبەستە باجی قورستر و زیاتری خستە سەر ویلایەتە جیاوازەكانی ئەمریكاوە، روونە ئەنجامی ئەم جۆرە كردار و سیاسەتانەش توڕەبوون و بێزاری دانیشتوانی لێدەكەوێتەوە بەهەموو چین و توێژەكانیەوە، سەرەڕای ئەمەش دانیشتوان جۆرە

گونجاندنێكیان لەگەڵ نیشتمانی نوێدا پەیدا كردبوو بەڕادەیەك چیدی پێویستیان بە وابەستە بوون بە نیشتمانی دایكەوە (ئینگلتەرا) هەست پێنەدەكرد٠

بەتایبەتی ئەو باجە قورسانەی كە دەوڵەتی ئینگلتەرا لە نێوان ساڵانی (١٧٦٤-١٧٧٤) بەسەر ویلایەتە جیاوازەكانی ئەمریكادا سەپاندی بە تایبەتی یاسا گومركیەكانی وەك( Sugar Act , Tea Act , StampAct) ئەوەندەی تر دانیشتوانی ئەمریكای توڕە و بێزار كرد، و بۆ ئەم مەبەستەش چەند رێگایەكیان گرتە بەر بۆ دژ وەستانەی ئەم سیاسەتەی ئینگلتەرا ئەو رێگانەش بریتی بوون لەمانە:

ــــ گەلێك لە خەڵكی دەست لە كڕینی شت و مەك و بازرگانیكردن هەڵگرت بەو مەبەستەی گومرك و باج نەدەن بە دەوڵەتی ئینگلتەرا٠

ــــ هەندێك دەستیان دایە یاخیبوون و خۆیان لە دانی باج دەدزیەوە و بە قاچاخچێتیەوە خۆیان خەریك دەكرد٠

ــــ هەندێك لە خەڵكی توند و پەڕگیریش دەستیان دایە چەك لە دژی ئینگلتەرا( ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەم چەك هەڵگرتنە بۆ مەبەستی نیشتمانی و رزگار بوون لە دەسەڵاتی داگیركەر بێت بەڵكو ئەم جۆرە یاخیبوونە بۆ مەبەستی بازرگانی و نەدانی باج و قاچاخچێتی بووە)

ــــ گروپێكیش پەیدابوون كە لە راستیدا ئامانجی نیشتمانپەروەریان هەبوو و ئەم هەلەیان قۆزتەوە و لە تووڕەیی گەل سوودیان وەرگرت بۆ ئامانجەكانیان كە لە سەربەخۆییدا خۆی دەبینیەوە*(دەتوانین بڵێین ئەمانە كاریگەرترینی ئەو گروپانە بوون كە فشاریان خستبوویە سەر ولاَتی ئینگلتەرا چ لە رووی سەربازی و هێزەوە چ لە رووی سیاسیەوە)٠

ئەم ململانێیەی نێوان دانیشتوانی ئەمریكا و ولاَتی ئینگلتەرا ئەم كێشەیە لە لایەن لیژنەیەكەوە كە بە پێی كۆنگرەی (فیلادلفیا) دروستكرا بوو لە چوارچێوەی (جاری سەربەخۆیی- indepence declaration) لە بەرواری دووی ئووتی ساڵی (١٧٧٦) بە واژووی زۆرینەی ئەندامانی كۆنگرەی (فیلادلفیا) ئەم كێشەیە چارەسەر كراو ئەمەش دوو ئاكامی لێكەوتەوە:

یەكەم: لە ناوخۆدا بەرەی سەربەخۆخواز تاڕادەیەك توانی چالاكیەكانی بەر لە پێشتر بۆ سەربەخۆیی چالاكتر بكات و بە گۆڕ و تینێكی زێترەوە سەرلەنوێ بێتە مەیدانەوە٠

دووەم: لەسەر ئاستی دەریشەوە ئەوا كۆمەك و پیتاكی بە لێشاوی نەیاران و دوژمنانی ئینگلتەرا بە تایبەتی ولاَتی فەرەنسا پەیتا پەیتا دەگەیشت بۆ شۆڕشگێڕان كە ئەمەش هۆكارێكی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی رووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕان لەدژی ولاَتی ئینگلتەرا٠

ئەم رووبەڕوو بوونەوە و جەنگانە لە گەڵ ئینگلتەرادا تا ساڵی (١٧٨١) بەردەوام بوون بەدەركەوتنی سەرەتاكانی لاوازیەكانی ئینگلتەرا لە ویلایەتەكانی ئەمریكادا لە رووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕان، ئەوە بوو ئەمریكیەكان لە ساڵی ساڵی (١٧٨٣) توانیان بە شێوەیەكی فەرمی و رەسمی بە پێی پەیمانی (پاریس) سەربەخۆیی لە ئینگلتەرا وەربگرن٠ ئەم سەربەخۆییە تەنیا سیانزە ویلایەتی ئەو كاتەی ئەمریكای دەگرتەوە كە دەكەوتنە رۆژهەڵاتی ئەمریكا و كەناراوەكانی زەریای ئەتڵەسیەوە٠ پاش بەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئەمریكای ئەو كاتە ئاراستەی خۆی بەرەو ناوچە

رۆژئاوایــیەكان گــۆڕی و تــا گەیشــتن بــۆ ئــەوێ ناوچــەیەكی زۆری لــە ســوور پێســتەكان داگیركــردو هــەروەها هەنــدێك ناوچــە كــە هێشــتا لەژێــر دەســەلاتی فەرەنســیەكاندا بــوو كــڕی وهــەروەها لــە ساڵەكانی پاشـتریش پـاش ئـەوەی چـەند شـەڕێكیان لەگەڵ مەكسیكدا كرد چەند پارچەیەكیان لەم ولاتــە جــیا كــردەوە و و ویلایەتەكانــی باشــووریان لێ پێكهێــنا بەمجــۆرە ویلایەتــە یەكگرتووەكانــی ئەمریكا لە ساڵەكانی پاشتر سنووری خۆی فراوان كرد كەناراوەكانی زەریای هێمن لە رۆژئاوادا)

(باوكـی جۆرج واشنتۆن ناوی ئەگۆستین بوو، كە پیاوێكی خانەدان و دەوڵەمەند بوو كە خاوەنی ژمارەیەكـی زۆر لــە كــێڵگەی كشــتوكاڵی بــوو و ژمارەیەكــی زۆریــش لــە كــۆیلە (slaves) كــە هــی خۆیـبوون تێـیدا كاریان دەكرد و گرنگترین ئەو بەروبوومانەی كە لە كێڵگەكانی بەرهەمی دەهێنان بریتـی بــوون لــە تــووتن (tobacco) و بــرنج (rice) كــە بەمــەش بڕێكــی بــاش لــە پــارەی دەســت دەكـەوت و رۆژبـەرۆژ زیاتـر دەوڵەمەندتـر دەبـوو٠واشـنتۆن حەزی لە سواری ئەسپ بوو و ئەمەش وایكـردبوو كـە سوارچاكێكی بـاش بـێت٠ یەكێكـی تـر لە ئارەزووەكانی واشنتۆن بریتی بوو لە راوە شـكار و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چـەند كاتـێك لـە كاتەكانـی خـۆی تـەرخان كـردبوو بـۆ راوەشـكار لـە كێڵگەكانـی و هـەروەها لـە راویشدا زیاتر حەزی لە راوكردنی مراوی كێوی بوو كەلە ناوچانە لەبەر ئــەوەی رووبــاری لێــبوو تــا رادەیــەك فــراوان بــوون!!٠ لــە بــواری زانستیشــدا هەرچــەندە هــیچ خوێندنێكـی رەسمـی و ئەكادیمـی نەبـوو*(ئەمـەش دەكـرێت لەبـەر ئـەوە بـوو بـێت نەیویسـتووە كاتەكانــی بــە فێربوونــی خوێــندنەوە بەفێــرۆ بــدات كــە بــێگومان لــەو ســەردەمەدا وەك ئیســتا پێشـكەوتوو نەبـووە و بگـرە لەوانەیـە ئاسـتی خوێندنـیش لاواز بـوو بـێت بـەلام بـە پێـی هەندێك سەرچـاوە دەووتـرێت لەبـەر ئـەوەی جـۆرج واشـنتۆن لـە بنەماڵەیەكـی خانـەدان بووە لە مامەڵەوە بەهـۆی مامۆسـتای تایـبەتەوە فێـری خوێـندەوار ەو زانسـتەكان بـووە بـە تایبەتی زانستی بیركاری) بـەلام لـە زانسـتی بیركاریـدا دەسـتی بـالای هەبـوو ٠ هـەروەها لـە بـواری پیشەشـدا كـە هەمدیسـان پەیوەندیەكـی پتەوی بە زانستە ئەندازە و بیركاریەوە هەیە ئەوا واشنتۆن پیشەكەی بریتی بوو لە رووپـێو -المساح- surveyor) كـە تـا ئەو كاتەی بەم پیشەیەوە خەریك بوو گەلێك لە نەخشەی بۆ كەسـانی سـاماندار و دەوڵەمەنـد بـوو دروسـت كـرد كـە بـریتین لـە نەخشەی موڵكەكانیان ئەمە لە كاتێكدا كە تەمەنی تەنها شانزە ساڵان بوو!!!٠

لە ساڵی (١٧٥٤) شەڕی نێوان ئەمریكایەكان و فەرەنسیەكان دەستی پێكرد و جۆرج واشنتۆن وەك فەرمانـدەی شۆڕشگێڕانی ئەمریكایی هەڵبژێردرا٠ شایانی باسە پەیوەندی لە نێوان ئەمریكیەكان و نیشـتمانی دایكـدا (ئینگلـتەرا) زۆر خـراب نەبـوو تـا ئـەو كاتـەی ئینگلـتەرا داوای قەرەبـووی لـە ئەمـریكیەكان دەكرد چونكە دەیووت لە شەڕەكاندا زیانی پێكەووتووە ئەو شەڕانەی كە بوونە هۆی ئـەوەی بازرگانـی ئینگلـتەرا تـا رادەیـەك بـاش بووەستێت لە ئەمریكادا و بۆ ئەم مەبەستەش داوای قەرەبـووی لـە ئەمـریكائیەكان دەكـرد بەلام ئەمە لە لایەن ئەمریكاییەكانەوە بە هەند وەرنەگیرا و بگـرە رەتیشـیان كـردەوە٠هـەر لەو ساڵانەدا بوو كە كۆنگرەی دەستووری دووەم ( كۆنگرێسی دووەم- second continetal congress) پـێكهات و ئـەم كۆنگرێسـەش بـڕیاری دا كەوا جۆرج واشنتن پلـەی ژنراڵـی پـێ ببەخشـرێت ببێتە سەركردەی سوپا٠ بۆ یە لەو كاتەدا شۆڕشگێڕان كە بە سوپای

ویلایەتـەکان دەناسـران ژمارەیـان چواردە هەزار کەس دەبوو لەسەر دەستی جۆرج واشنتن دەستیان کـرد بـە مەشـقکردن و بەمـەش تـوانای سـەربازیان گەشەی کرد. لە نۆزدەی ئەپریلی ساڵی (١٧٧٥) جـەنگ لـە نـێوان داگیرگـەکان و ئینگلتـەرای مەزنـدا دەسـتی پێکـرد چەند شەڕێك روویاندا لەوانە جەنگی (لیکسینگتۆن-lexington) و جەنگی (کۆنکۆرد-concord) لـە ویلایەتـی ماساچوست. واشـنتن هێزەکانـی خۆیـی لـە رووبـاری (دیلاوەیـر- Delaware) پەڕانـدەوە، } جـل سـوورەکان - Redcoats) بە سەربازەکانی ئینگلتەرا دەووترا بە تایبەتی لەکاتی شەڕەکانی لەگەڵ داگیرگەکانی ئەمـریکادا چونکە سەربازە ئینگلتەراییەکان جل و بەرگی سەربازی سووریان دەپۆشی{ نەیانتوانی لەو رووبارە بپەڕنەوە چونکە بەلەمیان نەبوو کە پێی بپەڕنەوە.

ژنـراڵ جۆرج واشنتن وای بیر دەکردەوە کە تەنها سوپاکەی دەتوانێت جەنگی بەرگریکارانە بکات واتـە بەرگری لە خۆیان بکەن نەك ئەوەی هێرش بەرن ئەمەش مانای ئەوەیە کە تا دوژمن هێرش نەکات ئەمان دەست نەکەن بە هێرش و شەڕ کردن. بەڵام هەلێك رەخسا بۆ واشنتن ئەویش هاتنی جەژنـی سـەری سـاڵ ئاهەنگـی کریسـمەس بـوو کـە جلسوورەکان لـە نـێو کەمـپەکەیاندا خەریکـی ئاهـەنگ گێـڕان بـوون بەبـۆنەی سـەری ساڵی تـازە و لـە دایکبوونـی عیسای مەسـیحەوە و هەرگیز چاوەڕوانی ئـەوەیان نەدەکـرد کـە واشـنتۆن و سـوپاکەی هێـرش بکات بۆیە خۆیان بۆ ئامادەنەکرد بـوو بـەڵام واشـنتۆن هێرشـێکی غافڵگیرانـەی کـردنە سـەر کەمـپەکەیان کـە بـە کەمپـی (تـرینتۆن --Trenton) ناسـرابوو ئـەوە بـوو لـە ئەنجامـدا توانـی سـوپای ئینگلـتەرا تووشـی شکست بکات. شـایانی باسە جۆرج واشنتن لە هەموو ئەو شەڕانەی کە بەشداری کردبێت هەمیشە وەك سەرباز لە پێشـەوەی بەرەکانـی شـەڕدا بـووە و بۆیە هەمیشە جێگای متمانەی سەربازەکانی بووە و بە بینینی ورەیــان بەرزتــر بــووەتەوە و زیاتــر هەوڵــی بەرەنگاربــوونەوەی دوژمنانــیان داوە و تەنانــەت مێژوونووسـان باسـی چونیەتی شـەڕکردنی واشنتۆنیشیان لـە بەرەکانی جەنگدا کردووە بەجۆرێ جارێکیان لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و کڵاوەکەی لەسەر سەری دەکەوێت ئەویش لە تاو پەلامارەکانـی دوژمـندا ناتوانـێت کڵاوەکـەی هەڵبگـرێتەوە و لەسـەر جـەنگ کـردنەکەی بـەردەوام دەبـێت بە جۆرێك عارەق لە نێوچەوانیدا دەهاتە خوارێ و ئەمەش ئەوەندەی تر لای سەربازەکانی خۆشەویسـتی دەکـرد. سـەرەڕای سـوودوەرگرتن لـەو هەلـە هـۆکاری تـریش هەبـوون کـە یارمەتـی ئەمریکیەکانـی دا کـە لـەو شـەڕەدا سـەر بکـەون لەوانـە چـونکە ئەمـریکاییەکان لـە پێناوی خاك و نیشـتماندا دەجـەنگان و بـۆ سەربەسـتی و سـەربەخۆیی نیشتمان دەجەنگان بۆیە خاوەنی ورەیەکی سـەربازی بـەرز بـوون. لـە زستانی ناخۆشدا کە شۆڕشگێڕە ئەمریکیەکان لە دۆڵی (فۆرج-forge) دابـوون مارسـای خێزانـی واشـنتن هات بەهانای سەربازەکانەوە ئەوانەی کە نەخۆش و زامدار بوون چارەســەری برینەکانیانــی دەکــرد. واشــنتن و خێــزانەکەی بەهەمــوو تواناياکــیانەوە لــە هەوڵــی دابینکردنـی خـۆراك و پۆشـاکی شۆڕشـگێڕاندا بـوون. فەرەنسیەکان کاتـێك بینـیان شـەڕ لـە نێوان ئینگلـتەرا و ئەمـریکیەکاندا هەڵگیرسـاوە هاوکـاری شۆڕشـگێڕەکانیان کـرد بـە پـارە و تەقەمەنـی و تەنانـەت بـە کەشـتی گەلیش. بینیامین فرانکلین یەکێك بوو لەو کەسانەی کە توانی فەرەنسا رازی بکات کە لایەنی ئەمریکیەکان بگرێت لە بەهاری ساڵی (١٧٧٨)دا.

لە ئۆكتۆبەری ساڵی (١٧٨١)دا داگیرگەكان خۆیان ئامادە كرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی جلسوورەكان. ئەمانە گەمارۆی شاری (یۆرك تاون- Yorktown) } ئەم شارە ئێستا بە شاری (ویلیامسبۆرگ- Williamsburg) ناودەبرێت كە دەكەوێتە ویلایەتی ڤیرجینیاوە{دا كە ژمارەیەكی زۆر لە سوپای ئینگلتەرای تێدا بووو هێرشیان كردەسەر و بەمەش جەنگی یۆرك تاونیان بردەوە. ئەم شەڕە دوا شەڕی گەورەی شۆڕشگێڕی بوو، لە ئەنجامدا پەیمانی ئاشتی(پاریس- Paris) مۆر كرا لە سێی سێپتەمبەری ساڵی (١٧٨٣).

پاش كۆتایی هاتنی شەڕەكان جۆرج واشنتن بوو بە سەرۆكی ئەنجومەنی دەستووری، لەو ماوەیەدا ئەو بەندانەی كە هەیبوون ئازادی كردن* } هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە واشنتن خاوەنی ژمارەیەكی زۆر كۆیلە بووە كە كاروباری كێڵگەكەی خۆی پێ ڕاپەڕاندوون، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت كە ئەم كەسایەتیە كەسێكی هەلپەرست بووە چونكە هێشتا لەو سەردەمەدا كۆیلەداری شتێكی ئاسایی بووە{چونكە خاوەنی هەست و بەزەیەكی زۆر بووە، پاش ئەوەی وەك یەكەمین سەرۆك كۆماری ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەڵبژێردرا زۆربەی خەڵكی داوایان لێكرد كە ببێت بە پاشای وڵات بەڵام ئەو ئەمەی ڕەتكردەوە و وتی ئەمریكا ماوەیەكی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی پاشادا بووە و (مەبەستی پاشای ئینگلتەرا بوو) چیدی ئەوەش بۆ هەمیشە بەسە.

هەڵبژاردنی جۆرج واشنتۆن بۆ سەرەك كۆماری:

دوا كاری كۆنگرێس ڕێكخستنی هەڵبژاردن بوو كە لە ڕۆژی چواری مارسی ساڵی (١٧٨٩) ئەنجام درا ئەو ڕۆژەی كە دەوڵەتی نوێ بەشێوەیەكی ڕاستەقینە لە دایك بوو. ناوی كەسێك وەك سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەر زمانان بوو ئەویش جۆرج واشنتۆن بوو و لە ڕۆژی ٣٠ ئەپریلی (١٧٨٩) بە كۆی دەنگی كۆنگرێس بوو بە سەرەك كۆمار. پاشان جۆرج واشنتۆن بە وتارێك كە پاش ئەو هەموو سەرەك كۆمارێك كە ئەو پۆستەی وەردەگرت بوو بە نەریتێك و دەیانووتەوە سوێندی خوارد كە ئەو ئەركەی كە پێی سپێردراوە بەباشی ڕاپەڕێنێت و بەهەموو توانایەكیەوە لە بەرگریكردن لە وڵات و دەستووری وڵات بكات. كاتێك جۆرج واشنتۆن هاتە سەر حوكم دەستووری وڵات هیچ پاڵپشتێكی ئەو تۆی نەبوو تەنانەت لە لایەن جەماوەریشەوە پشتیوانی لێنەدەكرا. سەرەڕای ئەوەش دەولەت پێویستی بە سەرچاوەی دارایی بوو. هیچكام لە ویلایەتەكان باجەكانی ئەوتۆیان نەدەدا، تا دروست نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری یاساكان جێبەجێ نەدەكران. سوپا هێشتا ژمارەی زۆر كەم بوو هێزی دەریایی هێشتا پێك نەهاتبوو.

كۆنگرە زۆر بە خێرایی وەزارەتەكانی دارایی و كاروباری وڵاتی پێكهێناو تۆماس جیفرسۆن كرایە وەزیری كاروباری وڵات و ئەلكساندەر هامیلتۆنیش كرایە وەزیری دارایی. هەروەها دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پێكهێنا و هەروەها وەزارەتەكانی بەرگری و دادوەریش پێكهێنران. لەبەر ئەوەی واشنتۆن وای بە باش دەزانی پێش هەر بڕیاردانێك ڕاوێژ لەگەڵ كەسانی جێگای متمانەی خۆی بكات بۆیە كابینەی سەرەك كۆماری پێكهێنا كە هەموو سەرپەرشتیارانی وەزارەتەكانی لە خۆ دەگرت. دوای ئەم هەنگاوە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پێشكەوتنی بەرچاوی لە هەموو بوارەكاندا بە خۆیەوە بینی بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و سیاسی و

تەنانەت سەربازیشدا تا وای لێهات هێزی دەریایی ئەمریکی بە پلەی دووەم دەهات لە جیهاندا لە دوای هێزی ولاّتی ئینگلتەرادا٠لەم پرۆسەی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەسەندنەدا رۆڵی سەرکردایەتی حەکیمانەی جۆرج واشنتۆن لە هەموو بوارەکاندا بە روونی دیار بوو٠ جۆرج واشنتۆن حکومەتێکی پێکهێنا کە بنەماکانی دیموکراسی تێیدا رەنگی دەدایەوە٠ لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەو دا ویلایەتێ کە لەژێر دەسەلاّتی بەریتانیا و ئیسپانیادا بوو گەڕایەوە بۆ ئەمریکا و رێگاشی بۆ سێ ویلایەتی تر خۆش کرد کە پەیوەندی بکەن بە حکومەتی فیدرالّیەوە و بێنە ناویەوە٠(usinfo.state.gove)

**وتاری مالّئاوایی لە دەسەلاّت** ( Farewell Address ):

واشنتۆن لە وتاری مالّئاوایی خۆیدا داوای لە ئەمریکیەکان کرد کە لە لایەنگری بەردەوام هەمیشەیی لەگەلّ هیچ بەشێکی جیهان خۆیان بەدوور بگرن٠ ئەم ئامۆژگاریە تا چەندین نەوە دوای خۆی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەجێهێشتووە٠

جۆرج واشنتن لە سالّی (١٧٩٦) لە وتاری مالّئاوایی کردنی لە دەسەلاّت بە ئەمریکیەکانی راگەیاند: ( گەلی ئەمریکا لە دروستکردنی پەیوەندی دەرەکی و نێودەولّەتیدا لەگەلّ گەلاّنی تردا نە دۆستایەتی و نە دوژمنایەتی هەمیشەیی نەکات لەبەر ئەوەی دۆستایەتیلە رادەبەدەر لەگەلّ ولاّتێکدا و هەروەها دوژمنایەتی هەمیشەییش هەردووکیان لەگەلّ بنەماکانی دەولّەتی ئەمریکادا ناگونجێن،)

**دوا نەخۆشی جۆرج واشنتۆن و**
**مالّئاوایی کردنی لە دونیا :**

رای دوکتۆر (دیك) وا بوو کە نیشانەکانی نەخۆشی بە باشی روون نین بەلاّم زۆربەی نیشانەکان ئاماژە بە وە دەکەن قورگی واشنتۆن تووشی ئیلتهابێکی فراوان هاتووە٠ دوکتۆر (دیك) هۆی تەنگە نەفەسی واشنتۆنی بەمە دەزانی، بەلاّم رۆژان دەهاتن و تێدەپەرین نەخۆشی واشنتۆن رۆژ بە رۆژ زیاتری دەکرد دوکتۆرەکانیش جاودێریان دەکرد بەلاّم نەیان دەتوانی کارێکی ئەوتۆی بۆبکەن بۆیە جۆرج واشنتۆن وەفاتی کرد ئەمەش دوا وتەکانی جۆرج واشنتۆنن لە کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی رۆژی وەفاتیدا پاش ئەوەی جەند جارێك هەولّیدا هاتە گۆ و وتی: ( ئێستا من بەجێتان دەهێلّم، بە رێزەوە بمنێژن، ئینجا ئارامگا و گومەز لە سەر گۆڕەکەم دروست مەکەن، سەری رێز دائەنەوێنم بۆتان، داوای لێبۆردن دەکەم کە ناتوانم زۆر تر بدوێم،) پاشان رووی کردە ئامادەبووان و وتی ( لێم تێگەیشتن؟) و ئامادەبووانیش گوتیان بەلّێ؟ ئینجا وتی( ئەمە زۆر باشە -Tis well ) ئیدی جاوی لێکنا و بۆ هەمیشە مالّئاوایی لە خزمانی و هاورێ و هەموو ئەمریکیەکان کرد٠شایانی باسە ئەو شەقامەی نزیك مالّەکەی بە یادی دوا وتەی واشنتۆنەوە ناو نرا (Tis well) بۆ زیندوو راگرتنی دوا وشەی ئەم پیاوە گەورەیە٠

هەندێك لە وتەکانی جۆرج واشنتۆن

( جۆرج واشنتن:ئەو بەشانەی لە ئینجیل کە لێیان تێناگەم ئازارم نادەن بەلّکو ئەو بەشانەی کە لێیان تێدەگەم ئازارم دەدەن)٠

(ئامادە بوون بۆ جەنگ واتە راگرتنی ئاشتی، ویژدان وەك ئاوێنەیەك وایە نە مەدحت دەكات نە دەتشکێنێت، لە ئەرکی خۆدا کارکردن و خۆراگرتن و بێدەنگ بوون باشترین وەلامە بۆ تۆمەتبارکردن ــ)

سەرچاوەکان
(قاسم شعبانی، حقوق اساسی و ساختار حکومت اسلامی ایران، تهران، مؤسسەی اطلاعات، ١٣٧٣، ص ٤١)
، رۆژنامەی شەرق چوارشنبە ٦خرداد ١٣٨٣ – ٦ ربیع الثانی ١٤٢٥ – ٢٦می ٢٠٠٤
همشهری دیپلماتیك ، نیمە دوم آذر ١٣٨٢، شمارە٣، Nov.2003)
www.patriotresource.com.htm
usinfo.state.gove
canoon.org.ebook.htm
aryahoo.com
www.bikhodayan.com
(www.TheAmericanPresidency.htm
www.stratford.co.uk.htm
Parset.Great.com
www .medical malpractic awyers attorneys com .htm
Www.ariaye.com
www.iran newspaper.com.
www.hasht.com
www.hawzah.net

---

* لە راستیدا ئەوەی لای ئێمە زۆرتر باوە لە بری سورپێست زاراوەی هیندە سوورەکان بەکار دێنین بەلام راستتر ئەوەیە بڵێین سور پێست جونکە هەم گوزارشت لە رەگەزیان دەکات هەمیش ئەوە دەردەخات کە دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکان٠

**(Barbecue) جۆریکە لە ئاهەنگ کە پاش خواردن کە زۆربەی جار قەڵ برژاوە ژنان و پیاوان بە سەما و دانس ئاهەنگەکە دەرازێننەوە٠

*** دویلّ: جۆریکە لە ململانێ لە نێوان دوو کەسدا کە بەرامبەر یەك دەوەستن و هەر کامیانیشیان دەمانچەیان پێیە و لەو یەکتر تەقە دەکەن کە کۆتاییەکەی بە بریندار بوون یان کوژرانی یەکێکیان دێت ٠

# چەرخی چاکسازی

و:عاصی فازیل

له بەشی پێشوودا بینیمان چۆن حیزبی دیموکراتی به سەرۆکایەتی (براین مبادی پوپیولیست) هەوڵی ملکەچ مردنی دەدا و چۆن هەوڵی هەردوولایەن بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا بە شکست کۆتایی هات، ئەو هەوڵە گەرچی نائومێدی بەشی بوو، بەڵام دەسپێکی هەوڵێکی بەهێز بوو بۆ چاکسازی و هاتنە مەیدانی بواری کارکردن و خەبات کردن، تاوەکو باڵادەستی بەدەرکەوت رووە و ئاراستە کردنی ژیانی ئەمریکی بەرەو ئامانجی دیموکراتی پوخت و لەبار، خەباتکردن لەو بوارەدا ماوەی دەرکەوتنی (براین) و سەرۆکایەتی (دروولسبوونی دووەمی) خایاند، ئەو ماوەیە بە سەردەمی شۆڕشە چاکسازیەکان ناسرا کە زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی ئەمریکای گرتەوە.

لە بەرهەمی ئەو چاکسازیەدا رێکخستنی شێوازەکانی سیاسەت و رێگەی هەڵبژاردنەکان ئەنجامدرا و پیاوە ئازادیخوازە هەڵکەوتووەکان جێی رامیارە دێرینەکانیان گرتەوە و بزوتنەوەی چاکسازی ئابووری دەستی بە جوڵە کرد و چالاکانە بوویە چاودێری کۆمپانیا و خاوەن سەرمایەکان، بە چاودێرییەك کە ببێتە هۆی ئاشکرا کردنی مەبەستەکان و سنوورێك بۆ رەفتارە چاوچنۆکەکانیان، بزوتنەوەیەکی دیکە هاتە بوون لە هەندێك لە یەکسانیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆڵیەوە و چارەسەری جەنجاڵی شارەکانی کرد لە رووی دانیشتوان و جیاوازی بواری سامانداری و دەرکەوتنی چینایەتی لە نێوان خەڵك و هەروەها هۆکاری کۆچ کردن، ئەم کارانە بزوتنەوەی کۆمەڵ بوون چارەسەری کردن، لەم بزوتنەوە چاکسازیە گەورەیەدا پیاوانی ناودار هەڵکەوتەی بواری سیاسەت و ئەدەب و فەلسەفە بەو باوەڕە بەتینەیان بەشداری بزوتنەوەکە بوون لە بەکارهێنانی باشترین شێوازی دیموکراسیدا، وەکو قوتابخانەیەك بۆ بیری ئازاد و شێوازی پێشکەوتنی ویسترا و کاریان تێدا دەکرد. مرۆڤ دەکرێت بپرسێت ئەو زەمینەیە چییە کەوا پێویست دەکات بزوتنەوەیەکی لەو شێوەدا دروست ببێت؟ ئەو بزوتنەوە دەکرێت چی بێت کە زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی ئەمریکای گرتەوەو کاروباری حاڵەتی چك کردەوە و ئامانجەکەی بە کۆتا خاڵ گەیاند؟ کێشەی جوتیار و کرێکارەکانی ئەمریکا تەنها دەرخستنی لایەنی ئاڵۆزی و تێکچوونی کۆمەڵایەتی بوو، نەك هۆکارەکان، ئەو ئاڵۆز تێکچڕژاوە جگە لە لایەنی ئابووری سنووری بەزاندبوو بۆ ئالودەکردنی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکا.

هۆکاری بنچینە و سەرەکی ئەو ئامانجەیە لە ژیانی ئەمریکادا هاتە بوون و لە بیر و زیهنەکاندا مایەوە بەوەی ئەم کۆمەڵگە پێگەشتووەی جیهانی نوێ دەبێتە نمونەیەك بۆ هەموو کۆمەڵگەکانی

دیکە بۆ گەیشتن بە ئازادی و داڕشتنی ماف و یەکسانی نێو تاکەکان، ئەو مافەی مرۆڤ بە شوێنیدا دەگەڕێت بە تاکە هیوای ڕەگەزی مرۆیی ناوی دەنێت، بەڵام ئەو هیوایە وەکو خەونێکی جوان بەدەر نەکەوت کە خەون و خەیاڵەکانی خەڵکی بڕازێنێتەوە و تاکەکان بە شوێن بەختەوەری تەواودا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە٠ بەڵێ، بێگومان ئەمریکیەکان لە بەرامبەر هاوچەرخەکانیان لە جیهانی دێریندا بەختەوەرترین خەڵکی بوون، لە بواری ماددیدا هیچ گەلێکی دیکە بە ئەمریکیەکان نەدەگەیشت، بەڵام لە رووی ئارامی و ئاسایشەوە کە ئومێدیان پێدەخواست و لە ژیانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکەیان ئامانجیان گرتبوو دەستەوسان بوون و توانای فەراهەمکردنی نەبوو، سەرۆك لسۆن لەم قسەیەیدا گوزارشت لەو بارە دەکات و دەڵێت: (بە دڵنیاییەوە توانیمان لە پێشکەوتنی پیشەسازیدا دەستکەوتێکی بە شکۆ و درێژخایەن بە ئەنجام بگەیەنین٠٠٠بەڵام کاتی ئەوە نهاتووە هەڵوێستەیەکی لەسەرخۆ بکەین بۆ ئەو ماندوویەتیەی وەکو نرخێك بۆ ئەو پێشکەوتنە بەخشراو٠٠٠لەو ڕۆحانەی دامرکانەوە و ئەو هێزانەی بەکاهێنران، لەو ئازارە جەستەی و دەروونیانەی پیاو و ئافرەت و کوڕانی ئەم نەتەوەیە بە درێژایی ساڵان بە گرانی و قورسیەوە هەڵیانگرتبوو؟)٠

نەبوونی باری ئاسایشی دەرەنجامێکی ئەنقەستی پێشووی هەڵسوڕهێنەرانی کاروبارەکان نەبوو یاخود دژایەتی کردنی دیموکراسی نەبوو، کە سیستەمێکی داپڵۆسێنەر لە جێگەدا دابنێت، بەڵکو دەرەنجامی دەستەوسانی سیستەم و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بوو لە گەیشتن بە زانستە سروشتی و داهێنانەکان کە لەو سەردەمەدا بەدیار کەوت٠خەڵکی هەمیشە لە دەستێوەردانی حکومەت لە کاروبارە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا دەترسان، ئەگەر چی حکومەت بە تاکە نێوەند دادەنرێت بۆ نەهێشتنی کێشە جۆربەجۆرەکان کە داهێنانەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی دروستی دەکات، گەشە خێراکانی وڵات کێشەی ئاڵۆزی هەبوو، جەماوەرە کۆچکردووەکانی وڵات پێش ئەوەی ئامادەیی قبوڵکردنیان هەبێت مافیان گرت، شار لە خەڵکی قەرەباڵغ بوو پێش ئەوەی پەناگەیەکیان بۆ برخسێنرێت و تێیدا نیشتەجێ ببن و کاروبارەکانیان رێك بخرێت٠ بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرفراوان بوویەوە و نالەباری کەوتە هاوسەنگی نێوان بەرهەم و بەکار بردن، زۆربوون و تێرژانی کۆمپانیاکان گەیشتە پلەیەك هەڵسوڕێنەری بوارەکە توانای زانستی ئەو کێشەیە و رێکخستنی نەبوو، بەهۆی زۆربوونی سەروەتو سامان و دەوڵەمەند بوون نەیدەزانی چۆن مامەڵە بکەن بەو سەروەتە فراوانە و بیپارێزن٠

لە نێو ئەو ژینگە ئاڵۆز و جەنجاڵەی وڵاتدا کۆمەڵە تاکێك بەدەرکەوتن خاوەنی تایبەتمەندی ڕەهەندی بیرکردنەوە و هێزی باوەڕبوون، ڕۆچوونە قوڵایی حاڵەتەکە و پرۆگرامی چاکسازیان دەستی پێکرد و تێکۆشان لە پێناو هاتنەدی چاکسازیدا و لەگەڵ نەگیەکانی کۆمەڵگەدا دەجەنگان لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، بۆیە لەم بزوتنەوەیەیاندا کۆمەڵگەکان دروست بوون

و بڵاوكراوەیان دەردەكرد و گشتگیری بواری رۆژنامە كراو هەمووی لەسەر یەك ئاڕستە كاریان دەكرد و بۆ ناشیرنكردنی سیستەمی ئەو كات و پێویستی لابردنی بە سیستەمێكی تر.

پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت كە ئەو بزوتنەوەیە كلاسیكیەكی رەسەن بوو لە پاشخانی سروشتی ئەمریكیەكاندا، ئەمریكیە پێشووەكان بە زۆری خۆ پیشاندان و توڕیی (ئینگلتەرا)یان لە نیشتمانەكەیان بەدەر كرد لەو سەردەمەی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی داپڵۆسێنەر باڵی بەسەر وڵاتدا كێشابوو، بۆیە سروشتیە بەهۆی ئەو هەست و زانینەوە ئاگاداریی دەركەوتنی باری سەرەتایی توندوتیژی و دەمارگیری نوێ لە نیشتمانەكەیاندا بە دیار بكەوێت.

ئەو پاشخانە مێژووییە هاندەری كۆمەڵێك تاك بوو بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی، (روجر ویلیمز) لە پێشەنگی هەموویانەوە بوو هەوڵی دەدا بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی ئازاد لە رودالیند، پاشان نەتەوەی ئەمریكا لە باوەشی شۆڕشدا لەدایك بوو، ئەو شۆڕشە سەركردەكانی هاوتای (جفرسۆن و فرانكلین و صموئیل ادمز و توماس پاین) بوو، تەنها لە دژی ئینگلتەرا شۆڕشیان بەرپا نەكرد، بەڵكو دژی هەموو چینە دەسەڵاتدارەكانی ئەمریكاش بوو.

دەبینین كاتێك لە وڵاتە یەكگرتووەكاندا كێشەی كۆیلایەتی و موڵكگەری بەرپا بوو سەركردە بیریارەكانی نمونەی (ئمرسون و غریسون) رووبەڕووی وەستانەوە و بانگەشەی ئازادی و یەكسانیان دەكرد و لە پێناویدا خەباتیان دەكرد، لێبوردنەوە لە بەرامبەر كاروبارەكان و دیاریكردنی باشترین رێگە تایبەتمەندیەكە لە تایبەتمەندیەكانی گەلی ئەمریكا و باشترین داب و نەریتی بۆ ماوەیی بەجێماوە.

### فەرمانگە و فەرمانبەران

رێڕەوی پیاوانی حیزب بۆ هەڵوەشینی دەسەڵات و بەكاهێنانی بەسەر دەزگا حكومی و دابەشكردنی بەسەر شوێنكەوتووانیدا ئەو نەنگیە بوو چاكخواز و چاكسازیخوازان گرنگیان پێدەدا، داوای پراكتیزە كردنی بنەمای تاقیكردنەوەی رەسمی و گەڕاندنەوەی كارە فەرمانگەییەكان دەكرد بۆ ئەو كەسانەی شیاوی پێ سپێردراوێتین، ئەمەش بەبێ روانین بۆ لایەنی حیزبی و سیاسی و شتی دیكە، دەبێت كارمەند لە كار و فەرمانگەكەی بمێنێتەوە تا ئەو كاتەی خاوەنی رەوشتی پیرۆز و ئاكاری جوان بێت.چاكەخوازان لەسەر رێگا و ویستی خۆیان بەردەوام بوون، تاوەكو بەبێ ئاگاداری پیاوە گەورەی حیزبەكان و هەروەها داواكانیان بەهێزتر بوو، ئەو نالەباریە بە شێوەی خۆی مایەوە تاوەكو ساڵی (1881)ز كاتێك سەرۆك (جفرسون غارفیلد) بە دەستی پیاوێك كوژرا كە ویستی لادانەوەی كارێك بوو نەیتوانی بە دەستی بهێنێت، ئەو رووداوە دەنگێكی بەهێزی لە نێو وڵاتاندا نایەوە و بە نەگییەك لای گەل تەماشای دەكرا و مایەی شەرمەزاری و كەمكردنەوەی رێزپایەی نەتەوە بوو، لەبەرامبەر دابەزینی پلەی سەرۆكی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ دەڵاڵی كردن بەسەر فەرمانگەكاندا، لە بەرامبەر ئەو رووداوەدا بزوتنەوەی چاكسازی لە چالاكیەكانیدا بەهێز بوو، لیژنەیەكی لە ئەنجوومەنی پیران پێكهێناو لێكۆڵینەوە لەو كارە و بڕیارەكەی لەو كاتەدا

دەسـەڵاتی بەسەر ئەو سیستەمەدا هەبوو، لە ساڵی (1883)ز لە ژێر فشاری رای گشتیدا كۆنگریس رەزامەنـدی لەسـەر یاسـایەكدا كـە هەنـدێك چاكسـازی بەرهـەم هێـنا، لەوانـە سەرپشـك كردنـی لـیژنەیەك لەلایـەن سـەرۆكەوە بۆ چاودێری و سەرپەرشتی كردنی هەندێك فەرمانبەرە ئیدریەكان و تێیدا رەچاوی یاسای تاقیكـردنەوە و لێهاتوویـی و مانـەوەی فەرمانـبەر بكرێت لە كارەكەیدا، تا ئـەو كاتـەی بـە دەسـت پـاك و دڵسۆز دەمێنێـتەوە. ئـەو چاكسـازیانەی لـەو بـوارەدا كـاری پێكـرا بزوتنەوەی رێكخستنی گشتی فەرمانبەرانی هێنایە بوون.

### خۆ كاندید كردن لە هەڵبژاردنەكاندا

بـێگومان سـەركەوتنی ئـەو بـزاوتە هـۆكاری ویست و گرنگـی چاكخوازان بوو بۆ گەڕان بە دوای ناتەواوی و نایەكسانیەكانی دیكەدا و كاركردن بۆ لەباركردنی.

یەكـەمین هـەنگاو شـێوازی تـیرو پشكی هەڵبژاردنەكان تاوتوێكرا و خرایە بەرباس دوای ئەوەی كـارای حیـزبەكان چـوار دەوری سـندوقی دەنگدانەكـەیان گـرتبوو، تێبینـی جوڵەو بەرێـوە چوونی هەمـوو لایەنەكانـی هەڵبژاردنەكەیان دەكـردو جێ پەنجەی دەنگ دانەكانیان دەبینی، پێش ئەوەی بـیخاتە سـندووقەكانەوە، ئـەم رەفـتار كـردنە یارمەتـیدەریان بـوو، تاوەكـو شـارەزای ئاڕاسـتەی دەنگدەران ببن لەگەڵ چۆنێتی رێڕەوی هەڵبژاردنەكە.

جـیاوازی رەنگی كارتی حیزبەكان یارمەتیدەری كڕینی دەنگ زۆر پێهێنانی دەنگدەران بوو، ئەم كردارانە لە رەوشتە ناڕێكیەكان بوو لەو شێوازە جۆربەجۆرانەی بە مەستی گەیشتن بە ئامانجەكان دەیانگـرتەبەر، داخـوازی ئاشـكرا كردنـی دەنگەكانـیان دەكـرد لـە رێگـای فەرمانگە رەسمیەكان نەك لەلایـەن حیـزبەكانەوە و دەبـێت هەڵـبژاردنەكان بـە شـێوەیەكی نهێنـی و دوور لـە چـاودێری و كاریگەریـیەوە بەرێـوە بچێت لە ساڵی (1888)ز ئەو دەرفەتە رەخسا بۆ ولایەی (ماسچۆستس) كە ئـەو شـێوازانە پـیادە بكـات و ولایەكانـی دیكـە هـەنگاو بـە هـەنگاو شـوێنی بكـەون، سـەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی حیزبەكان و ناڕەزای بوونیان لەو بڕیارانەدا.

لـەو رەفـتارە خـوار و خێچـانەی حیـزبەكان خـوویان پـێوە گـرتبوو، ئـەو شـێوە خۆپاڵاوتنە بوو سـەركردە و هەڵسوڕێنەرانی حیـزبەكان دیاریـان دەكـرد بـێ لاكردنەوە بەلای رای ئەندامەكانی تر، كێیان بیوستایە دەیان پاڵاوت و بەرنامەی حیزبەكەیان دادەڕشت و چاوەڕێی رازی بوونی ئەندامان بـوون لەسـەر بـڕیارەكانیان. ماوەیەكی زۆر تێنەپەڕی بوو تا ئەو كاتەی هاتە پێش چاكسازیخوازان لـە پـێش هەمـوویانەوە (روبـرت لافولـیت) خـۆیان كاندیـد كـرد، روبـرت سـاڵی (1900)ز بـوویە دەسـەڵاتداری ولایـەی (وسكانصـون) و هەموویان داوای چاككردنی ئەو ناتەواوییەیان دەكرد.لەگەڵ ئـەوەی (لافولیت) جێی متمانەی گەل بوو لەو ولایەدا ئەنجومەنی یاسادانانی ئەو ولایەی راسپارد و بەرپرسیاری كرد لە داڕشتنی یاسای خۆپاڵاوتن و بەشداربوونی هەموو ئەندامەكانی حیزب.

هەمـوو ولایەتـەكان بـە دوای یەكـدا ئـەو شـێوازەیان وەردەگـرت و چەند ولایەتێكی كەم پابەند بـووی سیسـتەمی كۆن مابـوونەوە، ئەنجومەنـی یاسـادانانی ولایەتـەكان بـۆ مـاوەی سـەد ساڵ بوونە

لەوەرگەی گەندەڵی و کرداری ڕەشوە و بەرتیلبازی زۆرێك لە لێکۆڵینەوە ڕەسمییەکان ئەو شەرمەزارییەیان بە دیار خستووە کە نوێنەرانی گەل لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان ئەنجامیانداوە، لە بەرامبەر ویستی بەرژەوەندییان (احتیاز)یان بە کۆمپانیاکان دەدا و ڕووبەڕووی یاسای گەڕاندنەوەی دەبوونەوە. چاکسازیخوازان داوای دارشتنی پەیوەستکردنی دەستور بوون لەسەر دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنانە و گواستنەوەی دەسەڵاتی باڵا لە ئەنجومەنەکان بۆ گەل، ئەویش لە ڕێگای دوو پرۆژە کە دادەنرێن بە بنچینەی دەسەڵاتی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، ئەویش ڕاپرسی گشتی (ریفراندۆ) و دەستپێکردنی ڕاستەوخۆ (ایشیاتیف)ە، لە یەکەم پرۆژەدا مەبەست لێی کۆمەڵێکی دیاری نێو گەل هەڵبژێردرێن و داخوازی لە ئەنجوومەنی یاسادانانی ولایەکان بکەن بۆ گەلاڵە نامەی یاسای بخەنە بەردەم گەل بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی گشی، پێش ئەوەی بڕیار بدرێت و ویستی گەل بخرێتە ڕوو، لە پرۆژەی دووەمدا دەبێت گەل خودی خۆی پێشنیاری یاساکان بکات و ئەو یاسایانە ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێت لە ڕێگای دەنگدانێکی گشتیەوە.

حیزبی پوپیولیست ئەو بنەمایەی هەڵگرت و براین کردیە یەکێك لە بنچینەی بەرنامەکانی ولایەی باشوور داکوتا بەو پێشنیارە قایل بوو، هەروەها لە ساڵی (1898)ز خستیە بواری کارکردنەوە و پاشان ولایەی (یوتە) و ولایەکانی تر تاوەکو ئەو سەدەیە بیست ولایە قایل بوونی خۆیان ڕاگەیاند.پانزە ولایەتی تر بنەمایەکی دیکەیان وەرگرت لەو وەختەدا و بە گێڕانەوە یاخود (ریکوڵ) ناسراوبوو، مەبەستی سەرەکی تێیدا گەل لە ڕێگای دەنگدانەوە ویستی خۆیان بخەنە ڕوو، هەروەها هەرکەسێك کارەکەی خۆی بۆ شتی دیکە بەکار بهێنێت و بە نارێکی بەکاری بەرێت دەبێت لەسەر کار لابرێت.

لەو کاروبارانەی ئەو چاکسازیە لەخۆی گرتبوویەوە چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران بوو، کە لە پێشتردا لە ڕێگای ئەنجومەنەکانی یاسادانانەوە لەو ولایانە ئەنجام دەدرا و لە دەروونی گەلدا ترس دروست دەبوو بەرامبەر تەندروست بوونی ئەو ئەنجومەنانە و ئەستۆپاکی ئەندامەکانی، لەگەڵ ئەوەی بە تایبەتی خودی زۆرێك لە پیران بەهۆی بەکارهێنانی بەرتیل و کاری ناتەندروستەوە و نهێنی کارکردنیانەوە ڕووی هەڵبژاردنەکانیان ناشیرین کردبوو، دوای ئەوە داوای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی گەل دەکرد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیراندا، بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو چاکسازییەکی لەو جۆرە پێویستی بە تەعدیلی دەستوور دەکرد ئەنجومەنی نوێنەرایەتی زۆرجار پێشنیاری ئەو تەعدیلەیلن دەکرد، بەڵام ئەنجومەنی پیران بەردەوام ئەو هەوڵانەی لە نێو دەبرد.ئەو باسە وەکو خۆی مایەوە تاوەکو سەرەتای ئەم سەدەیە و لە ساڵی ( 1912)ز بزوتنەوەی چاکسازی بە سێ بەشی دەنگی ئەو دوو ئەنجومەنە ڕێگریەکانی هەڵوەشاندەوە و پرۆژەی (تعدیل)ی بەدەستهێنا، لە ساڵی دواتردا ژمارەیەکی پێویست لە کۆی ولایەتەکان بەو (تعدیل)ە قایل بوون کە ببێتە یاسا و بە (تعدیل)ی نۆزدەیەم ناسرا.

## داخوازی ئافرەتان سەبارەت بە مافی دەنگدان

پـێش هەڵایسـانی جەنگـی ناوخـۆ ئافـرەتان بـە بزوتنەوەیەكـی گـەورە هەسـتان بـۆ داواكـاری مافەكانـیان لـە دەنگدانی گشتیدا، بەڵام بەهۆی هەڵایسانی ئەو جەنگە بڵاوەكردنی خەڵكی لە باسی داواكاریەكـەیان و خـەریك بوونـیان بـە بابەتی یەكێتیەوە و كاریگەری و سەنگی ئەو بزوتنەوەیەی كـەم كـردەوە، جـەنگ دەرهاویشـتە و بلێسـەكانی خامـۆش نەكـردبوو، لـەوەدا بزوتنەوەیەكـی دیكـە كەوتـە چـالاكی و داوای مافـی دەنگدانـی رەش پێسـتەكانی دەكـرد و ئـەو مافـەی بـە یەكـێك لـە پێویستی پێشهاتەكانی مرۆی مەدەنی دەژمارد بێ ئەو مافە كۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نابێت.

ژنانـیش خـۆیان بـەو بەڵگـە و بـیانووانە ئالآنـد و كـردیان بـە بـنەمای داواكاریەكانـیان گەڵاڵـە نامەیەكـیان خسـتە روو بـۆ تەعدیلی دەستوور و داواكریەكەیانی لەخۆ گرتبوو، لە ساڵی (1869)ز ئـەو داوایـەیان بـەرز كـردەوە بـۆ ئەجومەنـی نوێـنەران، ئـەو گەڵاڵەنامەیە دەستووری خەباتی نیو سـەدە گەیشـتن بـە سـەركەوتنیان بـوو.ئـەو مـاوە زۆرەی هەوڵـیان دەدا رووبـەڕووی مانـدوو بـوون بوونەوە لـەو داخوازی و پێداگرتنە، ئەو هەموو ناڕەحەتیانەی هاتە پێش بوویە مایەی زیاتر سوور بـوون بـەو مافانـە. كاتـێك سـەختی سـەركەوتنی پرۆژەی (تعدیل)یان بینی، كە دەیانویست روویان كـردە تـاك تاكی ولایەتەكان و هەوڵە بەدەستهێنانی مافی دەنگدانیان تێدا دەدا، چونكە ئەگەر ئەو مافـە لـە هەنـدێك لـەو (ولایەتە) بەدەست بهێنن یارمەتیدەریان دەبێت بۆ بەردەوام بوونی خەبات و تێكۆشـان و گویشـتنە سـەركەوتن بـە وەرگرتنـی پـرۆژەی (تعدیل)، بەڵام بەهۆی بوونی نەریت و دەمـارگیری كۆمەڵایەتـیەوە لـە ولایـەكان رووبـەڕووی ناڕەحەتیەكـی سـەخت و گشـتگیر بـوونەوە لـە بەدەسـتهێنانی داخوازیەكانـیان.(ریمومنـیغ) ئـەو كاتـە هـەرێم نەبـوو یەكـەم لایـەن بوو لە ساڵی ( 1868)ز ملكەچی داخوازیەكانـیان بـوو، ژنـان بـە سـەركەوتن لـەو هەرێمـە نەوەستان، بەڵكو هەتا دەیـەی كۆتایـی سـەدەی رابـردوو بـەردەوام بـوون، تـا ئـەو كاتـەی رەوتی بزوتنەوەی پۆپیولیست لە ولایەتـە رۆژئاوایـیەكان رامالـًران ژنـان گەشـتنە ئـەو مافـە و دەیـەی دووەمـی ئـەم سـەدەیەش بەدەسـتهێنانی مافـەكان بـوو لـە ولایەكانـی تـردا، بـەوەش بـزوتنەوەی ژنـان بـوویە هێزێكـی كارای ژیانی سیاسیانەی ئەمریكا.

ئەوكاتـەی ژنـان بـە فەرمانـدەیەتـی هـەردوو ژنـە سـەركردەیان (الـیس پـول) و لوسـی یوزنـر) دەسـتیان بـە مافەكانـیان گەیشـت، خـۆیان رێكدەخسـتەوە و بـە دەنگەكانـیان لـە پـرۆژەی تەعدیلی دەسـتووردا سـەوداگێریان لەگـەڵ هـەردوو حیـزبە سیاسـیەكەی وڵاتـدا دەكـرد، پـیاوە سیاسـیەكانی پێشبڕكێیان دەكرد لە خستنە رووی پەیماندا بە ژنان و هەوڵی وەرگرتنی دەنگەكانیان دەكرد.

وەرگرتنـی پۆسـتە سـەرەكیەكان و فەرمانگـەی كاروبـارە جـیاوازەكان لـە كاتـی جەنگـی جیهانـی یەكـەم لەلایـەن ئافرەتانەوە یارمەتیدەری چالاكی بزوتنەوەی ئافرەتان و سۆزی خەڵكی بوو بۆ ئەو بـزاوتە و جێگـرتنەوەی پیاوانـی فەرمانگـە و كاروبـارە گشـتیەكان بـوون. بەهـۆی ئـەو رۆڵـەی ئافـرەتانەوە سـەرۆك (ولسـون) بـە شـێوەیەكی جوان بزوتنەوەی ژنانی هەڵنا و سەرسوڕمانی خۆی لەبـەردەم هەوڵەكانـیان خسـتە روو، ئەگـەر چی لە سەرەتای هەوڵەكاندا سەرۆك (ولسۆن) رقی لەو

بزاوتە بوو٠ ساڵی (1918)ز سەرۆك (ولسۆن) زۆری هێنایە سەر کۆنگریس، کە راستکردنەوەیەکی دەستووری بکرێت و بەبێ جیاوازی مافی دەنگدانی ئافرەتان لە هەموو ولایەکان دەستەبەر بکات، لە بەرامبەردا کۆنگریس دەستپێشخەری لەو بارە کردوو ئەو راستکردنەوەی (تعدیل)ە لە ساڵی (1920)ز بوویە بەشێك لە دەستووری ئەمریکیدا٠

چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی:

لە پێشتردا باسمان لە چاکسازی ئابووری کردو تاوتوێی بابەتە پیشەسازی زەبەلاح و کۆمپانیا گەورەکان و کرێکار و کشتوکاڵیەکانمان کرد، لێرەدا تەنها ئاماژە دەکەینە چاکسازیە نوێیەکان کە ئەو وڵاتە لە سەردەمی سەرۆك (ولسون)ی یەکەمدا بەخۆیەوە بینی و نمونەی راستی روداوی پێشکەوتن و چاکسازی ئەوچەرخە بوو٠ ڕێسا گومرگیەکان بە ڕێژەیەك کەم بووبوویەوە بۆ چەند ساڵێك وڵات دابەزینی لەو جۆرەی بە خۆیەوە نەبینیبوو، سیستەمێکی بانکی بەناوی (فیدراڵ ریزیرس) دامەزراند لەسەر بنەمای (مەرکەزی) دامەزرا بەو شێوەیەی حیزبی فیدراڵی لە سەرەتای سەردەمی کۆماریدا دەیویست، بەڵام لەو روانگەیەوە جیاواز بوو کە ملکەچی سەرپەرشتیاری حکومی بێت٠ لە سەرەتادا تایبەتمەندیەکی پڕبایەخی هەبوو لەو گونجاویە دەرفەت قۆستنەوەی دراوی خستە بازاڕەوە و جوتیارەکان پێی شاد بوون٠کۆمەڵە راستکردنەوەیەك لە بواری بەر تەسك بوونی یاسایی دژ بەرامبەر کۆمپانیا گەورەکان بە مەبەستی نەهێشتنی گلدانەوەی سامان (احتکار) و هاندانی کێبەرکێی ئازادانە کرا لە بواری پیشەسازی و بازرگانیدا، یاسایەکی دانا بۆ دیاریکردنی کاتی کارکردنی هەندێك لە کرێکارەکانی هێڵی ئاسن بۆ هەشت کاتژمێر لە رۆژێکدا و دامەزراندنی بانکێك بۆ بەخشینی (سلفە) بە جووتیارەکان بە سوودێکی کەم بۆ حکومەت بە مەبەستی رزگار بوون و دەرباز بوونیان لە ویستی چەپەڵ و ئارەزوی سەرمایە گەورەکانی ولایەتە رۆژهەڵاتیەکان٠

پاشان کردنەوەی دەرگایە بۆ هەژار و تەمبەڵەکان، تاوەکو بۆ بژێویان پشت بەو دەستێوەردانە ببەستن و متمانەی پێبکەن، بەڵام چاکسازیخوازان پێچەوانەی ئەو بیردۆزەیە جوڵانەوە و هەژارانی بەلایانەوە بریتی بوو لە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی نەك بەرهەمی تەمبەڵی و سستی بەڵگەشیان بەوە بوو سەروەت و سامان لە ڕێگای زانیاری و داهێنانەوە دێتە بەرهەم و ئەوەش کۆمەڵگە بە گشتی پێی هەڵدەستێت، ئەو کۆمەڵگەیەش هەر خۆی حکومەتەکان دادەمەزرێنێت، گەر کۆمەڵگە نەبێت ئەوە سەروەتەکان نابن و کاروبارەکانیش لەسەر پێی خۆی ناوەستێت، بۆیە مادامەکی کۆمەڵگە سەروەتەکان بەرهەم دێنێت پێویستە گرنگی بە کاروباری هەژارەکان بدات و کۆڵی بەدبەختیان بۆ کەم بکاتەوە، پاشان دەیانووت هەندێك لە نەنگیەکانی کۆمەڵگە زۆرجار بەهۆی روودانی ناکاوی نێو کۆمەڵگە یاخود تێرژان بەهۆی پیس بوونی هەوای نێو کارگە و چاڵەکان یاخود نەخۆشیە پەتاییەکان دێتە بوون، ئەمانە هەمووی دەکرێت لە نێو ببرێت یاخود بەلای کەمەوە سووك بکرێت ئەویش لە ڕێگای حکومەتەوە دەبێت٠

بەرنامەی چاكسازیخوازان بریتی بوو لە چەند خاڵێك ئەم خاڵانەش گرنگترینیانن:

- باج بخرێتە سەر دەسكەوت و ماڵی بۆ بەجێماو (میراتی)٠

-خەرجكردنی هەموو داراییە كۆمەڵكراوەكە بۆ چاك كردنی لایەنە جیاوازەكانی كۆمەڵایەتی٠

دەستگرتن بەسەر نەخۆشیە درمیەكان (ساریە) لە رێگا پرۆژە تەندروستیە گشتیەكان و حكومەتیش بەو كارە هەڵسێت٠

كەمكردنەوەی كاتی كاركردن بە تایبەت بۆ ئیشكەرانی پیشەسازیە زەبەلاحەكان و بۆ ژنان و مندالْ مسۆگەر كردن و دابین كردنی وەختی باشتر لە دژی نەخۆشی و بێكاری و روداوی رێگر لە كارگەكاندا قەرەبوو كردنەوەی كرێكارە زیان لێكەوتووەكانی لایەنی رووداوی رێگر بە مەرجێك خۆیان بەرپرسیار نەبن لە روودانەكان٠

بڕینەوەی موچەی خانە نشینی بۆ كەسە تەمەندارەكان بە جۆرێك بژێویان بۆ دابین بكات٠

چاككردنی كاروباری شارەكان، ئەوەش بە دروستكردنی باخچە و یاریگای گشتی و ئەوانی دیكە لە كەرەستە وەرزشیەكان٠

**گرنگیدان بە گە نجان و گشتگیری كردنی بواری فێركردن٠**

**گرنگیدان بە كار و بە كرێكاران**

لەبەر ئەوەی لە كاروبارەكان وەكو رۆژانەی كرێكار و دیاریكردنی كاتی كار كردن و نەهێشتنی بێكاریان و رێژەی رووداوە ناكاویەكانی نێو كارگەكان و پێویستی بە هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوەیەكی ورد دەكرد، بەو هۆیەوە و چاكسازیخوازان داوای دروستكردنی نوسینگە حكومیەكانیان دەكرد، بۆ گرنگیدان بە كاروباری كرێكاران و كۆكردنەوەی هەموو زانیاریەكان كە لە كاروبارە ئابوری و كۆمەڵایەتیەكانیان بدوێت٠

ماستاچوست یەكەمین ولایەت بوو لە ساڵی (1869)ز لەم بڕیارە دەستپێشخەری كرد و نوسینگەی پێكهێناو ولایەتەكانی دیكە لە جێبەجێكردنیدا شوێنی كەوتن، لە ساڵی (1885)ز حكومەتی فیدراڵی بە ئاگا هاتەوە لە كەڵكی نوسینگە بۆیە نوسینگەیەكی پێكهێنا بۆ كارو كرێكاران و كردیە بەشێك لە فەرمانگەی كاروباری ناخۆ، لە پاشدا لە ساڵی (1913)ز ئەم نوسینگەیە بوویە فەرمانگەیەكی سەربەخۆ و مەبەستی لەبار كردنی كاروباری كرێكار و لەبار كردنی ئەو ژینگەیەی كاری تێدا دەكەن و فراوان كردنی بوار لە بەردەمیاندا بۆ دۆزینەوەی كار ز زیاتر لە دەسكەوتدا، كۆنگریس لە ساڵێكی پێش ئەودا نوسینگەیەكی پێكهێنا بۆ گرنگیدان بە كاروباری مندالْ و بێداری لە بەرژەوەندی كرێكاراندا بوو، ئافرەتە كرێكارەكان لە ساڵی (1920)ز بەشێكی تایبەت دروستكرا بۆ فەرمانگەی كار بۆ روانین و ئاگادار بوون لە كاروباریان٠

لە رێگای ئەو هەموو نوسینگە و فەرمانگە و لە نێوانیاندا لە رێگای سەرژمێری گشتیدا ئەوانەی بەو كارە هەستابوون توانیان پەردە لەسەر ئەو گەندەڵی و ترسناكیانە لابەرن كە هەرشەی لە زۆر لایەنەوە لە گەڵی ئەمریكا دەكرد، لە ژێر رۆشتایی ژمارە رەسمی و لێكۆڵینەوە

وردبینەکاندا توانیان پشتگیری بۆ بۆچوونی پێشوویان بەدەست بهێنن لە پێویست بوونی کارکردن لە پێناو چاکسازیدا.

لە ساڵی (1867)ز ماساچوستس سیستەمێکی دانا بۆ پشکنینی کارگەکان و سەرپەرشتی کردنی لەخۆ گرتبوو لە پێناو دەستەبەرکردنی حەسانەوەی کرێکار و لادانی زیانەکانی سەریان، پاشان فەرمانگەیەکی تایبەتیان پێکهێنا بۆ کار و کرێکاران و کاتی کارکردنی ئافرەتان بۆ دە کاتژمێر لە رۆژێکدا دیاری کرا، ماوەیەکی زۆر بەسەر چاکسازیەکانی ماساچوستس تێنەپەڕیبوو ئەنجومەنی یاسادانانی ولایەتەکانی دیکە بەتایبەت لایەنی پیشەسازی کاریگەری ماساچووستسیان وەرگرت، ساڵی (1910)ز تەواو نەبوو سێ یەکی ولایەتەکان کاتی ئیشکردن لە کارە گشتیەکاندا بۆ هەشت کاتژمێر لە رۆژیکدا دیاریکرا.

ماساچوستس گەورەیەکی دیکەی بەدەستهێنا جارێکی دیکە کە هەستا بە دانانی یاسایەکی کۆمەڵایەتی مەبەست لێی دابینکردنی هۆکار و کەرەستەی تەندروستیەکانی کارگەکان و خۆپارێزی لە مەترسی ئامێرەکان، بەپێی ئەم یاسایە نەدەبوو خاوەن کارگە ئازاد بێت لە چۆنیەتی بونیاتی کارگەکەی یاخود لە بەڕێوەبردنی بەو شێوەیەی دەیەوێت، بەڵکو پەیوەست بێت بە شوێنکەوتنی ئەو سیستەم و مەرجانەی حکومەت دایدەنێت و هۆکارە تەندروستیەکان دوورە پەرێز بێت لە مەترسی ئامێرەکان دەستەبەر دەکات، وەکو ئامێری ساردکەر، لە رۆژە ساردەکان و توند بوون لەسەر پاراستنی پاکوخاوێنی و دانانی بەربەست و ئیشگر و ئەوانی دی، بەڵام بۆ چاڵەکان ئەو یاسا دارێژانە لە لێکۆڵینەوەی لەسەر دۆزینەوەی رزگار بوونی و دەروازەی تایبەت کرد لە کاتی روودانی تەقینەوە و داڕماندا، ئەم یاسایە گەشەی تایبەتی بە خۆیەوە بینی لە دوای زیاتر کردنی باری راستکردنەوە کە پارێزەری بەرژەوەندی کرێکار و چاکتر کردنی کاروبارەکانی بوو، هەروەها دیکۆمێنتێکی دروست بوو بە گەورەیی کۆمەڵگە و خزمەتگوزاریەکانی هاتە گۆ.

تا ئەو کاتە خاوەن کارەکان بەرپرس نەبوون لە بەرامبەر تووش بوونی کرێکار بە زیان لە کاتی هەڵسانیان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان لە کارەکانیاندا نە ئەژمێردران، چاکسازیخوازان دوو پرۆژەیان خستە روو کە ناچاری خاوەن کاریان دەکرد بە بژاردنی کرێکارە زیان لێکەوتووەکان بە مەرجێك کرێکارەکە خۆی هۆکاری ئەو زیانە نەبێت، لە دووەمیشدا خاوەن کاری ناچارکرد کرێکارەکانی لە رووداوە ناکاویەکانی بپارێزێت و بە دووریان بگرێت، بەو پێیە دەبێت کرێکار داوای بژاردنی ئەو زیانە بکات کە رووبەڕووی بووەتەوە، هەروەها گەر بە مردنی کۆتایی هات ئەوە دەبێت بژاردنەکە بە خێزانەکەی بدرێت، ولایەی نیۆرك لە ساڵی (1913)ز دەستەبەری راستکردنەوەی دەستورێکی کرد بۆ رێگەدان بە یاسای لەو شێوەیە، سەرەڕای ناڕەزایی زۆرێك لە کۆنەپەرستەکان کە شێوازێکی دادپەروەرانەی لەو شێوەیە سوودی بۆیان نەبوو، ئەم بارە درێژەی نەکێشا، تاوەکو هەموو لایەکانی دیکە لە نێو خۆیاندا جێبەجێیان کرد و بوویە گەواهی لەسەر ئەو پێشکەوتنەی پێگەیشت.

رێ و شوێنە تەندروستیەکان و گرنگیدان بە کاروباری نەخۆشان

نەخۆشــیە درێــژ خایەنــەکان لــە گــرنگترین کۆســپە کۆمەلایەتــیەکان بــوون، لــە کاروبــارە جیاوازەکاندا دەردەکەوت، خەڵکی لە پێشتردا ئەو نەخۆشییەیان بە ویستی خوا دادەنا، بەلایانەوە وابوو دروستکراوی خۆیەتی و دەرباز بوونی لێ نیە، یاخود بابەتێکی تایبەتیە و لە نێوان نەخۆش و پزیشکدایە و پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە نیە، بەڵام دوای پێشکەوتنی زانستە سروشتیەکان و بڵاوبوونەوەی دەرکەوت لەگەڵ نەخۆشیە بۆ ماوەیەکاندا نەخۆشی دیکە هەیە لە رێگای گوێزانەوە و بێئاگایی تەندروستی لە بواری ژیانەوە و شێوازەکانی کاردا روودەدات.

نەخۆشیەکانیان بە بارێکی قورس و راستەوخۆ دەژمارد و لەسەر کۆمەڵگە، گەر بێتو کرێکار توانی کارکردن لەدەست بدات و بەرهەمەکەی کەم بێتەوە و خەرجیە داراییەکان بێ ئەندازە بن، لەبەر ئەوە چاکسازیخوازان هەموو پەژارەو ویستێکیان لە سەرەتای سەدەی رابردوودا تایبەت بەو کۆسپە بوو، دەستیان بە لێکۆڵینەوەی کرد و پلانی قەڵاچۆکردنیان داو بە گرنگیان دەزانی دەزگا رەسمیەکان بەم کارە هەڵسن و لە راستیدا تاکە هۆکارە بۆ گرتنەبەری رێگە چارەی یەکلاییکەرەوە.

ئەو سەدەیە بە نیوە نەگەیشت هەواڵ و کۆششی چاکسازیخوازان چەند بارە زیاتر هەروەها بەرپرسیارێتیان گەورەتر دەبوو لە بەربڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ئاوڵە و کولێرا، لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەدا خەڵکی هەستیان بە گەورەیی کاری هاوبەشیان کرد لە قەڵاچۆکردنی ئەو نەخۆشیانەدا. لە ساڵی (1849)ز ماساچوستس لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ چاودێری تەندروستیە گشتیەکانی ئەو ولایە بڕیارەکەی بنچینەی دارێژانی یاسا بوو مەبەست لێی نەهێشتنی نەخۆشیە زۆریەکانی کۆمەلایەتی بوو. دوای ئەوەی ساڵی (1853)ز خراپی سەرهەڵدانی کولێرا لە شاری نیواورلینز روویدا و زۆرێك لە دانیشتوانی لە نێوبرد، ولایەی لویزانا فەرمانگەیەکی بۆ تەندروستی گشتی دروست کرد و رۆڵێکی بەردەوامی باشی بینی لە بنەبڕکردنی نەخۆشیە جیاوازەکاندا، لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا کاتێك تاقیگە پزیشکیەکان زیادی کرد و زانیاریە پزیشکیەکان بڵاوبوونەوە بزاوتێك دەستی بە چالاکی کرد بۆ چاکترکردنی کەرەستە تەندروستیە گشتیەکان و فراوان بوونی چوارچێوەکەی، هەڵسوڕێنەرانی ئەو کارە ئەنجومەنە ناوخۆیەکانی شارەکان و ئەنجومەنی یاسادانەرانی ولایەکانی راسپارد بە گرتنەبەری رێگە چارەی جیاواز بۆ گەڕاندنەوەی باشکردنی تەندروستی و ماندوو نەبوون لەبەردەم تەنگەژەکاندا کە لە هەندێك بار و دۆخدا دێنە بوون. فەرمانگە و نوسینگەی تەندروستی لە هەموو ولایە و شارەکاندا دروست کرا، لە دەرەنجامی ئەو رێگەچارانەدا رێژەی مردن بە تایبەت مردنی منداڵ دابەزی و کەم بوویەوە.

### قەرەباڵغی و لەمپەرەکان لە شارەکاندا

لەوێدا کۆسپێکی دیکەی کۆمەلایەتی پەیوەندی بە نەخۆشیە جەستەییەکانەوە هەبوو قەرەباڵغی خانوبەرەی هەژاری شارەکان و پیسی و چەپەڵی ئەو شوێنەی تێیدا دەژیان و ئەو بارە

ماددی و رەوشتیە داتەپیوە هۆکاری کەم نەبوون لەو کۆشپانەدا، شار هەروەکو یەکێك لە دانەرە ناودارەکان وەسفی دەکات هیوا براوێکی هەڵتۆقیوی دیموکراسیەی ئەمریکا بوو کاتێك سنور بەزاندن لە دەوڵەمەندی لە شان زیادەڕەوی هەژاری روویدا، کۆشکی رازاوەی گران بەها دەوڵەمەندان داگیریان کردبوو، خانووە دارە بێکەڵکەکانیش پڕ لە هەژاران بوو.

لێرەدا گەندەڵی فەرمانگە حکومیەکان گەیشتە ئاستێکی بەرز، بەرپرسانی کاروبارەکان خۆیان لە ئاست نەنگیەکان و ئەتك کردن بە هەندێك لەماڵەکان کوێر دەکرد، زۆر جاران پشتگیریان لەو کارانە دەکرد لە بەرامبەر ئەو بەرتیلەی بە دەستیان دەهێنا منداڵەکانی گەڕەکە هەژارەکان وەکو تەراویلکە بە بازاڕەکاندا دەگەڕان بۆ فرۆشتنی رۆژنامە یاخود سڕینی پێڵاو، بۆیە ناڕەحەتیەکانی کۆمەڵگە و فەرامۆش کردنی شورەییان بۆ تۆمار دەکات

لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا کاتێك ژمارەی دانیشتوانی شار قەرەباڵغیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی و خانووبەرەکان توانای هەڵگرتنی نەبوو، هەندێکیان ناچار بوون رووبکەنە ئەو خانووە داریینانەی چەند قاتێك لەسەریەك دروستکرابوون لە بێبەش بوون لە رووناکی و هەوا وەکو ئاژەڵ قەرەباڵغیان کرد، بێ گوێدانە ئەو نەخۆشیانەی تووشیان دەبێت و ئەو خراپە کاریيانەی تێیدا روودەدات، یەعقوب ریس (مهاجر دانیمارکی) لە ساڵی (1890)ز وەسفی یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری نیۆرك دەکات و دەڵێت: (رێگامان بدەن بڕۆینە یەکێك لەم ماڵانە، رجا دەکەم رەزامەند بە، ئەم خانووە بێ گەورەییە تاریکە، ئەو منداڵانە بە هاتنت راچەڵەکین کە بۆ چەند دەرهەمێك لێرەدا ئەناڵێنەوە، نەخێر، ئەوە ئازاریان نادات ئەوان زۆر جار لەسەر برسێتی و شەق دەژین، لە خەو رابێ، لە بەرامبەرتدا گەورەیەك هەیە بە سۆزە و لە تاریکیدا ون دەبێت ئەمە پلەیە و پاشان پلەیەکی تر، پەیژەیەکە و دەتوانی هەستی پێبکەیت گەرچی نەیشیبینی چۆن ئایا تۆ دەڵێیت کە هەوا گەندەڵە، بەڵام، هەروایە، هەوای پاك جگە لە دەرگای پێشەوە بۆ ئێرە نایەت ئەویش بەردەوام داخراوە...ئاودەستەکان لە هەیوانەکانی دەرەوەن و دانیشتوانی تەلارەکە رووی تێدەکەن هەموویان بە بۆنە ناخۆشەکەی ناڕەحەت دەبن...گوێبیستی ئەو کۆکە گورجکبڕە و گریانە قوڵە ببە ئەوە دەنگی منداڵێکە خەریکە دەمرێت لە تاو سوورێژە...لە تاریکایی ئەو ژوورە بکوژەدا). خەبات و تێکۆشانی چاکسازیخوازان لە پێناو چاککردنی ئەو بارە ماوەیەکی زۆری خایاند لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا بوونە دوو بەشەوە: (یەکێکیان هۆکاری ئەنجومەنی یاسادانەرانی ولایەکانی دەرکرد و تێدەکۆشا بۆ بڕیاری یاسایەك کەرەستە تەندروستیەکانی ئەو ماڵانە دەستەبەر بکات، لایەنەکەی دیکە وایدەبین کە باشترین رێگەچارە بۆ ئەو بارە تەنگەژاوییە کارکردنی کۆمەڵایەتی رێکخراوە، دەزگا خێرخوازیەکان لە گەڕەکە هەژار نیشنی شارەکان دروستکرا و ئەرکی هاوکاری کردنی دەستکورتەکانیان و فەراهەمکردنی باری فێرکردن و پوخت کردن و چاککردنی تەندروستی گشتی بە دابەشکردنی شیر بەسەر ئەوانەی توانای بەدەستهێنایان نیە، هەروەها دروستکردنی یاریگەی وەرزشی بۆ کوڕان بۆ بەهێزکردنی

توانای جەستەییان و ڕێگری کردنیان لە گەڕانیان بەناو بازاڕ و کۆڵانەکاندا، بۆ ئەوەی کاریگەریان لەسەر نەبێت تاوەکو ببێتە هۆی خراپ بوونی باری ڕەوشتی و لەنێوبردنی تەندروستیان، گرنگیەکەیان زیاتر بوو لەوەدا کۆڕنیان ڕێکدەخست بۆ گەشتکردن بۆ لادێکان و کاتی بێکاریان لە هەڵمژینی ئاووهەوای پوخت و ڕاهێنان لەسەر ڕێگە بەسوودەکان دەردەکرد، بە کورتی بە کۆمەڵە خزمەتگوزاریەکی پڕبایەخ وهەستان لەم پێناوەدا ڕێزی مرۆڤایەتی و سوپاسگوزاریەتیان بەدەستهێنا.

### تاوانکاری و تاوانکاران

ئەم بزوتنەوە چاکسازیە گەورەیە لە دوای گەیشتنە ئەنجام لە بوارەکاندا بابەتی تاوانکاری و تاوانباران و چاککردنی بەندیخانەکان ئامرزای چاسازیەکە بوو، بەوپێیەی ئامانج لە بەندکردن چاککردنی تاوانبار و هەوڵدانە لەگەڵیدا بۆ بوونە ئەندامێکی چاك لە لاشەی کۆمەڵگەدا نەك تۆڵەسەندنەوە بێت، لە راستیدا تاوانکاری نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتیە و پێویستە کۆمەڵگە بە دانایییەوە چارەسەری بکات و رەسەنی بکاتەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا هەندێك لە ولایەکان شێوازی حوکمی تاوانباریان بە ماوەی بەرز و نزم دادەنا، قۆناغی یەکەم بریتی بوو لە تاقیکردنەوە و ئەزموون، پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیەی دانراوە بۆ بەندکردنی ڕواڵەتی چاك بوونی هەڵسوکەوتی بەدەرکەوت ئەوە ئازاد دەکرێت، دەبێت ئازادکردنی لە ژێر مەرجی چاودێری کردندا بێت، گەر هاتوو تاوانێکی دیکەی ئەنجامدا ئەوە لەسەر هەردوو تاوانەکە سزا دەدرێت، چەند دادگا و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیان پێکهێنا بۆ ڕووداوەکان و یارمەتیدەری کەمکردنەوەی تاوان بوون لەوانەش گەیەنەری پێگەیشتن بوو لە چیریەتی لاودا و ئاڕاستەکردنی بەرەو ڕێگای ڕاست و فەراهەمکراو و زاڵبوون بەسەر لاوازیە سروشتیەکەیدا.

چاکسازیخوازان ئەو گەندەڵی و بێ سەنگی هۆکارە پەلکێشەکانی تاوانکاری و هەژاری کۆمەڵگەن، بەتایبەت لەدوای جەنگی ناخۆ کاتێك ژمارەکەی لەشار گەورە زیادی کرد و ئافرەتان و کڵێسا و قوتابخانە و ڕۆژنامەکان هەڵمەتی یەك لەدوای یەکیان دەدا لە پێناو داخستنی، کاتێك سەدەی رابردوو کۆتایی هات قەدەغەکردنی مادە سەرخۆشکەرەکان لە حەوت ولایەتدا جێبەجێکرا، ئەو هەڵمەتەی دەستی پێکرد لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا تاوەکو ناوچە یاساغکراوەکان لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا کۆی سێیەکی دانیشتوانی گرتەوە.

لە پێویستیەکانی ئەو جەنگە بوو کاتێك کۆنگریس رەزامەندی نیشاندا لەسەر یاسا قەدەغەکردنی دروستکردنی سەرخۆشکەرەکان و فرۆشتنی لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و مانەوە لەسەر دروستی تەندروستی و ڕەوشت، لە کانونی دووەمی ساڵی (1920)ز ڕاستکردنەوە لە دەستووری هەژدەیەم کرا و بەپێی ئەو ڕاستکردنەوەیە بڕیاری یاساغکردنی (دروستکردنی مادە سڕکەرەکان (مسکرات) و فرۆشتنی و گواستنەوەی) کرا لە هەموو ولایەکانی ئەمریکادا بەڵام ئەم یاسایە درێژەی نەکێشا و ڕووبەڕووی شکست و ناڕەحەتی جێبەجێکردن بوویەوە و لە ساڵی (

1933)ز هەڵوەشێنرایەوە و كاركردن لە دروستكردنی مادەی سڕكەر (مسكر) گەڕایەوە جێگای خۆی و بڕیاری یاساغكردنی هەڵوەشێنرایەوە.

**چاكسازی و سەردەمی پیوردور روزفلت**

بێگومان حكومەتی ولایەتەكان لە بوارەكانی چاكسازیدا قۆناغێكی دوورودرێژی بڕیبوو، بەڵام ئەو رووداوانەی لەم چەرخەدا روویدا پێش ئەوەی پیوردور روزفلت سەرۆكایەتی بەجێبهێڵێت، بەڵگەیەكی روون بوو بۆ لە بارێتی حكومەتی فیدراڵی هەستێت بە هەندێك لە چاكسازیەكان و مانەوە بە شێوەیەكی تەواو، ئەویش بەهۆی ئەوەی حكومەت خاوەنی هێزێكی كارایە و ولایەتەكان لە نموونەیدا نەبوون، بەڵێ ئەو یاسایانەی حكومەتی فیدراڵی بۆ چاكسازی سیستەمی فەرمانبەران و سەرپەرشتیاری فۆرغكردنەوە و هێڵی ئاسنین و ئەوانی دیكەی دارشت بەڵام بواری جێبەجێكردنی بە شێوەیەكی توند نەبوو، بەڵام ئەو هۆكارە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بوونی سەرۆكەكانی كۆماری ئەمریكا لە دوای جەنگی ناوخۆ بە بیردۆزەی (لیعمل كل ما یرید) بێگوێدانە داخوازیە ئابوری و كۆمەڵایەتیەكان كە لە فراوان بوونی ژیانی ئەمریكی لە هەموو لایەنەكانیەوە گەشەی كرد ئەو سەرۆكانەی هەر لە (گرانت)وە تاوەكو (مكنلی) جگە لە (كلیڤلند) پێگەیشتن و رەهەندێكی بیركردنەوە و تێڕوانینێكیان نەبوو رووبەڕووی هۆكارەكان ببینەوە و دەرەنجامەكەی لە نێوبەرن.سەرۆكەكان هەمیشە لە ڕاڕایدا بوون لە گرتنەبەری چارەسەری پێویستدا، ئەم نالەباریە وەكو خۆی مایەوە تاوەكو ساڵی (1901)ز كاتێك ئاژاوەچیان (مكنلی)یان پێكاو (پیوردور روزفلت)ی جێگری سەرۆكایەتی گرتە دەست، ئەو كات چالاكی و پاڵنانی خستەروو لە میانەی چاكسازیدا و لە بەرامبەردا خۆشەویستی گەل و شیرینیەتی بەدەستهێنا.

(پیوردور روزفلت) لە بنەماڵەیەكی ناودار و پایەدار و دەوڵەمەند لەدایك بوو، خوێندنی لە زانكۆی هاڤرد كە یەكێكە لە زانكۆ بەناوبانگەكانی ئەمریكا تەواوكرد، گەر چی لە ئەرستۆكراتیەتدا پێگەیشت خاوەنی رەوتێكی دیموكراسی تەواوبوو، ئامانجی لەو چاكسازیەدا رووبەڕوو بوونەوەی سیستەمی ئابووری ئەو سەردەمە بوو دانانی حكومەت لەسەر رووی بەرژەوەندی دارایی و بازرگانی و پیشەسازیەوە كە خاوەنەكانیان دەستیان گرتووە بەسەر لایەنەكانی وڵاتدا و لەدوای ئەویش بنچینەی پرۆژە ئاوەدانیە گەورەكان هاتە دی و چاكسازیەكانی ئەو بنچینەی پێگەیشتنەكان بوو. (ولیم تافت) (1909-1913)ز جێگای (پیوردور روزفلت) و یاسای دژە (تروسن)ی جێبەجێكرد و پاشای تەعدیلكردنی دوو دەستوور، یەكەمیان: دانانی باجی دەستكەوتەكان، و دووەمیش: مافی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران كە پشت بە گەل ببەستێت نەك ئەنجومەنەكانی یاسادانان، لەگەڵ ئەوەی بە چاكسازی دیكە هەستا بەڵام بە شێوەیەكی گشتی رەوتێكی پارێزگاری بوو، پاشان (ودروولسون) ساڵی (1913-1931)ز جێی گرتەوە كە حاكمی نیوجرزی و یەكێك بوو لە سەرۆكە پێشووەكانی زانكۆی(پرنستون) بوو.

# جوگرافیای مێژوویی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا

و: هێمن عەبدوڵلا

لەگرنگترین ئەو سیمایانەی كە جوگرافیای مێژوویی ویلایەتە یەكگرتووەكانی پێ ئەناسرێتەوە و سەرجەم ڕەگەزەكانی ئەم توێژینەوە یە لێی دەدوێت بریتییە لەوەی كەژیانی نوێی ئەم ویلایەتانە لەو جێگایەوە دەست پێدەكات كەپەیوەستە بە زێد ونیشتمانی ڕەسەنی باو باپیرانیان كە پاشخانێكی بەر چاوو بەرجەستەیان بۆ بەجێ هێشتووون ، ڕەچاوی ئەو دەدكرێت كەئەم وادە مێژووییەی ئێمە لەبەردەماندایە تەنانەت پێدەچێت كەمتر لە هەشت ( ٨ ) یان دە ( ١٠ ) نەوە كەمتر بگرێتەوە هەر لەو كاتەوەی كە تاقم و دەستە داگیركارە یەكەمینەكان گەیشتن بەم جیهانە تازەیە *

ئەمە و بەگشتی پێمان باشە ئاماژە بكەین بۆ گرنگی و بایەخی پێگە جوگرافیاییەكەی ، ئەمەش لەبەر ئەوەی پشتێنێكی ئاوی هەیە درێژییەكەی دەگاتە ( ٣٠٠٠ ) میل ، كە دەكەوێتە نێوان وولأتەكانی ئەم جیهانە نوێیە ( ئەفریقا ) وە كەناراوەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ، لەكاتێكدا ئاوی ئۆقیانوسەكە ڕۆڵێكی تەواوی بینیوە لەجیاكردنەوەی بەندەرەكانی ئاسیای ڕۆژهەلأت لەولأتە تازانە بۆماوەیەكی دوورودرێژ ، بەشارستانێتیەكەی و خەڵكەكەشیان ، لەراستیدا ڕەوشی كیشوەری ئەوروپا دەستی كردبوە گەشەسەندن بەتایبەتی لەبوارەكانی چالاكی سیاسی و ئابووری وكۆمەلأیەتی و دینییەكاندا ، لەئەنجامی ئەمەشە كە ویستێكی بەر بلأو دەردەكەوێت ، لەلای ژمارەیەكی زۆری ڕۆشنبیرەكان ڕووەو ئاقاری توێژینەوە لەسەرچاوەكانی سامانە سروشتییەكان، وەگەڕان بەدوای سیستەمەكانی ئازادیدا ، لەدەرەوەی ئەوروپا ، بەواتایەكی تر پێداویستی مرۆڤ بەجیهانی نوێ ، ئەو جیهانەی كە خەڵكێكی كەمی تێدا نیشتەجێبووە ، سەرنجی ئەوكەسانەی ڕاكێشاوە كەئامادەباش بوون بۆ كۆچ كردن بۆ ئەو جیهانە نوێیەی دەرەوە .

شایانی باس كردنە دووریەكەی ئەمریكا بەشێوەیەكی گشتی وای كردووە كە زۆر نەناسرێت هەتاوەكو خەڵكانی دیكەی دەوروبەر پێداویستیان پێی هەبێت و خەڵكی سۆراخی گەڕان بن بەدوایدا ، بەم شێوەیە دەرگای ئەم ولأتانە كراوەیە بەڕووی ئەوكەسانەی كە ئارەزوو مەند بوون

---

* ئەمریكا كاتێك دۆزرایەو ناونرا بەجیهانی تازە " وەرگێڕ "

لەئەوروپای دێرینەوە کۆچی بۆ بکەن ، هەندێك لەمێژو نووسان وای دەبینن کە مێژووی جیهان بەگشتی زۆر کاریگەر دەبوو ئەگەر دۆزینەوەی ئەمریکا هەر لە کۆنەوە پێش سەرکەوتنەکەی کۆلۆمبس بووایە ، وەواشی بەپەسەند دەزانن کەنموونەی لەم جۆرە دۆزینەوانە بۆتە هۆی دووبارە بوونەوەی قۆناغەکانی چەرخی ناوەڕاست لەمێژووی گشتیدا .

بەڵام لەدید و تێڕوانینی زۆری چاودێرانی سیاسیدا ئەم کردەیە لەسەر دەستی کۆلۆمبۆس و ئەوانەی دوای ئەویش ، لەکاتێکی گونجاودا ڕووی دا کە هاوکات بوو لەگەڵ خواستی گەشەکردنی باری گوزەران لە ئەوروپا یەتایبەتی ، وەهەروەها ئەو پێشکەوتنە سروشتییەی کەهاندەربوو بۆ دروست بوونی ئەم حاڵەتە .

گوومان تێدا نییە کەدووری ئەمریکا لەولاّتانی تری گێتی وسەختیگەیشتن پێی بۆتە هۆی هاتنی جۆرێك لەئیستعماری کۆچ کردووی دەستە بژێر بەرێژەیەکی زۆر بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتای ئیستعماردا ، بەڵام ئەم دیاردەیە وورده وورده بەرەو کەم بوونەوە رۆیشت ، لەپاش ئەوەی هەردوو ووزەی هەڵم وکارەبا بەکار هێنرا لەبواری گواستنەوەی دەریایدا ئەوسا پرۆسەی دزەکردن وبڕینی ئەو بەر بەستە ئاوییە گەورانە ئاسان بوو .

بێگوومان داگیرکەر لەم پرۆسەیەشدا سەرجەمی هۆکارەکان و هاندەرەکانی فەراهام کردبوو کە پیاوان خێزانەکانیان بگوازنەوە و شوێن و جێگاکانی خۆیان بەجێ بهێڵن ، لەگەڵ زێد و زەوی و زاریان بۆ ئەوەی بگەنە ناوەڕاستی ئاوەکانی ئۆقیانووسی گەورە ، کە چەندین هەفتە ومانگی دەخایاند ، ئەمەش لەڕێی ئەو کەشتیە کۆنانە ، کەجێگای مەترسی بوو کە ڕووەو وبەربەست و کەناراوە نوێیەکان دەیانگواستنەوە ، بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون بنیات بنێن و ئامراز وکەرەسەکانیگوزەران بسازێنن لە ژینێکدا کە پێدەچوو تا ئەندازەیەك تەم ومژێکی زۆری پێوە دیاربێت .بەڵام ئەوانەی کە دەگەڕان بەدوی ژیانێکدا لەژێر سایەی ئازادیدا وە ئەوانەشی کە سۆراغیان دەکرد لەو بوارە نوێیانەی کە ئازادی پەرستشی تێدا بوو ، ئەوانە خەڵکانێکی زۆر بوون کە لەقۆناغەکانی سەرەتای ئیستعماردا تەنانەت خەریك بوو زۆر بەئاشکرایی سروشتی خۆیانیان دەچەسپاند لەمیانەی کۆچ کردنیان بەرە و ئەمەریکا .لەپاڵ ئەم کۆچ کردوانەدا چەند گروپێکی مەترسی دار هەبوو کە جەربەزە و گەڕۆك بوون ، خاوەنی وتەیەکی بەهێز و رۆحی پەلاماردان بون ئەم سیفەتانەیان پاڵی پێوەنان ڕووە و دەریاکان و وشکانییە کان بڕۆن .

هەروەها لەپاڵ ئەمانەشدا دەستەیەك لەسەرمایەدارەکان هەبوون ئەوانەی کە ئامادەبوون سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ لەڕێی دەریاکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی دەرامەتە شاراوەکان .ئەگەر هەردوو ئیستیعماری ماشوستن و ڤێرجینیا هاتبێتن لەسەر دەستی ئەو ڕەوەندە نەخوێندەوارانە بەشێوەیەکی گشتی ، ئەمانە کۆمەڵێکیان لەگەڵدا بوو ئەگەر چی کەمیش بوون ، بەڵام سیفەتی ڕەوشتی بەرز و خوێندەواری پێشکەوتوویان لەگەڵدا بوو هەروەها خاوەنی سەرمایەی زۆر و زەمەندە بوون وە توانایان هەبوو لەبواری ڕێك خستنی ژیانی کۆمەڵایەتی ،

وەتێبینــی دەکــرێت کەمایەتیەکــی کــەم لــە تاوانــبارەکان کــە شایســتەی بــاس نەکــردنن وقێــزەونن گەیشــتنە ولایەتــە یەکگــرتووەکان لــەم کاتــەدا ، بــەلاّم هەمــوو ئەوکەسانە شایستەی ئەو ە بوون کە چاکســازی و ڕیفــۆرم لــەبیر وبۆچــوون ڕەوشــتیاندا بکــرێت ، لەبــەر ئــەوەی تاوانەکانــیان زیاتــر لــەو جــۆرە بــوو کــە مــاددی بــوو لــەوەی کــە لەتاوانێکــی ئەخلاقــی بچێت ، وەخــودی ڕەوشــەکە ئــەوەی پەســەند کــرد کــە ئەو خەڵکانەی دیاردەی تەمبەڵی یان تەمبەڵ بوون باڵی بەسەردا کێشابوون یان ئەوانەی کەرۆحی پارێزگاریەکی توند پەیوەستی کردبوون بەزێدەکەیانەوە ئارەزووی کۆچ کردنیان نەبــوو .هەنــێك وای دەبیــنن کــە ئــەم دۆخــەی کــە باسمــان کــرد ئەو دەردەخات کە بنچینەی رۆحی پێشــکەوتن زۆر بەخێرایــی گەشــەدەکات ، وەلــەبار وتوانســتی و چــۆنێتی گــونجاندن و ســازین و گۆڕانکاریدا و کەئــەم ســیفە تانــە ژیانــی ئەمــریکای پــێ جــیا دەکــرێتەوە وەك چــەند خەسڵەتێکی گشتی لەئێستادا .

ئــەوەی مایــەی ســەرنجە ئەوەیــە کــە ئــەو ماوە دوورەی ئەمریکا وای کردووە لەکۆچ کەران کە پشت بەخــۆیان ببەســتن لەکاروبارەکانی ژیانیان بەتایبەتیش لەداهێناندا ، بەم چەشنە یاساکانیان و داب و نەریتیان و سیستەمی دەسەلاّتیان دەستی کرد بەگەشەکردن و پێشکەوتن لەبەر ئەوەی بەدەستی خۆیان دروستیان کردبوو وە بەهەوڵ و توانای خۆیان ئەو دۆخەیان سازدابوو .

لەڕاستیشــدا مــەحاڵ بــوو کەبڕیارەکانی دەسەلاّت لە لەندەن و ولاّتانی دیکەی ئەوروپاوە ڕاستەوخۆ پیادە بکرێت و بسەپێنرێت و بەسەر ئەو هەرێم وناوچە و مەڵبەندە تازە دۆزراوانەدا .

گەشتی کەشتیەکان لەکاتی هاتن و چوونیاندا لەڕووی تیۆریەوە نزیکەی سێ مانگی دەخایاند بەلاّم لــەڕوی پــراکتیکەوە ســاڵێك بــوو ، وەلەپاش ساڵی ١٧٧٦ دروست بوو تەنانەت ڕەوەندەکان لە ژیانێکی ئاســودەو خــۆش گــوزەراندا ڕایــان دەبــوارد لــە نــێو سامانێکی فــرە وســەروەتێکی زۆردا کــە بەهەوڵو کۆششــە ڕەواو ناڕەواکانــی خــۆیان بەدەســتیان هێــنابوو .ئــەو هەوڵانــەی کــەرەواو مەشــروع بــوون لەئەنجامــی بەرهەمهێنان لەگەڵ ئەو سامانە سروشتیەیە جۆراو جۆرەدا لەم ناوچە تازە دۆزراوانەدا ، بەتایبەتــی دوای ئــەوەی ژمــارەی ڕەوەنــدەکان زیــادی کــرد ، بــەلاّم هــەر ئــەو هەولاّنــە کــە نــاڕەواو ونامەشــروع بــوون مەبەســت پێــی ئــەو قازانجانــە بوو کە کۆبوو بوەوە لە ئەنجامی بەرفراون بوون لەبازرگانــیە نــەرم وئاسانەکاندا .لەڕاستیدا ڕەوشی فەرمانڕەوایی ناوچە تازە دۆزراوەکان ( ئەمریکا ) تــا ئەم سەردەمە دوور بوو لەوەی کەجۆرێك لەیاسای ڕاستە وخۆی بەسەردا سەپێنرابێت ، بەڵکو ئەوانــەی کەکۆچیان کرد بۆی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەرێژەیەکی زۆر ( بەپلەیەکی بالاّ ) لەو پرۆســەیەدا کــە بەشــداری بکــەن بەپشکێکی گەورە لەفەرمانکردن و خۆبەرێوەبەریدا ( ئۆتۆنۆمی ) تائەو کاتەی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند لەساڵ ١٧٧٦ ز .

بەتــەنها ئــەم ویلایەتانــە نەبــوون کەهەســت بــە جــۆرێك لەدابــڕاوی و تاك بوونەوە و دووری بکەن لەئــەوروپاوە ، بەڵکــو ئــەم هەســتە بوونــی هەبــوو لەلایــەن دراوسێکانیشــیانەوە لەکەرتەکانــی تــر ، کــەماوەی دووری نــێوان ویلایەتــەکان وناوچــە دراوســێ نشینەکان زۆر زۆر نەبوو کە چەند هەفتەو

مانگێك بخایەنێت لەناوچە مەترسیدارە نائاسایشەكان ، بەڵكو هەروەك گەشتێك بوو لە ( بۆستن ) ەوە بۆ نیویۆرك ، وە لەویلایەتی ( فیلادەلفیا ) وە بۆ ( ڤێرجینیا ) یان ( كارۆلینا ) .
ئەو رۆحە بەرگیری‌یە و جودایی‌یەی كە باڵی كێشابو بەسەر كەرتە جیاوازەكاندا ، كاریگەری تەواوی هەبوولە ناو تاكە كەرتێكی ویلایەتەكەدا ، كشتیارێكی گەورە لە ڤێرجینیا دا زیاتر لە حوكومەتۆكەیەكی چكۆلانە دەرچوو لەناو ئەو كەرتە گەورەیەدا .
شایانی باسە ئەمریكا و ئەوروپا ڕووە وئاراستەی یەكتر هەنگاویان هەڵدەگرت لەبەر لێك چوونی سروشتی جوگرافییان ،كە لەهەنووكەدا هێڵەدەریاوانییە سەرەكیەكانی‌جیهان دەیانبەستێتەوە بەیەكەوە .كەواتە ئاراستەی سیاسی ئەوروپا ڕووە و رۆژئاوا هەنگاو دەنێت ، جگە لەبەشی ئەوپەڕی رووسیا كەوا دەردەكەوێت ئاراستەی گۆڕانی سروشتی ڕووە ورۆژهەلأتە ، لەراستیدا ئەو دەشت و پێدەشتە بەپیتانەو رووبارە گەورەكان كە بەلەمی چارۆكەدار هاتوچۆیان تێدا دەكرد وە دەریا ناوخۆیی‌یەكانی ولأت وە هێڵە سەرەكیەكانی ئاسن هەمووویان ئەبێتە هۆی دەرچەیەك و دەروازەیەك بۆ گەیشتن ڕووە وزەریای ئەتڵەسی ، كەخۆی دەنوێنێت لە لەندەن و، هامبۆرگ ، ئەنتۆرب و رۆتەردام و هانۆڤەر ، هەروەها حەوزی دەریای سپی ناوەراست .
بەلأم ڕووە ورۆژهەلأت هەنگاو دەنێت ، پشت ڕاست كردنەوەی ئەم بۆ چونەش بەبەڵگەی ئەوەی ئاراستەی ناوی سرنت لۆرنس و ئەو ڕوبارە زۆرانەی كە سەرچاوەكەیان لەچیای ئەپەلاش و تەنانەت ڕووباری ( میسی سیبی ) گەورەش بەشێكی بەرفراوانی ئاوەكەی ڕووە وزەریای ئەتڵەسی ئەكشێ كە دەكاتە زیاتر لە ( ٢/ ٣ ) دوولەسێی ئاوی ویلایەتە یەكگرتووەكان ، لەم ناوچانەدا ٨٨ ٪ ی دانیشتوانەكەی سەرقاڵی كشتوكاڵ كردنی لۆكەن ، هەروەك پێنج لەشەشی ( ٥/ ٦ ) ی ناوچەی بەرهەمهێنانی ئابووری بوونی هەیە بەهەموو جۆرەكانیەوە .
ئەكرێت بەراوردێكی هەردوو ناوچەی ویلایەتە یەكگرتوەكان بكەین لەگەڵ رۆژئاوای ئەوروپا بە گوێرەی هێڵەكانی پانی .ویلایەتە یەكگرتووەكان هێڵی پانی درێژدەبێتەوە لەنێوان ٢٥ ، ٤٩ لەباكوردا ، ئەم هێڵە لەئەوروپادا لەبەرامبەر ئەو هەرێمانەدا دەبێت كەدەكەوێتە نێوان باكوری ئەفریقا و دەریای مانش وەشاری نیویۆرك بەنزیكی دەكەوێتە سەر هەمان هێڵی پانی شاری مەدرید و ناپۆلی و ئەستانبوڵ .بەلأم بەریتانیا دەكەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی ( ٥٠ ، ٦٠ ) ی باكور ، ڕەنگە لەبەرامبەر جیهانی تازەی ( ئەمریكا ) ی هەرێمەكان بێت كە دەكەوێتە نێوان نیپج و لوتكەی فیرول "C . Fare Well " بەم شێوەیە ئەم جیاوازیە لەكەش و هەوای جوگرافیادا بوەتە هۆی جیاوازیەكی پتر ە وە لەبەرهەمە مرۆڤایەتی‌یە پەیوەندیدارەكان دا.
لەڕاستیدا ویلایەتە یەكگرتووەكان كاتێك كە داگیركاری سپی پێستەكان هاتنە ناوی دانیشتوانی هیچ تێدا نەبوو یان كەمێكی تێدا بو ، وە ڕاستیترین مەزەندەش ئەوە بوو كە بەشێكی كەمی دانیشتوانی تێدا بوو ، بەتایبەت ئەو هەرێمەی ئێستا ناونراوە و ناسراوە بەویلایەتە یەكگرتووەكان ، نزیكەی نیو ملیۆن كەس یان كەمتر لەو ژمارەیەی تێدا بوو .

ئـەم ڕێژەیـە بەنزیكی یەكسـانە بـەو ژمارەیەی كە ئێستا لەچوار چێوەی تەنها ویلایەتێكدا هەیە ، هەنـدێك لـەو زانایانـەی لـەم بـوارەدا پسـپۆڕن بۆچـونیان وایـە كـە ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەكانی ئەمریكا كەم نەبوو بووە تا دوای سێ( ٣) چەرخی كۆلۆنیالیزم و خەڵكی بەزۆر نیشتەجێ كراو .
زانـاو بیرمەنـدان ئەنـدازەی ڕێـژەی چڕی دانیشـتوانە ڕەسـەنەكان مەزەنـدە دەكـەن كەتـەنها یـەك كەس بووە لەهەشت ( ٨ ) یان ( ١٠ ) میلی چوارگۆشە لەكاتی گەیشتنی نێردراوی كۆچ كەرەكان .
وێـڕای هەبوونـی سەرچـاوەكانی هێـز و تـوانا و وزەی گەنجێتـی لـەلای دانیشـتوانی هیـندیە سـورە ڕەسـەنەكان ، بەڵام كاریگەریەكی ئەو تۆیان جێ نەهێشتووە لەژیانی ئێستای ئەمریكادا ، لەڕاستیدا هیـندیە سـورەكان پەیـتا پەیتا لە بەین چوون كەنزیك بوو ڕەگەزی سپی پێستەكان یان ئەو ڕەش پێسـتانەی كـە گەیشـتبوونە جێگاكانـیان شوێنی ئەوان بگرنـەوە ، تەنانەت لەمیانەی تێكەڵاْوبونـیان لەگـەڵ ڕەگەزەكانـی دیكـە ( سـپی پێسـتەكان ) ، كاریگـەر و ڕەنگدانـەوەی ئـەم پەیـوەندیە لـە ئـەو پەڕی لاوازیدا بوو ، كەهیچ بەرهەمێكی بەرچاوی مرۆیی و رۆشنبیری نەبوو .
وە بوونـی هیـندیە سـوورەكان لـەو ناوچـانەدا ئاماژەیـەك و هانـدەرێك بـوو بـۆ ئـەوەی دانیشـتوانی ویلایەتەكانـی ڕۆژهـەڵات گردبنەوە لەسەر شێوەی چەند كۆمەڵێكی پەیوەندیدار و لەیەكەوە نزیك وە ئەم جۆرە هەمان هەنگی و كۆبونەوانە كاریگەریەكی گەورەی كۆمەڵایەتی وسیاسی هەبوو .
هیـندیە سـوورەكان باشـترین شـتێك كـە هەیانـبووە وە بەخشـیوناتە ئەمریكا بریتی بووە لە هێزی ناوكـی و بازرگانـی وهـتد ، ئـەم بەرهەمانـە سەرەتایەك و پێشەكیەك بوو ن كە ئەمەریكا ناوبانگی پـێ دەركـرد بەشـێوەیەكی گشـتی ، زیـاد لـەوەش هێـزی گەردیلەیـی ڕۆڵێكـی سـەرەكی گێـڕا ، لەبەر ئـەوەی كۆمەڵێكـی سـەرەكی بـوو بۆ ژمارەیەكی زۆری ڕەوەندە سەرەتاییەكان لە قۆناغەكانی دەست پێكردنـی داگیركاریـیان .ویلایەتـە یەكگـرتوەكان وردە وردە گەشـەی كـرد ، ئـەو سـیازدە ( ١٣ ) هەرێمـەی كـە بنچینیی بـوون و جیابوونەوە لـە بەریتانیا بە گوێرەی پەیماننامەی ساڵی ( مین – Maine ) ەوە دەسـت پێدەكات بـۆ باكوری نیمچە دورگـەی فلـۆریدا ، وە لـە ڕۆژئاواشـەوە هـەتا دەریاچـەی ئەیـری ( Erie ) و سـنورەكانی ( ئـۆ هـیۆ ) ی ئێستا ، پاش ئەوە هێڵی سنوری ڕووە و ڕووبـاری ئـۆهیرۆ میسیسـیبی دەڕوات تاوەكـو هێڵـی پانـی ( ٣١ ) ی باكـور ، ئـەو ناوچـانەی كـە دەكەونـە باشـوری ئـەم هێڵەوە ، كە لە ڕووباری ( میسیسیبی ) یەوە درێژ دەبێتەوە تاوەكو زەریای ئەتڵەسی ، لە ڕابردوودا ناونراوە بە ( فلۆریدا ) ، كە پاشكۆی ئیسپانیا بووە ، بەڵام ئەوهەرێمانەی كـە دەكەونـە باكـوری ئۆهایـۆ ، لـە پەنسلڤانیاوە تاوەكو میسیسـیبی هـەروەها لەگەڵ ئەو ڕووبەرە بەرفـراوانەی باكـور مەنسوتا هەموو ئەم ناوچانە دراوەتە پاڵ ئەمریكا ( ویلایەتە یەكگرتووەكان ) بەگوێـرەی پەیمانـنامەی سـاڵی ١٧٨٣ ، ئـەم هەرێمانـە ناسراو بوون بە ( زەویەكانی باكوری ڕۆژئاوا) وە تێكڕایی ڕووبەرەكەی لەو كاتەدا نزیكەی نۆسەد هەزار ( ٩٠٠,٠٠٠ )میلی چوارگۆشە بوو .
تێبینـی دەكـرێت ئـەم زەویانـەی باكوری خۆرهەڵات ئێستا پێنـج ( ٥) ویلایەتی گەورە و بەشێك لە ویلایەتی شەشەم ( ٦ ) لە خۆ دەگرێت ، وەلەم ناوچانەدا بەرهەمی سروشتی جۆراوجۆری تێدایە ،

وە لەپاڵ دانەوێڵە و بەرهەمی خاكە كشتوكاڵیەكە و لەوەڕگاكانیان كە مەڕ ومالاًتێكی زۆری هەیە ، سامانێكی كانزایی گەورەیان تێدا بەدی دەكرێت ، ئەمە وای كردووە ژمارەیەكی زۆر دانیشتوان بەلای خۆیاندا ڕابكێشن ، لێرەوە شارە گەورەكان پیشەسازیە گرنگەكان پەیدا بوون .

ڕووباری میسیسیبی تاكە جیاكەرەوەیەك و بەربەستێكی سیاسی ڕۆژئاوایی بوو سەرەڕای ئەوەی ڕووبارەكە بەناو دەشتێكی بەپیتی گەورەدا تێپەر دەبێت وە دەرگای دەرچوونی ئەم ڕووبارە لەدەستی دەوڵەتێكی بێگانەدا بوو كە پێویست بوو كە ئەم حاڵەتە نەشیاوە گۆڕانی بەسەردا بێت و بگەڕێتەوەدەستی هاونیشتمانانی وڵاتەكە.

لەماوەی نێوان ساڵەكانی ١٧٨٣، ١٧٨٥ سنووری سیاسی ولایەتە یەكگرتووەكان گەیشتە كەناراوەكانی كەنداوی مەكسیك لەلایەك و ئاوەكانی ئۆقیانوسی باسفیكی لەلایەكی ترەوە، بەم شێوەیە ڕووبەری گشتی ویلایەتە یەكگرتووەكان گەیشتە سێ ملیۆن و هەشتا و هەشت هەزار وپێنج سەد و نۆزدە ( ٣,٠٨٨,٥١٩ ) میلی چوار گۆشە .

ئەم پرۆسەیە بەچەند هەنگاوێكی هێواشدا تێپەڕی بەلاًم بەچەسپاوی و بەجێگیری ، یەكەمین هەنگاوی بریتی بوو لە كڕینی زەوی ( لویزانا ) لەساڵی ( ١٨٠٣ ) لە ناپلیۆن ، كە بەشی زۆری هەوڵەكانی ناپلیۆن هەنگاو نان بوو ڕووە وئاراستەی ئەوروپا وە دەیویست هەموو هێز وتوانایەكی خۆی بخاتە گەڕ لە پێناوی پارێزگاری كردن لەم هەرێمە دوورەی جیهانی نوێ ( ئەمریكا ) !! بەم شێوەیە ناپلیۆن ئەم گرێبەستی كڕین و فرۆشتنەی خستە بەردەم ویلایەتە یەكگرتووەكان لەپاشاندا لەسەردەمی سەرۆكایەتی جێفرسۆن ئەنجامدرا ( ئیمزا كرا ) ، ئێستا زۆربەی یان هەر ( ١٣ ) وولایەتەكان كە لە چوار چێوەی سنوری ( لویزانا ) یە لە گرنگترین وولایەتەكانی ئەمریكان ، ئەنجامەكانی ئەم گرێبەستە ئەوە بوو كە ڕووبەری ویلایەتە یەكگرتووەكان فراوان بوو ، لەهەمان كاتدا ئەم گرێ بەستە وا ئیكرد كە بشێت ڕووبەری ئەم ناوچەیە فراوان بێت ڕووە و ڕۆژئاوا بكشێت و گەیشتن بەكەناراوەكانی ئۆقیانوسی هێمن .

دواتر قۆناغی كڕینی فلۆریدا لەساڵی ١٨٨٩ دا دەستی پێكرد ، ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەلاًتی ئیسپانیەكان بوو بەڕێژەیەكی كەم گرژی وئاڵۆزی و قسە وقسەلۆك دروست دەبوو لەسنوورەكانی نێوان ئیسپانیا و ویلایەتە یەكگرتووەكان ، لەبەرئەوەی ناوچە سنوریەكان زۆر بەئاشكرایی جیانەكرابووەوە .

سەرەنجامی ئەم مامەڵەی كڕین وفرۆشتنە هەموو كەناراوەكانی نێوان مین ورۆژهەلاًتی تەكساس بوونە بەشێك لە ویلایەتە یەكگرتووەكان ، بۆ ئەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكان گرنگی بدات بەڕەوشی دەریای كاریبی ، وە هەروەها ئەمریكای ناوەڕاست بەتایبەتی زەویەكانی نێوان دوودەریاكە . بەلاًم تەكساس لەساڵی ( ١٨٤٥ ) خرایە سەر ویلایەتەكان پاش ئەوەی ڕەوەندە ئەمریكیەكانی پێگەیشتن وە هەروەها ئەو نەژادانەی تر كە هاتنە ناوی یەوە كە كاریان دەكرد لەسەر ڕەوانی پێدان و بایەخ پێدانی بازرگانی ئاسان كە قازانج و سوودێكی زۆری تێدا بوو .

وە لەسـاڵی ( ١٨٣٦ )سـنووری مەکسـیکیان بڕی،چوونە پاڵی تەکساس بۆسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بـە فەرمـی ئـەنجام نـەدرا هەتا دوای کۆتایی هاتنی ئەو جەنگەی لەنێوان وولایەتەیەکگرتووەکان و مەکسیك دا ڕووی دا .

لەئەنجامـی گـرد بوونەوە وئەم کۆمەڵ بووونە ڕووبەری ویلایەتەکان فراون بوو بەنزیکەی ( ٣٩٠ ) میلـی چـوار گۆشـە و سـەرنج دەدرێـت کـە ویلایەتـی تەکسـاس بەتـەنها لـە ڕووبـەردا گەورەتـر وفـراوانترە لەهـە ر دەوڵەتێکی ئەوروپـی جگـە لـە رووسـیا . ئەگـەر ویلایەتـی تەکساس نەبـوایە ویلایەتـە یەکگـرتووەکان نەیدەتوانی پارێزگاری بکات لەبەرهەمە قەبە وگەورەکانی وەکو لۆکە کە دەکاتە نزیکەی ٦٠ ٪ ی تێکڕایی لۆکەی هەموو جیهان .

بەهـۆی هاتنە پاڵ هەردوو ویلایەتی لویزانا و تەکساس بۆسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو ئەو زەویانـە ی گـرتە خـۆی کە ئاوەکانیان ئاراستەی ڕێڕەوەکەیان بەرەو ئۆقیانوسی ئەتڵەسی دەڕۆیشت ، بـەڵام لەکـەناری رۆژ ئـاوادا ئـەم پێشـڕەوییە بەچـەندەها هـەنگاوی خێـرا دا تێـپەڕی بەهـۆی ئەو ڕێکەوتنـنـامەیەوە لەگـەڵ بەریتانـیا نووسـی توانـی پلانـێك بکێشـێت بـۆ جیاکـردنەوەی سـنوری هەردوولایـەن ، کە لەدواجاردا پشکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە ویلایەتەکانی واشنجین و ئەریجۆن و ئەیداهوو بەشێك لە یومنـج و مۆنتانا .

لەسـاڵی ( ١٨٤٨ ) مەکسـیك لەڕووبەرێکی فـراوان و گـەورەی زەوی دەسـتەبەردار بـوو کـە نزیکەی ( ٢٥٠ ) هـەزار میلـی چوار گۆشە بوو ، کە ( کالیفۆرنیا ونیفادا و ئۆتاوا و ئەریزۆنیا و چەند بەشێك لـە کۆلـۆرادۆ و نیرمەکسـیلکۆ و بومـنـج ) ی گـرتەوە لەگـەڵ بەشـێکی بچـووك لەسـنووری نـێوان ویلایەتـە یەکگـرتوەکان ومەکسیك لەڕێگەی کڕینی ئەم زەویانە ی ویلایەتە یەکگرتووەکان بگاتە ئـەو ڕووبـەرەی کـە ئێسـتا هەیەتـی ، لەسـاڵ ١٨٦٩ هەمـوو بەشـەکانی رۆژ هـەڵات پـێکەو گرێ دران بەبەش و ناوچەکانی رۆژئاواوە بەهۆی هێڵی ئاسنینەوە .

أ ) چۆن ویلایەتـە یەکگـرتووەکان بونیات نرایەوە ؟ سەرەتای پرۆسەی نیشتەجێکردن لەهەرێمە نـزمەکاندا ئـەنجام درا کـە دەیڕوانـی بە سەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسی وە بەردەوام بوو بەدیاری کراوی لـەم پێشینـەیەو لـە م سـنورەدا ( مەڵبـەند ) بـۆ مـاوەی زیاتر لە ( ١٥٠ ) ساڵ ، هەر لەو ساتەوەی پێگەی ڕەوەندە داگیر کەرەکان چەسپا بوو لەناوچەکانی ڤێرجینیا و ماساتشوستس .

لێـرەوە ئـەو فەرهەنگـە گەشـەی کـرد و گەورەبـوو ، لـەدوا جاردا یەکێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لـێوە دروست بوو ، چیاکانی ئەپەلاش بەربە ستێکی سەختی بەرزی گەورەبوون کە جیا دەکرێتەوە بەپـتەوی‌و ڕەقی‌یـەکەی‌و بەهێـزی ڕووەکـەی هـەروەك چـۆن جەنگەڵـەکان ڕووەکانـی سـەرزەوی دادەپۆشن ، لەم جەنگەڵستانەدا هیندیە سوورە دواکەوتووەکان تیایدا دەژیان .

ئـەم بەربەسـتە سروشـتی‌یەی چـیای ئەپـەلاش بـوە هـۆی کۆبـوونەوە و گـردبوونەوەی خاڵـی نیشتەجێبوون و چڕ بوونەوەیان لەو ناوچەیەدا وە جێگای‌حەوانەویان .

وە نـزیك بـوونەوەی هەندێكـیان لەهەندێكـی دیكـەیان ، وە دیسـان بـوە هـۆی گیانـی هاریكـاری و بەهێزكردنـی پەیوەندیەكانـی نێوانـیان ، بـەم شـێوەیە بـنەمای ڕێكخسـتنی بـواری كۆمەڵایەتـی ئابووری و سیاسیەكانی ویلایەتەكان بنیات نرا لەنێو ئەم شوێنەوارە كەناریـیە دیاری كراوەدا .
لـەدوای جـیابوونەوە لەبەریتانـیا خاڵـی نیشـتەجێكردن و جـێگیری وسـەقامگیری دەستیپێكرد بە تایبەتی لەناو هەرێمی ئەپەلاشدا بەڵكو لەدەرەوەی ویلایەتەكەشدا گەشەكردنی بەخۆوە بینی .
ناوچـە دۆڵ نشـینەكانی مەوهـۆك و ئۆهایـۆ بـوە مایـەی فەرامـۆش كردنـی ناوچـە شاخاوییەكانی نـاوەوە لـەلای ڕەوەنـدە كۆنەكان بەهـۆی سەرنج ڕاكێشان و دڵرفێنێتی ناوچەكە تەنانەت لەساڵی ( ١٨٠٠ ) ڕەوەنـدەكان نەگەیشـتبوونە داگیرگەكـەیان و جـێگا نیشـتەجێبووەكانیان لـەڕووباری میسـی سیبیـدا ، ئەگەر چی ژمارەیان لەم هەرێمانەی ناوخۆدا زۆر زیادی كردبوو .
لـەماوەی نـێوان سـاڵانی ( ١٨٠٠ ) و ( ١٨٧٥ ) چـەند تێڕوانینێكی ڕەوەنـدەكان بەدوای یەكتردا هاتن هەمـوو ئـەو شـتانەی هاتبێـتە بـەردەم ڕێـیان لـەناویان بـرد پاشـان جـێگیر بـوون ودەسـتیان بەئاوەدانكـردنەوەی سـەرجەم ئـەو زەویانـەی كـە شایسـتەی نیشـتەجێبوون و بەرهەمهێـنان بـوون لەدەشتەكانی ناوەڕاست دا كرد.
دۆزیـنەوە وگـەڕان بـەدوای زێـڕدا لەناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمی ساڵی ( ١٨٤٩ ) یارمەتی سەرنج ڕاكێشـانی ژمارەیەكـی زۆری لەكـۆچ كـەران ( ڕەوەنـدەكان )دا كـە بـەلای خـۆیدا ڕاكێشـێت كـە بەكیشوەرەكاندا دەپەڕینەوە لەرۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا .
بـەم چەشـنە پارچـە وبەشـەكانی وولایەتـە یەكگـرتووەكان نـۆژەن كرانەوەیەكـی لەدوی یەكـی بە خۆوە دی سەرەرای گەورەیی وفراوانی ڕوبەرەكەیان كەنزیك بوو لە ڕووبەری ئەوروپا .
شـایانە یـاد هێـنانەوەیە پێویستە ئەم ڕووداوانە لەڕاستی نزیك بكەینەوە ، ڕووبەری ویلایەتەكانی نـیویۆرك بەتـەنها بەنزیكەیـی یەكسانە بـە سـەرجەمی ڕووبەری ئینگلتەرا و ڕووبەری نیفادا یان ئەریزۆنا یەكسانە بە ڕووبەری ئیتالیا ، وە ڕوبەری ماری لاند یەكسانە بە ڕووبەری بەلجیكا .
بەمانایەكـی تـر ئەكـرێت بڵـیین ڕووبـەری هەریـەك لـە ( ٤٨ ) ویلایەتەكـە كـە ویلایەتـە یەكگرتووەكان پێك دەهێنێت گەورەترە لە ڕووبەری ئینگلتەرا و وێڵز پێكەوە .
بـەلاَم لـەڕووی نـەژادەوە وادەر دەكـەوێت كـە خوێنـی بەریتانـیەكان ڕۆڵێكـی سـەرەكی گێـڕا لـە قۆناغەكانـی سـەرەتای داگیـر كردنـی ئەمـریكا . بـۆ نمـوونە لەسـاڵی ( ١٧٩٠ ) ژمـارەی دانیشـتوان لە وولایەتـە یەكگـرتووەكان نـزیكەی ( ٤,٠٠٠,٠٠٠ ) ملـیۆن دەبـوو ، وە خوێنـی زوربـەیان كـە تـیایدا ڕژابـوو خوێنـی بەریتانـیەكان بـوو لـەپاڵ ئەمانیشـدا زۆرێـك لـە قوربانـی و خوێنـی كوژراوەكانـی هۆڵەندیـیەكان و ئەڵمانیـیەكان و سـویدییەكانی لەگەڵدا بـوو ، وە هـەروەها هۆجونـوتەكان و جگە لەمانـەش لەكەمایەتـیە نـەژادە جیاوازەكانـی تـر .تێبینـی دەكـرێت تائـەم كاتـەش ڕەوەنـدەكان زۆر تـێكەلاَوی یـەكتر دەبـوون ، لەگـەڵ هەمـوو ئەمەشـدا خوێنـی قوربانیەكانـی بەریتانـیەكان بەژمارەیەكی زۆر خۆی دەنوێنێت لەنێو سەرجەم ڕەگەزەكانی دیكەدا لە وولاَتەكانی دی .

ئــەوەی شــایانی باســە هــۆڵەندیەکان زیاتــر کۆدەبــوونەوە و چــڕ دەبــونەوە لــە نــیویۆرك و ســویدیەکانیش لــە هەرێمــی دەلاویــز لەنــزیك ناوچــەی فیلادەلفــیا . بــەلاّم ســکۆتلەندیەکان و ئێــرلەندیەکان ژمارەیــان زۆر بــوو و بــلاّو بــوونەوە لەگشــت جــێگاکان و باشــوری ویلایەتــە یەکگـرتووەکان لەوکاتـەدا .ئەڵمانەکان هەر لە زەمەنێکی کۆنەوە دەستیان کرد بەکۆچ کردن بۆ ئەم ناوچـە تـازە دۆزراوانـە و هەندێکـی زۆریان جێگیربوون لە پەنسلڤانیا و هەروەك چۆن ڕەوەنـدەکان لەکەرتـی پلاتینـیەکان لـە حـەوزی ( ڕیـن ) بـلاّو بـوونەوە لەناوچـەی نـیویۆرك و هـەروەها لـە نیوجیرسی و ماری لاند و ڤێرجینیا و کارۆلینای باکور وباشور و جۆرجیا .

سـەرجەمی ئـەم ژمارەیـەی ئەڵمانـەکان زۆر کـەمتر بـوو لـە ژمـارەی بەریتانـیەکان ، بەلاّم پێویستە تێبینـی ئـەوە بکـرێت زۆربـەی خاسـیەتەکانی ئـەم ڕەگەزانـە بـەخاوەن بەرهـەم زۆر و ڕێژەیەکـی گـەورەی تەمەنـیان جـیا دەکـرێنەوە لـەڕووی تەمەنــەوە لـە نەژادەکانـی دیکـە گەورەتـر بـوون ، لەپەیمانـنامەی ئاشـکرا کردنـی سـەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەنێوان ( ٥٦ ) واژۆدا تەنها ( ١٨ ) واژۆ ئینگلیزی نەبوو ، ئەمەش بیرێکی ڕاست ورێژەیەکی گەورە دیاری دەکات .

بـەلاّم مـاوەی نـێوان سـاڵەکانی ( ١٧٩٠ ) و بـەرپا بوونـی جەنگـی ناوخـۆ ئەکـرێت دابەشـکرێت بـەم جۆرە :

١ ) ماوەی نێوان ساڵی ( ١٧٩٠ ) و ( ١٨٢٠ ) ڕەوەنـدە ئینگلیزیەکان ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ( ٢٠٠,٠٠٠ ) هەزار کەس .

نیو یۆرك بە پێچەوانەی پەنسلڤانیا وە كە لە خەڵكی جۆراو جۆری تیابوو ووێنیەكلە چەندین زمانی ئەمریكابوو تاساڵی ١٦٤٦ دانیشتوانی نیشتە جێی كەنارەكانی سنوری ڕووباری " هودسۆن ) ( Hudson ) پێكهاتبوولە هۆلەندیەكان ، فەرەنسایيەكان ، دانیماركیەكان، نەرویجیەكان ، سویدیەكان ، بەریتانیەكان ، ئوسكۆتلاندیەكان، ئەڵمانیەكان ، پۆلەندیەكان ، پورتوگالیەكان ، ئیسپانیەكان ، كە بوونە هەنگاوێك بۆ ملیۆنان كۆچكەر لە نەتەوەكانی داهاتوو . هۆلەندیەكان لەلایەن خۆیانەوە وەكو هۆكارێكی كاریگەر زور گرنگ لە ئابووری و كۆمەڵگای ناوچەی سفۆسیرك تاماوەیەكی زۆر لەدوای كەوتنی (هۆڵەندای تازە ) (Now petherlomd) درێژەیان دابە

هاوپەیمانێتی لەگەڵ سیتەمی داگیر كاری (مستعمرات ) بەریتانیا، وەبوونە هۆكارێكی كاریگەر و بەردەام لە بنیاتنانی بینای سازی و بازرگانە كانیشیان هۆكارێكی قەرەباڵغی و لایەنی بازرگانی یەكەمین ناوچەی (مانهاكان )٠

موستەعمەراتی باشوور

( مستعمرات جنوبی )

بەپێچەوانەی نیو ئینگلەند و حكومڕانی ناوەڕاست ئەم ناوچەیە پێكهاتبوو لە . ڤێرجینیا ، مەریلەند ، كارولێنای باشوور و باكوور وەهەروەها جورجیا .

تاكۆتایی سەدەی ١٧ پێكهاتەی كۆمەلأیەتنی و ئابووری ڤێرجینا و مریلند تارادەیەكی زۆر وابەستای جوتیاران و خاوەن زەوی یە بچووكە كانی كشتوكاڵی بوون . جوتیاران ناوچەی (تایدواتر ) هەڵكشان و داكشانی كەنارەكان ، بەپشتگیری هێزی كۆیلەكان ، كۆنترۆلی دەسەلأتی سیاسی و باشترین زەوی یەكانیان لە ژێر دەست دابوو . ئەمانیش خانووە گەورەكانیان درووست كرد وژ یانێكی گەورەیان بۆ خۆیان رێكخست و و تارادەیەكی زۆریش پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دونیا و شارستانیەكانی دەرەوە دەپاراست .

لەهەمان سەردەمدا ، جوتیارانی خاوەن زەوی خۆیان كە لەسەرپارچە زەویە بچوكترەكان دەستنیشان دەكرد و چوونە ناو كۆڕو كۆمەڵی خەڵكی و بەرەبەرە ڕێیان بۆ خۆیان خۆش كرد بۆ بە دەستهێنانی پۆستە سیاسیەكان. هەروەها داواكاری بۆ سەربەخۆیی ئاشكرایان زەنگێكی مەترسی بەردەوام بوو بۆ حكومەتی دەولەمەند و چین گەورەكانی خاوەن زەوییە كشتوكاڵیەكان تا زیاتر لەماڧ ئازادی تێبگەن.

شاری ( چارلستۆن ) (Charlseton) كارۆلینای باشور گۆرا بۆ بەندەری ئەسڵی و بوو بە سەنتەری بازرگانی باشوور .

كۆچكەران لەوێدا ئاگاداری گرنگی كشتوكاڵ و بازرگانی بوون وە بازاریش بوو بە سەرچاوەیەكی بنە ڕەتی پێشكەوتن و خۆشبەختی دارستانە چڕەكانیش بوون بە سەرچاوەی دەرامەت ، هەروەها كارۆلینای باكور و باشور كە وەكو ڤێرجینیا سنوردارنەبوون بە بەرهەمێكەوە ، دەستیان كرد بەبەرهەم هێنان و ناردنەدەرەوەی برنج و ڕەنگی نیلی (مادده یەكی شین كە لەڕووەكە سرووشتیەكان بەرهەم هێنراوە لە ڕەنگ كردنی چنراوەكان بەكاردەبرا) تاساڵی (١٧٥٠) زیاتر لە ١٠٠ هەزار كەس لەدوو مستعمرەی كارۆلینای باشوور و باكور دەژیان لە مستعمراتی باشوور وەكو ئەوانی تر، گەشەی دانیشتوان لە ناوچەكانی دەوروبەری گرنگیەكی تایبەتی هەبوو ، كۆچكەرە ئەڵمانی و ئۆسكۆتلەندیەكان ، ئیرلەندی كە نەیاندەویست لە ناوچە كەناریەكان كە چوونە ناوەوەی بەریتانیایەكان لەوێدا زیابوو ، ژیان بەسەر بەرن ، بەرەو سەر زەوی ئەسڵی كەوتنە ڕێ .

ئەو كەسانەی كە توانی دابین كردنی زەوی بەپیت لە كەنارەكاندا نەبوون یان لە زەویەكانی بەردەستیان كەسوودیان لێ وەرگرتبوو ، گردەكانی ڕۆژئاوایان كردە شوێنێكی گونجاوی نیشتەجێ بوونی خۆیان كۆچكەرە ماندووەكان گەرچی ڕووبەڕووی نارەحەتیەكی زۆر بوونەوە بەلأم درێژەیاندا بە هاتنی خۆیان لە ناوەڕاستی دەیەی (١٧٣٠) هاتنە (شناند ڤالی و ڤیر جینیا) ، زۆریشی نەبر كە ناوچەكە پڕبوو لە زەوی كشتوكاڵی .

## ........................................ ئەمریکاناسی ........................................

ئـەو خێـزانانەی کـە لـە ناوچـەکانی سنوردا دەژیـان لـە کەنارەکانی ناوچەی سورپێستەکان ژیانیان بەسـەر دەبـرد و ڕێـیان بەرەوبـیابان کـردەوە دەسـتیان کـرد بـە چـاندنی گەنمـە شـامی . پـیاوان چـەرمیان لەپێستی ئاسك دروست کرد لەبەریان دەکرد و ژنانیش ئەو جلانەیان لەبەر دەکرد کـە لەمـوو دروسـتیان دەکـر لـە ماڵەوە خواردنیشیان پێکهاتبوو لە گۆشتی ئاسك و قەلموون و ماسی ورێستەکانیشـیان (پشـوو)(باردیکـو )(Barbcue) سـەما ، میوانـی پێشـبڕکێی تـیر ئەنـدازەی و پێشبڕکێی بەتانی درووست کـردن بوو کەتا ئەمرۆش لە ئەمریکا پیشەیەکی فۆلکلۆریە ، کۆمەڵگە وقـوتابخانە و ڕۆشـنبیری هۆکاری بنەڕەتـی لـە ڕێگـرتن لـە گۆڕانـی چـینی باڵا دەست و بە توانا لە مسـتعمراتدا ئـەوە بـوو کـە هـەرس کـە لەیـەك مسـتعمرە دا جـێگیربوو تـوانای نیشتەجێ بوونی لە کەنارەکانـدا هەبـوو، لـەم ڕووەوە چـەندەها جار، کەسـانی بەتوانای شوێنە کە ناریەکان ، ئارەزووی بـەزۆر و مەترسـی نیشـتەجێ بـوون لـە کۆچـدا بەشـێوەیەکی بـە کـۆمەڵ بەهـێڵە کەناریـەکان ناچـاردەبوون تلایەنـە سیاسـیەکان ، بارودۆخـی پێویسـت بـۆ وەرگرتنـی زەوی و چـالاکیە مەزهەبـیەکان لـەلایان ئاسان بـێت ، ئـەم جـولەیەش بـەرەو قەدپاڵی چیاکان واتایەکـی گرنگـی بۆ ئایندەی ئەمریکا هەبوو .

بنیاتنانـی سیسـتمی ڕۆشـنبیری و فەرهەنگـی و پـەروەردەی تۆمارکـراو لە سەردەمی مستعمرات لە گرنگیەکـی بەرامبەر بۆ ئایندی ولات بۆ (کالج هارڤاود) Har Vawed ) لە ساڵی ١٩٣٦ کەمبریـج ( Cambredge) ماساچۆسـتان دروسـت کـرد ، لـە دەورو بـەری کۆتایـی سـەدەدا کـۆیج و مـاری ( College of willamand mary ) لـە ڤێـرجینیا دروست کـرا . چـەند ساڵێك دواتـر بـە خوێـندگای بـالای کانـتکان " Connecticut " کـە دواتـر بـە کۆلیـبج Yale ) نـاوی دەرکـرد ، دەسـتی بـە کـار کـرد ، بـەلام گـرنگتر لەوە گەشەی سیستەمی خوێندنگاکان بوو کە لەژێر چاودێری دەوڵەتـدا جـێگیر بـوو دوپـات کـردنەوەی ( پیورلـیت )یـەکان لـە گرنگی دان بە خوێندنی راستە و خۆی کتێبە پیرۆزەکان گرنگی فێر کردنی دووپات دەکردەوە .

لـە سـاڵی ١٦٤٧ مسـتەعمەرەی دورگـەی ماساچوسـت تانونـی یائـۆلد دلودراسـتان ( Ye olede delude satem ) ی پەسـەند کـردودانا ، کـە هـەر شـارێکی زیاتـر لـە ٥٠ خێزانـی ناچاردەکرد تا خوێندنگەیەکـی گـرامەری "خوێـندنگەی لاتـین " کـە خوێندکارەکانـی بـۆ کۆلـیج ئامادە دەکرد " دروسـت بکـات ، دواتر هەموو مستعمراتی نیوئینگلەند جگە لە ڕۆدئایسلەند (Rhode island ) ئەم هێلانەیان گرتە بەر .

کۆچـکەرە سـەرەتاییەکان لەنـێو ئـینگلەند، کتێـبخانە بچوکەکانی خـۆیان لەگەڵ خۆیاندا هێناو بە شـێوەیەکی ڕێـك و پـێك لـە لەندەنـەوە کتێبیان دەهێنا تا سەرەتای دەیەی ١٦٨٠ ، کتێبخانەکانی بۆ سـتێۆن ، بەرەوپـێش چوونێکی فراوانـی لـە ڕێـی فرۆشـتنی کـارە ئەدەبـیە کلاسـیکەکان ، مـێژوو ، سیاسـەت ، فەلسـەفە ، زانستیەکان ، ئیلاهیات ، و کتێـبە گـرانبەهاکان ، پەیدا کرد . لە ساڵی ١٦٣٩ یەکــەمین دامــەزراوەی بلاوکراوەیــی لــە مســتەعمەراتی بەریتانــیا و دووەمــین دامــەزراوەی بلاوکراوەیی لە سەرەتاسەری ئەمریکای باکور ، لە کۆلیج هاروارد دامەزرا.

يەكـەمين خوێندنگاله پەنسلڤانيا له ساڵى ١٦٨٣ دەستى بەكاركرد لەم خوێندگەدا خوێندن و نوسين و حسابدارى دەوتـرانەوە لـەوە بـەدواوە هەر كۆمەڵە (Quaker ) بەشێوەى فێر كردنى سەرەتايى منالأنـى خـۆى گـرتە ئەستۆ . خوێندنى بالأ ، زمانە كلاسيكەكان ، مێژوو ئەدەبيات لە خوێندنگەى گشتى فـريندر (Friendpublic) كـە ئێستاش لـە فيلاديلفيا بەناوى (( ويليام پن چاترسكوڵ )) ((Penn Charter schol ))چالاكى دەكـات دەوتـرێتەوە . ئەم خوێندنگانە بۆ هەژاران و چينە كەم دەرامەتەكان بەلاش بوو بەلأم ئەوانەى كە توانايان هەبوو مانگانەيان دەدا لە شارى فيلاديلفيا خوێـندنگەى تايبەتـى بـێ شومار كە بەهێچ شێوەيەك وابەستە و شوێنكەوتەى مەزهەبى نەبوون ، زمـان ، بيركـارى ، زانسـتە سروشـتيەكان دەوترايەوە ، خوێندنگەى شەوانەش بۆ گەورەكان هەبوو ، لـەم نـێوانەش دا ژنـان بەتـەواوى فەرامـۆش نەكـرابوون ، بـەلأم مـاوەى خوێـندن و فێركـردنيان سـنوردار كرابوو بە خوێندنێك كە يارمەتيان بدات لە ئيش و كارەكانى ماڵ دا ، مامۆستاى تايبەتى ، كچانى شـارى فيلاديلفـيا سـەركەوتوو لـە زمانـى فەرەنسـى ، مەشقى ، سەما ، وێنەكێشان ، ئاواز ، گـرامەرو هەنـدێ كـات لـە كـارى ئـيداريدا يارمەتـى دەدران ، لەسـەدەى ١٨ى مـيلادى فراوانبوونـى ئاسـتى فەرهەنگـى و فيكـرى پەنسـلڤانيا بەشـێوەيەكى گـەورە لـە كەسـايەتيە بەهێزەكانـى وەكـو " جيمـز لـۆكان " و بـنجامين فـرانكلێت . دەركـەوت . لۆگان وەزيرى مستعمرات بوو وەله كتێبخانەى بالأدابـووكە فرانكلينـى جـوان كـۆتا دۆزيـنەوەى زانسـتى فێـربوو لەسـاڵى ١٧٤٥ ، باڵەخانـەى لۆگانـى دروسـت كـرد كەلـە باڵەخانەيـەدا كتێـبە كانى خۆى دەپاراست . هەروەها باڵەخانەو كتێبە كانيشى كـردە موڵكـى خـۆى . فـرانكلين پارتميـتە كـى زۆريـى چالاكيە فيكريەكانى فيلادلفيا دا . هەروەها ئەنجومەنێكـى ووتـو وێـژ ى دروسـت كـرد كـە لەڕێـى ئەنجومەنـى فەلسـەفە دانەرانـى ئەمـريكا ( AMERICAN PHILOSOPHIC SOCIETY) دروسـت بـوو . هـەروەها هەوڵەكانيشـى بـووە هـۆى دامەزرانـدنـى ئەكاديميەكـى گشتى كـە دواتـر گـۆڕا بـۆ زانكـۆى پەنسلڤانيا . هەروەها دروسـت كـەرى بنەڕەتـى كتێبخانەيەكـى گـەورە بـوو كـە نـاوى لێـنا ((دايكـى هەمـوو كتێـبخانەكان لەســەر تاســەرى ئەمــريكاى باكــوور )) ، لــە مســتەعمەراتى باشــوور جوتــياران و بازرگانــە دەوڵەمەنـدەكان مامۆسـتاى تايبەتيان لە ئيرلەندەيان ئۆسكۆتلەند ، دەهێنا تا منالەكانيان فێربكەن وەهەنـدێكـى تـريش بـۆ خوێـندن منالەكانـيان دەنار دەربەريتانيا . لەگەڵ ئەم پرۆسە سەركەوتووە فێـركاريەدا چـينە بالأكان لەناوچەى " تايدواتر " پيشگيريان لە خوێندنگە گشتى يەكان نە دەكرد، هـەروەها بـەربلأوى شوێنە كشتو كاڵى كان دروست كردنى خوێندنگە گشتى يەكانى قورس دەكرد . چـەند خوێندنگەيەكـى بـەلاش لـە ڤێـر جينـيا دامـەزراوە . خوێـندنگەى سميـز (SYMS ) كـە لەسـاڵى ١٦٤٧ دروسـت كـرا و خوێـندنگەى(يـتۆن ) (Eaton ) كـە لەسـاڵى ١٦٥٩ بـە فـراوان بـوون پەرۆشى فێركردن لە سوودەكانى ئەم كۆمەڵگەيەدا نەوەستاوە .

لە کەنارەکانی سنوری ، ئۆسکۆتلەندا- ئێرلەندیەکان لەگەڵ بەسەر بردنیان لە خانووە بچووکەکان و خانووە دەوارنشینەکاندا . لایەنگیری ڕاستی خوێندن و فێر بوون وەهەوڵێکی زۆریان داکە مامۆستا بۆ ناوچەکانی خۆیان بهێنن .

لەساڵی ١٧٠٤ کەمبریج ماساچوست یەکەمین ڕۆژنامەی سەرکەوتووی موستەعمەراتی بڵاوکردەوە ، تاسالی ١٧٤٧ بیست و حەوت ڕۆژنامە لە سەر تاسەری موستەعمەرات چاپ و بڵاو دەبوونەوە . لە نیۆرکدا تۆمار کردنی بنەڕەتی ئازادی چاپەمەنی بە هۆی " جوهان پیتر زنگر " ( Johann Peter zenger ) کە ڕۆژنامەی نیویۆرك ویکلی ( New york weekly Journal) ئەو لە ساڵی ١٧٣٣ دەست بەکار بوو وە هێمایەکی بەرپرسی موستەعمەرە رەخنە کانی ئەم ڕۆژنامەی تەحەمول نەدەکرد ، بە تۆمەتی خیانەت و فیتنەیی و خستە زیندانەوە ، زنگار لە ماوەی نۆ مانگە زیندانیدا لە زیندا درێژەی بەکاری ڕۆژنامە گەریدا کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەموو موستەعمەرە پەیدا کرد . ئاندرۆ همڵتۆن (Anelrew Hamilton ) پارێزەری دیاری زنگر کە وتە بەرگری لە زنگر و پرو پاگەندەکانی بەڕاست دەزانی و سەرکەوتنەکانی شارە جۆراو جۆرەکان ئەم م ترسەی وەکو سێبەرێك بەسەر خەڵکیەوە دروست کردبوو کە شەیتان لەکاتی فریودانی کۆمەڵگەیە بە مەستی بەدەست هێنانی ماڵی دوونیا و بەرپەرچدانەوەیەکی گەورەی مەزهەبی لە دەیەی ١٧٣٠ دروست بوو کەبە " هەستانەوەی گەورە " Great Awakennig) )ناو دەبرا . ئەم ڕاپەڕینە لە دووسەر چاوەوە بوو، جۆرج وایت فلد (George rwhitefield) زیندووکەرەوەیەکی مەزهەبی لە دەستەی وسلیان (wesleyen ) شوێنکەوتوانی چۆن وسڵین کە لەساڵی ١٧٣٩ لە بەریتانیا وە هاتبوو ئەوەی تریش جوناتان ئەدوادرن (Jonathan Eelwards ) کە پێشتر لە کلێسای کۆنگر لینال (Congerational chureh ) لە نۆرپ هیمپیون ( Nortamp to)ی ماساچوست خزمەتی دەکرد .

وایت فلید هۆشیاری مەزهەبی لە فیلادلفیا دەست پێ کرد دواتر کۆچی کرد بۆ نیو ئینگلەند .
وایت فینلد گروپە ٢٠ هەزار کەسیەکانی لەوبەکامەدا ، ڕاکێشا بۆ لای خۆی بە نمایشکانی و بڕیارەکانی ووتە بەهەستە کانی .

شۆڕش و ڕاپەڕینی مەزهەبی لەسەرانسەری نیو ئینگلەند وموستەعمەراتی ناوەڕاست ڕووی دا وزۆرێك لەووتە بێژەکانی کلێسا جێگیرەکانی خۆیان واز لێهێنا وە قسەیان لەسەر هۆشیار بوونی ڕۆحانی دەکرد، لەو کەسانەی کەکەوتەژێر کاریگەری ووتەکانی وایتفلید ئێدوارز بوو ( Edwards) کە ڕاپەڕینی گەورە بەووتە مێژوویەکەی بەناوی ( تاوانباران لە دەستە کانی خوای تورە) لەساڵی ١٧٤١ گەیشتە لووتکە . ئێردواد بەشێوەی شانۆگەری قسەی نەدەکرد بەڵکو بەشێوەیەکی ڕۆشنفکرانە و لەسەرخۆ قسە کانی خۆی دەکردو پێی لەسەر ئەوەدادەگرت کە کلێسا سونەتیەکان و جێگرەکان بیرلە خاڵی کردنەوەی مەسیحێت لەناوەرۆکی سۆزداری دەکەنەوە ، گرنگترین شاکاری " ئازادی ئیرادە " ١٧٥٤ هەوڵێك بوولە بواری ئاشتی کالڤینیزم ((Calvinism )) لەگەڵ هۆشیاری ((Enlightment )) بێداری .بێداری گەورەبوو هۆی دروست بوونی گرووپە

پرتستانیەکان ((انجیل )) و رۆحیەی زیندوگەرایی مەزهەبی کە تائێستاش رۆڵێکی گەورە لە ژیانی فەرهەنگی و مەزهەبی لە ئەمەریکادا دەگێرێ . ئەم بزاڤە گەورەیە بووە هۆی لاواز بوونی شوێنی رۆحانیە سوونتیە کان " جێگیرەکان " و بروادارانی والیکرد کە پشتبەستن بەوێژدانی خۆیان ، لەوانەیە گرنگترلەوە راپەرینی بێداری گەورە بووە هۆی زیاد بوونی گروپەکان و چینە مەزهەبیەجۆراو جۆرەکان کە هەریەکەو پێشوازی لە بنەمای ئازادی گشتی ومەزهەب دەکرد.

پەیدابوونی دەولەتی داگیرگە:

لەهەموو قۆناغەکاندا فراوانبوونی موستەعمەرە نشینی ، تایبەتمەندیەکی گرنگی رێگرتنی چوونە ناوەی بەریتاو کۆنترۆڵ کردنی بوو ، هەموو مستعمراتەکان جگە لە جرجیا وەکو کارگەی بەشدارەکان یان وەکوو پادشادەرەبەگەکان کەلەشازادە ماڤ ئیمتیازیان وەرگرتبوو دروست بوون . ئەم راستیەش کە پادشا ماڤ دەوسەلاتو بەرپرسێتی خۆی لەسەر مستعمراتی دوونیای تازە بە کۆمپانیە کان و یەشدارانی دبوو ، بەلام بەم مانایەش بوو کە مستعمرات لەم سەرزەویەدا ، لەواقیعی ئازاددا لە کۆنترۆلی دونیای تازەبوون بۆ نمونە / لەسەور بنەرەتی ماڤ ئیمتیازی کۆمپانیای ڤێرجینیا ، هەموو بەرپرسێتی دەولەت درابوو بەخودی کۆمپانیا ، لەگەڵ ئەمەشدا شازادە چاوەران بوون کە کارگەلە بەریتانیا داهەبێت ، دانیشتوانی ڤێرجینیا لەم رووەوە هیچ دەنگێکیان لە دەولەتی خۆیان دانەبوو،وەکوکوبلێی خودی پادشا هەموو دەسەلاتێکی لەژێردەست دابێت .

موستەعمەراتی هەرگیز خۆیان بە شوێنکەوتوونەدەزانی ، بەلکو خۆیان بەتەواوەتی وەکو بەریتانیا بەوولاتێکی سەربەخۆ دەزانی لەئاستی خوارەوە دا لەگەڵ بەرپرسە بەریتانیەکان لەلەندەن لەپەیوەندیدا بوون . بەهەرشێوەیەك بێت یاسای کۆمەلگالەدەرەوە بەرەبەرە لەناو دەچوو ، موستەعمەرەنشنیان میراتگری سونتە پێشویەکانی دووبەرەکیەکان بوون لە ئازادی یە سیاسیە کانی بەیتانیا دەژمێردران بیرو باوەر و ئازادیو خوازەکانیان لە سەرتاسەری بلاو بوونەوەیان لە ڤێرجینیا گونجاند. بەو شێوەی کەکۆچکەرە بەریتانیەکان ، هەموو ئازادیەکان وئیمتیازاتەکانیان هەبوو . لەم رووو توانی سوود وەرگرتنیان لە سوودەکانی مەگناکاکیتا (( Magna Carta )) و یاسا هاوبەشەکانیان هەبوو لە ساڵی ١٦١٨ کۆمپانیای ڤێرجینیا بەیان نامەیەکی ئاراستەی بەرپرسی هەڵبژاردەی خۆیان کرد بەم ناوە رۆکە وەکە دانیشتوانی ئازادی کێڵگەگەورەکان ، دەبوایە چەند نوێنرێك هەڵبژێرن تالە گەڵ فەرمانده و شورای هەڵبژێردراودا دانانی دەستوری پەیوەست بە خۆشگوزەرانی خەلکی مستعمرە ، هاوکاری بکەن ئەم هاوسەنگیە فراوانترین هەنگاوەکانی لە هەموو قۆناغەکانی مستعمرە نشینی دەژمێردرا . لەوەبەدواوە پەسەند کرا بوو کە مستعمرینشینیان ئەو مافەیان هەیە کە لە دیاری کردنی بەرێوەبردنی دەولەتی خۆیان رۆڵیان هەبێت لەزۆربەی کاتەکاندا ، پادشا لەدەرکردنی ئیمتیازاتی ئایندەدا بریاری دەدا کە پیاوە ئازادەکانی مستعمرات دەبێ لەو یاسانەی کە بەسەریاندا دەسەپێنرا دەستیان هەبێت . لەم رووەوە ئیمتیازاتە پێدراوەکانی بەکالڤێرتەکان (( Calverts )) لە فریلەند ، ویلیامین لە

پەنسلڤانیا ، پادشاکانی کارۆلینای باشور و باکور و خاوەن مالەکان لەنیو جرسی ، بەشێوەیەکی تەواو ئەوەی دەردەخست کە یاساکان دەبێ بە (( ڕازی بوونی ئازادەکان )) ئیمزابکرێ .
لەنیوئینگلەند ، تاچەند سالێکیش ، دەولەتێکی سەربەخۆی زیاتر لەچاوهەر مستعمرەیەکی تر حکومڕان بوو، کۆچکەرەکان لە سەر کەشتی مای فلاور ((May flower )) ڕێکەوتنێکیان سەبارەت بە دروست کردنی دەولەتێکیجێبەجێ کرد . کەناوی ڕێکەوتی مای فلاوەرە (( May flower Compact )) کەتیایدا هاتبوو ""ئێمە ئۆرگانێکی مەدەنی لەنێوان خۆماندا دروست کردووە تا جێگیری و ئارامیەکی باشتر بەرقەرار بکەین وەلە سەر ئەوەش یاسای عادیلانەو بەرامبەر ، دەستوری بنچیینەی و بڕیارەئیدارەکانی پەیوەندیدار بە و بارو دۆخە دروست دەکەین و چوارچێوەکەشی بنیات دەنێنێن ، تالە وەوە ئاسانکاری و خۆشگوزەرانی هەموو مستعمرە فەراهەم بێت .
ئەگەرچی کۆچکەران هیچ جۆرێك لەماف و بنەمای یاسای بۆ ئەشکیلی سیستەمێکی دەوڵەتیان نەبوو ، بەلاَم پەیمانی می فلاوەر نەکەوتە بەر دژایەتیەوە وە لەم ڕووەوە مستعرنشینانی پلیمۆت ((Plymouthb ))تاچەند سالێکیش توانی کۆنترۆل کردنی کاروباری خۆیان بەبێدەست تێوەردانی دەرەکی بوون .
بارودۆخێکی هاو شێوە لە کۆمپانیای دوورگەی ماساچۆست دروست بوو کە مافی دەسەلاَت لە سەر خۆی بڕیاردا ، بەپێی ئەم یاسایە ، دەسەلاَتی ڕەها لەدەست کەسانێکە بوو کەلەمستعمرە دا دەژیان ، لە سەرەتادا زیاتر لە دەکەس لە ئەندامانی کۆمپانیاکە کۆچیان کرد بوو بۆ ئەمەریکا بڕیاریان داکە دیکتاتۆرانە دەسەلاَت بگرنە بەر، بەلاَم موستەعمەراتەکانی تر بە خێرایی داواکری لە بەشداری و دەستێوەردان لە کارو باری خەلکیان ڕەدکردەوە و پڕوپاگەندەی ئەوەیان کردکە لەکاتی ڕەد داندنەوەی داواکریەکانیان ، کۆچکەرێکی زۆر قەبولّ دەکەن ، ئەندامانی کۆمپانیا کە ڕوو بەرووی ئەم شێوە لەرترس بوبونەوە ، یەکسەر تەسلیم بوون وکۆنترۆلی دەولەت کەوتە دەست نوێنەرانی هەلبژێردراوی خەلکی – لەئەنجامدا مستعمراتەکانی تر نیو ئینگلەند وەکو (( Connectieut )) و ڕۆدئایلەند ((Rhode island ))یش لەگەلّ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە لەژێر دەسەلاَتی هیچ کەسێك نین ، سەر بەخۆ بوون و سیستەمی سیاسی خۆیان کە بەشێوەیەك لە سیستمی سیاسی کۆچکەرانی پلیموون وەرگیراوە ، ڕێکخست تەنیا دوو بوار داواکانی دەولەتی سەربەخۆ سڕدرایەوە ، ئەم دو بوارەش نیو یۆرك و جۆرجیا بوو ، نیو یۆرك بەبرای چارلزی دووەم ((Dukefy )) .بەخشراو جورجیا درا بە گۆوپی "امنا" لەم دووبواردا داواکاریەکانی دەسەلاَت ، ماوە کورتبوون لەبەر ئەوەی موستەعمەرە پێشینیان ئەوەندە دووپاتیان لە داواکاری نوێنەرانی یاسایی کردەوە کە بەریرسە ڕەسمیەکان تەسلیم بوون .
لەکۆتایدا زۆربەی مستعمراتەکان،بوون بەمستعمراتی دەسەلاَتی بەلاَم لەناوەڕاستی سەدەی ١٧ بەریتانیا بەهۆی شەرە ناوخۆییەکانەوە "" ١٦٤٢-١٦٤٩ ""(Civilwar )و جولاَنەوەی نەتەوەیی پیورتینەکانی ئۆلیڤەکرامول (Olivercromwells purition Commonweath) لە جێگیر کردنی هێلێك لەبارەی مستعمراتەکانیان دووركەوتنەوە دوای هاتنە سەرکاری چارلزی

دووەم و ستۆرت لە ساڵی١٦٦٠ بەریتانیا ماوەیەكی باشتری بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی لە مستعمرات دا پەیدا كرد ، گەرچی لەو كاتەدا هیچ كاریگەری لە سەر بارودۆخەكە نەبوو وەبەریتانیا نەخشەیەكی رێك وپێكی نەبوو لەم ڕووەشەوە وازی لە موستەعمەراتەكان هێنا.
دووری مستعمراتەكان كە زەریایەكی گەورەی ئەوانی لە بەریتانیا جیادەكردەوە كۆنترۆڵ كردنیان زیاتر قورس تر دەكرد . جگە لەوەش بارو دۆخی ژیان لە ئەمەریكای سەرەتایی داكێشەبوو . مستعمرەنشینەكان لە ولاَتە دیاریكراوەكان دا كە پڕبوو لە شارە بچووكەكان كۆچیان كردبوو گواستبونە سەرزەویەك كەوابەبە رچاودەهات كۆتایی نی یە .
لەوەها كیشوەرێكدا ، بارودۆخی سروشتی تاك ڕەووی گەشەی پێ دەدا لەبەر ئەوەی هەركەسێك ناچاردەبوو بڕیاری خۆی بدات دەولەتیش لەسەر خۆ دەچووە ناوچەكانەوە بارو دۆهخی نایاسایی و هەرەمەكی زۆرتر لە سەر سنوری مستولی بوو .
لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بوونی دەولەتێكی سەر بەخۆ لە مستعمرات دا بە تەواوی بەبێ دەردی سەر و دژایەتی نەبوو . لەدەیەی ١٦٧٠ فەرمانرەوایی بازرگانی و كشتو كاڵ كە كۆمیتەیەكی دەسەلاَتی بوو كە سەبارەت بە جێگیر بوونی سیستمی بازرگانی دروست بوبو بەهۆی ئەوەی مستعمراتی سەرەوە لەگەڵ بەرژەوەندی ئابووری یەكانی دەولەت دژایەتی دەكرد دەیویست ئیمتیازاتی دورگەی ماساچوست هەڵ بوەشێتەوە جیمزی دووەم لەساڵی ١٦٨٥ پێشنیاری دروست بوونی فەرمان ڕەوای نیو ئنگلەندی پەسەند كرد وەبەم شێوەیە مستعمراتی باشور تادەگاتە نیو جرسی دەچنە ژێر دەسەلاَتی خۆیەوە تالەم ڕووەوە كۆنترۆڵی شازادە لەسەر هەموو ناوچەكە بەهێزبكات . فەرمانرەوای لە سەر تەخت ( سرئەدمۆند ئاندروس ) بە پێی بڕیاری جێ بەجێكراوو دارایی و یاسای توندو تیژی خستە ڕوو دژەكانی خستە زیندانەوە كاتێ كە هەواڵی شۆرشی گەورە ساڵی ١٦٨٩- ١٦٨٨ كە بووەهۆی لەناو چوونی جێمزی دووەم گەشتە ماساچۆست و پلیمۆت بەپێی بلاَوكراوەی نوێ بۆ یەكەم جارلە ساڵی ١٦٩١وەكومستعمرەیدورگەی ماساچوست هاو پەیمان بوون مستعمراتەكانی تر كەلە ژێر فەرمان ڕەوایی نێۆئینگلەند بوو بەخێرایی دەولەتەكانی پێشی خۆیان خستە سەر كارەوە .
شۆرشی گەورە كاریگەری پۆزەتفی تری كردە سەر موستەعمەرات مافی ئەساسی و یاسای ڕەوای ساڵی ١٦٨٩ ئازادی پەرەستنیان بۆمەسیحیەكان جێگیركرد وە سنورێكی بۆ شازادە دانا ، نامەی دووەم دەربارەی دەولـەت (جان لاك ) پیرۆزێكی دەولەتی پێشنیاركرد كە لەسەر ئەساسی مافەكانی نەبوو بەڵكو لە سەر ئەساسی پەیمانێكی بنیاد نراوبوو وەبەم شێوەیە بوو كە مافی سروشتی ژیان ، ئازادی و خاوەنداریتی دابوو وەكاتێك دەولەتەكان ئەم مافە سروشتیە دەخاتە ژێر پێ ، خەڵكی مافیان هەیە دەست بدەنە شۆرش كردن . سیاسەتەكانی مستعمرای لە سەرەتای سەدەی ١٨ لە هاوشێوەی سیاسەتە كانی بەریتانیا لە سەدەی ١٧ بوو شۆرشی گەورە بالاَیی پەرلەمانی جێگیر كرد بەلاَم فەرمان ڕەوایانی ئەم مستعمراتانە بە شوێن ئەو دەسەلاَتە لە مستعمرات بە ئاگاداربوون لە ڕووداوەكانی بەریتانیا ، لە هەوڵ دان دابوون بۆ جێگیر بوونی مافلی ئازادی یەكانی خۆیان تا سەرەتایی سەدەی ١٨ یاسادانەرانی مستعمراتی دوودەسەلاَتی گەورەی كە

هاو شێوەی دەسەلاّتی پەرلەمانی بەریتانیا بوو ، هەبوو مافی رەئی لە کارو باری وەرگرتنی مالیات و خەرج و مافی یاسادانان ، لەبەرامبەر ئەوەی چاوەڕوانی پێشنیاری فەرمان رەوا بوون و لەسەری کاریان دەکرد .
یاسا دانەران لەم مافەدا سەبارەت بە لێ پرسینەوە لە دەسەلاّتی فەرمان رەوایان سوودیان وەرگرت و هەنگاوی ترین نا بۆ بلاّو بوونەوەی دەوسەلاّتی خۆیان ، دژایەتی یەك لەنێوان فەرمان رەواو ئەنجومەن بووە هۆی هۆشیاری زیاتری مستعمرە نشییان .
لە زۆربەی بوارەکاندا فەرمان رەوا دەسەلاّتدارەکان هەستیان نەدەکردبەوەی کە ئەنجومەنی مستعمرات ئەنجامی دەدا ،وە زۆر بەئاسانی لێ ئاگابوون ، لەگەڵ ئەمەش دا ئەم یاسایانە بووە بەشێك لە دەستوری مستعمرات .
بەم شێوەیە یاسادانەرانی مستعمرات دەولەتی سەر بەخۆیان بنیاتنا ، هەندێ کات سەنتەری بەڕێوەبردنی مستعمرات لەلەندەن دەگوێزرایەوە بۆ پایتەختە کانی تر .
فەرەنسا و شەڕی سوور پێستەکان فەرەنسا و بەریتانیا لەکاتی جۆراو لەماوەی سەدەی ١٨ توشی چەند شەڕێك لە ئەوروپا ودوورگەکانی کاریبی بوون . گەرچی بەریتانیا خاوەنی چەندغەنیمەتێك بوو لەدورگەکانی پڕ لە چەوەندەری شەکری کاریبی . بەلاّم چارەنووسی زۆربەی ئەم شەڕو پێکدادانە دیاری کراوو نەبوو فەرەنسا لە باروو دۆخێکی بەهێز لە ئەمریکای باکور لە سەرەتای شەڕی٧ ساڵە لە ساڵی ١٧٥٤ مایەوە .
تا ئەوکاتەش فەرنسا پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە سور پێستە کان لەکەنەداو دەوروبەری گریتلیك دروست کردبوو لەڕێی دامەزراندنی بورجەکان و بالەخانە بازرگانیەکان لەسەر رووباری میسیسیپی دەست کەوتبوو ئیمپراتۆری شێوە هیلالی کەلە گیوبکە تانیو ئۆرلان هەبوو بنیاتی نابوو لەم ڕووەوە بەریتانیەکان سنور داربوون بەشتێکی باریك کەلە بەشی رۆژهەلاّت درێژدبووەوە بۆ شاخەکانی ئاپالاچی . فەرەنسی یەکان نەك تەنها شێمپراتۆریەتی بەریتانیا بەلّکو خودی مستعمرە نشینانی وەرتساند لەبەر ئەوەی بەدەست گرتن بەسەر ڕووباری میسی سیسی ، فەرەنسا تونای هەبوو بۆ ڕێگرتن لە بەر بلاّوی ئەوان بەرەو رۆژئاوا شتەرێکی چەکداری لە ساڵی ١٧٥٤ لە فورت دوکبست پتیسبۆرگی ئەمرۆ لەنێوان گروێك لە فەرنسایەنا چەکدارەکان و چەکدارە ڤێر جینیەکان لە ژێر فەرماندەیی جۆرج واشنتن ٢٢ ساڵە کەپلان دانەری ڤێرجینیایی بوو ڕوویدا.
لە لەندەن شورای بازرگانی هەوڵیدا کەبە دروست کردنی دانیشتێك کە پێکهاتبوو لە نیوێنەرانی مستعمراتی نیویۆرك ، پەنسلڤانیا ، ڤریلەند ، نیو ئینگلەند ئەم شەڕو پێکدادانە یان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە . لەڕۆژی ١٩ ی ژوئن تا ١٠ یجلای کۆنگرەی ئەلبانی لەگەڵ ئیرو کسیەکان لە ئەلبانیای نیویۆرك سەردانیان کرد تا سەبارەت بەچاککردنی نوێنەرەکان هەروەك یەکێتی موستەعمەراتی ئەمریکا کە بۆ مانەوەی ئەوان پێویست بوو ڕایانگەیاندو پلانی یەکێتی ئەلبانیا یان پێشنیار کرد ئەم پلانە کەلەلایەن بنیا مین فرانکلین نوسرابوو ئەو بوارەی ڕەخساند کە سەرۆك کۆماری کە پادشا وایدەنی لەگەڵ شورای گەرە نوێنەران کەلەلایەن ئەنجومەنەوە

هەڵدەبژێـردران کـار بکات بەم شێوەیە هەر موستەعمەرەیەك بەرێژەیەك بەشی دارایی خۆی بدات خەزێـنەی گشـتی ومافـی نوێـنەری هەبـێت ، ئـەم ئـۆرگانە بەرپرسـی بـەر گـری لە بۆنەکات لەگەڵ سوورپێستەکان ، بازرگانی وموستەعمەراتی ڕۆژئاوا بوون ودەیتوانی مالیاتیش دابنێت.

لـە پەیمانـی ئاشـتی پـاریس ((Peaceof paris)) کەلەسـاڵی ١٧٦٣ ئیمـزا کـرا ، فرنسـا هەمـوو کەنەداوگرتلیکـز ((Great lakes ))ی و ڕووبـاری میسیسـیپیدا بەریتانـیا و پـێگەی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی فەرەنسـی لەئەمـریکای باکـوور بـۆ هەمیشـە کۆتایی هات ، بەریتانیابە سەر کەوتن بەسـەر فەرەنسـادا ئێسـتا ناچـار بەکێشـەیەك بـوو کـە پشـت گوێـی خسـتبوو ، دەسـەڵات بەسـەر ئێمپـراتۆری ئێسـتا زۆر گرنگە کەلەندەن سەر وزەویەکانی خۆی رێکخست و تاهە رکاتێك کاروباری بەرگری‌خۆی دابین بکات ،

تنـیا لەئەمـریکای باکـور ، ناوچـەکانی ژێردەسـەڵاتی بەیتانـیا بـوو بـە دوو ئەوەنـدە لـە شـریتێکی باریـك لەکەنارەکانـی ئاتلانتـیك ، بەشـێکی گـەورە لەکەنەداو ناوچەیەکی فراوانی لەنێوان ڕوباری میسسـیپی و شـاخەکانی ئەلگینـی ((Allogheny )) کـە خـۆی ئیمپـراتۆریتێك بـوو زیـاد بـوو ، دنێشـتوانێك کـە بەتایبەتـی پرۆتسـتاند و بەریتانـی بـوون ئێسـتا پێکهاتـبوون لـە کاسـۆلیك فرانسـەییەکانی خەڵکی کیوبك ((Quebec)) و ژمارەیەکـی زۆر لـە سـوور پێستەکاندەبوون بـە مەسـیحی. پارێـزگاری و بەڕیوەبردنـی ئـەم ناوچەیە تازانە دەبوو لە چواچێوەی ناوچەکانی ناوەوە بـێت وپـێو ێستی بەپارەبوونی زیاد هەیە . سیستمی داگیرگەکانی کۆن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە بەتەواوی گونجاو نەبوو.

# تیۆری کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکا

و: فەلاح محەمەد

دیاریکردنی مێژووی تەواوی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا کارێکی وەها سادده نیە ماوەیەك بەر لە ئێستا لە ساڵی (1885) ز وانەیەك سەبارەت بە بابەتی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی (لوبرلین) پێشکەش کرا، تەنانەت چەند ساڵ بەر لە م مێژووەش، لە ساڵی (1854)ز زاراوەی کۆمەڵناسی (کانت) لەلایەن (جۆرج ڤیتس هێڤ) بەکار هێنرا و لە سەرەتای (1873) ز ڤیلیام گراهام سامنەر چەند وانەیەکی سەبارەت بە زانستی کۆمەڵناسی لە زانکۆی (ییل) پێشکەش کرد، لە دەیەی (1880)ز ئەو وانانەی کە ئاشکرا بابەتی کۆمەڵناسیان هەبوو بە دیارکەوتن، یەکەمین گروپی زانکۆیی بەناونیشانی کۆمەڵناسی لە ساڵی (1889)ز لە زانکۆی کانزاس بەردی بناغەی دانرا، لە ساڵی (1892)ز، ئالبیون ئیسمال چووە ناو زانکۆی شیکاگۆ و کۆمەڵەیەکی نوێی کۆمەڵناسی لەوێدا دامەزراند، گروپی کۆمەڵناسی شیکاگۆ بە یەکەمین سەنتەری کۆمەڵناسی ئەمریکا بەشێوەی گشتی و تیۆری کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی تایبەت گۆڕا.

- پێگەی سیاسی کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکا:

لە لێکۆڵینەوە سەرەکیەکانی کە سەبارەت بە پێگەی سیاسی سەرەتایی ئەمریکا ئەنجامدراوە (شیواند ینگیرها) (1974)ز وتراوە کە بە پێچەوانەی کۆمەڵناسە سەرەتاییە ئەوروپیەکان کە زۆربەیان پارێزگار بوون، کۆمەڵناسە سەرەتاییەکانی ئەمریکا دەبێت وەك لیبراڵی سیاسی پێناسە بکرێت لیبرالیزمێك کە تایبەتمەندی کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکی بوو بە گشتی دوو جەمسەری لەخۆدەگرت، سەرەتای ئەمەی کە لیبرالیزمێك ئەوان بەپێی باوەڕ بە ئازادی و خۆشگوزەرانی تاك کاردەکات، لەم رووەوە کاری ئەوان زیاتر لە ژێر کاریگەری لایەنگیری ئیسپەنسەر بوو هەتاوەکو پێگەی کۆمەڵخوازی کانت ، دووەم زۆربەی کۆمەڵناسەکانی و لایەنگری ئەم ئاراستەیە، روانگەیەکی تەواوتریان سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پەسەند کرد بوو، بەڵام دەربارەی باشترین رێگای گەشتن بەم پێشکەوتنانە، لەگەڵ یەکتریدا جیاوازی بیروڕایان هەبوو، هەندێك دەیانووت کە دەوڵەت دەبێت هەنگاو بنێت بۆ ئاسانکردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی، لە حاڵێکدا هەندێکی تر لە رێسای ئابووری ئازاد پشتیوانیان دەکرد و دەیانووت رەگەزە جۆراوجۆرە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە دەبێت ئازاد بکرێت تا خۆیان دۆزەکانیان چارەسەر بکەن.

لیبرالیزم ئەگەر بگۆڕدرێت بۆ زیادە رۆیی ئەوا زۆر نزیك دەبێتەوە لە رادیکاڵی باوەڕ بە پێشکەوتن، کۆمەڵایەتی بە شێوەی چاکسازی یان رێسای ئابووری ئازاد، باوەڕ بە گرنگی تاك، هەردووکیان بە سەنگەرێك بە ئاراستەی پشتیوانی لە هەموو سیستەمەکە دەبێت، بیروباوەڕ زاڵ

بەسەر ئەم دیدگایەدا ئەمەیە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی کارەکەی ئەنجام دەدات و یان دەتوانێت چاکی بکات هەتا کارەکەی بە باشی ئەنجام بدات، لەم لیبرالیزمەدا رەخنە لە هەموو سیستەمەکە دەگیرێت بە تایبەت لیبرالیزمی ئەمریکایی کە کەمترین دوودڵی سەبارەت بە سیستەمی سەرمایەداری بێرەوا نابنێت.

کۆمەڵناسە سەرەتاییە ئەمریکیەکان لە جێی پێشبینی نەبەردی چینایەتی چاوەڕوانکراودا، ئایندەیەکی پڕ لە هەماهەنگی و هاوکاری چینایەتیان دەبینی، لە شیکارکردنی کۆتاییدا، ئەمە بەو واتاییەیە کە تیۆری کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکی بە تەوجیهی عەقلانی بەرهەمهێنان، ئیمپریالیزمی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی نایەکسانی کۆمەڵایەتی یارمەتی دەدا، (شیواند نیگرەکان) ساڵی (1974)ز لە کۆتاییدا دەبێت بووترێت کە لیبرالیزمی سیاسی کۆمەڵناسە سەرەتاییەکانی ئەمریکا پڕ لە بەڵگەی پارێزگارانە.

## گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جەرەیانە فیکری و کۆمەڵناسیە سەرەتاییەکانی ئەمریکا

روسکو هینکل (1980) ئارلزورت فورمن (1980) لە لێکدانەوەکانیان بۆ کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکی چەند زەمینەی بونیادی بۆ پەیدابوونی بیرۆکەی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا دەژمێردرێن، گرنگترین زەمینە ئەو گۆڕانکارییانەیە دوای جەنگی ناوخۆ لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا روویدا، براسون (1961) لە بەشی یەکەم سەبارەت بە کۆمەڵێك لە هۆکاری بەشدار لە گۆڕانی تیۆری کۆمەڵناسی ئەوروپا باسمان کردەوە، هۆکارێکی وەك تەکنەلۆژیایی بوون و ژیانی شارنشینی لە گۆڕانی تیۆری لە ئەمریکادا رۆڵی هەبووە، بەڕای فودمەن: یەکەمین کۆمەڵناسانی ئەمریکی ئیمکاناتی پۆزەتیڤ بۆ تەکنەلۆژیایی بوون قایل بوونە، بەڵام لە مەترسیەکانی ئەو بە باشی ئاگادار بوون، هەرچەند ئەم کۆمەڵناسە بەو بیروباوەڕانەی کە پەیوەست بوون بە مەترسیەکانی تەکنەلۆژیاوە کە بزوتنەوەی کرێکاری و گروپە سۆشیالیستەکان دروستیان کردبوو، بەڵام لەگەڵ نوێ بوونەوەی ریشەی کۆمەڵگەدا ناڕازی بوون.

ئارتور ویدیك و ئیستنفورد لایمن (1985)ز لێکدانەوەیەکی پلەیەکی سەبارەت بە کاریگەری مەسیحیەت، بە تایبەتی پرۆتستانیزم، لە بناغەی دانانی کۆمەڵناسی ئەمریکادا ئەنجامداوە، بەڕای ئەوان کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان تامەزرۆیی پرۆتستانەکان بۆ رزگارکردنی جیهان بەردەوام پارێزگاریان لێکرد بەم جیاوازییە کە زمانی (زانست) خرایە جێگای زمانی تر (ئایین)، ئەوان لە ساڵی (1854)ز یەکەمین بەرهەمی کۆمەڵناسی لە ویلایەتی یەکگرتووەکان بە دیارکەوتن هەتا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵناسی لە راستیدا کاردانەوەی ئەخلاقی و فیکری لە بەرامبەر مەسایلی دیاردەکانی ژیان، ئەندێشە رێکخراوەکان و ئوصولی باوەڕی ئەمریکا بوو.

کۆمەڵناسانی ئەمریکایی بە دوای دیاریکردن و لێکدانە و چارەسەری ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانەدا بوو، لە کاتێکدا کەشیشەکان بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە و نەهێشتنی کێشەی خەڵکی لە چوارچێوەی کلێسەدا کاریان دەکرد، کۆمەڵناسان هەمان کاریان لەناو کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدا، زۆربەی ئەم کۆمەڵناسانە بەهۆی رەگەزەوە،و مەزهەبیەکان لەگەڵ مەشروعیەتی بونیادینی

کۆمەڵگەدا ناکۆك و دژ نەبوون، هۆکاری سەرەکی تری بەشدار لە بونیادنانی کۆمەڵناسی ئەمریکادا کە هەم لەلایەن هینکل و هەم لە لایەن فورمن خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەمان ئەو پەیدابوونەی پسپۆڕەکانی زانکۆ (لەوانە کۆمەڵناسی) و سیستەمە مۆدێرنەکانی زانکۆ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ئەوروپادا بە پێچەوانەی ئەمریکا سیستەمی تازەی زانکۆ بەر لە پەیدابوونی کۆمەڵناسی بە تەواوی پایەدار بوو بوو، لە کاتێکدا کە بابەتی کۆمەڵناسی بۆ پێگرتن لە ئەوروپادا قۆناغی دژواری تێپەڕاندبوو، بەڵام لە ژینگەی نەرم و کراوەی سیستەمی تازە زانکۆی ئەمریکادا، ئاسانتر ڕێگای خۆی کردەوە، بیرمەندانی ئەوروپایی زیاتر تیۆری کۆمەڵناسیان داهێنا و ئەمریکیەکان توانیان لەسەر ئەم زەمینەیە کار بکەن، بۆ ئەمریکیەکان گرنگترین کەسیەتیە کۆمەڵناسیە ئەوروپیەکان ئیسپنسەر و کانت بوون، زیمل لە سەرەتای ساڵەکانی کۆمەڵناسی ئەمریکا گرنگی هەبوو، وەلیەم دورکیم، ڤیبر و مارکس تا چەندین ساڵ کاریگەری وەهایان لەسەر کۆمەڵناسی ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبوو بۆ نیشاندانی کاریگەری تیۆری سەرەتایی ئەوروپا لەسەر کۆمەڵناسی ئەمریکا، باسی مێژووی بیروباوەڕی هیبرت ئیسپنسەر بە کەڵك و شایەنی فێربوونە.

## کاریگەری ئیسپنسەر لەسەر کۆمەڵناسی

بۆچی ئەفکاری ئیسپنسەر زیاتر لە ئەفکاری کانت، دورکیم، مارکس، ڤیبر، لەسەر کۆمەڵناسی سەرەتایی ئەمریکادا کاریگەری هەبوو؟ لەم بارەیەوە هوفستد چەندین تێبینی خستەڕوو، سادەترین تێبینی ئەو ئەمەیە کە ئیسپنسەر بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسی و ئەوانی تر بە زمانەکانی تر، هەروەها جۆری نووسینەکانی چەندان پسپۆڕی (تخصص) نەبوون و بۆ ئەمەش بەرهەمەکانی بۆ خوێنەرانی زۆرتر قابیلی دەرك و تێگەیشتن بوو هەندێك وای بۆدەچن کە نەبوونی زمانێکی پسپۆڕی لە بەرهەمەکانی ئیسپنسەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو بیرمەندێکی چەندان ئاڵۆز نەبووە، بەڵام هۆکاری تریش لەو راکێشانە فراوانەی ئیسپنسەردا بەشدار بوون، ئەو جۆرە ئاراستەیەکی زانستی خستەڕوو کە بۆ ئەو خوێنەرانەی کە زۆر خولیای زانست و بەرهەمە هونەریەکانی ئەو بوون، سەرنج راکێش بووە، هەروەها ئیسپنسەر تیۆری گشتخوازی هێنایە پێشەوە کە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرت، فراوانی هزرەکانی و بەرهەمێکی زیاد لە رادەی پیشان دابوو، بووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤە جۆراوجۆرەکان پێناسە و تەعبیری جۆراوجۆر بکەن بۆ بیردۆزەکانی سەرئەنجام و لەوانەیە گرنگترین هۆکاری پێشوازی گشتی لە بەرهەمەکانی ئیسپنسەر ئەمەبوو کە تیۆری کۆمەڵگەیەك کە لەژێر گوشاری فراوانی پیشەسازی بووندا بوو متمانەی پێدەخشی و زامەکانی بۆ تیمار دەکرد، بەڕای ئیسپنسەر، کۆمەڵگە بەردەوام بە ئاراستەی پێشکەوتنی هەرچی زیاتر لە جووڵە و رۆیشتندا بوو، ناودارترین قوتابی ئەمریکی ئیسپنسەر، ویلیام گراهام سامنەر بوو کە بیروباوەڕی داروینیزمی کۆمەڵایەتی لاپەسەند بوو زۆربەی ئەوانی بڵاوکردبوویەوە، ئیسپنسەر هەروەها کاریگەری لەسەر کۆمەڵناسە ئەمریکیەکانی تریش وەك لیسیتروارد، چارلزمورتن کولی، راس و رابیت پارك هەبووە.

لە دەیەی (1930)ز ئەستێرەی ئیسپنسەر لە جیهانی فیکر و بەتایبەتی لە کۆمەڵناسیدا، کوژایەوە داروینیزمی کۆمەڵایەتی و بیری بەرگری لە ئابووری و ئازادی لەگەڵ بوونی گرفتی

کۆمەڵایەتی زۆر، جەنگی جیهانی و دابەزینی بێوێنەی ئابوری، بە گاڵتەجاڕی دەهاتە پێش چاو، لە ساڵی (1937)ز تاحکت پارسونز، کاتێك ئەم زاراوەی مێژوونووسەی ئەمریکایی گیرمن برینتون راگەیاند (ئێستا ئیدی کێ ئیسپنسەر دەخوێنێتەوە؟) بەڕاستی مەرگی فیکری ئیسپنسەری لە کۆمەڵناسی راگەیاند، هەنووکە ئیسپنسەر لەلایەنی مێژوویەوە نەبێت گرنگی وەهای نەماوە بەڵام بیروباوەڕەکانی لە دروستبوونی تیۆری سەرەتایی کۆمەڵناسی ئەمریکادا رۆڵی گرنگیان هەبوو، لێرەوە دەست دەکەین بە کار لەسەر بیرمەندی ئەمریکی کە بەلایەنی کەمەوە تا ئەندازەیەك لە ژێر کاریگەری ئیسپنسەردا بوون.

ویلیام گراهام سامنەر (1840-1910)ز خراپ نیە باسکردن سەبارەت بە یەکەمین بیرمەندانی کۆمەڵناسی ئەمریکا ویلیام گراهام سامنەر دەست پێبکەین، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێك بوو بۆ یەکەم جار وانەیەك کە دەتوانرێت بە کۆمەڵناسی ناوی ببەین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، سامنەر جەختی لەوە دەکردەوە کە فێربوونی کۆمەڵناسی (ساڵەکانی بەر لەوەی کە لە زانکۆیەکی تر لە جیهاندا وەها کۆششێکی بۆ کرابێت) دەستی پێکرد: (بی، کرتیس،(1981) سامنەر هەوادارێکی بەهێزی داروینیزمی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو گەرچی لە کۆتایی ژیانیدا کەم و زیاد گۆڕان لە بیروباوەڕیدا روویدا (ئین، اسمیت) (1979)ز وتوویژی خوارەوە نێوان سامنەر و یەکێك لە خوێندکارەکانی، رای (لیبرالی) ئەو سەبارەت بە پێویستی ئازادی تاکە کەسی و بابەتی ئەو لە دژایەتی لەگەڵ دەست تێوەردانی دەوڵەت ئاشکرا دەکات:

(مامۆستا، ئایا ئێوە باوەڕتان بەوە نیە کە دەوڵەت دەبێت یارمەتی پیشەسازی بدات؟)

(نا، ئەمە شتێکی گاڵتەجاڕیە خۆت بەهێز رابگرە یان بمرە)

(ئایا مرۆڤ مافی ژیانی نیە؟)

(هیچ هەقێك وجودی نیە، دونیا قەرزاری هیچ مرۆڤێك نیە)

(کەواتە مامۆستا ئێوە تەنها بەیەك سیستەمێکی قەراردادی ، چاودێری باوەڕتان هەیە؟)

(ئەمە تەنها سیستەمی دروستی ئابووریە، سیستەمەکانی تر لە سەفسەتەیەك زیاتر نین)

(زۆرباشە، گریمان ئوستادێکی ئابووری سیاسی بێت، پیشەکەتان لە ئێوە وەربگرێت ئێوە ناڕەنجێن؟)

(هەر مامۆستایەکی تر کە بیەوێت سەرچاومی دەنێم ئەگەر پیشەکەم لێوەرگرێت کەم و کورتیەکە لە منەوەیە، من دەبێت ئەوەندە باش وانەکە بڵێمەوە کەسێکی تر نەتوانێت پیشەکەم لێوەرگرێتەوە)

سامنەر رێتێچوونی مانەوەی چاکسازی لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا لە بنەڕەتدا پەسەند کرد، ئەویش هەروەك ئیسپنسەر مرۆڤەکانی لەبەربەرەکانی لەگەڵ ژینگەکەیاندا دەبینی و باوەڕی وابوو کە شیاوترینەکان کەسانێکن کە لەم بەربەرەکانێیەدا سەردەکەون، بەم شێوەیە دەبێت بووترێت ئەو هەواداری دەمارگیری و رقەبەرایەتی مرۆڤ بوو، ئەوانەی سەردەکەون شایەنی ئەوەن و ئەوانەی کە سەرناکەون سزاداری ناکامین و دۆڕاندنن، ئەویش هەروەها وەکو ئیسپنسەر لەگەڵ هەر شێوازە هەنگاوێك بە تایبەتی هەنگاوی دەوڵەتی، بە ئاراستەی یارمەتی شکست خواردووەکان دژایەتی دەکرد، بەڕای ئەو وەها دەستێوەردانێك دژی هەڵبژاردنی سروشتی کاردەکات،

هەڵبژاردنـێك لـە نـێوان مـرۆڤەكان و حەیـوانە درنـدەكان مـاوە دەدات كەسـانی شـیاو زیـندوو بمێنێـتەوە و نەشیاوەكان لـەناو بچن، بـە وتـەی خۆی (ئەگەر مانەوەی چاكەكان پەسەند نەكەین، رێگایەكی تر جگە لە مانەوەی ناصاڵحەكان بۆ ئێمە نامێنێتەوە)

ئـەم سیستەمە بیرۆكەیـە بـە گۆڕانـی سـەرمایەداری بـە باشـی و هاوتایـی هەیـە، لەبەرئـەوەی لـە روانگـەی بیرۆكەیـی (تـیوری) بوونـی جـیاوازی گـەورە لـە سامان و دەسەڵات مەشروعیەت فەراهەم دێنـێت، سـامنەر بە دوو بەڵگەی سەرەكی جگە لە رووی مێژووییەوە گرنگیەكی وەهای نیە سەرەتا ئـەوەی كـە مەوداگـەری داروینیزمـی كۆمەڵایەتـی بـە گشـتی جگـە لـە مەشـروعیەتی نەشـێنراو بۆ سەرمایەداری ركەبەرەكی و بارودۆخی هەنووكەیی شتێكی تری لێنەكەوتەوە.

ئـەوەی نەیتوانـی لـە زانكـۆی بـیل بـنەمای نەگـۆڕ بۆ بونیادنانی قوتابخانەی كۆمەڵناسی لەگەڵ قوتابـی زۆر دابمەزرێنـێت، ئـەم جـۆری سـەركەوتنە دەبـووایە چـەند سـاڵ دواتر لە زانكۆی شیكاگۆ بەدەست بهاتایـە، وەرگـیراوە لـە (هـێلكان) (1976)ز، سـامنەر بەهـۆی سەركەوتنی لە كاتی خۆیدا (هەنووكە كەمتر كەسانێك هەن یادی دەكەنەوە).

لیسـتر ئـیف وارد (1913-1841)ز كۆمەڵناسـێكی تر لە سەردەمی خۆیدا بەناوبانگ بوو بەڵام ئیعتیـبارەكەی كـەمتر دەوامـی هێنا، لیستر كارنامەیەكی نائاسایی هەیە لەبەر ئەوەی زۆربەی ژیانی وەك دێـرین ناسـێك بـوو دەوڵەتـی فـیدراڵ كـاری دەكـرد لـەم ماوەیەدا بەرهەمی ئسپینسەر و كانت خوێـندنەوە و بـە تـوندی تامـەزرۆی كۆمەڵناسـی بوو، ئەو لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سـەدەی بیسـتەم چـەندین كتێبـی بڵاوكـردەوە، تـیۆرگەی كۆمەڵناسـی خۆی تێیدا روون كردەوە، لە ئەنجامــی ئــەو ناوبانگــەی بەرهەمەكــەی پەیــدای كــرد، وەك یەكــەمین ســەرۆكی ئەنجوومەنــی كۆمەڵناسـی ئەمـریكا لـە سـاڵی (1906)ز هەڵبژێـردرا، تـەنها لـەم سەردەمەدا كە یەكەمین پۆستی زانكۆیی لە زانكۆی براون بەدەستهێنا و ئەوەی كە تا كاتی مەرگی پاراستی.

واریـدیش هـەروەك سامنەر لـە ژێـر كاریگـەری بیروباوەڕی ئسپینسەردا بوو، ئەو ئەم هونەرەی پەسـەند كـردبوو كـە مـرۆڤەكان لـە شێوەی خراپتر لەمە گۆڕا و بۆ تەواوكەری هەنووكەییان وارید بـاوەڕی وابـوو كـە كـۆمەڵگەی سەرەتایی تایبەتمەندیەكەی سادەیی و هەژاری ئەخلاقیە، لە كاتێكدا كـە كـۆمەڵگەی نـوێ ئاڵۆزتـر بەختەوەرتـر و خاوەنـی ئازادیەكـی زیاترە، ئەو یەكێك لە ئەركەكانی كۆمەڵناسـی، لـێكدانەوەی یاسـای بناغەیـی گۆڕانـی كۆمەڵایەتـی و پـێكهاتەی كۆمەڵایەتـی دەزانـێت بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئەركـی كۆمەڵناسـی تایـبەت بـە لێكدانەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی نەدەزانی، واریـد بـاوەڕی وابـوو كـە كۆمەڵناسـی دەبـێت روانینێكی پراكتیكی بەخۆیەوە بگرێت و كۆمەڵناسی بەكارهێنانـی دەبـێت بوونـی هەبێت، ئەم جۆرە كۆمەڵناسیە پێویستی بە بەكارهێنانی هۆشیارانەی زانسـتی بـۆ گەشـتن بـە كۆمەڵگەیەكـی باشـتر، كەواتـە دەتوانین بڵێین ئەو داروینیزمی كۆمەڵایەتی توندڕەو نەبوو لەبەر ئەوەی كە پێویستی بە چاكسازی كۆمەڵایەتی و گرنگی ئەو باوەڕەی هەبوو.

گەرچـی سـامنەر و واریـد لـە رووی مێژوویـی گـرنگیان هەیـە، بـەڵام بـۆ تـیۆرگەی كۆمەڵناسـی گرنگیەكی درێژخایەنیان نەبوو، لێرە بەدواوە دەكەوینە باس و خواسی بیرمەندانی قوتابخانەیەك بـەناوی (شـیكاگۆ) كـە دەسـتی گـرت بەسـەر كۆمەڵناسی ئەمریكادا، قوتابخانەی شیكاگۆ لە مێژووی كۆمەڵناسـیدا ئاسـایی نەبـوو، لەبـەر ئـەوەی یەكێك لەو (هەوڵدانە فیكریە بە كۆمەڵەكان لە جۆری

ڕێکوپێکی ئـەو) لـە مێژووی ئەم بابەتەدا دەژمێردرێت، قوتابخانەی (دورکیمی) لە پاریس یەکێکی تـر لـەم قوتابخانانە بوو سوونەتێك کە لە زانکۆی شیکاگۆ دەستی پێکرد هەنووکە بۆ کۆمەڵناسی و ڕوانینی تیۆرگەی (ئەزموونی) ئەو بەردەوام گرنگی هەیە.

## قوتابخانەی شیکاگۆ

گروپـی کۆمەڵناسـی لـە زانکـۆی شـیکاگۆ لە ساڵی (1892)ز لەلایەن ئالبیون دامەزرا لە جیهانی ئەمـڕۆدا زیاتـر بـۆ ڕۆڵـی دیاریکـراوی لـە کۆمەڵناسـیدا گرنگـی هەیـە هەتاوەکو کـارە فیکریەکانـی نـاریس (1970)ز، ئـەو لـە پێکهێنانـی گروپـی کۆمەڵناسـی لـە شـیکاگۆ لـە دوایـی چـەند سـاڵێك سـەنتەری ئـەم ڕشـتەیە بـوو لـەو ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمـریکا، هۆکارێکـی کاریگـەر بـوو، (ئسمال) لـە داڕشـتنی یەکـەمین کتێبـی وانـەی کۆمەڵناسـی لە ساڵی (1894)ز هاوکاری هەبوو، لە ساڵی (1895)ز گۆڤاری کۆمەڵناسـی ئەمـریکای بونـیاد نـا، گۆڤارێك تـا ئەمـڕۆ بەردەوام بەهێزی لەسەر ئەم ڕشتەیە لە قەڵەم دەدرێت.

## . قوتابخانەی شیکاگۆ لە قۆناغی یەکەمدا

قــوتابخانەی یەکەمــی شــیکاگۆ تایــبەتمەندی دیــار و جۆراوجــۆری هەبــوو، یەکــێك لــە تایبەتمەندیەکانـی پەیـوەندی بەهێـزی ئـەو لەگـەڵ ئاییـندا بـوو (ویـدیك ولایمن) ساڵی (1985)ز هەنـدێك لـە ئەندامانـی ئەم قوتابخانەیە خۆیان کەشیش بوون و هەندێکی تریان کەشیشزادە بوون بـۆ نمـوونە ئیسمال بڕوای وابوو کە (مەبەستی کۆمەڵناسی لە بنەڕەتدا دەبێت ئامانجێکی مەسیحی بـێت) (میـتۆز) (1977)، لاپـەڕە (95)، ئـەم باوەڕە ئەم تیۆرەی لێکەوتەوە، کە کۆمەڵناسی دەبێت ئـارەزووی چاکسازی کۆمەڵایەتـی هەبـێت، هاوڕا لەگـەڵ ئـەم باوەڕەدا دەبێت ڕوانەگەیەکی زانستی هەبـێت! کۆمەڵناسـی زانسـتی بـە ئامانجی باشـتر کردنـی کۆمەڵایەتـی دەبـووایە لە شارێکی ڕوو بە گەشـەی وەك (شـیکاگۆ) کـارا بـێت کـە لـە بـەردەم لێشـاوی دەرەنجامـە پۆزەتـیڤ و نەگەتیڤەکانـی شـارگەرایی و سەنعەتی بووندا قەراری گرتبوو، لێرەدا دەبێت بە خزمەتگوزاری یەکێك لە کۆنترین ئەندامـی کۆمەڵناسـی شـیکاگۆ، ویلـیلم تامـیس، سـاڵی (1947-1863)ز ئامـاژە بکـەین، (تـامس) کاتـێك نامـەی دکـتۆراکەی لـە سـاڵی (1896)ز نووسـی، بـووە ئەندامی گروپی کۆمەڵناسی شیکاگۆ، کاریگـەری پایـەداری ئـەو بـە هۆی جەخت کردنی لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەی زانستی لـە بـواری کۆمەڵناسـیدا بـوو، گەرچـی ئەو چەندین ساڵ هەواداری ئەم بابەتە بوو، بەڵام نەتیجەی کارەکـەی لـە سـاڵی (1918) بـە بڵاوکـردنەوەی کتێبـی جووتـیاری پۆڵەندی لە ئەمریکا و ئەوروپا دەرکـەوت کـە بـە هاوکـاری (فلودیان زانیەك) نووسیویەتی (مارتین بالمیر) ئەم بەرهەمەی بە خاڵی وەرچـەرخانی لێکدانەوەکانـی کۆمەڵناسی دەزانێت لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسی لە (تیۆری ئینتزاعی و لێکۆڵینەوەی کتێبخانەی بەرەو ئاڕاستەی جیهانی ئەزموونی لەگەڵ بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی تیۆری ئاڕاستە کرد).

لەبـەر ئەوەی (ژینگەیەکی فیکری تایبەتمەند بە تاك دیاری دەکات کە تەنها ڕشتەی کۆمەڵناسی دەتوانـێت ئـەو ببینـێت و بـیخاتە ژێـر لێکدانەوە، ئەم بەرهەمە ئەنجامی هەشت ساڵ لێکدانەوە و لێکۆڵـینەوەیەی لـە ئـەوروپا و ویلایەتـە یەکگـرتووەکاندا لـە بـنەڕەتدا بـە تاوتـۆی لە یەك ترازانی

کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆچەرانی پۆڵەندیدا تایبەت کرابوو، ئەو شتانەی کە لەو کتێبەدا کۆکرابوونەوە چەندان گرنگی پایەداریان نەبوو، بەڵام ڕێگاناسی (شێواز ناسی) ئەم کتێبە گرنگ بوو ئەم کتێبە خاوەنی جۆرەها سەرچاوەی زانیاری بوو، لەوانە کەرەستەی ژیاننامەی ئەو نووسینانەی کە لە بەرامبەریدا حەق دەستی پێدرابوو، نامە خێزانیەکان، بەڵگەنامەی دەوڵەتی و بەڵگەی ڕێکخراوی.

گەرچی جووتیاری پۆڵەندی زیاتر لێکدانەوەیەکی کۆمەڵناسی ئاشکرابوو سەبارەت بە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام (تامس) لە درێژەی کارەکەی بە ئاراستەگەری وردو دەرونزانی کۆمەڵایەتی لایەنگریەکی زیاتری پەیدا کرد، ئەو لەبەر ئەم وتە دەرونزانیە کۆمەڵایەتیە بەناوبانگە کە (ئەگەر مرۆڤەکان پێگەیان بە راستی نیشان دەدەن، کەواتە ئەنجامەکانی ئەم پێگەیەش راستن...)، جەختی ئەو لەسەر گرنگی ئەوەی کە مرۆڤەکان بیردەکەنەوە و کاریگەری ئەو لەسەر کارکردنیان بوو، ئەم جەخت کردنە وردبینانە و دەرونزانانەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تێڕوانینە فەرهەنگی و ئاشکرا بینانەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بیرمەندانی ئەوروپایی هەروەك (مارکس ڤیبر و دورکیم) دژایەتی دەکرد، ئەم جەخت کردنە یەکێك لە تایبەتمەندیە دیاریکرەکانی بەرهەمی تیۆری (شیکاگۆ)دادەنرێت.

کەسیەتیەکی بەرجەستەی تری شیکاگۆ، رابیت پارك (1864-1944)ز بوو، پارك وەك راهێنەری نیوە کات لە ساڵی (1913)ز هات بۆ شیکاگۆ، بەڵام بە خێرایی ڕێگای خۆی بەرەو رۆڵێکی سەنتەری لە گروپی کۆمەڵناسیدا والاکرد، هەروەها سەبارەت بە (ئیسمال) گوتمان گرنگی درێژخایەنی پارك تەنها بەهۆی خزمەتگوزاری فیکریەوە نەبووە، گرنگی ئەو بۆ گۆڕانی کۆمەڵناسی لە چەندین بوارەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرەتا ئەوەی ئەو لە گروپی کۆمەڵناسی شیکاگۆ بوو کە بەسەر کۆمەڵناسی دەیەی (1930)ز ئەمریکادا دەسەڵاتی هەبوو، کەسیەتیەکی متمانە پێکراوی لێهاتوو بوو، پاشان ئەوەی پارك لە ئەوروپادا فێر بوو بوو لە راکێشانی سەرنجی کۆمەڵناسانی شیکاگۆدا بۆ بیرمەندانی ئەوروپایی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو، خاڵێك لە رووی تیۆرەوە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو، ئەمەیە کە پارك هەندێك وانەی لەگەڵ زیملدا تێپەڕاند بوو، بیروباوەڕەکانی زیمل بە تایبەت جەخت کردنی بەرامبەرلە گۆڕانی ئاراستە گەری تیۆری قوتابخانەی شیکاگۆ دیاریکەر بوو، ئەو بەر لەوەی کۆمەڵناس بوو، پەیامنێر بوو ئەم ئەزموونە، هەستی دەرکی گرنگی بابەتی شاری و پێویستی رۆشتن بۆ ئەم گۆڕەپانە بۆ کۆکردنەوەی دراوەکان لە ڕێگەی بینینەوە لە ئەودا بەهێزی کردبوو، پارك لە ڕێنمایی خوێنکارانی ماستەر و لە پەرەپێدانی (پرۆگرامی چڕبوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی کارناسی) رۆڵی کاریگەری هەبوو.

چارلز هورتون کولی (1864-1929) وابەستەی کولی بە قوتابخانەی شیکاگۆ لایەنێکی سەیری هەیە لەبەر ئەوەی ئەو ئەندامی دەستەی زانستی زانکۆی میشگان بوو نەوەك زانکۆی شیکاگۆ، کولی پلەی دکتۆراکەی (1894)ز لە زانکۆی میشگان وەرگرتووە، ئەو لەگەڵ ئەوەدا زۆر حەزی لە کۆمەڵناسی بوو بەڵام هێشتا گروپی کۆمەڵناسی لە میشگان بوونێکی دەرەکی نەبووە، بەم هۆیەوە پرسیارەکانی سەبارەت بە تاقیکردنەوەی دکتۆراکەی لە زانکۆی کۆڵۆمبیاوە هاتبوون کە لەوێدا

رشتەی كۆمەڵناسی لە ساڵی (1889)ز بە رابەری فرانكلین گیدینگز دەوترایەوە، كولی لە ساڵی (1892)ز تەنانەت بەر لە وەرگرتنی دكتۆراكەی وانە وتنەوەی لە میشگان دەست پێكردبوو هەتا كۆتایی تەمەنی لەوێدا مایەوە، گەرچی كولی بیروڕای جیاوازی هەبوو بەڵام ئەمڕۆ كە زیاتر بەهۆی ئەو هزرانەی كە لە زەمینەی لایەنە رەوان ناسیە كۆمەڵایەتیەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی دا بە دەستەوە، لەو یاد دەكەنەوە كارەكانی لەم زەمینەیەدا، لەگەڵ كاری جۆرج هیربرتمیدا هاوتایی هەبوو، بەڵام مید كاریگەری قووڵ و ماندكار تری لە كولی بەسەر كۆمەڵناسی بەجێهێشت، كولی بە بابەتی هۆشیاری عەلاقەمەند بوو. بەڵام وەك (مید) لە جیاكردنەوەی هۆشیاری لە زەمینەی كۆمەڵایەتی خۆی دەرباز كرد، ئەم كارە لە هەموو زیاتر لە واتایەك لەو دیاریكراوە تا ئەمڕۆ كە ئیعتیباری هەیە، خودی ئاوێنە ئاسا كولی لەم تێگەیشتنە ئەم مانایەی لە بیردا بوو كە مرۆڤەكان هۆشیاری دەست دەخەن و ئەم هۆشیارییە لە كاردانەوەی بەرامبەردا و بەردەوامی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

واتایەكی تر كە ئارەزووی رەواناسی كۆمەڵایەتی كولی ئاشكرا دەكات واتایەك كە پایەدارتر و گرنگتر لە واتاكانی تری بوو، واتای گروپی سەرەتایی بوو، ، لە نێوان ئەم گروپانەدایە كە تاكەكان وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی گەشە دەكەن، لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی گروپی سەرەتاییدایە كە خود ئاوینە ئاسا دەردەكەوێت و منداڵێك خود تەوەرەی فێر دەبێت كە ئەوانی تر حسابیان بۆ بكات و لەم رێگەیەوە بە ئەندامێكی پرشنگدار لە كۆمەڵگەدا بگۆڕرێت، كولی و مید لە دیدگای ئاكارگەرایانەوە سەبارەت بە مرۆڤ روویان وەرگێڕا بوو.

بەرامبەر بەم دیدگایە مرۆڤەكان كوێرانە و ناهۆشیارانە لە بەرامبەر بزوێنەرە دەرەكیەكانەوە كاردانەوە نیشان دەدەن، ئەوان هەردووكیان بە دیدگایەكی پۆزەتیڤ باوەڕیان وابوو كە مرۆڤەكان هۆشیاری و خودیان هەیە و ئەم بەرپرسیاریەتیە لە ئەستۆی كۆمەڵناساندایە كە ئەم لایەنە لە راستی كۆمەڵایەتی لێكبدەنەوە، رێگای دەرونگەری هاودڵانە بۆ زۆر لە كەسەكان رێگایەكی زانستی نەبوو، كاری (مید) لەم زەمینەیەدا هەروەك زەمینەكانی تر سەروتر بوو لە كارەكانی كولی، لەگەڵ ئەمەشدا خولیای ئەم دووانە وەك یەكی تایبەتیان لە نێواندا هەبوو.

(جۆرج هربیرت مید) ساڵی (1863-1931)ز گرنگترین بیرمەندی وابەستە بە قوتابخانەی شیكاگۆ بوو، بەڵكو فەیلەسوفێك بەناوی (جۆرج هربرت مید) بوو وانە وتنەوەی فەلسەفەی زانكۆی شیكاگۆ بە ساڵی (1894)ز دەستی پێكرد، تا ساڵی مردنی لە (1931)ز لە هەمان شوێندا خەریكی وانە وتنەوە بوو، كەسیەتی ئەو هەندێك لەگەڵ یەكتردا دژ دەهاتەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بوونی گرنگی ئەو لە مێژووی تیۆرگەی كۆمەڵناسیدا، فەلسەفەی دەوتەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی كە لە ماوەی ژیانیدا بەرهەمێكی كەمتری بڵاودەكردەوە ئەم دژهاتنەوەیە پیشاندانە بە پێی دوو راستی تا ئەندازەیەك چارەسەر دەكرێت، لەلایەكی ترەوە (مید) لە گروپی فەلسەفەی دەرونزانی كۆمەڵایەتی وانەی دەوتەوە، وانەیەك كە زۆرێك لە خوێندكارانی رشتەی كۆمەڵناسی وەریانگرتبوو، بیروبۆچوونی (مید) كاریگەری قوڵی لەسەر زۆربەی خوێنكاران هەبوو، ئەم خوێنكارانە بیروبۆچوونی ئەویان لەگەڵ بیروبۆچوونێك كە لە گروپی كۆمەڵناسی لەو كەسانەی وەك پارك و تامس وەریانگرتبوو تێكەڵاویان كرد، بەڵام خوێنكارانی شیكاگۆ ئەویان لە تێكەڵ

کردنی ئەم سەرچاوانە پێکهێنابوو، بەم شێوەیە (مید) لەسەر ئەو کەسانەی دواتر دەبوایە تیۆری دروست ئامادە بکەن کاریگەری قووڵ و دیاریکراو هەبوو، دووەم ئەوەی ئەم خوێنکارانە ئەو یاداشتانەی کە لە وانەکانی (مید) وەریانگرتبوو، دوایی مەرگی بە ناوی خۆی ئەو لە قاڵبی کتێبێکدا بلاویان کردەوە، ئەم کتێبە هزری خۆیی و کۆمەڵگەی (مید) ساڵی (1934-1962)، بیروبۆچوونی (مید) لە قەڵەمڕەوی زارەکیەوە بۆ بواری سوونەتی وتاری گواستەوە، ئەم بەرهەمە تا ئەمڕۆش خوێنەری زۆری هەیە بە شاکاری دێتە ئەژمار، لە دواییدا باسی بیروبۆچوونی (مید) دەکەین، بەلام لێرەدا بۆ دیاریکردنی شوێنە مێژووییەکەی پێویستە چەند خاڵ دەربارەی بخەینە روو، بیروبۆچوونی (مید) دەبێت لە زەمینەی ئاکارگەرای دەرونزانی ببینین، (مید) بە توندی لە ژێر کاریگەری ئەم ئاراستە گەرایەدا بوو زۆرێك لە ئینتیماکانی ئەویان پەسەند کرد بوو.

ئەوەی میدی ناڕەحەت دەکرد ئەوە بوو کە ئاکارگەرایی بە ئەندازەی پێویست نەدەچووە پێشەوە، بەم واتایە کە هۆشیاری لە شمولکردنی لێکدانەوەی جیدی وەدەرکردبوو و ئیستدلالی دەکرد کە هۆشیاری ناکەوێتە ژێر کاریگەری لێکدانەوەی زانستی، مید لەگەڵ ئەم تێزەدا بە توندی دژبوو وایکردبوو تا ئوصولی ئاکارگەرایی بۆ مەودای لێکدانەوەی (هزری) فراوان بکات، لەم کارەدا مید جەخت کردنی هەروەك جەخت کردنی کولی راگەیاندبوو، بەلام لە کاتێکدا کە بابەتی کولی بە نازانستی خۆی دەنواند، مید پەرەپێدانی ئوصولی و ڕێگای زۆر زانستی ئاکارگەرایی رەوانناسی چەمکێکی زانستی تری لە هۆشیاری دا بەدەستەوە. مید تێزێکی رەوانناسی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە کۆمەڵناسی ئەمریکا کرد لەگەڵ تێزە بنەڕەتیە کۆمەڵایەتیەکانی زۆربەی بیرمەندەکانی ئەوروپایی (مارکس، ڤێبر؟ دورکیم، کانت، ئیسپنسەر) دژ یەکێکی زۆری هەبوو.

## لاوازبوونی قوتابخانەی شیکاگۆ

قوتابخانەی شیکاگۆ لە دەیەی (1920)ز پەرەی سەند، بەلام لە دەیەی (1930)ز بە مردنی مید رۆشتنی پارك ، گروپی کۆمەڵناسی شیکاگۆ گرنگی سەنتەری خۆی لە کۆمەڵناسی ئەمریکا بە هێواشی لە دەستدا.فرید میتوز چەندین بەڵگە بۆ دابەزینی قوتابخانەی شیکاگۆ ناو بردووە کە دوو بەڵگەی ئەو لە هەمووی گرنگتر دێتە بەرچاو، سەرەتا ئەوەی کە رشتەی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا زیاد لە ئەندازە دەیویست وێنەیەکی زانستی وەربگرێت بەردەوام لە ڕێگا ئالۆزەکان و لێکدانەوە ئامادەییەکان کەلکی وەردەگرت، بەلام لەلایەکی ترەوە قوتابخانەی شیکاگۆ وەك قوتابخانەیەك خۆی نواندبوو کە لەسەر شیکارییە تەوسیفی مەردوم نگەرانە و ئاراستە گەری تاکی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە بە زاراوەی تامس جێگە و شوێن جەخت دەکاتەوە پارك رۆژبەرۆژ لە ئامار بێزارتر دەبوو، ئاماری ناو نابوو (سەرگەرمی جادویی)، لەبەرئەوەی وا دەهاتە پێشچاو کە لێکدانەوەی ئاماری لە لێکدانەوەی هزری و ماهیەتی تاکی و تایبەت ڕێگری دەکات، ئەم راستیە کە کارە گرنگەکان بە ڕێگای چەندیەتی لە شیکاگۆ ئەنجامی دەگرت، لە ژێر رۆشنایی وابەستەی گشتی ئەم قوتابخانەیە بە ڕێگای چۆنیەتی قەراری گرتبوو، بەڵگەی دووەم ئەوەی کەسانێکی زۆرتری لە دەرەوەی شیکاگۆ، لە زاڵبوونی شیکاگۆ بەسەر کۆمەڵناسی ئەمریکا و گۆڤاری کۆمەڵناسی ئەمریکا زیاد لە رادەبەدەر بێزار دەبوون، کۆمەڵگەی کۆمەڵناسی رۆژهەلات لە ساڵی (1930)ز بنیادنرا، کۆمەڵناسانی رۆژهەلاتی ئەمریکا لە زاڵبوونی رۆژئاوایانە بە شێوەیەکی گشتی و شیکاگۆ بە

شێوەیەکی تایبەت، زیاتر لە هەمووان سکاڵایان هەبوو، لە ساڵی (1935)ز شۆڕش لە شیکاگۆ لە دژی شیکاگۆ و لابردنی شیکاگۆ لە پۆستی سەرنووسەری ئەنجوومەنی کۆمەڵناسی و چاپکردنی گۆڤارێکی رەسمی بەناوی (sociological Review American)ی لێکەوتەوە، بە وتەی وایلی (قوتابخانەی شیکاگۆ هەروەك دار بەڕوویەکی بڵند دارما)، ئەم هۆکارە بە گەشەی سەنتەرەکانی دەسەڵاتی تر و لە هەمووی گرنگتر هاروارد و یەکیەتی ئلیوی (Ivyleague)بواری رەخساند، تێزەکەیزیاتر سوونەتێکی نادیاری زارەکی بوو بەم هۆیەوە سەرەنجام گۆڕەپانی بۆ سیستەمی تیۆرگەی دیارتر و مۆدێرن تر چۆڵ کرد.

## تیۆرگەی کۆمەڵناسی لە نیوەی سەدەی بیستەم

سەرهەڵدانی هارڤارد، یەکێتی ئاڤی پێکهاتەی دەرکەوتنی کۆمەڵناسی لە هاروارد، لە راستیدا بە هاتنی پیتریم سوروکین بۆ ئەم زانکۆیە دەستی پێکرد، کاتێك کە سوروکین هاتە نێو هارڤارد گروپی کۆمەڵناسی بوونێکی نەبوو بەڵام لە کۆتایی یەکەمین ساڵی هاتنیدا گروپێك بەم ناوەوە رێکخرا و هەڵبژێردرا بە سەرۆکی ئەم گروپە لەگەڵ ئەوەدا سوروکین کۆمەڵناسێکی بیردۆز بوو تا دەیەی ( 1960) بەردەوام بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ قسەوباس لەسەر بەرهەمەکانی کەمتر دەکرێت. بیرۆکەکانی ئەو لە گۆپکەی تاقیکاری زەمەندا چەندان سەرکەوتوو نەبوون، گرنگی مانەوەی سوروکین دەبێت لە پێکهێنانی گروپی کۆمەڵناسی هارڤارد و دانی کار بە تالکت پارسونز کە راهێنەری ئابووری لە هارڤارد بوو، وەك راهێنەرێك لەم گروپەدا بزانین، پارسونز بەهۆی ناساندنی بیرمەندانی ئەوروپایی بە خوێنەرانی ئەمریکایی و تیۆرگەی کۆمەڵناسی خۆی و هەروەها خوێندکارەکانی کە زۆربەیان دواتر بیرمەندی بەرجەستەی رشتەی کۆمەڵناسی یان لێ پێکهات لە کۆمەڵناسی ئەمریکادا کەسیەتیەکی دەست رۆیشتوو کاریگەر بوو.

پیتریم سوروکین (1889-1968) سوروکین نووسینی زۆری لە خۆی بەجێهێشت و تیۆرگەی داهێنا کە بەلایەنی کەمەوە لە لایەنی فراوانی و ئاڵۆزییەوە لە کارەکەی پارسونز سەرووتر بوو، کامڵترین بەیان و راڤەی تیۆرگەکەی لە کتێبێکی چوار (موجەلەدی ) ئەودا بەناوی مانەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گونجێنراوە کە لە نێوان ساڵەکانی (1941-1937)ز بڵاوکرایەوە.

لەم بەرهەمەدا سوروکین جۆرێکی فراوانی لە دراوە ئەزموونیەکان بۆ پەروەردەکردنی تیۆرگەی گشتی سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خستووەتە روو، بە پێوانەی کەسانێك کە لە بیری دانانی تیۆرگەی کامڵتر بوون دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سوروکین تیۆرگەی سوڕانەوەی داهێنا ئەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە نێوان سێ زەینیەتدا لە داکشاندا دێ، زەینیەتی حسی چەك گەرایانە و ئارمانگەرایانەیە کۆمەڵگەی وابەستە بە زەینیەتی حسی لە رۆڵی هەستەکان لە دەرکی واقیعیەت جەخت دەکەنەوە، کۆمەڵگەیەك کە لەژێر سوڵتەی رێبازە باڵاکان و مەزهەبیەکاندا تێگەیشتنی واقیعیەت قەراریان گرتووە، بزوێنەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت لە مەنتیقی دەرونی هەریەك لەم کۆمەڵگانەدا بە دوایدا بگەڕێین، بەم واتایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ژێر گوشاری ناوخۆیی بۆ پەرەپێدانی شێوازی بیرکردنەوەیان بە کۆتا سنووری مەنتیقیەکەی قەراریان گرتووە، بەم شێوەیە کە یەك کۆمەڵگەیەکی حسی سەرەنجام ئەوەندە حسی دەبێت کە زەمینە خۆش دەکات بۆ لەناوچوونی خۆی کاتێك زەینیەتی حسی دەگاتە کۆتا

سنووری مەنتیقی خۆی، خەڵکی پەنا دەبەن بۆ سیستەمە چەمکەگەرایەکان، بەڵام هەرکە ئەم سیستەمە تازەیە جێی خۆی دەکاتەوە، ئیدی دووبارە بە ئافرینی رادەی خۆی ئاراستە دەکرێت و لە کۆتاییدا کۆمەڵگە زیاد لە ئەندازە مەزهەبی دەبێت، لەم کاتەدا گۆڕەپانەکە بۆ دەرکەوتنی فەرهەنگێکی ئارامگەرایانە ئامادە دەبێت و سەرەنجام هەمان قۆناغی پێشوو دووبارە دەبێتەوە سوروکین نە تەنها تیۆرگەیەکی تەواوکەر سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست و بونیاد نا، بەڵکو بۆ سەلماندنی تیۆرگەی دیکومێنتی دوورودرێژی لە هونەر، فەلسەفە، سیاسەت و وێنەی ئەو هێنایە پێشەوە، ئەمەش خۆی بە ئاشکرا کارێکی گەورەیە قسەوباسی زۆر هەیە کە دەتوانرێت سەبارەت بە تیۆرگەکانی سوروکین بووترێت، بەڵام لەم پێشەکیەدا تەنها دەمانویست زانیارییەك دەربارەی رووەکانی کاری ئەو بخەینە بەردەمی خوێنەرانی تەوجیهی ئەم بابەتە کە بۆچی سوروکین لە تیۆری کۆمەڵناسیدا لە بەرچاو کەوت، لەوانەیە بۆ ئەوەی ئەم تیۆرە لەو شتانە بوو کە ئەو حەزی دەکرد هێرشیان بکاتە سەر، بەوپێیەی کە لەم بارەیەوە کتێبێك لە ژێر ناوی (سەیروسەمەرەکان و کەموکورتیەکانی کۆمەڵناسی نوێ و زانستی وابەستە) بڵاوکردەوە ساڵی ( 1956)ز لەوانەیە سوروکین لە نەوەکانی داهاتوودا کۆمەڵناسە بیرمەندەکان دووبارە بیدۆزنەوە، بەڵام لەم ساتەدا بەرهەمەکەی لە رەوتی سەرەکی تیۆری کۆمەڵناسی نوێدا پەراوێز خراوە٠

تالکت پارسونز (1979-1902)ز گەرچی هەندێك بابەتی لە سەرەتای کارەکەیدا بە چاپ گەیاندبوو بەڵام خزمەتی ئەو لەم سەرەتای ساڵانەدا کاریگەرێك بوو کە لەسەر خوێندکارانی پسپۆڕی باڵادا هەیبوو، ئەو خوێندکارانەی کە دواتر خۆیان بوونە بیرمەندی کۆمەڵناسی بەرجەستە، لە گرنگترینی ئەم خوێندکارانە (رابیرت مورتون) بوو لە ساڵی (1936)ز دکتۆرای وەرگرت بە خێرایی بووە بیرمەندێکی بەرجەستە، سەنتەری بیردۆزە دانان بە رێبازی پارسونز لە زانکۆی کۆڵۆمبیادا، خوێندکارێکی تر کینزلی دیویس بوو دکتۆراکەی وەرگرت لەگەڵ یەکێك لە خوێندکارەکانی تردا، ولیبرت مور دوکتۆراکەی لە ساڵی (1940) لە هارڤارد وەرگرت٠

بەڵام کاریگەری پارسونز سنووردار نەبوو لە دەیەی (1930)یەوە، ئەو تا کۆتایی دەیەی ( 1960) بەردەوام خوێندکارانی بەرجەستە پێشکەش بە رشتەی کۆمەڵناسی کرد، ساڵی چارەنوس ساز بۆ پارسونز تیۆرگەی کۆمەڵناسی ئەمریکا ساڵی (1937) بوو هەمان ئەو ساڵەی کە ئەو کتێبی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە، ئەم بەرهەمە بە چوار بەڵگەی بنەڕەتی بۆ تیۆرگەی کۆمەڵناسی ئەمریکا گرنگی هەبوو، سەرەتا ئەمەی کە بیرمەندە گەورەکانی ئەوروپایی بە توێژێکی فراوان لە خوێنەرانی ئەمریکایی ناساند زیاتری لاپەڕەکانی ئەم بابەتە تایبەت بە دورکیم، ڤێبر، پارتو، تەفسیرێك کە ئەو لەم بیرمەندانی وابەدەستەوە وێنەی ئەوانی لە کۆمەڵناسی ئەمریکادا بۆ ساڵەکانی تر دیاری کرد٠

پارسونز لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لە سەر کاری دورکیم و تەنانەت پارتو دەکردەوە بەڵام بە گشتی هیچ گرنگیەکی نەدا بە مارکس، لە ئەنجامدا تیۆرگەی مارکس بەردەوام بە دوور لە مەشروعیەتی پێویست لە کۆمەڵناسیدا مایەوە٠

کتێبی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارسونز تیۆرگە سازی کۆمەڵناسی وەك چالاکیەکی مەشروع و گرنگ لە کۆمەڵناسیدا خستەڕوو، ئەو تیۆرگانە لە دوای ئەودا لە ولایەتە یەکگرتووەکان

سەریانهەڵدا زۆر مەدیونی کارەکەی پارسونزن، سەرئەنجام ئەمەی کە پارسونز لە تیۆرگەی تایبەت لە کۆمەڵناسیدا بەرگری کرد کە دواتر کاریگەریەکی قووڵی کردە سەر ئەم رشتەیە لە سەرەتادا ئەو وەك بیرمەندێکی تەسەور کراو بوو خودی وەها بۆچوونێکی دەهاتە پێشچاو، بەڵام لە کۆتایی بەرهەمی لە ساڵی (1937)دا بەرهەمی دواتریش، زیاد لە پێش بەیەك بیرمەندی پێکهاتەی کارکردن ناسێنرا، جەختی لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە بەربڵاوەکان دەکردەوە، گەرچی پارسونز ئیستدلالی دەکرد کە دژایەتی لە نێوان ئەم تیۆرانەدا نیە، بەڵام زیاتر وەك کارکردگەرایەکی پێکهاتەی (ساختاری) ناسرا بوو ئەو یەکەمین بەرگری کەری ئەم تیۆرە بوو کە زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵناسیدا و هەتا ساڵەکانی دوایی بەردەوام جێگای نایابی خۆی پاراست دەسەڵاتی تیۆری پارسونز و هەروەها کارکردگەرایی پێکهاتەیی، لەمەدا شاراوەتەوە کە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و رێکخراوە بەربڵاوەکان وێنە دەکێشێت.

نووسینە سەرەکیەکانی پارسونز سەبارەت بە تیۆری کارکردی پێکهاتەی، لە سەرەتای دەیەی (1950)ز لە قاڵبی چەندین کتێب خرانە روو لە گرنگترینی ئەوان کتێبی سیستەمی کۆمەڵایەتی( 1951)ز لەم بەرهەمە و بەرهەمەکانی تر، پارسونز ئینتیمای بۆ جەخت کردنە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگە و پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا هەبووە، بەڕای ئەو ئەم پێکهاتانە پشتیوانی لە یەکتردەکەن و ئینتیمایان بۆ جوڵان بەرەو هاوسەنگیەکی بەردەوام هەیە، جەختی ئەو زیاتر لەسەر چۆنیەتی پاراستنی رێکپێکی لە نێوان رەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بوو، لە دیدگای ئەوەوە گۆڕان گشتیەکی دەوڵەمەندە، پارسونز سەرئەنجام جۆرە تیۆرگەیەکی نوێ دەربارەی تەواوکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەسەند کرد، (1971-1966)ز ئەو نە تەنها بە خودی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەڵکو پەیوەندی ئەو لەگەڵ سیستەمەکانی تردا پەیدا کرد بەتایبەت سیستەمە فەرهەنگی و کەسایەتیەکانیش گرنگی دەدا، بەڵام بیری بونیادی ئەو دەربارەی پەیوەندی نێوان سیستمەکان لە بنەڕەتدا هەمان بیروڕای ئەو دەربارەی پەیوەندی ناوخۆیی نیزامەکە بوو بەو واتایە کە هەردووی بە خاوەنی پێکەوەگونجاو و رێککەوتوو دەزانی بە واتایەکی تر پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵایەتی کارکردی پۆزەتیف زۆر بۆ یەکتری ئەنجام دەدەن، ئیدی ئاشکرا بوو کە بۆچی پارسونز یان زیاتر بەیەك کارکردگەرایەکی پێکهاتەیی دەزانی لەگەڵ زیاتر ناوبانگ دەرکردنی پارسونز دەسەڵاتی تیۆری پێکهاتەی کارکردیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر دەبوو، کاری پارسونز ناوکی سەنتەری ئەم تیۆرگەیە پێکدەهێنێت، بەڵام خوێندکاران و قوتابیەکانی ئەو لە پەرەپێدانی ئەم تیۆرگەیە و زاڵبوون بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کاریگەریان هەبوو، گەرچی پارسونز رۆڵی گرنگ و پۆزەتیفی لە مێژووی تیۆرگەی کۆمەڵناسی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گێڕاوە بەڵام کارەکەی کۆمەڵێك ئەنجامی نەگەتیفی لەگەڵدا بوو سەرەتا ئەوەی کە هەندێك لێکدانەوەی سەبارەت بە بیرمەندە ئەوروپیەکان پێشکەش کرد کە زیاتر ئاراستەی تیۆرگەکەی خۆی بوون نەك ئاراستەی ئەوان، بەم شێوەیە زۆربەی کۆمەڵناسانی ئەمریکا یەکەم جار بە راڤە و لێکدانەوەی نادروست لە مامۆستاکانی کۆمەڵناسی ئەوروپا رووبەڕوو بوونەوە.

بەو شێوەیەی کە گوتمان پارسونز لە سەرەتای کارەکەی مارکسی نەبینی و بە کەمی زانیبووی کە لە ئەنجامی ئەم گرنگی نەدانە بیروبۆچوونی مارکس ساڵەهای ساڵ لە پەراوێزی کۆمەڵناسیدا

مانـەوە. تـیۆرەکەی خـۆی کـە سـاڵەها خەریکی دروست و ئامادە کردنی بوو چەندین لاوازی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زاڵیی پارسونز بەسەر کۆمەڵناسی ئەمریکادا ساڵەهای ساڵ چەندان بەهێز بوو کە دەنگـی رەخنەگرەکانـی لاواز و خسـتبوونیە ژێـر کاریگەریـەوە، بـۆ ئەمـەش لاوازیەکانـی تـیۆری پارسونز و بەگشتی کارکردگەرایی پێکهاتەیی زۆر درەنگتر ئاشکرا بوو.

بـۆ ئـەوەی لـە باسـەکەمان زۆر تێـپەڕ نەکەین چاکترە بە سەرەتای دەیەی (1930) گۆڕانەکانی تـری هارڤـارد بگەڕێـنەوە بـۆ گەیشتن بە یەك بینیەکی چاکتر دەربارەی گۆڕانی گروپی کۆمەڵناسی هارڤارد چاکترە لـە رێگەی باسـی ژیـان و بەرهەمـی کەسـیەتیە گەورەکانـی ئـەم گروپە، کە جۆرج هومنـزە. جـۆرج هومنز لە دایکبووی (1910) دەوڵەمەندێکی خەڵکی بۆستۆنە کە پلەی ماستەری لـە هارڤـارد لـە سـاڵی (1932) وەرگـرت، لـە ئەنجامـی ئاسـتی بـەرزی گەورەیی ئابووری پیشەیەکی بەدەسـت نەهێـنا بەڵام بێگومان دووچاری بێ پارەیی نەبووە، لە پاییزی (1932) فیزیولۆژیتی بە نـاوی ئـال، ژ، هینـدرسـۆن، وانەیەکـی لـە زەمیـنـەی تیۆرەکانی ویلفورد و پارتو پێشکەش دەکرد، کە بانگهێشت کـرا کـە ئامادەی ئەو وانەیە ببێت و ئەویش رازی نەبوو، پارسونزیش لەو پۆلەدا ئامادە بـوو، دەربڕینـی جـۆرج هومنـز لـە چۆنیەتی راکێشانی بـەرەو تیۆرەکانـی پارتـوو ئاماژە دەکات کە تـیۆری کۆمەڵناسـی ئەمریکا چەندە پارێزگارانە و دژە مارکسیەتی بوو (من تامەزرۆی پارتوو بووم لەبـەر ئـەوەی کـە ئەو ئەوەی کە ئامادەگی باوەڕ پێکردنیم هەبوو بۆ منی ئاشکرا کرد منیش خۆم بەڵگەی ئامادەییـیەکەم بـۆ تیۆرەکانـی پارتو بە راست نازانم، دەڵێت بە لایەنی کەمەوە یەکێك لەو دووانـە نـاو بـبەم، یەکـێك گوتوویەتـی کـە کۆمەڵناسـی نـوێ لـە راستیدا هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی بەڵگـە شۆڕشـیەکان، وەك بوسـتونیەکی کۆماری خـواز کـە خێزانـە تا ئەندازە دەوڵەمەندەکەی رەت نەکـردووەتەوە لـە لـە سـاڵەکانی (1930) هەسـتم دەکرد کە بە تایبەت ئامانجی هێرش بە تایبەت لـە لایـەن مارکسیسـتەکانەوە دەبم، مـن ئامـادەی بـاوەڕ پێکردنـی پارتـو بـووم، لەبەرئـەوەی ئـەو کەرەستەی بەرگریکردن لە خۆمی بۆ فەراهەم کردم.

کاریگـەری بیروبۆچـوونی پارتـو لەسـەر هومنـز، نووسـینی کتێبێکـی لێکەوتەوە کە لە ژێر ناوی خوێـندنەوەی پارتـو بـە هاوکـاری چارلزگیرتیس) لە ساڵی (1934) بڵاوکراوەیەوە، بڵاوکردنەوەی ئـەم کتێـبە لـە هومنـز کۆمەڵناسـێکی دروسـت کـرد، تەنانـەت لەگـەڵ ئـەوەدا کـاری پارتـو تـەنها بەرهەمـی کۆمەڵناسین، تـا ئەوکاتـەی مـوتاڵای کردبوو، لە ساڵی (1934)، هومنز وەك ئەندامێکی بـێ پلـە لـە هارڤـاردا وەرگێـرا تا لەم رێگەیەوە کاروباری پەیوەست بە دکتۆراکەی ئاسانتر چارەسەر بکـات لـە راسـتیدا ئـەو لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە یەکێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی کۆمەڵناسی بوو لەو رۆژگـارەدا هەرگیـز بـە پلەی دکتۆرا نەگەیشت، هومنز تا ساڵی (1939) بەردەوام ئەندامی بێ پلە لە هارڤـارد بـوو، لـەم سـاڵانەدا زیـاد لـە پـێش هۆگـری کۆمەڵناسـی بـوو، لـە ساڵی (1939) بوو بە ئەندامـی وابەسـتەی گروپـی کۆمەڵناسـی بـەڵام رووداوـی جەنگـی جیهانـی دووەم رشـتەی ئـەم وابەسـتەیەی پچـڕاند، کاتـێك کـە هومنـز لـە بەرەی شەڕەوە گەڕایەوە بۆ هارڤارد، پارسونز گروپی پەیـوەندی کۆمەڵایەتـی لـە هارڤارد دامەزراند و پەیوەندی کرد بە وانەوە، گەرچی هومنز رێزی لە هەندێك لایەنەکانی کاری پاسونز دەگرت، بەڵام رەخنەی زۆر هەبوو لەسەر شێوازی تیۆرەکانی لەم

سالانەدا جۆرێك لە ئالوگۆڕی فیكری درێژخایەن لە نێوان ئەو پارسونز دەستی پێكرد كە دەرەنجامەكەی لە نێوان لاپەڕەكانی زۆربەی كتێب و گۆڤارەكاندا وەدیار دەكەون.

هونمز لە بنچینەدا لەسەر ئەم رای بوو كە تیۆری پارسونز هیچ روویەكی تیۆری نیە بەلكو زیاتر جۆرە سیستەمێكی فراوانە لە فیكر كە زیاتر لایەنەكانی جیهانی كۆمەلایەتی تێدا دەگونجێت، بەلام تیۆرگەی پارسونز لە ئاستی گشتیدا تیۆردا دەستی پێكرد دوایی رێگاكەی بۆ ئاستی ئەزمونی والا كرد.

هومنز لە كارەكەی خۆیدا كۆمەلێك لە بینینەكانی ئەزموونی چەندین سالەی لەسەریەك كۆكردبوویەوە تەنها لە (1950)ز بوو كە گەیشت بە تیۆرێكی رازیكەر تا بە ئەو بتوانێت ئەو دراوە زۆرانە لێكبداتەوە، ئەم تیۆرە، ئاكارگەرایی رەوانناسی بوو كە لە بیروبۆچوونی هاوكاری رەوانناسی و هارڤاردیەكەی ، ئەسكینر، بە باشترین شێوە بەیان كرابوو، هومنز لەسەر ئەم تیۆرەی ئالوگۆڕی خۆی ئامادە و داهێنا دوایی دێینە سەر باسی گۆڕانی ئەم نەزەریە، لێرەدا دەبێت ئەم خالە بنەڕەتیە بخەینە روو كە هارڤارد بەرهەمی تیۆرە گرنگەكەی یانی كاركردگەرایی پێكهاتەیی لە كۆتایی دەیەی (1930) كە خۆی سەپاندبوو بەسەر كۆمەلناسی ئەمریكادا و جێگای قوتابخانەی شیكاگۆ و تیۆری گرتووە.

## قوتابخانەی شیكاگۆ لە كەوتندا

قوتابخانەی شیكاگۆ لە نێوان دەیەی (1930) دابەزی بەهۆی مەرگی مید، رۆشتنی پارك شۆڕشی كۆمەلناسانی رۆژهەلاتی ئەمریكا و بنیادنانی ئەمریكان سوسیولا جیكل ریڤنو، بەلام ئەم قوتابخانەیە لەناو چوو بوو تا سەرەتایی دەیەی (1950) بەردەوام هێزێكی گرنگ بوو لە كۆمەلناسیدا، كەسایەتیە بەرجەستەكانی وەك ئانسیلم ئەشتراوس و ئارنۆلدروز، بەردەوام لەم زانكۆیەدا دكتۆرایان وەردەگرت، كەسایەتیە ناودارەكانی وەك ئیوریت، هیوز (فاوت) (1980) كە لە دروست بوونی كۆمەلناسی پیشەكار و رۆلی بنەڕەتی یان هەبوو هەنووكە لە شیكاگۆدا مابوونەوە. كەسایەتی بەرجەستەی گروپی كۆمەلناسی لەم قۆناغەدا، هیربوت بلومەر (-1900 1987) بوو ئەو هەواداری سەرەكی بیرۆكەیی بوو كە لەسەر زەمینەی كارەكانی مید، زیمل، پارك، تامس، ئەوانیتر، لە شیكاگۆدا شكلی وەرگرتبوو، بلومەر لە رێگەی فێركاریەكانی لە شیكاگۆ لە زیندوو راگرتنی ئەم سوننەتە رۆلی كاریگەری هەبوو، بلومر هەروەها هەندێك نامەی نووسی كە لە زیندوو راگرتنی بیرۆكەكەی تا كۆتایی دەیەی (1930) زۆر كاریگەربوون.

ئەو بەهۆی ئەو پلە رێكخراوەیە گرنگەی كە تا كۆتایی دەیەی (1950) لە بواری كۆمەلناسیدا لە ئەستۆیدا بوو، گرنگیەكی زۆری هەبوو، بلومر لە سالی (1930-1935)دا خەزنەداری كۆمەلگەی كۆمەلناسی ئەمریكا بوو، لە سالی (1956) بووە سەرۆكی ئەم كۆمەلگەیە و ناوبەناوە ئەو پلەی رێكخراوەی تری لە ئەستۆ دەگرت كە لەسەر ماهیەتی ئەوەی لە كۆمەلناسیدا بلاوكراوەیەوە بێ كاریگەر نەبوو، بلومر لە سالی (1941-1952) سەرنووسەری گۆڤاری كۆمەلناسی ئەمریكا بوو لە گۆڕانی ئەو بە شێوەی یەكێك لە ئامرازەكانی بەیانكەرەوەی ئەو كارانەی كە لە سوونەتی شیكاگۆ بەشێوەی گشتی بیرۆكەی بە شێوەی تایبەت ئەنجام دەدرا رۆلی كاریگەری هەبوو، لە حالێكدا كە زانكۆكانی كەناری رۆژهەلاتی ئەمریكا لەژێر سولتەی

کارکردگەرایی پێکهاتەی دابوون. (تەنانەت تا ئەمڕۆ) بەردەوام لە ڕۆژئاوا ماوەتەوە، لە دەیەی (1940) بیرمەندە بەرجەستەکانی وەك (ئارنولە روز لەمینە سوتا، رابرت هابنشتان لە میزوری، گریگۆری نیستوان لەمیشگان و لە هەمووی گرنگتر، مانفورد کون (1911-1963) لە ئایوا لە سەرانسەری ڕۆژئاوای ناوەڕاست بڵاوبوویەوە. نێوانی بلومر لە زانکۆی شیکاگۆ و کون لە زانکۆی ئایوا ناکۆکیەك دروست بوو، لە ڕاستیدا قسەوباسی ناکۆکی بیری لە نێوان شیکاگۆ و ئایوا کەوتبوویە سەر زمانەکان لە بنەڕەتدا ئەم جیاوازیە لەسەر مەسەلەی زانست و ڕێگا و شێوازناسیدا روویدابوو.

بلومر هەواداری ڕێگای (مامناوەندتر و دەرون نیگەری هاودڵانە و موشاهەدەی بەشدارانەبوو، بە بوونی ئەم چالاکیە جۆراوجۆرانە، قوتابخانەی شیکاگۆ، بە تایبەت لەو ساتەوە کە بلومەر لە (1952) لە شیکاگۆوە بۆ زانکۆی کالیفۆرنیا لە برۆکسل ڕۆیشت کەوتە لێژی و دابەزین، ئەڵبەتە زانکۆی شیکاگۆ هەنووکە یەکێکە لە گروپە فێرکاریە بەهێزەکانی کۆمەڵناسی خاوەندار، بەڵام ئەم گروپە وەك پێشتر لێکچوونی لەگەڵ سونەتی قوتابخانەی شیکاگۆ لە دەست دابوو، گەرچی قوتابخانەی شیکاگۆ ئیدی مردبوو، بەڵام دڵی تیۆری هێشتا لێدەدا و هەواداری سەرەکی زۆری هەبوو لە سەرانسەری ئەمریکادا.

## گۆڕانکاری لە تیۆری مارکسیستیدا

لە دەیەی (1900-1930) تیۆری ماکسیتی تارادەیەك بەردەوام سەربەخۆ لە ڕەوتی سەرەکی تیۆری کۆمەڵناسی لە گۆڕاندا بوو، پەیدابوونی قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی لە دڵی مارکسیزمی هیگلی سەرەتایی، بەناوی قوتابخانەیەکی فرانکفۆرتی بەلانی کەمەوە دەگمەنیەك لەسەر ئەم قاعیدەیە بیری دامەزراندنی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە ئامانجی گۆڕانی تیۆری مارکسیستی بیرۆکەی ئانی فلیکس وایل بوو، دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە سێیەمی فوریەی (1923) لە فرانکفۆرت ئەڵمانیادا بە ڕەسمی بونیادی نرا، باتومر (1984)، ژی (1968 ,1973)، لە ساڵەکانی دوای ئەمە ژمارەیەکی زۆر لە ناودارترین بیرمەندانی تیۆری مارکسیستی پەیوەندیان کرد بەم دامەزراوە و قوتابخانە ڕەخنەییەوە لەوانە، (مارکس هورکایمیر، تیۆدور، ئادورنو، ئەریك فرۆم، هربەرت مارکوز، هەروەها یۆرگن هابرماس، دامەزراوەی ناوبراو تا (1934) لە ئەڵمانیادا کاری دەکرد، دەڵێت: دوای ئەوە لە ژێر ڕژێمی نازی ڕووبەرووی دژواری زیاتر بوویەوە، نازیەکان بۆ ئەفکار ی مارکسیستی کە دەسەڵاتدار بوو لەم دامەزراوەیەدا هیچ بەهایەکیان بۆ دانەناوە، ئەم ڕاستیە کە زۆربەی کەسایەتیەکانی وابەستە بەم ڕێکخراوە یەهودی بوون و ئەویش زیاتر دوژمنایەتیەکەی قووڵ کردبوو، لە ساڵی (1934)دا، هورکایمەر سەرۆکی ئەم دامەزراوەیە چوو بۆ نیۆرك تاکو سەبارەت بە جێگای دامەزراوەکەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی کۆڵۆمبیادا قسەوباس بکات. ئەو بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینی کە بۆ گواستنەوەی دامەزراوەکەی بۆ ئەو زانکۆیە بانگهێشت و هانیاندا و تەنانەت ئاپارتمانێکیان بۆ چالاکی دامەزراوەکەی لەناو حەرەمی زانکۆدا پێشنیاری بۆکرا، بەم شێوەیە، سەنتەری تیۆری مارکسیستی بۆ سەنتەری جیهانی سەرمایەداری گوازرایەوە، ئەم دامەزراوەی تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لەو زانکۆیەدا مایەوە، بەڵام دوایی ئەوە گوشارێکی زۆر خرایە سەری بۆ گواستنەوەی بۆ ئەڵمانیا لە (1941)، (هورکایمەر) گەڕایەوە بۆ

ئەڵمانیا و لەگەڵ خۆیدا دامەزراوەکەی بردەوە، گەرچی دامەزراوەکە گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا بەڵام کەسایەتیەکانی وابەستە بوو بە ئەو، هەریەك ڕێچکەیەکی سەربەخۆی گرتەبەر، بەو پێیەی کە لە دوایيدا تیۆری ڕەخنەی باسی لێوە دەکەین لێرەدا تەنها باس لە هەندێك لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم تیۆرە دەکەین، لە ساڵەکانی سەرەتادا، وابەستەکانی دامەزراوەی فرانکفۆرت زۆربەیان مارکسیستی تەواو سوونەتی بوون کە بەشێکی گرنگی تێڕوانینەکانیان تایبەت بوو بە لایەنی ئابووری، بەڵام لە دەوروبەری (1930)دا لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کۆمەڵەیە لە بیرمەندانە ڕوانگەیان لە ئابووریەوە بۆ سیستەمی فەرهەنگی گۆڕی، گۆڕانکاریەکی زۆر لەم قوتابخانەیەدا ڕوویدا، ئەوان سیستەمی فەرهەنگیان وەك هێزێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی نوێدا حساب دەکرد، ئەم دیدگایە لەگەڵ بابەتێك کە مارکسیستەکانی (هیگلی) وەك گویورگ لوکاچ بەر لە ئەو هەڵیان بژاردبوو سازگاری هەبوو لە ڕاستیدا درێژکردنەوەی ئەو بوو، بیرمەندە ڕەخنەیەکانی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئەوەی کە بواری مەودای فەرهەنگی باشتر تێبگەن ڕوویان کردە بەرهەمەکانی مارکس و ڤیبر. هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنی مارکس لەگەڵ ڤیبر یەکێك لە ئاراستەگەریە جیاکەرەوەکانی ئەم قوتابخانەی لێهات و لە ساڵەکانی دوای ئەو بۆ ئەو کۆمەڵناسانەی کە تازە هۆگریان بۆ بیرۆکەی مارکسیستی زیادی کردبوو مەشروع تری کرد.

هەنگاوی دووەمی سەرەکی کە هەندێك لە ئەندامانی ئەم قوتابخانە ڕەخنەییە هەڵیانگرت بەکارهێنانی هونەری وردی زانستی کۆمەڵایەتی دەست پەروەردەی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی لە لێکدانەوەی ئەو مەسەلانەی کە مارکسیستەکان تامەزرۆیان بوون ئەم هۆیەش وەك پەسەندکردنی تیۆری ڤیبەر، قوتابخانەی ڕەخنەی فرانکفۆرتی بۆ کۆمەڵناسانی وابەستە بە ڕەوتی سەرەکی.

سێیەم ئەوەی کە بیرمەندە ڕەخنەیەکان هەوڵیاندا تاکو تیۆری تاکگەرایانەی فرۆید لەگەڵ ئەو هزرانەی کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مارکس و ڤیبەر تێکەڵاویان بکەن. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بیرۆکەی ئەوان لەبەرچاوی زۆرێك لە کۆمەڵناسەکان لە بیرۆکەی مارکس یان ڤیبەر گشتی تر بێتە پێشچاو، ئەم گۆشەشە بە ئاراستەی تێکەڵکردنی وەها بیرۆکەیەکی ناهاوتا و نەگونجاو، ئەگەر نا شتێکی تر، بەلایەنی کەمەوە مایەی ئەنگێزەی کۆمەڵناسان و زۆرێك لە ڕۆشنفکرانی تر بوو بوو، قوتابخانەی ڕەخنەی فرانکفۆرت لە دەیەی (1920) بەدواوە کاری سودمەندی بە ئەنجام گەیاند کە بەشێکی گرنگی ئەو بەکاری کۆمەڵناسان دێت بەهەر ڕوویەك قوتابخانەی فرانکفۆرت دەبووایە تا دەیەی (1960) ئارام بین و چاوەڕێی بکات تا دووبارە بەهۆی زۆرێك لە بیرمەندانی ئەمریکاییەوە، (بدۆزرێتەوە).

## تیۆری کۆمەڵناسی لە نیوەی سەدەی بیستەم تاهەنووکە

دەیەکانی (1940-1950) دەبێت بە ساڵەکانی زۆرترین دەسەڵات و هەروەها سەرەتایی کوژانەوەی تیۆری ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لە قەڵەم بدەین، لەم ساڵانەدا (پارهونز) تیۆری سەرەکی خستە ڕوو کە پشت لێکردن لە تیۆری چوون بەرەو پێکهاتەیی دەستراکچەرگەرایی بخاتە ڕوو، قوتابیەکانی پارسونز لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبوونەوە و پلەی گرنگیان لە زۆرێك لە کۆمەڵە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسیدا بەدستهێنا (بۆ نمونە) لە زانکۆکانی

(کۆڵۆمبیا، کوریل)دا. ئەم قوتابیانە بەرهەمێکیان لە خۆیان بڵاوکردەوە کە زیاتر وەك نووسراو لە زەمینەی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی ناسرا بوون، بۆ نموونە لە ساڵی (1945) کینگۆلی دیویس و ولبیرت مور بابەتێکیان لە لێکدانەوەی چینبەندی کۆمەڵایەتی لە دیدی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی بڵاوکردەوە، ئەم بابەتە یەکێك لە روونترین نووسراوەکان بوو تا ئەو سەردەمە سەبارەت بە دیدگای ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی نووسرا بوو لەم بابەتەدا ئەوان ئیستدلالیان کردبوو کە چین بەندی، پێکهاتەیەکە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە بە ئاراستەی ستراکچەرگەرایی گرنگیەکی هەیە، بە وتەیەکی تر ئەوان لە رووی ئایدۆلۆژیاو لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی پشتیوانیان کرد، لە (1949)دا، مرتون (1949-1968) بابەتێکی بڵاوکردەوە کە بە شێوەیەك بووە پرۆگرامی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی، ئەو لەم بابەتەدا لە بیری تویکاری رەگەزی دروستکەرەکانی ئەم تیۆرە و فراوان کردنی ئەو بۆ زەمینەی نوێ مرتون ئەم خاڵەی کرد کە ستراکچەرگەرایی نە تەنها لەگەڵ کارکردە پۆزەتیفەکاندا بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەنجامە نێگەتیفەکاندا سەروکاری هەبێت، ئەمەش وازلێ بهێنین ئەم تیۆرە دەبێت لە جەخت لەسەر هاوسەنگی کۆتایی کارکردەکان کارکردەکان بکاتەوە.

ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لە هەمان سەردەمدا کە پێشکەوتنی تیۆری بەدەستدەهێنا، ئامانجی هێرشیش بوو، ئەم هێرشانە بەردەوام توند بوون تا ئەوەی کە لە دەیەکانی (1970,1960) گەشتە ئەوپەڕی رادەی خۆی تیۆری تویژی بەندی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی دەیویس و مور لەهەمان سەرەتادا ئامانجیان هێرش بوو رەخنەکان لەسەر ئەو تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، لەمەش تێپەڕین هەندێك رشتە رەخنەی گشتی تر سەبارەت بەم تیۆرە لە کوڕی کۆمەڵناسیدا تەنانەت پەسەندیەکی فراوانتری وەرگرت، سی،رایت میلز لە (1959) هێرشی کردە سەر پارسونز و دیویدلاك وود (1956)، ئالوین گولونر (1959 ,1967 ,1970) وایروینگ هوریتز ( 1967,1962) ئەوانیش بە توندی رەخنەیان لێگرت لە دەیەی (1950) ئەم هێرشانە کەم و زیاد بە شێوەی (پەلاماری پارتیزانی) بوو، بەڵام هەنگاونانی کۆمەڵناسی بوو دەیەی (1960)، دەسەڵاتی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی بە ئاشکرای کەوتە مەترسیەوە.

(جۆرج هواکو) (1986) بە تازەیی دەرکەوت و کەوتنی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی بە شوێن و پێگەی کۆمەڵگەی ئەمریکایی لە رێك کردنی جیهاندا پەیوەندی دەدات، سەردەمێك کە ئەمریکا دوای (1945) دەسەڵاتی جیهانی پەیدا کرد، ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لە بواری کۆمەڵناسیدا پێشکەوتنی بەدەستهێنا تیۆری ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لە پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا بە دووشێواز پشتیوانی دەکرد، یەکەم ئەوەی کە ئەم تیۆری ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی کە (هەر ئەنجامێکی هەیە کە لە پاراستن و مانەوەی نیزامێکی گەورەتری جیهانی رۆڵیان هەیە)، (شتێك جگە لە پیاهەڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پێشکەوتنی جیهانی ئەونیەی (هواکو) دووەم ئەمەی کە جەختی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لەسەر هاوسەنگی (باشترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی،

نەبوونـــی گـــۆڕانە)، لەگـــەڵ بەرژەوەنـــدی ویلایەتـــە یەکگـــرتووەکان کـــە لـــەو ســـەردەمەدا (دەوڵەمەندتـرین و بەهێزتـرین وڵاتـی جیهان بـوو) بـە چـاکی سـازگاری هەبـوو کەوتنـی زاڵـی و دەسـەڵاتی ویلایەتـە یەکگـرتووەکان لـە دەیـەی (1970) لەگـەڵ لـە دەسـتدانی پـێگەی دەسـەڵاتی ستراکچەرگەرایی پێکهاتەیی لە تیۆری کۆمەڵناسیدا، هاوکات بوو٠

(سی، رایت میلز) کۆمەڵناسی رادیکاڵ لە ئەمریکادا

هـەروەك بینـیومانە، گەرچی تـیۆری ماکسیستی لەلایـەن کۆمەڵناسـە ئەصلی ئەمریکایەکانەوە زیاتـر بایەخـی پێـنەئەدرا یـان دەیـان خسـتە بەرهێرشـی رەخنەکانـیانەوە، بـەڵام هەنـدێك ئیستیسـنایش لـە نـاو ئەوانـدا هەبـوون کـە ناودارترینـی ئـەوان سـی، رایـت میلز (1962,1916)، هەرچـەند بەرهەمـی بەجێماوی میلـز بـە پەنجەکانـی دەسـت دەژمێـردرێن بـەڵام خودی ئەو بووە هـۆی کۆششـی یـەك لایەنـەی لـە زیـندوو راگرتنـی سـوونەتێکی مارکسیسـتی لـە ویلایەتـە یەکگـرتووەکاندا جـێگای تێـڕامانە کۆمەڵناسـانی مارکسیسـتی نـوێ گەرچـی لـە بـواری دەوڵەمەندی تـیۆریدا لـە میلـز زۆر لـە پێشـترن، بـەڵام ئەو بەهۆی چالاکی کەسایەتیەکەی لە ئامادەکردنی گۆڕەپانـی کـار بـۆ ئەوان، زۆر قەرزداری ئەون. خودی میلز مارکسیست نەبوو هەتا نێوانی دەیەی ( 1950) هــیچ بەرهەمێکــی مارکســی نەخوێــندبوویەوە، تەنانــەت دوای ئــەوەش بــە چــەند تەرجومەیەکـی ئینگلیـزی لـە بەرهەمـی مـارکس رازی بـوو بـوو، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی ئەڵمانی بخوێنێـتەوە، لەوێـدا هـەتا ئەم سەردەمە میلز زۆرترین بەرهەمی خۆی بڵاوکردبوویەوە ناتوانرێت بووترێت کە کارەکانی لەژێر کاریگەری تیۆرێکی تەواو مارکسیستی نووسیوە٠

میلـز دوو بەرهەمـی سـەرەکی خۆی بڵاوکردەوە کە سیاسەتی رادیکاڵ و هەروەها لاوازیەکەی لە تیۆری مارکسیستیدا رەنگ دەدەنەوە، یەکەمین بەرهەمی ئەو یەخە سپیەکان (1951) بوو لەوێدا پـێگەی پلەی یەکی روو بە گەشە یانی کارمەندانی یەخەی سپی بە توندی رەخنەی گرت، دووەمین بەرهەمـی هەڵبژێراوانـی دەسـەڵات (1956) کـە لەوێـدا تێدەکۆشـێت تـا نیشـان بـدات کـە ئەمریکا چـۆن لەژێـر دەسـەڵاتی گروپێکـی بچـکۆلە لـە سـەوداگەران و سیاسـەتکاران و ئەندامانـی نیزامـی پـێکهاتووە، بـە پێزتـرین کـاری تـیۆری میلـز و پـێکهاتەی کۆمەڵایەتـی، کە بە هاوکاری هانس گیرت نووسـی بـووی، لەژێـر کاریگـەری دوو بەرهەمـی سـەرەکی پێشـووی ئـەو قەراری گرتووە، سەیرە کە بـەبێ رۆڵـی گرنگـی میلز لە مێژووی تیۆری کۆمەڵناسی مارکسیستی لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کتێبە بە کارێکـی تـیۆری سـەرەکی دەژمێـردرێت گەرچـی ئەمـڕۆ کـە خوێـنەری چـەندانی نیە، لەوانەیە بۆ ئـەوەی کـە لەگـەڵ بەرهەمـی رادیکـاڵ و ناسـراوتری میلـز چـەندان هاوتـای نـیە، لـە راسـتیدا ئـەم بەرهەمـە زیاتـر لەژێـر کاریگـەری هزرەکانی هانس گیرت کە زۆر عەلاقەی بە تیۆری ڤیبەر هەبوو نووسـرابوو٠لـە دەیـەی (1950) میلـز زیاتـر بـە مارکسیسـم و مەسـەلەکانی جیهانـی سـێیەم عەلاقەمەنـد بـوو ئـەم عەلاقـە بـووە هـۆی ئـەوەی کە کتێبێك سەبارەت بە شۆڕشی کۆمۆنیستی لە کـوبادا بـە نـاوی (یانکـی، گـوێ بگرە شۆڕشی کوبا (1960) کتێبێکی تری بەناوی مارکسیستەکان (

1962) بلاوكـردەوە، رادیكالیزمـی میلـز لـە كتێبـی خەونی كۆمەڵناسی (1959) گەشتە ئەوپەڕی رادەی خـۆی لـەم كتێـبەدا رەخنەی توندی ئەو لە تالكت پارسونز و كارپێكردنی تیۆری گشتیرەكەی زیاتـر لـە هەمـووی دێـتە پێشچاو، لـە راسـتیدا زۆربەی كۆمەڵناسان بە رەخنەی میلز لە بەرهەمی پارسونز زیاتر لە وردەكاریەكانی خودی ئەو بەرهەمە ئاشنا بوون.

میلـز وەك مـرۆڤێك دەركـراو لـە كۆمەڵناسی كۆچی دوایی كرد، بەڵام بەر لەوەی كە دەیەیك لە مەرگـی بگـوزەرێت، كۆمەڵناسـی رادیكاڵ و تـیۆری ماركسیسـتی هێرشـی گرنگیان كردە سەر بابەتی كۆمەڵناسی.

## گۆڕانی تیۆری كێشمەكێش

هەڵهاتنێكـی تـری یەكگرتوویـی راسـتەقینەی ماركسـیزم و تـیۆری كۆمەڵناسـی، گۆڕانـی تـیۆری كێشـمەكێش بەجێـی سـتراكچـەرگەرایی پێكهاتەیـی بـوو، بەهـەمان شـێوەی كـە پێش ئەمە بینـیمان، ستراكچەرگەرایی پێكهاتەیـی لەگـەڵ ئـەوەی كـە سـكانی‌رێبەری لە تیۆری كۆمەڵناسیدا گرتە دەست ئامانجــی هێرشــی یــەك لــە دوای یــەك بــوو، ئــەم هێرشــە رەهەنــدی جۆراوجــۆری هەبــوو ستراكچەرگەرایی پێكهاتەیـی هەنـدێك ئیتهامـی وەك پارێـزگاری كـاری سیاسی، نەبوونی توانایی لە لێكدانەوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی جەخت كردنی لەسەر پێكهاتەكانی و نەبوونی توانایی پێویست بۆ شـیكردنەوەی كێشمەكێشی كۆمەڵایەتـی، مـوتەهەم كـرابوو یەكـێك لـە ئەنجامەكانـی ئـەم رەخنانە كۆششـێك بـوو كـە هەنـدێك لـە كۆمەڵناسـەكان ئەنجامـیاندا هـەتا بـە ئاوێـتە كردنـی گـرنگیدان بە كێشـمەكێش لەگـەڵ پـێكهاتەی مەسـەلەی ستراكچـەرگەرایی پێكهاتەیـیان لەناوبـرد، ئـەم كـارە بـە گۆڕانـی تیۆری كێشمەكێش وەك بەشێكی تری تیۆری ستراكچەرگەرایی پێكهاتەیی لێهات، بەداخەوە بەرهەمـی ئـەم كـارە شـتێك جگـە لـە وێنەی رەنگدانەوەی ستراكچەرگەرایی ، بەڵام بە هاویەكیەكی فیكـری لاوازتـر هیچی تری لێنەكەوتەوە، یەكەمین كۆششێك لەم جۆرە لویسیس كوزر (1956) لە كتێبـێك دەربـارەی كاركـردەكان كێشمەكێشی كۆمەڵایەتـی ئەنجامـی داوە، ئـەو لـەم بەرهەمـەدا بـە ئاشـكرا تێدەكۆشـێت تـا بـە مەسـەلەی كێشمەكێشـی كۆمەڵایەتـی لـە چوارچـێوەی یـەك دیـدگای پێكهاتەی كاركردی باسی لێوە بكات.

گەرچی ئەم بەرهەمە بە نیگایەكی سوودمەند بە كاركردەكانی كێشمەكێش دێتە ئەژمار، بەڵام زیاتـر لـێكدانەوەی بابەتـی كێشمەكێشـە هەتاوەكـو شـیكردنەوەی كاركردەكانـی پۆزەتیڤـی ئـەو و هەنـدێك كەسـی تـریش هەوڵی لەناوبردنی جیاوازیەكانی نێوان ستراكچەرگەرایی پێكهاتەیی تیۆری كێشمەكێشـیان دا كلمـن (1971)، هایمیـز (1966)، وان دیربـرگ (1963)، گەرچی ئەم كۆششانە چـەندان كەڵكیان نەبـوو بـەڵام بـە گشـتی بـۆ شـاردنەوەی جیاوازیـیە سەرەكیەكانی نێوان ئەم دوو بەشـەوە (لقـە) تـیۆریە ئەنجامـیان گـرتبوو فـرانك (1974,1966) گـرنگترین مەسـەلەی تـیۆری كێشمەكێشـی ئەمەبـوو كـە ئـەوەی زیاتـر لـە هەمـوو شـتێك پێویسـتی بـووە، یانـی لەیـەك بونیادی بەهێـز لـە تیۆری ماركسیستی، خاوەنی نەبووە، بەدەر لە هەرشتێك تیۆری ماركسیستی لە دەرەوەی

کۆمەڵناسـی بـە چـاکی گەشـەی کـردووە و دەیتوانـی بونـیادێك لـە دروسـت بوونـی تیۆرێکـی کێشمەکێشی تـۆکمە تـری کۆمەڵناسـی فەراهەم بکات، کاری رالف دارنـدورف لەدایك بووی (1929) لـەم زەمیـنەیەدا، دەگمەنـە، دارنـدورف خوێندکارێکـی ئەوروپایی بوو کە بە تیۆری مارکسیستی بە تـەواوی شـارەزایی هەبـوو ئـەو لـە بـیری ئەوەدابـوو تـا تـیۆری کێشمەکێشی خـۆی لەگەڵ سوونەتی مارکسیسـتیدا ئاوێـتە بکات، بـەڵام لـە کۆتایـی کـاردا تیۆری کێشمەکێشی ئەو زیاتر وەك وێنەیەکی کاردانـەوەی لـە ستراکچـەرگەرایی پێکهاتەیـی بـوو هـەتا یـەك تیۆری کێشمەکێشی مارکسیستی کاری سـەرەکی دارنـدورف، چـین، کێشمەکێشـی چینایەتی لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا (1959)، گرنگترین کـار لـە تـیۆری کێشـمەکێش بـوو، بەڵام زیاتر بەهۆی ئەوەی کە ستراکچەرگەرایی پێکهاتەی دەچوو، بـوو بـووە خزمـی کۆمەڵناسـانی وابەسـتە بـە رەوتی سەرەکی بەم واتایە کە دارنورف لەسەر هەمان زەمیـنەی شـیکردنەوەی ستراکچـەرگەرایی پێکهاتەیـی (پـێکهاتەکان و رێکخـراوەکان) کـاری کـردووە زیاتـر بـاس و خواسـتی لەسـەر ئـەو مەسـەلانە کـردووە ئـەو ئـەم خاڵـەی دیاریکـردووە کـە گەرچی رەهەنـدی کۆمەڵایەتـی دەبـێت بە دروستی لەگەڵ یەکتریدا هاوتایی دەبێت بەڵام کێشمەکێشەکان و ناکۆکیش دەتوانێت لە نێوان ئەواندا بوونی هەبێت.

لـە کۆتاییـدا دەبـێت بووتـرێت کـە تـیۆری کێشـمەکێش شتێك جگە لە گۆڕانکاریەك لە مێژووی تـیۆری کۆمەڵناسـیدا نەبـووە، ئـەم تـیۆرە توشـی شکسـت هـات بـۆ ئـەوەی کـە بـە ئاراسـتەی تـیۆری مارکسیسـتی بـە ئەنـدازەی پێویسـت نەچـوو بووە پێشەوە، لە دەیەکانی (1960,1950) هێشتا بۆ کۆمەڵناسـی ئەمـریکا زۆر زوو بـوو کـە یـەك رێ تێچـوونێکی تـەواو تـۆکمەی مارکسیسـتی پەسـەند بکـات، بـەڵام بیرۆکـەی کێشمەکێش بە ئامادەکردنی گۆڕەپانەکە بۆ دەست پێکردن ئەم قبوڵ کردنە لـە کـۆتای دەیـەی (1960) یارمەتـی پـێگەیاندووە، لـە خزمەتـی کۆتایی زندل کالینز (1975) بە تـیۆری کێشـمەکێش، دەبـێت ناوێکـی ئـەویش بـەرین لەلایـەك کۆششـی کالیـنز لەهەمان کەموکوڕی کارەکانـی تـری ئەنجامی گرتووە لە سونەتی کێشمەکێش رەنجی دەبرد، کاری ئەویش لە پێی تیۆری مارکسیسـتی لاوازە. بەهـەر شـێوەیەك بـێت کالیـنز پەنجـەی خسـتە سـەر سونەتێکی تـری لاواز لـە کێشمەکێشدا و تێکۆشی ئەو لەناوبەرێت مەسەلە ئەمەیە کە تیۆری کێشمەکێش بە گشتی جەختی لەسـەر پـێکهاتەی کۆمەڵایەتـی دەکـردەوە لـە حاڵێکدا شتێك بۆ وتن سەبارەت بە ئەندێشەکان نیە، کالیـنز کـە لـە رێـبازی دیاردەناسـی و شێوازناسـی خـەڵك خـوازانە پـەروەردە بـووە تێدەکۆشـێت تـا تیۆری کێشمەکێش بگۆڕێت بەرەو ئەم ئاراستەیە.

## پەیدا بوونی تیۆری ئاڵوگۆڕ

گۆڕانێکـی تـیۆری گرنگـی تـر کـە لە دەیەی (1950) دەستی پێکرد، دەرکەوتنی تیۆری ئاڵوگۆڕ بـوو، کەسـیەتی سـەرەکی ئـەم تـیۆرە، جـۆرج هومنز بوو، کۆمەڵناسێك کە ئێمە بەر لەمە ئەوەمان دروسـت زەمەنـێك کـە بـە ئاکارگەرایـی دەرونزانـی ئەسـکینەر رووی هێـنا بـوو، وازمـان لێهێنا بوو، ئاکارگەرایی ئەسکینەر سەرچاوەی سەرەکی تیۆری ئاڵوگۆڕ هومنز لە کۆمەڵناسی بووە.

هومنـز کـە لـە هێڵی پـێوەری پارسونز لە زەمینەی تیۆری کۆمەڵناسی نارازی بوو، لە گەڕان بە دوای چارەی کاریگـەری تـری بـۆ داخـوازی لە تیۆری کۆمەڵناسی لە ڕێگەی سەقامگیریەوە هەنگاوی هاویشـت، لەمـەش تێـپەڕین، هومنـز دەیویسـت لـە جـەخت کـردنە فەرهەنگـی و پێکهاتەییەکانـی پارسـونز دووری بگـرێت و لەبـری ئـەو جـەخت لەسـەر خەڵکـی و ئاکاریـان دەکاتـەوە، ئەو کە وەها ئەمانجێکـی لەسـەردا هەبـوو بـە کـاری هاوکارەکـەی لـە هارڤـارد، ئەسکینەر رووی هێنا، هومنز لە سـەرەتادا نەیدەزانـی کـە راکانـی ئەسـکینەر کە لێکدانەوەی رەفتاری کۆترەکان و هەوڵدان لە بواری ئاراسـتە کـردنیدا بـە دەست هاتووە، چۆن دەتوانێت بۆ تێگەیشتنی رەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان سـوودمەند بـێت، بـەڵام زەمەنـێك کـە هومنـز بە دراوە کۆمەڵناسیە گروپە بچوکەکانی شیکردنەوە مـرۆڤ ناسـیەکانی کـۆمەڵگەی سـەرەتایی تێڕوانینـی وردتـری هەبـوو، تێگەیشـت کـە ئاکارگەرایـی ئەسـکینەر شـایەنی کارپێکـردنە و ڕێگـای تـیۆری تـری لـە بەرامـبەر ستراکچـەرگەرایی پـێکهاتەی شـێوازی پاسـونزی نیشـان دەدا، ئـەم لـێکدانەوانە بـە وتارێـك لە ژێر ناوی (ئاکاری کۆمەوڵایەتی بە مەبەسـتی ئاڵوگـۆڕ) لـە ساڵی (1985) کتێبێکی تری لە (1961) وەك ئاکاری کۆمەڵایەتی و شێوە بنچینەییەکانی ئـەوی لـێکەوتەوە. بابەتـی تـیۆری هومنـزی بـە کـامڵترین شـێوە بەیان دەکات، ئەم بەرهەمـە دەبـێت بـە واتای دەرکەوتنی تیۆری ئاڵوگۆڕ وەك گرنگ لە کۆمەڵناسیدا دابنرێت. لە دوای ئەوەوە ئەم تیۆرە سەرنجی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی زۆری بە خۆیەوە راکێشا٠

تێزی بونیادینی هومنز ئەمە بوو کە لێکدانەوەی ئاکاری تاکی و بەرامبەر دەبێت لە سەنتەری کۆمەڵناسـیدا جـێگای هەبـێت. ئـەو بە هۆشیاری جۆرەها شێوازی جیاوازی پێکهاتەکان و دامەزراوە فـراوانەکان کـە جـێگای بایەخـی زۆربـەی کۆمەڵناسـەکان بـوو چـەندان بایەخـی نەبـوو، بایەخـی سـەرەکی ئـەو هانـدان و پێشـینەی پاداشـتەکان و ئـەو خەسـارەتانە بوو کە خەڵکی ناچار دەکەن تا ئەوەی کە دەبێت بیکەن ئەنجامی بدەن. هومنز لە بنەڕەتدا لەسەر ئەم تیۆرە بوو کە مەردوم هەر کارێـك کـە لـە رابـردوودا پاداشـتیان لێبـینی بـوو درێـژەی پێدەدەن، بە پێچەوانەوە لە دەستدان بە هـەرکارێك کـە لـەوان زیانـیان بینیبـێت خـۆیان دەربـاز دەکـەن، بـۆ تێگەیشـتنی ئاکـار پێویست بە تێگەیشـتنی پێشـینەی تاکی پاداشتەکان و زیانەکانمان هەبوو بەم هۆیەوە کۆمەڵناسی نابێت لەسەر هوشـیاری و یـان پـێکهاتەکان و دامـەزراوە کۆمەڵایەتـیەکان، بەڵکـو دەبـێت جـەخت لەسـەر پێشەنگایەتیەکی ئارەزوومەندانە بکات٠

هـەروەها کـە لـەناوی ئەم تیۆرە دەردەکەوێت، تیۆری ئاڵوگۆڕ نەتەنها لەگەڵ ئاکاری تاکی بەڵکو لەگـەڵ بەرامـبەری مـرۆڤەکان کـە هەڵگـری پاداشـتەکان و زیانەکانـە، سـەروکاری هەیـە، شـیمانە لەمەدایـە کـە بەرامـبەر تـەنها کاتـێك درێـژەیان هەیە کە ئاڵوگۆڕی پاداشتەکان لە ئارادا هەبێت بە پێچـەوانەوە کە بە زیانی یەکێك لە دوولایەنەکەی لێبکەوێتەوە، کەمتر ئەگەری ئەوەی هەیە کە درێـژەیان هەبـێت. بەرهەمێکـی تـر لـە تـیۆری ئاڵوگـۆڕ، کتێبـی ئاڵوگـۆڕ و دەسـەڵات لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـیدا بەرهەمـی پـیتر بـیلاوە کـە لـە سـاڵی (1964) بڵاوکـرایەوە٠ لـە حاڵێکدا کە هومنز

زیاتـر بـە لـێکدانەوەی شـێوە سـەرەتاییەکانی ئاکاری کۆمەڵایەتـی رازی دەبوو، بیلاو دەیویست ئەم لـێکدانەوەیە بە خوێندنەوەی ئاڵوگۆڕ لە ئاستی پێکهاتەیی و فەرهەنگی ئاوێتە بکات، ئەو کارەکەی بـە ئاڵوگـۆڕی نـێوان ئەمانـە دەسـت پـێدەکات، بـەڵام بـە خێرای خەریکی پێکهاتە بەربڵاوەکانە کە ئالـەم جـۆرەدا ئاڵوگـۆڕ پـێکدێت و سـەرەنجام کارەکـەی بـە لـێکدانەوەی ئاڵوگـۆڕی نـێوان پـێکهاتە فـراوانەکان کۆتایـی پێدێنـێت ئـەم کارەی ئەو لەگەڵ تیۆری ئاڵوگۆڕی جێگای خواستی هومنز، زۆر جـیاوازی هەبـوو، لـە هەنـدێك بـواردا کـاری بـیلاو گەڕانـەوە بـۆ شـێوازی بیردۆزەوانـی پارسونز کە هومنـز بـە تـوندی رەخنـەی لەسـەری هەبـوو، بەهـەر شێوەیەك بێت کۆششی بیلاو بۆ لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕی بچووك و هەروەها گەورە بە شێوەی ئاوێتە، هونگاوێکی تیۆری سوودمەندی لێکەوتەوە.

(ریچـارد ئیرسـون) (1981) کـە سـاڵەها لەژێـر کاریگـەری هومنـز و بـیلاو قەراری گرتبوو، لەو زیاتـر بەهـۆی کۆشـش لـە بـواری پەروەردەکردنـی رێی تێچوونێکی ئاوێتەی وردو ئاشکرا لە تیۆری ئاڵوگــۆڕدا وەبــیر دەهێنێــتەوە، بــەڵام لــە گەشــەی تــیۆری بنچــینەیی ئاڵوگــۆڕدا و هــەروەها پەیوەندیەکانی ئەو لەگەڵ تیۆری رایەڵەشدا رۆڵی گرنگی هەبوو.

بـە کورتـی باسـەکە ئـەوەی کـە تـیۆری ئاڵوگـۆڕ هەنـووکە بـە شـێوەی لقێکـی گـرنگ لـە تـیۆری کۆمەڵناسـیدا لـێهاتووە کـە بـەردەوام هەوادارانـی تـازەی بـۆ لای خـۆی راکێشـاوە و ئاراسـتەی نـوێ وەردەگرێت.

## شیکردنەوەی مەیدانی: کاری ئیرونیگ گافمن

ئیرونـیگ گافمن (1922-1984) بـە گشتی کۆتا بیرمەنـدی سەرەکی وابەستە بە قوتابخانەی سـەرەکی شـیکاگۆ دەزانـێت، ئـەو لـە سـاڵی (1953) لـە شـیکاگۆ دوکـتۆرای وەرگـرت، سـاڵێك دواتـر لـەوەی هوبـرت بلومـر کـە مامۆسـتای گـافمن بـوو شـیکاگۆی بـە مەبەسـتی بروکلـی تـەرك کردبوو، هەندێکی پێنەچوو کە ئـەویش پەیـوەندی کـرد بـە بلومیرەوە، ئەم سەنتەرە هەرگیز نەبووە ئەو شـتەی کـە زەمەنێك شیکاگۆی تێدا بووە، بلومر کارامەی رێکخراوەی لە دەستدا بوو گافمن هەرگیز نەیتوانـی ببـێت بـە مەرجەعـی لێکۆڵیـنەوەی خوێندکارانـی قۆناغـی ماسـتەر، دوایـی ئەسـتێرەی بەختـی تـیۆرەکەی لـە درەوشـانەوە کـەوت، هەرچـەند کـە هەنـووکە بـە تیۆرێکـی کۆمەڵناسـی بەرجەستە دەژمێرێت.

گـافمن لەگـەڵ لاوازی دابەزینـی ئاسـتی تـیۆرەکەی، جێگایەکـی بەهێـز و دیاریکـراوی لـە تیۆری کۆمەڵناسـی سـەردەمدا بـۆ خـۆی کـردەوە، لـە مـاوەی دەیـەی (1950) و دەیـەی (1970)، گـافمن زنجیرە کتـێب و بابەتـی بڵاوکـردەوە کە بە دەرکەوتنی شیکردنەوەی مەیدانی وەك شێوازێکی تری لـێکەوتەوە، هەرچـەندە گـافمن لـە سـاڵەکانی دوایـدا ئاراسـتەی خۆی گۆڕی دەڵێت بەردەوام بەهۆی تـیۆری مەیدانـیەکەی ناوبانگـی هەیـە. باشـترین بەرهەمـی گـافمن لـە زەمیـنەی تـیۆری مەیدانـی، نواندنـی خـود لـە ژیانـی رۆژانەدایـە کـە لـە ساڵی (1959) بڵاوکرایەوە (ئەو لە ماوەی پانزە ساڵی دواتردا کتێبەکان و وتاری جۆراوجۆری بڵاوکردەوە لەوانە روانگە مەیدانیەکەی پەرەپێدا.

# ئەدەبی ئەمریکی لە سەدەی بیستەمدا

و: سامان عەلی مامڵێسی

**سەرەتایەکی پێویست :**

ئـەم چـرکە ساتەی ئێستامان، باشـترین هەلـە بـۆ دانـنان بەدەسکەوتەکانی ئەمـریکا لـە نێو دنیای ئەدەبدا ، هەروەك خستنە ڕووی ئەو پێشکەوتنەیە کە بەدەستی هێناوە لەم سەدەیەدا .

گـەر بێتو سەرتای ئەم چیرۆکە بەساڵی ( ١٩١٢ ) دابنێین و ئەوەی کە بەدووی ئەمەدا دێت لەماوەی ساڵەکانی شـەڕی جیهانـی دووەم دا بـاس بکـەین ، دەگـەین بـەوەی کە لەماوەی ناوبراودا نەوەیەکی تـازە لەنووسـەران گەشـەیانکرد ، شۆڕشـێکی سەرسـورهێنەر وەدی هـات لەبـواری چیرۆك نووسین و شـیعر و دراما و ڕەخنەدا ، کە لەڕووی زۆری و گەورەییەوە وێنەیان نەبوو ، مەگەر ئەو ڕاپەڕینە ئەدەبیی‌یەی کە ڕوویدا بوو لە نێوان ساڵانی ( ١٨٤٠ — ١٨٥٠ ) لە ئەمریکادا .

لەڕاستیدا ئـەوەی کـە ( ئیمرسـۆن ) و ( پـورۆ ) و ( هۆپـون ) و ( ملفـیل ) و (هویـتمان ) کـردیان لەدنـیای ئەدەبـی ئەمـریکیدا، دوای نـزیکەی سـەدەیەك تێـپەڕین بەسـەر ئەوکاتـەدا، هەریـەك لە ( ڕۆبنسون ) و

( فروست ) ( أونـیل ) و ( ویلاکاپـر ) و ( هەمەنگوای ) و ( فولکنـر ) و دەیانـی تر لەنووسەران وەدیـان هێـنا ، هـەروەك چـەندانی تـر کـە لەمانـە ناوبانگـیان کـەمتر بـوو بەشداریان لەم قۆناغەدا کـردبوو .ئـەوەی کـەوتمان هەر شتێك بێت ، کات بەتەنها گەرەنتی ئەوەی لەسەرە کە ئەم ڕاپەڕینە گەشـەکردووە بچەسـپێنێ، کـە ڕاپەرینـێك بـوو کاریگەریەکـی دورتـر و بەهێزتـری هەبـوو لەچـاو ڕاپەرینەکانی پێش خۆیدا ، هەروەك ئەوە بڕاوەتەوە کە بوارەکانی فراوانتر و گەورەترە .

لەراپەڕینـی یەکەمـدا بەهـیچ شـێوەیەك نووسـەری شـانۆ نەدەبینـرا ، لەنـێو شـاعیرە دیـار و باشەکانیشدا لـە شـاعیرێك زیاتـر تێـنەدەپەڕی ، هـیچ شـاعیرێکی تازەگەریان تێدا نەبوو ، مەگەر ( هویتمان ) نەبێ .

لەراستیشدا لـە پـێش سـاڵی ١٩٢٠ دا هیچ یەکێك لەنووسەرە ئەمریکی‌یەکان دەستخۆشی و پێشوازی یان لێنەکرا بوو لەئەوروپادا جگە چەند کەسێکی کەم نەبێ .

( کوبـر ) لەسـەراپای ئـەوروپادا ناسرابوو ، بەڵام ناوبانگی ( پو ) و ( هویتمان ) تەنها لەفەرەنسادا بڵاوبـوو.هەروەکو ناوبانگـی ( مـارك تـوین ) تـەنها لەبەریتانـیادا ناسـرابوو ، بـەڵام لـەم سـەدەیەدا نووسـەرانی ئەمریکی توانـیان کـە ئەدەبی ئەمریکی بەرەو شکۆمەندی بەرن و بیکەن بە بەشێکی دانەبڕاو لەئەدەبی جیهانی .

لەوانەیە ئەوەی بەڵگەی خۆی بسەلمێنێ لەم نێوەندەدا هاتنی ساڵی ( ١٩٣٠ ) بێت ، ئەمەش ئەو ساڵە بوو كە ڕاپەڕینی ئەدەبی تازە گەیشتبووە چڵە پۆپە ، تا دەگا بەوەی كە ( سنكلیر لویس ) تاكە ئەمریكی بوو كە خەلاتی نۆبڵ وەربگرێ لەئەدەبدا ، دوای ئەوەش ئەم خەلاتە بووە میوانی ژمارەیەكی زۆر لە نووسەرانی ئەمریكی ، ساڵی ١٩٣٦ ( ئونیل ) بەدەستی هێنا ساڵی ( ١٩٣٨ ) ( بیرابك ) بەدەستی هێنا ، ساڵی ١٩٤٨ ( ت . س .الیوت ) بەدەستی هێنا ، گەرچی ڕەگەزنامەی ئینگلیزی وەرگرتبوو لەساڵی

١٩٢٧ دا ، هەروەك ( فولكنر ) لەساڵی ١٩٥٠ ئەم خەلاتەی پێبەخشرا ، ساڵی ١٩٥٤ یش ( همەنگوای) بوو بەخاوەنی ئەم خەلاتە .

هەروەها كتێبەدانراوەكانی ئەمریكا ئێستا لەزۆربەی كتێبخانەكانی ئەوروپا و زۆرترین ڕەفەیان داگیر كردووە ، لەپاریس و ڕۆما ومیونخ و چەندین بەرگ لەكتێبی ئەمریكی دەكەونە بەرچاوی ئەو گەشتیارانەی كە لەئەمریكاوە بەرەو ئەو ناوچانە گەشت دەكەن .

ئەگەر ئەوروپاییەكان وایان لێهاتبێت بترسن لەشارستانێتیەكەیان بەهۆی هەژموونی كۆكا كۆلای ئەمریكیەوە بۆسەر وولاتەكانیان ، ئەوا ڕەخنەگرانی ئەوروپی لەهەمان كاتدا هیچ شتێكیان بەدەستەوە نیە بیڵێن سەبارەت بەئەدەبی ئەمریكی هاوچەرخ ، تەنها ڕێز وپیاهەڵدان نەبێت .لەوانەیە باشترین نموونە لەسەر ئەم بۆچوونە ، قسەكەی ( ئەندریە جید ) بێت لە كتێبەكەیدا ( انترفیوز ایماجینرز ) – ( Interviews Imaginaires ) كەلەماوەی شەڕی جیهانی دووەم دا نووسیویێتی : ( هیچ ئەدەبێكی هاوچەرخ هەستی خۆبەگەورە زانین و خۆدەرخستنی تێدا نەووروژاندوم ، هێندەی ئەدەبی ئەمریكی ، هەموو چیرۆك نووسانی ئەمریكی لەگەڵ ساتە وەختی ئێستادا خودی خۆیان ئامادەگی یان هەیە ، عەقڵیان وەكو بەهێزی منداڵیان بە سەریاندا زاڵە ، هەموو ئەو شتانەی كە لەدەوروبەریدان ئەیان وورووژێنێ و خەیاڵیان گڕ دەدەات ، ئەوان زۆر دورترن لەوەی كاریگەریان لەسەربێ ، زۆر بەڕوونی و ئازادی دەنووسن ، خۆیان لەسەرجەم پێوانە لۆژیكی و مەبەستدار و ڕەگەز پەرستیەكان و هەستی ئازاری دەروونی پاراستووە ، كە تاریكی و ئاڵۆزی دەكەنە سیمای ئەم دنیایەمان ) .

هەرچۆنێك بێت ، بەرهەمە ئەدەبیە ئەمریكییەكان ، كە لەساڵانی ١٩٠٠ تا ١٩٥٠ هاتنە بەرهەم ، دەتوانرێ ، زۆربەیان بخرێنە ڕوو بەخستنە ڕوویەكی واقیعی و بەپێی ڕیزبەندیان لە دەركەوتنیاندا ، لەراستیشدا زۆربەیان وەكو بۆمان دەردەكەوێت كاتێكی زۆر بەسەر نوسینیاندا تێپەریوە ، كەڵە پیاوانی یەكەم ، كەلەم ساڵانەی دوایدا بوونە پێشەنگی ئەم ڕاپەڕینە لەنموونەی (ئیدیس هوارتون ) و ( ویلاكارتر ) ز ( لویس روبنسون ) و ( ئونیل ) كۆتایی بەژیانیان هات و لەدوای چەندین كاری گەورە و پارچەی هونەری جوانیان بەجێهێشتووە – بەگوتەی فەرەنسیەكان – كە دەتوانرێ بابەتیانە بخرێنە ڕوو و لەجێگەی هەڵسەنگاندن دابنرێ ، بەلام نووسینی گەورە نووسەران ، لەكوڕانی ئەم ڕاپەڕینە ، كەتائێستاش پێنووسەكانیان بەرهەمی بەچێژی ئەدەبی بەرهەم دەهێنن لەنموونەی ( ئەلیوت ) و ( دوس باسوس ) و ( همەنگوای ) و ( فولكنر ) دەتوانن وەكو كێوێك سەركەشانە بوەستن لەمێژووی ئەدەبی ئەمریكیدا. هەروەك بزوتنەوە ئەدەبیەكان وایان لێهاتبوو تەمەنیان كەم بوو ، ئەمەش

لەئەنجامی ئەو گۆرانکارییە لە ناکاوانەوە بوو کە لەمیزاجی گەلی ئەمریکیدا پەیدا ببوو بەهۆی ئەو کارەساتەی کەڕووبەڕووی بووەوە لەهەر دوو جەنگە جیهانییەکەدا لە کێشەی بێبازاڕی و بێ کاری ، لەویشەوە ڕەوتە تازەکان و فۆرمە نوێیەکان دەستیان دەکرد بە دەرکەوتن و دواتریش لەژێری گۆرانکاری کات و فشاری بارو دۆخەکەدا وون دەبوون .
ڕاپەڕینی شیعری ئازاد، کە لەپێش شەڕی جیهانی یەکمدا دەستی بەگەشە سەندن کردبوو ، ئەو هەڵمەتە ئەدەبییەی کە ڕەخنەگران رابەرایەتیان دەکرد لەلایەنگرانی پێڕۆی کلاسیکی لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٠ ، هەروەها ئەو واقیعییە سۆسیالیستییەی کە چیرۆك نووسە میللییەکان رابەرایەتیان دەکرد لەساڵی ١٩٣٠ دا ، هەموو ئەم راپەڕینانە وامان لێدەکەن کە سەرنجێکیان لێ بدەین بەوەی کە ئەمانە تەنها وورده شەڕێك بوون لە کاتێکی دووردا ڕوویان داوە ! .
ئەو خەواڵوییەی کەباڵی بەسەر نووسینی ئەدەبی ئەمریکیدا کێشابوو ، لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەوەمان بەڕونی بۆ دەردەخات کەچی ڕویداوە لەپێش تردا لەم سەدەیەدا ، زوربەی شیعر وپەخشان کەزۆرێك لەنووسەرە گەنجەکان پەیرەویان لێدەکرد ، ئامانجێکی ڕوونیان نەبوو ، تەنها بەردەوام بوون بوو لەسەر کارەکانی گەورە نووسەرانی پێش خۆیان لەم سەدەیەدا ، بەهیچ شێوەیەك گوزرارشت لەرەوتێکی تازە ناکەن .
تاکە نووسەرێکی گەورە ، کە دەتوانرێ بگوترێ ناوبانگێکی فراوانی بەدەست هێناوە لەساڵی ١٩٥٠ دا ، ئەویش بەهۆی چیرۆکی ( پاسەوانی شکۆمەندی ) ( Gurd of Honor ) یەوە کە خەلاّتی ( بوڵیتز ) ی بەدەست هێنابوو لەساڵی ١٩٤٩ دا،هەروەها چیرۆکی( زاڵبوونی خۆشەویستی )( Love Possessed )
کەهەمان خەلاّتی لەساڵی ١٩٥٨ دا بەدەست هێنابوو ، چیرۆکەکەی ( جولد کوزنس ) ( Gould Cozzensd)بوو ، ئەویش هەر یەکێك لەنەوەکانی ( هەمەنگوای ) و ( فیتز جیرالد ) بوو گەرچی ناوبانگی پەیدا نەکردبوو لەسەرکەوتنەکانیدا لە کاتێکی درەنگ دا نەبێ .
ئەگەر دەساڵی کۆتایی تێپەڕیبێت، بەبێ ئەوەی شتێك هەبێت پێی جیابکرێتەوە و شایانی باس کردن بێت ، لەچیرۆك ی کورت یاخود ناوەڕۆکدا ، نووسەرانی ئەو ڕاپەڕینە تازەیە کە لەماوەی سەرەتاکانی ئەو سەدەیەدا دەرکەوتن ، لەجێی خۆیان مانەوە و لەلوتکەدا ڕاوەستابوون ، لەچاو هەژاری و خاوبوونەوەی ئەدەبی لەساڵانی کۆتاییدا .هەڵوێستی ئەدەبی لەساڵی ١٩٥٠ دا لە هەندێك ڕووەوە – گەرچی ئەم قسەیە پێویست ناکات زۆرجەختی لەسەر بکرێتەوە – لەوهەڵوێستە دەچێ کە ئێمەی تێدابووین ( مەبەستی لە خۆیەتی ، واتە : ویلارد شورب ) لە پەنجا ساڵی ڕابردووەوە ، بۆجارێکی دی شیعر بەدەمەوە چوونی بلاّوکەرەوەکان و خوێنەرانی لەدەست دا ، شانۆش گەڕایەوە سەردەمی خۆی لە رۆژگاری ( بیلاسکۆ )دا، دوای ئەوەی یەکێتی یەکانی شانۆکان لە ( بورودوای ) خاوەن سەرمایەکان هەڵس و کەوتیان پێوەدەکرد ، شانۆی لەژێر ئەم کاریگەرییەدا مل کەچی تۆڕی بیرکەوتنەوە و بڕی دەستخستنی پارە بوو ، بەلاّم زیندوویی خولقێنەر کە لە ( برودوای ) دا هەبووە لەساڵی ١٩٥٠ دا ، لەزوربەی کاتەکاندا ، لەو شانۆ بچوکانەوە بووە کەلەچواردەوری ( برودوای ) و لەناوچە دوورەکان بوو ، کە بەڕێوەبەران و ئەکتەران و وێنە کێشەکانیان داهێنەر بوون ، بەلاّم یا لەسەرەتای گەشەکردنیاندا بوون وکاریان دەکرد بۆ داهێنان و ئەفزاندنی زیاترەیان

تـەواو پێکهاتـبوون و هەلـیان بـۆ ڕەخسابوو بۆ پوختەکردن و باشترکردنی کارەکانیان ، ئەم هەوڵە داهێـنەرانە هەرچـۆنێك بـن ، کەلـە چـواردەوری ( بـرودوای ) وجـودیان هەبـووە ، نەیانتوانـی بەشـداری وەدیهێنانـی نووسـینی چـەند شـانۆیەکی تـازە بکـەن ، هـەر لێرەشـەوە چـیرۆك بـەزۆری بەرهەمەکانـی هەمـوو بەرهەمـە ئەدەبیەکانـی تـری تەنی بوو .بە ساڵی ١٩١٠ وە لەئاسۆی ئەدەبدا تەعبیری ( پڕۆفرۆشترین کتێب ) سەری هەڵدا و لەچوار چێوەیەکی

زۆر فـراواندا بـەکار دەهێنـرا ، لـەو ڕۆژەوە چـیرۆك تـەنها لایەن بوو کە ئەم ووشەیەیان بەبەرگدا دەکرد ، ئەویش بەدانانی بەگەورەترین دانراوی ئەدەبی و فراوانترین یان لەڕووی بلاوبوونەوە وە. لەمەشـەوە ئـەو چـیرۆکەی کـە برەوێکـی زۆری دەبـێت لەلایـەن جـەماوەرەوە ، وای لێهاتـبو وە دەگەیشت بەژمارەیەکی زۆر لەخوێنـەران ئەمە بە کە بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبوو لەساڵی ١٩١٠ دا ، لەبەر ئەمەش دانەر بۆ پێشبینیکردنی برەوی چیرۆکەکەی وە دابەشکردنی بەسەر هەزاران کەسدا – کـە ئەمـەش کارێکـە لەزوربـەی کاتەکانـدا دێـتە دی – پـەنای دەبـرد بـۆ دیـاری کردنـی چـەند تێکستێك لەسـەر بەرگی کتێبەکان  و وەکو عەقدێکی مۆرکراو بۆپاراستنی مافی دانەر دایان دەنا ، وەکـو ( مافـی دانەر لەبلاوکردنەوەی کتێبەکە بەچاپێکی تایبەتی ، یان پوختەی کتێبەکە ) ئەمانە وچەندین مەبەستی تر ئەم شالاوەی بەرهەم هێنان لە نۆڤلێت نووسین دا، بێبەش نەبوو لە نمونە کـۆنەکان ، بۆجارێکـی دی ڕۆمانـە ئاینیـیەکان هاتـنەوە مەیـدان ، لەنمـوونەی ئـەم جـۆرە ڕۆمانە ، ڕۆمانـی ( نـاو فـنجان ) لەسـاڵی ١٩١٣ و ( کاردینـاڵ ) لەسـاڵی ١٩٥٠ هەروەکـو ڕۆمانسـیەتی ئەدیـبان دەرکـەوت ، کـە لەڕۆمانـی (ئەلـیس فنسان ) دا خۆی بینیـیەوە لەساڵی ١٩٠٠ دا ، هەروەها ڕۆمانی ( مـارد ) لەسـاڵی ١٩٥٢ دا .دوای هەمـوو ئەمانـە ، نـازانین کـە ئایـا ڕەو ڕەوەکـە دەورانـی خـۆی تـەواو کـردووە و قۆناغەکە گەیشتووە بەمەبەستی خۆی و هەموو تواناکانی بەرهەم هێنانی دەرکردووە ؟ لێرەشـەوە گەراینـەوە بـۆ بـۆ قۆناغـی چاوەڕوانی و چاودێری ، بەجـۆرێك زۆربەی خوێندنەوەکان خوێـندنەوەیەکن بـەدەوری بۆشـایی ڕەو ڕەوەکـەدا  دەسـوڕێنەوە ، هەروەکـو نـازانین کـە ئایـا ئـەم قـۆناغە قۆناغـی هاندانـی ڕاپەڕینێکـی ئەدەبـی تازەیـە لەسـەر دەرگاکـان چـاوەڕێیە ولەوانەیـە دەرگاکانـی بکاتـەوە ؟ ئەمانـە پرسیار گەلێکن بەبیری هەریەکێکماندا دێن و سەرمان سوڕماوە ، کاد زەمەنیش تەنها کەفیلە بەوەلامدانەوەیان .

## سەردەمی بەرائەت

کاتـێك ( ئەیـدیس هوارتـون ) دەستی کرد بەگێرانەوەی یادەوەری یەکانی ڕۆژگاری منداڵی خۆی لە سـاڵی ١٩٢٠ ، تاوەکـو دەربـارەی چـینە کۆمەلایەتیـیە بالاکانـی نـیویۆرك ی سـاڵی ١٨٧٠ بنووسـێت ،ڕۆمانەکەی ناونا ( سەردەمی بەرائەت )، ئەم تایتڵە لەلاپەرەکانیدا وێنەی ئەوماوەیە دەکێشێت کە لە نووسیندا گەیشتبووە چڵە پۆپە و سالآنی ١٩٠٠- ١٩١٤ ی دەگرتەوە، هەروەکو کورتەی ڕووداوەکانی ئەوسەردەمەیە کە لەچیرۆکەکەیدا وێنەی بۆ کێشابوو ، کە دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٨٧٠ .

لـەو ڕۆژگـارەدا هـیچ کارێکی لەو جۆرە نەبوو کە باوکان بخاتە دودڵییەوە بەرامبەر بە کوڕەکانیان سـەبارەت بـەو شـتانەی دەیانخوێندەوە لەو کتێبانەی کە دەیانخواست لەکتێبخانە گشتیەکان ، ئەو ڕۆحـیەتەی کـەزاڵ بـوو بەسەر ڕۆمان وچیرۆکەکاندا ڕۆحیەتێکی مژدە بەخش و هیوا هێنەر بوو ،

پیاوەتی هاوشان بوو لەگەڵ پاکێتی دا ئەمەش بەردەوام لەبەشی کۆتایی رۆمانەکە دا دیار دەکەوێت ، بەتایبەتی کاتێك ئەم پیاوە پاکە رزگار دەبێت لە کەسایەتیە شەڕخواز و گاڵتەجارەکان بەتەواوی، پەیوەندی هیومانیەکان لە سادەترین وێنەیاندا روون وبێ لەکە وشاراوەییان تێدا نیيە ، پاڵەوانی چیرۆکەکەش ئەوەی بۆ نەرەخساوە ك بزانێداخۆ چی لەناخیدایە و لەقوڵاییەکانیخۆی وردنەبووەتەوە، ئەمەش چونکە ئەو پەیوەندی دەروونییەی کە لەناوەوە سەرچاوە دەگرێ ، دادەنرێ بە نەخۆشییە توشبووەکان و فسەنەخۆشەکان .

لەکاتێکدا کە فرۆید نەستی کەشفکرد لە ڤیەننا وناوی نا ( عەقڵی ناوەوە ) ، ئەمریکیەکان بە هیچ شێوەیەك ( فرۆید ) یان نەناسیبوو، دۆزینەوەکانی ئەویشیان نەدەزانی ، مەگەر کەمێك بەر لە داگیرکردنی بەلجیکا لەلایەن ئەڵمانیاوە ، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو دەنگۆی نارەزاییەی کە هەندێك جار بەرزدەکرایەوە دژی ئەم خۆراکە ئەدەبیە شیرینە وداوای دوورکەوتنەوەی لەم جۆرە فۆڕمەی دەکرد ، هەروەك دەنگۆکە لەلایەن ( مادام جین ستراتون ) ڕەت کرایەوە و بێ دەنگ کرا ، ئەمەش کاتێك وەڵامی یەکێك لەقەشەکانی دایەوە کەناوی ئەوی بردبوو کە خاوەنی ( رۆمانی مۆلاسیە ) (مەبەستی شیرینی منداڵانە بوو ) ئەویش وەڵامێکی دەم کوتکەری دایەوە و ووتی : ( چەند جوانە ئەم سلاوکردنە ، چەند باشە ئەم تایبەتمەندییە ، هەموو جیهان شیرینیان خۆش دەوێ ، مۆلاسیش گرنگییەکی زۆرتر و پێویستییەکی هەمیشەیی یە بۆ خۆشبەختی مرۆڤ و ئاژەڵ بەبێ جیاوازی ، زیادە ڕەوی کردن لەخواردنیدا زەرەری بۆ ئەندامی هەرسکردن نیە ، من خۆم یەکێکم کە ئالودەی مولاس بووم ، بەڵکو زۆربەی هاورێکانم خۆشیان دەوێ ، لەمەش زیاتر هەموو ئەوانەی هەست بەبەختەوەری دەکەن گرنگی بەم شتە دەدەن ، ئەوە راستییەکە کەهیچ گومانی تێدا نییە ، تاڵییەکانی ژیان بەردەوام پێویستیان پێیەتی ، تاکو دابەشیان بکا و سوکیان بکات ، ئەو کەسانە کە کۆئەندامی هەرسیان ڕاهاتووە لەسەر ئەم جۆرە خواردنە ، ئەوەندەیان هەیە کەلەسەری ڕاهاتوون ، خوا چێژێکی شیرینی پێداوم وئالودەی حەڵوا خواردنم ، دابەشکردنی کتێبەکانیشم کە فیکری خۆم بەرهەمی هێناوە گەورەترین بەڵگەیە لەسر ئەوەی کە چەندین کەس هەن لەمەدا لەگەڵم بەشدارن ) .

دەبینیت ، چۆن مرۆڤ دەتوانێت ، بۆ ئەم میزاجە گەشبینە لێکدانەوە بکات ، سەرەرای ئەوەی کەتاڵییەکانی ژیان دەستیان پێکردووە ! بێگوومان ئەوەی کە لەجیهانی ئەدەبدا ڕوودەدات ، جیاوازە لەگۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی تەواو ، چونکە ئەم گۆڕانکاریانە خاوەنی سروشتێکی پێشکەوتنخوازی بوون ، ئەمەیە ئەو سەدەیەی کە بەگەشەسەندنی هێزی کرێکار جیادەکرێتەوە ، بەو ڕیفۆرمەی کەهاتە نێو ئیش وکاری شارەوانییەکانەوە ، بەو ڕێساو دەستورەی کە قۆرخکارە گەورەکان ملیان بۆ کەچ کرد ، بەو بانگەوازە جیادەکرێتەوە کە داوای دانانی سنورێکی دەکرد بۆ بەتاڵان بردنی سامانی میللەت ! .

هەرچۆنێك بێ ، پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت کەئەم سەدەیە سەدەی ژەمەخۆراکییە تەواوەکە بوو ، ئەوترسەش کەهەبوو لەساڵی ١٩٠٧ دا ، ترسێك بوو ڕووی لەدامەزراوە ئابوورییەکان و پیاوانی بانکەکان کردبوو ، لەساڵێك زیاتری نەخایاند ، هیچ کاریگەریەکی بەرچاوی

لەخۆشگوزەرانی وولآت نەكرد ، ئەو برینانەش كە جەنگە ئەهلیەكان بەجێیان هێشتبوو لەدوای خۆیان سارێژ بوونەوە ،
ناكۆكی و دوژمنایەتییە كۆنەكان كەلەنێوان هەندێك لەكەرتەكاندا روویان دابوو كۆتاییان هات و شارانەوە ، سەركەوتنیشمان بەسەر ئیسپانیەكاندا روحیەتی سەربەرزی نەتەوەیی بوژاندنەوە ، جەنگی ئێمە لەگەڵ ئیسپانیەكان جەنگێكی كورت خایەن و كۆتایی یەكی دڵخۆشكەری هەبوو ، ئەوجەنگە كاتێكی باش بەردەوام بوو و یارمەتی دروست بوون وگەشەكردنی نەوەیەكی پاڵەوانیدا كە دەگەرانەوە بۆ زێدی نەتەوە و نیشتمانەكەیان ، لەنموونەی ئەوانیش ( روان ) بوو كە نامەیەكی گەیاندە ( جارشیا ) ، هەروەها لەنێو ئەوانیشدا ( والكومودوادیوی ) و ( ( تیۆدۆر رۆزفلت ) ئەم جەنگە خێرێكی گەورەی بۆ ئەمریكا راكێشا ، ئیمپراتۆریەتێكی تازەی بۆ وەدیهێنان ، كە شانازیان پێوە دەكرد و دڵخۆش بوون پێی ، دواتریش وەكو ( رۆزفلت ) خەوی پێوە دەبینی بووە دەوڵەتێكی بەهێزی گەورە ، وەكو لەیادەوەری و نووسینەكانی خۆیدا بۆمان دەگێرێتەوە كاتێك بووە سەرۆكی ئەمریكا .
ئەورۆحیەتە ناسۆنالیتیەی كە تازە سەری هەڵدابوو لەلایەن ( رۆزفلت ) ەوە باوەشی بۆ كرایەوە، سەرەرای ئەوەی كە پیاوێكی ئەرستۆكراتی رۆژهەلآتی بوو ، بەلآم خۆشەویستی تەواوی خۆی بۆ رۆژئاوا دەربری و پەرۆشی هاولآتیانی بەلای خۆیدا كێپ كردەوە ، لەهەمان كاتدا هاولآتیانی خۆرئاوا بەوچاوە سەیریان دەكرد كە یەكێكە لەخۆیان ، ئەوەیان لەبیرنەكردبوو كە دایكی لە جۆرجیا لەدایك بووە وە مامەكانی جەنگاون لەپێناو یەكگرتوویی ولآتدا ، گەر بێتوو ( ماكنلی ) شەری لەگەڵ ئیسپانیەكان راگەیاندبێت و بەرەوای زانیبێت ، ئەوا ( تیۆدۆر رۆزفلت ) پاڵەوان و مامۆستای یەكەمی ئەو جەنگەیە ، تائەو ئەندازەیەی كەوای لە ( مستر دوولی ) كرد ناوی كتێبەكەی خۆی لە ( تەنها خۆم لە كوبیا ) وەگۆرێ بۆ ( سواچاكی نەبەرد ) .
ئەم رۆحیەتە ناسیۆنالستیەی كەسەردەمی ( رۆزفلت ) ی پێجیادەكرێتەوە ، رەگی داكووتابوو لەرۆمان و چیرۆكەكانی كەلەو ساتەدا دەردەكەوتن بەزۆری .
ئەوانەی كە چیرۆكی ( شوانە بچكۆلەكەی مەملەكەتی یانی ) – ( جۆن فۆكس ) یان خوێندۆتەوە ، لەوانەیە ئەوەیان بەخەیاڵدا هاتبێت ، كە مەبەستی لەمەملەكەتی خودا بێت ، لەگەڵ ئەوەی ئەو نارەحەتیانەی ئەوچەشتوویەتی شتێكی زۆر دوورە لەو خەیاڵەوە ، ئەوەی كەپاڵەوانی چیرۆكەكە ( تشاد بیفورد ) خەوی پێوەبینی – یەكێكە لەپاڵەوانانی سوپای یەكگرتوو لەكاتی كۆتایی جەنگ دا – بنیاتنانی شتێكی جیایە لەوەی كە لەخەیاڵی ئەواندا دەخولێتەوە كە چیرۆكەكەیان خوێندۆتەوە ، ئەوەی كەئەو خەوی پێوە دەبینی دروست بوونی ( رۆزفلتیە ) پێش ئەوەی سەرهەڵبدا .(( دڵی ئەو بەو رۆحیەتە گری گرتووە كەسەركردایەتی گەلەكەی پێكرد بۆناو زەویەكەی ، كەرزگاری كرد لەستەم وحوكمی پاشاكان ، كردی بەبەرزترین پەرستگا ئازادی ، بە شێوەیەك كە خەڵكی نوێژیان بۆ ئازادی تاكەكان دەكرد ، مەملەكەتەكەی گەراندەوە بۆ سزادراوو و چەوساوەكان لەئەرزی خۆیان ، ئەوەی لەسەر ئەوە – ئەوەیەشوانی ئەو روحە لەنەستیدا – كە كار بكات بۆ یارمەتی دانی ئەوەی كە مەبدەئەكانی هەڵبگرێ لەقارەكەوە بۆ رۆژئاوا و بۆدەریاكەی

تـری بەرێت ، لەوێشەوە بەپێ بۆ شوێنەکانی دی ، کێ دەزانێ ! لەوانەیە بەوەوە بگاتە دەرگا ڕۆشن و پرشنگدارەکانی خۆر )) .

- ٢ -

کاتـێك سـاڵی ١٩٠٠ هـات ( نیوئیـنگلاند ) هێـزە لاسـایی کەرەوەکانـی لەدەسـتدابوو ، کـە بـەردەوام لەهەڵوەشـاندنەوەدا بـوو نـزیکەی ٣٠ سـاڵ بـوو ، هـیچ ئەسـتێرەیەکی گەشـاوە دەرنەکەوتـبوو کـە شـایەنی ئەوەبـێت جێـی سـەرکردایەتی بگـرێت لـەناوی ( سـاتردەی ) لەبۆسـتن ، کەلـەوە وە پـێش کەسـانی وەك ( ئیمرسـۆن ) و ( بارکمـان ) و هاوشـێوەکانیان لـەوێ دادەنیشـتن ، (نیوئیـنگلەند) خەفەتـی خۆی دەربڕی و بەدبەختی خۆی خستە ڕوو بەنەمانی ئەم سەردەمە گەورەیە ، هەروەك یەکێك لەنووسـەران لەرۆژنامـەی ( ئەتلەنتـیك ) دا سـاڵی ١٩٠٠ نوسـیبووی ( وامـان لێ هاتووە بەوە باوەڕبێـنین کـە مشـروبی ( بیورتانـی) بـەناوبانگ کۆتایـی هاتـووە ئەورۆحـیەتەی کەسروشـتی بـۆ دەهـات مـردووە ، ژیان لەوولایەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵات جێگیر بووەو هەمووولایەکی بەئاسایش و ئارامـی دەورەدراوە ، ئەمـەش خۆشـگوزەرانی و ئارامـی بـۆ وەدیهێـناوە لەمـێژەوە ، وا لـێهاتووە بـوژاوەتەوە و دەوڵەمەندیەکی بـێ ئەندازەیپێگەیشـتووە ، کـەوا لێکـردووە بتوانـێ ئـەدەب وشـانۆ دروسـت بکـات و بەرهـەم بهێنێ ، گەر بێتوو ئیسپانیا توانای ئەوەی هەبوایە — لەدەرگای شارەکانی (نیوئیـنگلەند) بدایـەوە لـە هاوینی ١٨٩٨ دا پەلاماری بدایە ، ئەوا دوای ئەوە توێشویەکی باشمان بۆ دروست دەبوو ، وێنای ئەو نەوەیەی دەکێشا کە لەداهاتوودا لەوێ نیشتەجێ دەبن ) .

کاتـێك ( تـوماس بیلـی ئەلـدرش ) بـوو بـە بەڕێوەبەری نووسـیی ڕۆژنامەی ( ئەتلەنتیك ) لەساڵی ١٨٨١ ، بەپشـت بەسـتن بەچـەند کەشـێکی خـاوەن تـوانا ، دەسـتیان کـرد بەگەشەپێدانی ( ڕوحیەتی ئایدیالی ) میسالی لەئەدەبدا ، لەوانەش ( ر . ه . سنودارد ) و ( ا .س .شیدمان ) ی هاورێی بوون ، مەزهەبـی سوشـی یـان بەکـەم سـەیر دەکـرد و وایـان دادەنـا : ( کـە داهێنانایکـی قێـزەونە لەوڵاتـی غاباتەوە هاتۆتە بەرهەم ( زولا ) و ( فلوییر ) ڕێبەریان دەکرد .

هـەروەها هەوڵـیان دا کـە ئەدەبـی ئەمریکـی لـەم فـۆڕمە سروشـتیەیە دووربخەنـەوە ، ئەگـەر ژیـان لەئەمـریکادا رۆژ بـەڕۆژ تووشـی خـراپەکاری دەهات بەهۆی بلاوبوونەوەی ڕۆحیەتی بازرگانییەوە لەهەمـوو شـوێنێکدا ، هەروەها بەهۆی زیادبوونی هاتنی بێگانەکان بۆناو وولات لەهەموو جۆرێك ، ئـەوان دەسـتیان کـرد بـەتالان بردنی ئەوەی کەهەبوو بە شێوازێکی بەر بلاو ، تاکو وای لێهات هیچ کەرەسـەیەکی ئامادەکاری بەدەسـتەوە نـەما ، تاکو ئەدەب ئەوکارەکتەرەبێ کەراستی وجوانییەکان بپارێـزێت ، کاتێکیش مەترسی هەڕەشـەی لـەم بەهایانـە دەکـرد ، ڕوحیەتـی میسالی دوودڵ نەبوو لـەوەی کـە بەرگـری لێبکا و کاری بۆ بکا ، ئەوە بوو (و .د .هاولز ) بەڵگە نامەی خۆی بەرزکردەوە وەکـو نارەزاییـیەك ، کاتێك بینی _ جورجی ) - رابەری واقیعییەکان - ، داوای ئەوەی بەرزکردەوە کە بۆ ( نیویۆرك ) ئافرەتێك لەگەڵ خۆی ببات هەرچەندە خێزانیشی نەبوو

هەروەها بەردەوام ( ولیم وێنتر ) کە پێشەوای رەخنەگرانی شانۆیی بوو ، نکۆڵی لەئەدەبی ( ئەسن ) و ( ویلد ) و ( شو ) دەکرد تاکو ساڵی ١٩٠٦ ، منالآنیش تاکو ئەم ساڵە ، قەدەغەدەکران لەوەی کە چیرۆکەکەی ( هلکبری ) بخوازن و بخوێنـنەوە ، هـەروەك لەسـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٠٧ دا پیشـاندانی شانۆی ( سالومی ) لەسینەمای ( اوپیرا ) قەدەغەکرا .

لەوەدا بوو کە ناوبانگ و بەربلاوی لاسایی کردنەوەی میسالیییکان تەمەنی کورت بێتەوە ، گەرهەندێ دەنگی تر نەبوایە ، لەوانەش کۆمەڵێ نووسەری تازە و لاو بوون ، کەتوانیان ناوبانگێك بۆخۆیان پەیدا بکەن لەساڵی ( ١٩٠٠ ) ، ئەوە وسەرەرای ئەو ڕاشکاوی و بەهێزییەی کە نووسینەکانیانی پێدا جیا دەکرایەوە .

بۆنموونە ، ( ستیفن کرین )تەمەنی لە( ٢٨ ) ساڵ تێپەڕی و مردن یەخەی پێگرت ، کە لەدوای خۆی یەك ڕۆمانی بەجێهێشت ، ئەویش ڕۆمانی ( ئاماژەی ئازایەتی یە سورەکە ) بوو ، کە بەچاوی ڕۆمانەکانی کلاسیکی دادەنرا ، هەروەها کۆمەڵە شیعرێکی ئازادیشی لەدوا بەجێما ، هەروەك لەدوای خۆی چیرۆك

( سوارە رەشەکە ) بەجێ هێشتبوو کە لەساڵی ١٨٩٥ دا نوسیبووی ، لەگەڵ سێ یان چوار چیرۆکی کورت، کەکاتی نووسینیان نەزانرابوو ، لەدوای مردنی ( کرین ) بەدووساڵ ( فرانك نورس ) یش لەتەمەنی ٣٢ساڵیدا مرد ، ئەمیش (ماکنتج ) چیرۆکی ( لەڕیزی وەحشیەکاندا ) کە لەساڵی ١٨٩٩ دا نووسرابوو ، هەروەك چیرۆکی ( ئیکتۆبوس ) کە لەساڵی ١٩١٠ دا نوسیبووی ، کە ڕیتمێکی سۆسیالیستی هەبوو ، چونکە ئەو لەناخی دڵیەوە ڕۆمانسی بوو ، دەیزانی چۆن خۆی دەگەیەنێتە جەماوەر ، بەلام ( ئەمبروس بیرس ) کە چیرۆکەکە لەسەر جەنگی ئەهلی بوو ، یەکەم چیرۆك کە وێنەی جەنگەکانی وەکو خۆی کێشابوو لەڕێی ئەوانەی کەلەم جەنگەدا ڕۆچووبوون ، ئەویش لەو چیرۆکانە بوو کە لەنەوەدەکاندا بلاو کرایەو ، ( بیرس ) ژیا تاکو سەردەمی بەرائەت ، بەلام مێژووی کۆچی دواییەکەی نەزانراوە ، ئەو لەو ژیانەی کە ئەمریکییەکانی تێدابوو ، بێزار بوو ، تاکو گەیشتبووە ئەوڕادەیەی کە نووسینەکانی بەکتێبی ( سێبەر لەسەروی کاتژمێری هەتاوی ) یەوە، کە لەساڵی ١٩٠٩ دا نوسیبووی ، کە پێکهاتبوو لەچەند وتارێکی روخێنەر ، ژیانی ئەوکاتەی ئەمریکای تێدا چارەسەر دەکرا ، لەپێش ئەوەدا بەسێساڵ ، خوێنەران بەو پێناسە لەقاڵب دراوانە سەرسام نەبون کە لەفەرهەنگی شەیتاندا هاتبو ، لەنموونەی : ( مەسیحی ) ناوێکە ، کە شوێن ڕێنماییەکانی مەسیح دەکەوێت ، تا ئەو ڕادەیەی کەئەم ڕێنماییانە دژ نەوەستنەوە لەگەڵ تاوانەکاندا ، (جەستە) ، ناوێکە ، کەسی دووەمە لەسیکۆچکەپیرۆزەکە .

مردن وڕۆیشتنی وەهمەکان ، تەنها کاریسە نەبوون کەلەم سەدەیەدا بلاوبوونەوە و ئەمریکییەکانیان بێ بەش کرد لەنووسینێك کەلەگەڵ ئەوسودە تازەیەدا بگونجێت ، بەڵکو پشتگوێخستنیش فاکتەرێکی تر بوو کە رۆڵی خۆی بینی لەم بێبەش کردنە ، زوربەی ئەو نووسەرانەی کە ژیانی پیشەیانە دەستپێکرد لەم ماوەیەدا ، ناچار بوون کە بۆماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ هەستی نابەرپرسیارێتی ، بەڵکو لەگەڵ ئەو دوژمنکارییەی کە زاڵ بوو بەسەریاندا بجەنگن پێش ئەوەی بتوانن کە ڕێگەیان ژوون بکەنەوە ، بۆیە حاڵەتەکەی ( تیۆدۆر درایزر ) دیارترین خاڵە لەو لایەنەدا .

( فرانك نورس ) یەکەم چیرۆکی خۆی ( خوشکی کاری ) خوێندەوە ، کەوێنەیەکی راستەقینەی ژیانێکی کچە هەرزەکارێکی گوند نشینە لە ( شیکاغو ) تووشی لادان و خراپەکردن بوو ، بەلام توانی کەخۆی بەرزبکاتەوە لەسەر شانی ، ئەو دوپیاوەیکە ڕووبەڕووی ژیانی بوونەوە ، تاکو سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت لەسەر شانۆ ، ( نۆرس ) دانی نا بەم کتێبەدا و چیرۆکەکەی

رێپێدراو لەساڵی ١٩٠٠ چاپكرا ، ئەو خۆی پسپۆری خوێندنەوەبوو لە داری بڵاوكراوەكان ( وابل دی ) ، بەڵام دەزگاكانی بڵاوكردنەوە
رێیان نەدا بڵاوبێتەوە بەنێو خەڵكیدا، چونكە هەندێكیان لەپشت پەردەوە دەستیان وەردەدا بۆبڵاونەكردنەوەی و هەڵگرتنی لە كۆگاكاندا ، - ( درایزر ) خۆی ( مسز وابل دای ) تاوانبار دەكرد بەوەی كە ئەو ئەوچاودێرەبووە — لەئەنجامی ئەم ئەزموونە درێژەدا ، ( درایزر ) توشی داروخان بوو و نەیتوانی كە دەست بكاتەوەبەنووسین جارێكی تر تاكو ساڵی ١٩١١ ، ئەوە بوو چیرۆكی ( جنی جبرهاردت ) ی بڵاوكردەوە ، بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند ، تاكو جاریكی دیكە ڕووبەڕووی چەرمەسەری بووەوە كاتێك دەزگاكانی بڵاوكردنەوە بڕیاری كێشانەوەی چیرۆكی ( عەبقەری ) یان لەبازاردا دا لەژێر هەڕەشەی ( كۆمەڵەی نیویۆرك بۆ دژایەتی كردنی خوەخراپەكان ) ، لەراستیدا زۆرێك لەنووسەر ئەمریكی یەكان ، ڕووبەڕووی خراپ مامەڵە كردن بوونەوە، لەلایەن ڕەخنەگر و چاودێرەكانەوە ، ئەوانەی كەخۆیان زاڵ كردبوو بەسەر ئەدەبدا ، هەروەك دوو لەشاعیرانی پێشرەوی شیعر لەم سەدەیەدا ڕووبەڕووی ئەو هەڵمەتە بونەوە، ئەوانیش ( روبنسون ) و فروست ) بوون ، كە پشتگوێ خرابوون ، بۆیە بەردەوام كاریان دەكرد بۆ بەرنگاری ئەم پشتگوێ خستنە ، كەچەند ساڵێكی خایاند ، رەخنەگران دیوانەكەی رۆبنسون ( لافاوو شەوی پێشتر ) ك لەساڵی ١٨٩٦ دا نوسیبووی بەتەواوی لەبیر برایەوە ، بەڵام دیوانی دووەمی ( كابتن كریج ) كە لەساڵی ( ١٩٠٢ ) دا نووسی ، لەلایەن ( تیودۆر روزفلت ) ەوە پشتگیری لێكرا و ئەو هاوكاریەش دەیتوانی كەسان بكات بەنووسەر ، بەهەمان شێو ( روبرت فروست ) یش وەكو هاورێكەی توشی پشتگوێ خست ولەكار خستن هات كەوای لێكرد لەساڵی ١٩١٢ دا واز لەشیعر نووسین بهێنێت و كۆچ بۆ ئینگلتەرا بكات ، لەوێش كۆمەڵێك نووسەری سەرسام پێی لەخۆیان گرت ، كاتێك گەڕایەوە بۆ ئەمریكا لەساڵی ١٩١٥ ، هەردوو دیوانەكەی سەرەتا هێنابوو، كە هەڵگری كۆمەڵێك ناوبانگ و پایە بوو لە ئینگلتەرا بەدەستی هێنابوو بەهۆی ئەم دوودیوانەوە .
لە دەسپێكی ئەم سەدە تازەیەدا ، گرنگی دانی خوێنەران زیاتر بەلای رۆمانە مێژوویەكانەوە بوو، لە پرفۆشترین و برەوترن چیرۆك لەساڵی ١٨٩٩ دا بوو ، چیرۆكی ( كاتێ سوارچاكێك گەشەدەكات ) ی ( ریتشارد كارڤڵ ) بوو ، هەروەها چیرۆكی ( میردس ) ی ( فرودزجانیر ) هەروەكو لەساڵی ١٩٠٠ دا چیرۆكی ( مولكدار مولكایەتی ) ی ( میری جۆنستۆن ) لە ڕووی برەوەوە هاتە پاڵ ئەم چیرۆكانە ، ئەمە وسەرەرای چیرۆكی (ئەلیس) ی ( موریس تومسون ) بەڵام ڕەوتە باوە گرنگی دان بەچیرۆك ، چارەسەری مێژووی رابردووی ئەمریكی دەكرد ، - كەلەنێو جەماوەردا زۆرترین لایەنگری هەبوو — چارەسەری جەنگ وشۆڕشەكان ورۆژانی سەرەتای پێشەنگەكانی دەكرد ، ئەم ڕەوتەی تەمەنی لەشەش ساڵ زیاتر نەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێكی ڕوون لەمێژووی ئەمریكیماندا دەنوێنێ ، بۆئەوە كاروانی ئەم لایەنە تەی بكەین وبپەڕینەوە بەناوی دا و بزانین ئەندازەی بەهێزی ئەم ڕەوتە تازەیە چیە ، لەگرنگی دان بەلایەنە مێژووییەكە ، ئەوە بەسە كەباس زۆرێك لەنووسەران نۆڤلیستەكان بكەین ، ئەوانەی كە بەهرەیەكی مێژوویان نەبوو ، توانیان رەمزی خۆیان بكەن بەناو ئەم دەریایەدا و رویانكردە نوسین تیایدا ، ئەوەبوو (سارە ارون جیوت ) لەساڵی ١٩٠١ چیرۆكی ( خۆشەویستی پارێزكاران ) و ( الن جلاسجو) لەساڵی ١٩٠٢ دا

چیرۆكی ( زەوی جەنگ ) یان بلاوكردەوە ، ( تاركنجتون ) یش لەنێوان بەیانی و چێشتەنگاوێكدا ناوبانگی بونۆفلێتی ( مسیو بوكارین ) دەركرد
لەساڵی ١٩٠٠ كە شانۆكەی لە ئینگلتەرە بوو لەسەدەی هەژدەدا .
لەراستیدا ئەمریكییەكان زۆرسەرسام و ئالودەی نۆڤلیستە مێژوییەكان بوون ، لەوكاتەوە كە (كوبر) چیرۆكەكەی (جاسوس ) ی لەساڵی ١٩٢١ وەكو كێبركێیەك ( منافسە ) لەگەڵ ( سكوت ) دا.
ئەم رۆمانسیەتە مێژووییەی كە لەو دەساڵەدا دەركەوت ، واتە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩١٠ ، بەرهەمی ئەو سەدەیە بوون كە تێیدا نووسرابوون ، هەروەك رۆحیەتی ناسیۆنالستی تازەی تێكەڵ كرابوو ، ئەمەش لەو دێر وووشە جوانانەدا دەركەوت كە بەسرابوون بەچارە نووسی ئومەتەكەوە ، كە زوربەیان بەیەكگرتنەوەی براكان و خۆشەویستانێك كەلە ناو چیرۆكەكەدا هەڵوێستی دژ یەكیان هەبوو كۆتاییان دێت ، بۆ نموونە ( لنكولن ) ی بەسۆز یەكێك لەكەسایەتیەكانی ئەو رێكەوتنو ئاشت بونەوانە بوو كە لەلاپەرەكانیكۆتایی چیرۆكەكەی ( چرچڵ ) بەناوی ( ڤەیران ) ەوە دەركەوت ، كاتێك سەربازێك لەباكور دەگاتەوە بەخۆشەویستەكەی لەباشوور و لەكۆتاییدا باوەش بەیەكدا دەكەن .
لەبەیانییەكەیدا دەنگ وباسی مردنی ( لنكوڵن ) یان پێگەیشت ، ئەو فیكرەیەی كەدڵیانی پێپركردبوو هەر ئەو فیكرەیە بوو كەدڵی ئەوانەی پردەكرد كە ( لنكۆڵن ) یان دەناسی ، ئەوانیش چەند كەم بوون ! ، داخۆ ( لنكۆڵن ) چۆن ژیاوە و خەفەت داگیری كردووە ، هەروەها چوچن مرد و شەهید بوو لەو رۆژەدا كە مەسیحی تیا مرد ، ئەوان لەدڵیانەوە باوەریان وابوو كە ( لنكۆڵن ) ژیانیخۆی بەختی نیشتمان و ولاتەكەی كردبوو ، هەروەكو چۆن مەسیح قوربانی بەژیانی خۆیدا لەپێناوی گشت جیهاندا .هەر لێرەشەوە پێویستە بروا بەوە بهێنین كە خوا چارەنووسێكی گەورەی بۆئەم ئومەتە پاراستوە لەسەر زەوی دا ، هەندێك لەم رۆمانسیەتە لەكلاسیكی دەژمێردرێت ، كە بەردەوام گەنجەكان دەیخوێننەوە وەكو چۆن منالان دەیخوێننەوە ، ئەمەش بەدانانی بەوەی كە وێنای ژیانی رابردووی ئەمریكایە ، لەو وێنانەی كەلێی جیابونەوە و هۆلیۆد دای هێناوە سەرەرای ئەوەی كە هۆلیۆد برێكی زۆری لەپارە سەرف كردووە لەلێكۆڵینەوە و بەدوادا گەراند .
ئەگەر ( بول لیستر فورد ) بەیەكێك لەمێژوونووسە متمانە پێكراوەكان دابنرێ ، ئەو سەرەرای ئەوەی كە لەچیرۆكەكەیدا ( جانیس میروس ) ئەوەی دەرخستووە ، كە ئەمریكییەكان لەدژی بەرتانییەكان دەجەنگن لەپێناوی ئەوەی ( جاك بریتون ) ی كچە پاڵەوان مارەبكرێ ، بەلام ئەوەی كە باسی جەنگەكانی ( برنستون ) و ( یوركتون ) دەكات بەدرێژی ، چەند راستییەكی متمانە پێكراوە ، (ونستون چرچڵ ) یش یەكێك بوو لەنووسەرانی ئەم رۆمانسیەتە مێژووییە ، كەجەماوەرێكی زۆری هەبووە ، ئەو زۆر گرنگی بەلێكۆڵینەوە و دەرخستنی ئەو راستیانە دەدا كە باسی دەكردن ، هەریەكێك لەسێ نۆڤلیستە مێژووییەكانی ( ریتشاركارفل ) و ( ڤەیران ) و ( پەرینەوە ) بەكۆتایی هاتنێك دوایی دێت ، وانە نشتمانییەكان بە روونی تێدا دەردەكەوێت ، كە هەوڵی ئەوە ئەدا خەڵكی یان لێ فێربكات ، ئەو كاتێك ئەوەی دەكرد كە دوور دەكەوتەوە لەریزبەندی مێژوویی بۆ ئەوەی چیرۆكەكەی دروست و هونەری بێت ، بەهەمان شێوە ئەو

چیرۆکە میللیـیانەی کـە چاەرسـەری خـۆرئاوای دووریـان دەکـرد ، هاوشـێوەی ئـەم چـیرۆکە مێژوویی‌یانە بـوون لـە بەجـەماوەری بوونـیاندا ، ئـەم جۆرەی دیکـەیان خۆشەویستی خۆی هەیە لەنێو گەلدا و لاسایی‌یەکی زۆر دەکرێتەوە لەنووسینە ئەمریکی‌یەکاندا ، گەرچی بەشدار بوون لەدەرخستنی رۆحیەتێکی تازە بۆئەم ماوە زەمەنی‌یە .

لەڕاستیدا خۆرئاوا بەواتای شتانێکی زۆر بوو سەبارەت بەئەمریکی‌یەکان — مەبەست لە خۆرئاوای ئەمـریکایە — چـونکە ( ئـیلدرادو ) و ( زەوی یـە سەربەسـتەکان ) ی بـیر دەخسـتینەوە ، هـەروەها راکـردن لەخێـزان و خـاوەن قـەرزەکان و ، جەربەزەیـی یەکەمـی ( مغامـرە ) بـیر دەهێـنانەوە ، هـەروەك ئـەو پـارە خەیاڵـیەی کـە لەکانـە خەڵوزەکانەوە دەست دەکەوت ، داربڕین و کۆکردنەوەی لەدارستانەکاندا ، یادەوەری یەکی تری خۆرئاوای ئەمریکی بوون .

لەسـاڵی ١٩٠٠ ، خـۆرئاوا دەسـتی کـرد بەبەشـێکی تـازە بـۆ ئـەو خاکـەی لەسـەربەرزی وشـکۆمەندی پشـتیان لێهەڵکـردبوو ، ڕووبـەرە گـەورە و فـراوانەکان لـەخاك — کـە بەمولکی داهاتوو دادەنـران — لەناکاو بوون بەبەشێك لەمێژوو.

( اون ویسـتر ) ی بـەناوبانگترین نووسەری خۆرئاوای ئەمریکای تازە ، ئەم خاڵەی ڕوون کردۆتەوە ، لەپێشـەکی چـیۆکەکەیدا ( الفرجینـی سوارچاکی دۆڵەکان ) کە لەساڵی ١٩٠٢ دا نوسیبووی ، ئەوەش ئـەو پێشـەکی‌یەبوو کـە ئاراسـتەی خوێنەرانـی کـردبوو ، تاکـو راڤـەی ئـەو قـۆناغانە بکـات کـە چیرۆکەکە دەیخاتـە روو ، چیرۆکەکەی بـاس لەژیانـی ( وایومیـنج ) دەکرد لە نێوان ساڵانی ١٨٧٤ و ١٨٩٠ دا ، چیرۆکەکەش فۆرمێکی رۆمانسی یانەی هەبوو ، باسی مێژووی ئەوشارەی دەکرد .

کەلـەو سـاڵانەدا داگیرگەیەکی تاریـك بـوو ، لەشـاری ( فـرجینیا ) ی سەردەمی تاریکی دەبوو پێش سەدساڵ لەوەو بەر کە چ حاڵەتێکی دژوار و نارەحەتی هەبوو .

(( گـەر بێـتوو تـۆ نـیویۆرك یـان سانفرانسیسکو لەسەعات ١٠ ی ئەو بەیانی‌یەدا بەجێبهێڵی ن ئەوا بەیانـی دوانـیوەڕۆ دەگەیـتە شـاری ( شـین ) ، لـەوێ دەگـەیت بەناوجەرگـەی ئـەو جـیهانەی کـە لەبابەتـی چیرۆکەکەدا بـۆت وێـنە دەکەم ، لەگەڵ ئەوەشدا تۆکاتێك هەوڵ دەدەی بڕوانی بۆ دەورو بـەرت لەگـەڕان بـەدوای واقـیعدا ، تـۆ هـەر لەخـۆتەوە هـەوڵ دەدەیـت ، مەشـخەڵەکانی ئـەم دنیایە شـاراونەتەوە ، هیچ گەشتێك بۆ ئەم خاکە نەما ، بێجگە لەو گەشتەی کەلەبیرماندا وەری دەگرین ، بـەلام شـاخەکان بـەردەوام لەجێـی خـۆیاندا ماون و لەئاسۆوە درێژ دیارن ، ئەوان لەروناکی خۆردا بـریقەیان دێ ، روناکـی خـۆریش بەسـەرزەویدا درێژبـۆتەوە تاکـو شـوێنە بێکـۆتایەیەکان ، ئـەو هەوایـەی کەیارمەتـی دەری گـەنجان بـووە ، بـەردەوام لـەم خاکـەدا دێـن و دەچـن ، بـەلام گامێش و ئاسـکەکێوی‌یەکان لەکـوێن ؟ بەڵکـو کـوا سـوار چـاك و هـەزاران لەکێڵگەکانـیان ؟ گـیای بـەهاری بـەردەوام لەسـەر وێـنە کـۆنەکەی خـۆی ماوەتـەوە، هـیچ شـتێك تێرناکات ! هەتاکو گەر تۆ خووت وابووبـێ سـەردانت کردبـێ لەخـۆرئاوا، بـۆت دەردەکـەوێ وەکـو ئـەوە وایـە چاوەڕوانی دەرکەوتنـی سوارچاکەکان بکات ، بەلام ئای چەند دوورە ، ئەوان بۆ هەرگیز ناگەڕێنەوە ، ئەوان وان لەئەستۆی مـێژوودا ، هـیچ بونێکـیان نـەماوە ، مەگـەر لەمـێژووی دوێنێ‌یەکـی نـزیك دانەبـێ ، لێرەشـەوە ، تۆنایانبینـی بۆجارێکی دی ، رابکەن و بازبدەن ، لەوناوچە بێدەنگی‌یەی کە گۆڕانی‌بەسەردا نایەت ، پایـەی ئـەوان ، وەکـو پایـەی ( کۆلومـبس ) ە ، کـە هەرگیـز بینینـی ناگەڕێتەوە دوا ، ئـەو بەنێو

خولیاکانی ئەودەریایەدا پەی دەکات ، کە سەرەتا و شوێنەکەی ناگۆڕێت لە ( یالوس ) و کەشتی یە بچوکەکەکاندا ...... )) .ئەمریکیەکان لە ڕۆژەکانی سەرەتادا ، زۆریان پێخۆش بوو کە هەواڵی خۆرئاوای وولاتەکە بزانن ، ئەوانەی کەگەشتیان دەکرد لەڕێگاکانی ( ئوریجون ) دا یان بە ( سانتو ) دا ، گوێیان ڕادەگرت بۆزانینی ئەو زانیاریانەی کەیارمەتیان دەدا لەبڕینی دۆڵ و بیابانەکاندا ، بۆ ئەوەی پارێزراو بن لەمەترسییەکان هێرشی هیندیە سورەکان و کەوتنە ناوچاڵە بەفرینەوەکانەوە کە ڕێڕەوە شاخیەکان دادەپۆشێت ، بەڵام دانیشتوانەکانی تر لەنێو ماڵی خۆیدا دەگوزەران ، تۆماری ئەوگەشتانەی کەسوارچاکەکان لە دۆڵ و چیاکاندا پێی هەڵدەسان — کەزۆربەیان بەپێنووسی نووسەرە ناودارەکان ڕازێنراونەتەوە — چەندین ڕەنگی لە سیحر وجوانی دەبەخشیە ژیانیان ، لەنموونەی ئەم تۆمار کراوانە ( گەشتێك بەبیاباندا ) کە لەنووسینی (ئیرفنج) بوو لەساڵی (١٨٥٥) ، هەروەها ( ڕێگای اوریجون ) ی ( بارکمان ) لە ساڵی (١٨٤٩) ، هەروەك نووسینەکەی ( بایارد تایلور ) بەناوی ( ئەلئدرادۆ ) لەساڵی (١٨٥٠) دا .

لەرۆژئاوای ئەمریکادا ، نۆڤلێت و چیرۆکەکان هەنگاو بەهەنگاو بەرەو بەرەو سەندن دەچوون ، کاتێك ناوەندەکانی بلاوکردنەوە لەڕۆژهەلاتدا ئەوەیان دەرخست ، لەنووسەرانی نموونەی ( برت هارت ) و ( مارك توین ) و ( هیلین همنت جاکسون ) بوون .

ڕۆژئاوا گەشایەوە سەدان نۆڤلێت ی میللی سادە دەرکەوتن ، بەلام ئەو نوسەرانەی بەکرێ گیرابوون بۆنووسیەنەوەی ئەم چیرۆکانە ، لەواقیعدا توانای ئەوەیان نەبوو کە گوریسی ڕاوکردن لەنوسینگەی بەرژەوەندی مولکایەتی جیابکەنەوە ، بەلام هەر چۆنێك بێت ، ڕۆژئاوا بەشێك بوو لەو کالا بازرگانیانەی دانیشتوانی نیویۆرك کاریان پێوە دەکرد ، لەگەڵ ڕەوشتە نزمەکاندا دەفرۆشران .بەلام نووسەرانی چیرۆکە ڕۆژئاواییەیە تازەکان زانست و شارەزاییان هەبوو لە ودیمەنانەی کە باسیان لێوە دەکرد و ئەوخەلکانەی کە لەبارەیەوە ئەدوان .

( ستیوارت ادوارد هوایت ) خۆی یەکێك بوو لەو کەسانەی کەلەنێو دارکۆکەرەوەکان و پیاوانی ئیشکەر و کرێکارانی خەلووز دا ژیابوو ، لەمێشیگانەوە بۆکالیفۆرنیا .

( مارس ایمرسون هوف ) بش ( کارکەری یاسایی ) بوو لە ( هوایت اوکس ) ی مەکسیکۆی تازە کاتێك کە شارەکە نیوەی مولکی بەخێوکەرانی مانگا ( Cow boy ) و نیوەی مولکی خاوەن کانە خەلوزەکان بوو ، دواتر ململانێکە گۆڕا لە دوای ئەمە بۆنووسین لەسەر خەلکی ڕۆژئاوا لەچەندین ڕۆژنامە و گۆڤاردا ، ئەو بوو ( هۆف ) چیرۆکەکەی ( بەخێوکەری مانگا ) لەساڵی (١٨٩٧) دا بلاوکردەوە ، کە یەکێك بوو لەو چیرۆکانەی زۆر لەدڵی ( تیودۆر ڕۆزفلت ) خۆشەویست بوو ، پێش ئەوەی دەست بکا بەدارشتنەوەی زانیاری و ئەزموونەکانی لەسەر ڕۆژئاوا ، لەچەند نۆڤلێتێکی چیرۆك ئامێزدا ، هەروەك ( اوین ویستر ) کە لەدایك بووی ( فیلادلفیا ) بوو ، ئەمەش وای لێکردبوو و کە بتوانێ خەلکی بناسێ بەتەواوی و کام لەوان دەتوانێ دەست بە شانیدا بهێنێت و سلاوی لێ بکات بە ( کوڕی خۆی ) ، بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکی توش ببێ ، کێ لەوان ئەوە لەگەڵ ئەودا دەکات بەڕوویەکی خۆشەوە ، کێش ئەوکارەی لەگەلدا بکات بەبێ پێکەنین ، بەلام ( زین جوای ) ڕۆژئاوای نەبینیبوو تاکو ڕۆمانی سێیەمی نوسی ، بەلکو لەگەڵ ئەمەشدا زووفێر ببوو ، ئەو خوێنەرە زۆرەی کە بەهەمەکانیان دەخوێندەوە ، دەگەیشتە ( ١٩ ) ملیۆن بۆ ئەو (٦٣)

نۆڤڵێتە كە نوسیبووی ، پێشوازییان لەنووسیەنەكانی دەكرد كەلەسەر ژیانی رۆژئاوا نووسیبووی ، بەوەی كە ئەمانە نووسینی ڕاستەقینەن ، چونكە ئەو زۆر وەسفی پێكانی نیشانە و سواری لەناوچە سەختەكان و كردەوە درندانە و دڵڕەقیەكانی دەكرد .لە دەساڵی یەكەمی ئەم سەدە تازەیەدا ، نووسەرانی چیرۆك لەسەر ڕۆژئاوا ، گەشتیان دەكرد لەگەڵ ڕابەرانی ئەم بوارەدا بەدرێژایی ڕێگای ( لیجینی ) تاكو ڕێڕەوی ( شلیبكوت ) لە ئالاسكا .
ئەوە بوو ( چەرچڵ ) زۆر بەگەرمی كێشەی ( كنتكی ) و شەڕی ( جورج روجرز كلارك ) ی تۆماركرد بوو لە چیرۆكەكەی خۆیدا ( ئارام گر ) لە ساڵی ١٩١٤ دا ، كە بووە هۆی بەخشینی كۆماری بە ( ئۆهایۆ ) و ( اندیانا ) و ) ئەلینۆی ) .
( لمون ) یش لەبارەی باجی زەویەكانەوە لە ( لویزانا ) ، چیرۆكی ( پاكی و ڕوونی مسیسیپی ) لەساڵی ١٩٠٢ دا نوسی ، هەروەها دەربارەی ناكۆكی لەسەر سنوری ( ئوریجون ) لە چیرۆكی ( ٥٤ — ٤٠ ، یان كوشتاری ١٩٠٩ ) ش چیرۆكی نووسی .
هەروەك وەسفی ( هوایت ) بۆ ساڵانی كۆتایی لەساڵەكانی داركۆكردنەوە لەنیمچە دوورگەی سەر ڕووی ( میشگان ) لەچیرۆكی ( ڕێگا گڕگرتوو ) لەساڵی ١٩٠٢ دا نووسی ، ئەمەش هاوڕێ لەگەڵ باسكردنی ناكۆكی و پاڵنان بەدوای زێڕدا لەبەرزاییەیە ڕەشەكانی باشووری ( داكۆتا) لەسەرتای ساڵی ١٨٩٠ ، ئەویش چیرۆكی ( The Claim Gumpers ) ی ساڵی(١٩٠١) دا ، دواتریش جاك لەندەن ) ئەزمونەكانی خۆی لەگەڕان بەدوایزێڕدا لە ( ئالاسكا ) ساڵی(١٩٠٠) ، لەچیرۆكی ( رۆژگاری گڕگرتوو ) دا دارشت ، لەوانەیە باشترین نوسراوێك لەسەر رۆژئاوای ئەمریكا نووسرابێ و تا ئێستا باسبكرێ ، چیرۆكەكەی ( ویستر ) بێت بەناوی ( ئەلڤرجینی ) ، ئەو چیرۆكە بوو كە زۆرترین برەوی هەبوو لەساڵی ١٩٠٢ دا .لەڕاستیدا كەسێك كەیەكەم جار سەیری ئەو چیرۆكە دەكات ، قورسە لەسەری ئەوە لێك بداتەوە ، بۆ ئەم چیرۆكە هەزاران كەس بەلای خۆیدا ڕاكێشاوە و عەقڵیانی سەرسام كردووە ، پاڵەوانی چیرۆكەكە وا دەرناكەوێ بەباشی هەستابێ بەكارە سەرەكیەی خۆی ، كە چاودێریكردنی مانگا و گوێرەكەكانە لە كێڵگەی قازی ( هنری ) دا ، وەكو چۆن لەخەیاڵی وێنە كێشەدا چنراوە !
هەروەك هەندێ لەهیندی سوورەكان چاوەڕوانن لەسەر درێژی ڕێگاكان ( باولج) لەدوای ئەوەش هەندێك ڕووداوی تۆڵەسەندنەوە زۆر بەخێرایی و سوكی بەڕێوە دەچن ، لەكۆتایدا پاڵەوانەكانی مل كەچ دەبێ بۆ بەشداری كردنی ( ترامباس ) ی دێو بۆ ئاگر تێبەردانەكان ، چیرۆكەكەش لەبنچینەوە حیكایەتی خۆشەویستێكە ، چالاكی وكار وبزێوی تێكەڵ كراوە ، شوێنەكەشی خاكێكی پڕگوڵ و گوڵزارە ، دۆڵێ فراوانكراوە ، دارستانی بێكۆتا ، داری گەز و سنەوەبەر ڕیز وەستاون ،هەموو ئەمانە ئارامی و بێهیوایی باڵی بەسەردا كێشاوە ، گەرچی لەژێر تیشكی خۆردا دەدرەوشێتەوە ، بەلاَم هەرچۆنێك بێت ، چیرۆكی خۆشەویستی ئەو سەرنج ڕاكێشیەی بە چیرۆكەكە بەخشیوە ، كچەكە مامۆستایە و لە ( ڤیرمۆنت ) ەوە هاتووە ، ئەو بۆ یەكەم جار ئەم گەنجەی باشوور دەبینێ ، كەخاوەنی قسەی تەڕ و پاراو بوو ، دەیویست هەوڵی مارەكردنی ئەو كچە بدات ، بەلاَم بەپیاوێكی وشك و نەزانی دەبینی ، دواتر كەزانی وانیە و كوڕەكە هەندێك زانیاری دەربارەی ( شكسپیر ) و ( براونج ) ( سوور بوو لەسەر نەهێشتنی خوێندنەوەی — جین

ئوستن - ) ، هەروەها دوای ئەوەی لەمردن کچەکەی رزگار کردبەهۆی ئەو برینی فیشەکەوە بەردەوام بوو لەسەری ، بۆی دەرکەوت کە کوڕێکی زرنگ و ناسکە ، هەر لێرەوە خۆی تەسلیم کرد و مل کەچی خۆش ویستنی بوو ، ئەمە وچیرۆکەکە سەرەرای گێرانەوەی ئەم خۆشەویستىیە ، حیکمەت نەرم ناسکەکانی ڤرجینیىیەکانی دۆزىیەو ، کە تاڕادەیەك هاو وێنەی حیکمەتی ( ویسکوت ) بوو لە ( دایڤد هارزم ) و حیکمەتی ( باتشلر ) لە ( ئەبین هولدن ) دا ، لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە چیرۆکی ڤیرجینی ڕووی لەهەرسێ کەرتە گەورەکەی کردبوو بەجوانترین و تەواوترین شێوە .

دانیشتوانی ( نیو ئینگلەند ) مافی خۆیان بوو شانازی بە ( مولی وود )ی ناسك وشیرینەوە بکەن ، دانیشتوانی ( ڤرجینی ) ش بۆیان هەبوو کە تەواو سەریان بسوڕمێ بەپیاوەتی ( ئەلڤرجینی ) ، دانیشتوانی خۆرئاواش بۆیان هەبوو کە بەشان و باڵی قازی ( هینری ) دا هەڵدەن ، ئەوەی کەحوکمی یاسای بۆ ( مولی وود ) ڕاڤەکرد ، بەمەش هانیدا کە وەلاٚمی خۆشەویستەکەی بداتەوە ، لەدوای هەموو ئەمانەوە ، ئەو راستىیە دەمێنێتەوە کە هیچ گوومانێکی تێدانىیە ، ئەویش ئەوەیە کە چیرۆکی ( ئەلڤرجینی) لە باشترین فۆرم دا داڕێژراوە و بەپاراوی زمانەکەی دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە ، پیاوانی خۆرئاوا ، کەیەکێکن لە بەخششەکانی ئەمریکا بۆ جیهان ، بەردەوام ئەو ژیانە بەهێزەیان دەگوزەرێنن ، لەو گێرانەوانەی کە ڕۆڵی سینەما پیشانیان دەدا ، هەروەها لەو کتێبە چیرۆکانەی کە کتێبخانەکانیان ڕازاندۆتەوە ، بەلاٚم لەوانەیە لەکاتێکی تردا یەکێك لەم چیرۆکانە دەربکەون و بەئاسمانی پوختی و کارچاکی دا بفڕن و خوێنەران بهەژێنن ، لە نموونەی چیرۆکەکەی ( والترفان تلبورج کلارك ) لە ساڵی ١٩٤٠ دا بەناوی ( ڕووداوی دارەکانی سەر شاخی گا )، ئەمەش بەلگەیە لەسەر قسەکەی : ئەمریکىیەکان حەزیان لەڕوداوەکانی ڕۆژئاوایە و حەزدەکەن هەموو هەواڵ وزانیاریىیەکان دەربارەی بزانن ، کە دیارترینیان ( ویستر ) و ( هوایت ئوهوف ) بوون ، کە تائێستاش کلێەی ئاگرەکەیان نەکوژاوەتەو ..

داڕژان و هاتنە خوارەوەی نۆڤیلیستە مێژوویيەکان و ئەوانەش کە لەسەر خۆرئاوا نووسراون لەپێنج ساڵی یەکەمدا لەم سەدەیە ، داڕژانێکی بەهێز و ڕێك وپێك بوو لەگەڵ ڕێژنەی ڕوولەزیاد بووندا – هاوڕەوت نەبوو لەگەڵ تۆفانی چیرۆکە خێزانیەکاندا .

کاتێك دانیشتوانی کێڵگە و گوندەکان ، لەگوندەکان و کێڵگەکانیان کۆچیان کرد بۆ شار ، بەمەش دانیشتوانە گوندنشینەکان کەم بوونەوە ، کاتێکیش ڕێژەی تەلاٚقدان بەشێوەیەکی بێزارکەر زیادی کرد ، هەواڵی – دیاری کردنی وەچەو ڕێگرتن لێی – لەهەموو شوێنێك بلاٚوبووەوە ، ئەمریکىیەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە چیرۆك نووسەکان دڵنیایىیان پێ ببەخشن و جەختیان لەسەر ئەوە بۆ بکەن کە ژیان لەنێو خەڵکی گشتیدا پاك وسەلامەتە ، بۆیە چیرۆکە خێزانیەکان لەمێژەوە بوونە جێی سەرنجی خوێنەران ، خۆشەویسترین جۆری چیرۆك لەدڵیاندا – وەکو لەپێشوازی کردنیان لەم چیرۆکانەوە دەردەکەوێت – چیرۆکەکانی ( لویزا مای ئەلکوت ) و ( سوزان وارنر ) بوو ، هەروەها لەم ساتانەدا چەندین هەواڵ بلاٚو بونەوە ، کەباسیان لەسەلامەتی ژیانی خێزانی و ئارامی و ئاسایشی دەکرد ، تاکو

وای لێهات ئەم هەواڵە خۆشانە ، مانگ لەدوای مانگ بەدوای یەکدا دەهاتن لە کارەکانی چیرۆك نووسەکاندا ، لەباکوری نیویۆرك چیرۆکی ( ئیبن هولدن ) لەساڵی (١٩٠٠) دەرکەوت ، لەولایەتی ( ئەلین ) چیرۆکی ( تێکەڵەیەك لە کێڵگەی خاوەن جۆگەلەی بەر خۆر ) لەساڵی (١٩٠٣) ، لە ( ئوزارکس ) یش چیرۆکی ( شوانە بچوکەکەی مەملەکەت ) لەساڵی (١٩٠٣) ، لە ( ئورانکس ) یش چیرۆکی ( شوانی تەپۆلکە کان ) لەساڵی (١٩٠٩) بلاّو بووەوە ، لە ( ڤرمونت ) چیرۆکی ( بولیانا ) لەساڵی (١٩١٣) دەرچوو ، هەموو ئەم چیرۆکانە ، پێشوازی لێکردنیان گەیشتبووە برەوێك لەژوور هەموو بۆ چوونەکانەو بوو !

ئەم پێشوازی لێکردنە لەساڵی (١٩٠١) گەیشتە چڵەپۆپەی ، کاتێك چیرۆکەکەی ( ئەلیس هیمان دایس ) دەرچوو بەناوی ( Mrs . viggs of the Gabbage patch ) ئەم چیرۆکە بۆماوەی دووساڵ لەیەکەمی لیستی ئەو چیرۆکانەدا بوون برەویان هەبوو چاپخانەکانیش ستافەکانیان سەرقاڵی دەرکردنی چل هەزار دانە بوون لەهەموو مانگێکدا ، ئەمەش سەرەرای ئەوەی کە شوێنی چیرۆکەکە لەیەکێك لەگەرەکە هەژارەکانی( لویز ڤیل ) بوو ، نەلەکێڵگە و نەلە گوندیش بوو ، چیرۆکەکەی لەهەموو رووپەکەوە شوێن پێی هەڵدەگیرا وەکو نموونەیەك ، ئەو لەوێناکردنی دایکێکی بێوەژندا ، کەنارەحەتی‌یەکان بەهەر شێوەیەك بووبن ، نایان بەزاندبوو ، داهێنانی کردبوو .هەروەکو لەوێناکردنی پێنج منالەکەیدا ، کەتوانبویان بەگژی هەژاریدا بچنەوە ژیانێکی بەخشندەیان بەکردەوە چاکەکانیان گوزەراندبوو ، هەروەکو زۆر بەوردی و چاکی وەسفی ( براتزانا ) ی خۆبەگەورە نەزانی کردبوو لەکۆتایی چیرۆکەکەدا ، لەراستیدا ( مسز ڤجر ) کاتێك ووتی : ( وا دەردەکەوێ کە شتێك لەم دنیایەدا بەکۆتایی‌یەکی باش دوایی دێت و بەرێگایەکی رێك ودروست دا تێپەر دەبێت ، گەر توانیمان دەروونی خۆمان بەئارام گرتن پربکەینەوە ئەوە روودەدات کە دەمانەوێ )) .

ئەو هەموو مەغزایانەی تر کە لەپشت چیرۆکە خێزانی‌یەکانەوە پشت گوێ خستبوو ، هەروەکو بۆ بابەتەکانی چیرۆکەکە باسێکی تازەی زیاد کردبوو ، لەناوەراستی شانۆی رووداوەکاندا ، کچێکی بچووکی روو گەشاوە دەوەستێ ، لەوانەیە ( بولیان ) یێك یان ( مولی) یەك لەهیواکانی بدات کەناگاتە کاتی دیاری کراوی خۆی و نابێتە نموونەیەکی سەرسورهێنەر بۆ ئەوانەی کەلەو گەورەترن لەتەمەندا ، هیچ شتێك ناتوانێ کە پێیدا هەڵبدات لەو عەزمەی کەهەیەتی ، یان ئەورۆحیەتەی دابەزێنێ ، نەهەژاری خێزان و نەداریەکەیان ، نەژیانیش لەپەناگەی هەتیواندا نەتەنیایی‌یەکەی کە کاتێك هەندێك غەریبایەتی تێدا دروست دەکەن و کاری لێ دەکەن .

جوانترین نموونە بۆئەم جۆرەچیرۆکە تازەیە ، چیرۆکی ( ئیبن هوڵدن ) ی ( ئیرفنج باتشلر ) بوو ، ئە چیرۆکە تاقانەیە لەرووی جۆرەکەیەوە ، چونکە پری کردبوو لەهەموو ئەو شتانەی کە خوێنەران حەزی پێدەکەن ، کەلەساڵی ١٩٠١ دا بلاّوکرایەوە ، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە منداڵێکی هەتیوی شاری ( ڤێرمۆنت) بوو ، کە لەچرنووکەکانی هەتیوی و بێلانەیی رزگاری‌دەکات و ( ئیبن ) سەرپەرشتی پەروەردەکردنی دەکات کە زمانی زاڵە لەچیرۆکەکەدا ، دوای چەندین نارەحەتی پەنایەکی باشی دوزی‌یەوە لەیەکێك لەکێڵگەکاندا لەدۆڵی ( سانت لورنس ) منداڵەکە

بەرەو گەنجی دەڕۆیشت و ( ئیبن ) بەردەوام لەگەڵیدا بوو ، پاشان چووە کۆلێژ و ڕۆیشت بۆ شارە گەورەکە ( نیویۆرك ) تاکو ببێتە ڕۆژنامە نووس ، لەمەشدا
( جریلی ) بوو بەهاوڕێ و چەندین کەسی خاوەن پایە وگەورەی پێناساند ، لەجەنگە ئەهلیەکانیشدا تێکۆشاوە و وەکو پاڵەوانێك تێیدا دەرچووە و توانیویێتی چاوی بەمستر ( لنکولن ) بکەویت و قسەی لەگەڵدا بکات ، هاوڕێ گەنجەکەی خۆی مارەکردووە وبووە بە پیاوێکی سیاسی سەرکەوتوو ، هەر وەك لەسەر زمانی ( هوراس جریلی ) ئەو ووشانەی داناوە کە دەرباز بوون لێیان مەحاڵە و باسی شکۆمەندی و خۆشی ژیانی گوندەکان و دەڵێ :- (( من گوندم خۆش دەوێ و ژیان لەوێدا بەباشتر دەزانم کاتێك کەکۆتاییمان دێ ، من گوند بەباشتر دەزانم ، چونکە کار وبارەکان وەکو خۆیان دەبینم لەوێدا ، هەست بەراستگۆیی دەکەم لەسەرجەم ئەوەی کە لەدەوروبەرمدایە ، بەڵام لێرە درۆچەندین شێوەی هەیە ن یان درۆیەکی تاکرەوانەیە یان گشتیە و جۆراو جۆرە ، یاخود درۆی عەبقەرییەکانە ، ڕەنگەسپی وسوورەکانی سەر ڕوومەتی کچەکان درۆیەکن وگومانی تێدا نییە ، شیعری خوازرا و بەسەر ( بارون ) و ( دوق )دا درۆیەکی ترە ، ئەو بێ عەقڵانەی لاسایی ئەمانە دەکەنەوە ، دووبارە ئەوانیش درۆزنن ، ئەو پیاوانەی مەشروبات دەخۆنەوە ، بێجگە لەدرۆ هیچ شتێکی دیکە لە مێشکیاندا نیە ، ئەو زیرەکانی بە وریایی ئیستغلاکردنی ئەوانی دی دەژین ، هەموویان درۆزنن ، زۆربەی ئەوکەسانەی کە شتانێکی خەیاڵی بەحەقیقەت دەبینن و خۆیان پێ دەردەخەن ، بەوشتانەی کە لەخۆیاندا نیە ، هەموو ئەوان درۆزنن و گومانی تێدانیە ، کارێکی حەتمییە ، ژیان لە شارە گەورەکاندا لەسەر ئەم فۆرمە درۆینەیە بێ ، کە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی توانەوە و لەوچوون ، بەڵام ڕاستگۆیی ، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ دەستکەوتنی ، مەگەر لە دارستانەکاندا نەبێت ، لەوێدا پیاوانێك دەبینی لەسەر ئەوشێوەیەی کە خوا لەسەری وێنە کێشاون ، لە راستگۆیی و بەهێزیدا .)) .
چیرۆکەکەی ( ئیبن هوڵدن ) چیرۆکێکی خێزانییە ، چیرۆکێکە لەسەر جەنگی ئەهلی لە هەمان کاتدا ئەو دوورەگەزە کۆبونەتەوە ، تاکو سەرکەوتنێکی بەرچاوی بۆ وەدی بهێنن ، هەروەك هەندێ ڕابەری تری ئەم جۆرە لەچیرۆك هەبوون ، گەرچی کاتی پراکتیکیان لەسەری درێژەی نەکێشابێ ، پێشەکییەکەی ( باتشلر ) سلاو و ڕێزێك بو و ئەو بۆ ئەو دار بڕانەی لە ( ڤیرمۆنت ) ەوە هاتبوون بۆ رۆژئاوا ، تاکو حاڵەکانی خۆیان لە ( ئوبرن دارك ) دا بنیات بنێت ، ئەوا ژیانێکی دوور لەسەنتەرەکانی ژیانیان بەسەردەبرد ، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشی و شانازی و نوکتە گاڵتەجارییەکان و ئایین و هونەرە میللییەکان و تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ شتەکان و ژیان هەبوو ، هەموو ئەم شتانە بۆن و تامی دارستان و بەرائەتی منداڵ و سادەییەکەی ، هەموو کوڕێك لەکوڕەکان لەسەر خۆش ویستنی شەرەف کارکردن لەسەر هیوا پەروەردە و گەورە دەکرا ، تاکو بتوانێ ڕۆژێك لەڕۆژان ببێت بەسەرۆك کۆمار ! بینیت هەموو ئەم نۆڤلیتە نووسراون ، کەباس لەسەربەرزی و شکۆمەندی رابردووی ئەمریکا دەکەن ، کارەکانی پیاوەگەورەکانی زیندوو دەکەنەوە ، هەروەك گەورەیی سیفاتی پشت بە خۆبەستن ، کە ڕێبەرانی یەکەم خۆیان پێڕازاندبۆوە ، شانازی بەو ڕەوشتی لێبووردنەی کە پیاوانی دۆڵنشین و پێدەشتەکانی پێجیادەکرێتەوە ، بینیت ، ئەم نووسراوانە ، وەکو ئەوەی بەشێك بن لەئەدەبیاتی ڕاکردن ، مەبەست پێهەستکردنی گەلە

بەرۆحیەتــی شــانازی کــردن و خــۆبەگەورە زانــین و پــیاهەڵدان بەرابــردوودا ، بڵاوکــردنەوەی هەستکردن بەخۆشگوزەرانی و بەختەوەری لەجیلەکانی یەکەمدا ؟
بەڵێ زوربــەی ئــەم چیرۆکانە مەبەســتیان لەمانــە بــووە ، بــەڵام لەکاتــێکەوە بۆکاتێکی تــر ، گوێت لەدەنگی چەند هەناسەیەکی کز دەبێ ، کە خەفەت لەرابردوو دەخوات و دوودڵی دەردەخات لەوەی کــە رۆژگــار لەداهاتــوودا دەیهێنــێ ، ئایــا نــەوەکانــی داهاتــوو ئەو دەچەسپێنن کەلەسەر خو رەوشتی پێشونان و دروســتکەرەوەی ئــەو کلــتورە ســەربەرزەن ؟ هەنــدێك لەپیاوانی چیرۆك نووس تا ئێستا گوومان دەیاهێنێ و دەیان با لەو مەسەلەیەدا .
بــەڵام هیوایەتــی خــۆی دەردەخــات ســەبارەت بەسەرســورمانی لــەو دیمەنــە ســەرنج راکێشــەی تــوانا مــرۆییەیەکان ، کەلــەو رۆژگــاری هەڵگەرانەوەیــەدا هەســتان وتێدەکۆشــێت ، هــەروەك خوێنەرانــی خــۆی ئاگــادار دەکاتــەوە بــەوەی کــە دەڵێ : (هێز ، گەرچی تائێستا پاشماوەکانی دیارە لەم سەردەمە تازەیــەدا کــە رۆژگــاری فــۆرخکاری و وەبەرهێــنانە تاکەکەســیەکانە ، بــەڵام لــە رووی پراکتیکــی دروســتەوە بەبــێ گــومان ســنورەکانی خــۆی بەزانــدووە .) هــەروەها ( چەرچــڵ ) لــە نۆڤلێــتە مێژوویی‌ــیەکاندا تــەرخان کــردووە بــۆ ئاراســتە کردنــی هەنــدێ وورده ئامــۆژگاری ، کەبۆنــی خوێنیــنەوەی رووداوەکانی داهاتوویان لێدەکرێت ، وەکو نموونەی ئەوەی لەسەر زمانی خۆیەوە قسە لەگەڵ( ستیفن برایس ) دەکات ، کە یەکێکە لەپاڵەوانەکانی جەنگە ئەهلی‌یەکان ( جەنگی لنکۆڵن)
( لەرۆژانــی بێکاریــدا ، بــاب و باپیرانمــان کاریــان بــۆ خێــری گــەل دەکرد ، فیکرەی پارەپەیدا کردن بەهــیچ شــێوەیەك لەمێشــکیاندا نەبــوو ، ئەوکاتــە دێــت کــە خۆمانــی تــێدا دەدۆزیــنەوە ، کــە پێویستی‌یەکی زۆرمــان بــەم روحــە هەیــە لــە کۆمارەکەماندا ، سامانێك کە ناگونجێ خەونی پێوە ببیــنین ، لەم خاکەوە هەڵ دەقوڵێ و ئاوە هەڵقولاوەکانی هەمووشتێك بۆگەن دەکەن ، مەگەر کانزا خاوێــنەکان نەبــێ ، هەمووشتێك تێك دەچێ ، مەگەر ئەو کەسە پاکانە نەبێ کە بەهیچ شێوەیەك تــێك ناچــن ، ئامادەکردنــی ســەروەت وسامان ، لەلایەن کەسانێك لە ئەزموون بەهێزی نەکردووە و دەرونــیان لەپیسی پــاك نەبۆتەوە ، مۆنۆپۆڵ دەکرێ ، تۆش بیردەکەیتەوە و ئەوانەش کە لەشێوەی تــۆدان ، لــەورۆژەدا ، داخــۆ بــاب و باپیرانــتان چۆن حوکمــیان کــردووە بــە دادگــەری و عەزمــەوە ، ئــەوەیان کــردووە ، چونکە خــۆیان حوکمــی خــۆیان دەکــرد ، کەواتــە بــەردەوام وریابــە و خزمەتــی شــارەکەت بکــە ، خزمەتی ولایەتەکەت بکە ، بەڵکو لەسەروی هەموو شتێکەوە خزمەتی وولاتەکەت بکە ..
سەرچاوە :

الأدب الأمريكي في القرن العشرين .يلارد ثورب ت: مصطفى حبيب
مكتبة قصر ، القاهرة ، ص ( ١- ٢٦ )

The media as the fourth institution and what is related to be as newspapers magazines became defacto and spread out in all aspects of life.
Meanwhile, the roles of newspapers and magazines can not be neglected. Undoubtedly,media is the most notable features of civil community, as if is clear , it stepped for ward and presented a great service to people in kurdistan , we think these are caused by government and ministry of culture that paid more attention to cultural field after victorious uprising media developed agreat way that can be considered as a great turn around in the history of kurdish knowledge and culture this does not give the sense of perfection in all aspects because there should be on perfect attempt or movement in that aspect. From this perspective, we as a group of students and teachers journalists, in our concern with serving in the field of media writing and knowledge aspects decided to issue (conceptual, knowledge) magazin specialized with(America)and would be able to serve those who concern with that wide knowledge medium. It is apparent, writing and media have organic relationship with American cultural and globalization media and writing have got an organic relationship with the american culture and globalization .this new culture controls most of the media and cultural centers. We can say that it is a definite necessity and uncut chain . media and the style of writing in regional kurdis are positevely influenced by these new styles and forms. Nowadays,it is obvious that the american authority and sovereegnty have taken an amazing shape.
For this reason both(west and east) worlds are influenced by that new culture.from here,this giant and powerful country is similar to an emperor;now lead the world and determines.
Academic studies and dense research have to be done and we also have to throw lighits on those factors which have the most active role beyond this victory in different dimension like technology,military and diplomacy.
So our aims can be cleared by these strategies.

1.Filling that gap which we think that have not been filled in Kurdish library yet.
2. Help and assist academic aspect in studying for the student of university and institution and display cultural and scientific texts.
3. Introduce the educated men and readers of kurd to the american development and progression that have been making in political,scientific and thought aspects.

The magazine"s staff(american studies magazine).

1-abdulla ahmed mohammed the general director,writer,arabic translator and the member of kurdistan journalists syndicate.
2-saman ali mohammed writer,arabic translator and the membor of kurdistan journalists syndicate.
3-bahjat ahmed writer, and historical researcher.
4-yasin hame saeed persian and english translator and hitorical researcher.
5-hemin abdulla arabic and english translator.
6-abdulla fazil hasan arabic translator.
7-falah mohammed persian translator.
8- naushirwan husen english translator.
9-hardy abdullah english translator.
10-barzan mala taha arabic translator.

## ئەمریکاناسی

**ئەمریکاناسی** دەروازەیەکی نوێیە، بۆ کردنەوەی دەرگای (هزر، سیاسەت، مێژوو، جوگرافیا، وێژە، کلتور...هتد.) ئەمریکی و دەیەوێت ئەکادیمیانە هەنگاوێک بەرەو ئەو جیهانەی کە تا ئێستا زۆربەی لایەنەکانی بە شاراوەیی لامان ماونەتەوە، بنێت.

بۆیە نووسەران و خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، کە بابەتەکانیان با ڕەچاوی ئەم خالانەی تێدا کرابێت:

١. بابەتەکە تایبەت بێت بە یەکێک لەو لایەنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

٢. ئەگەر وەرگێڕدراو بوو، دەقی بابەتە ئەسڵیەکەی لەگەڵدا بێت.

٣. بابەت بلاو بکرێتەوە یان بەپێچەوانەوە، نادرێتەوە بە خاوەنەکەی.

٤. ئاماژە بە ناوی نووسەر، ناوی کتێب، ماڵپەڕ، بکرێت و ژمارە و بەرواری چاپ و ژمارەی لاپەڕە دیاری بکرێت.

٥. بابەت لەسەر یەک دیوی پەڕە و بە خەتێکی روون بنوسرێت و ڕەچاوی خاڵبەندی تێدا بکرێت.

٦. ئەگەر بابەتەکە (توێژینەوە) بوو، مەرجەکانی توێژینەوەی زانستی تێدا ڕەچاو کرابێت.

٧. بابەتەکە دەبێت لە هیچ شوێنێکی تردا بلاو نەکرابێتەوە.

٨. بۆ هەر نووسینێک نووسەر پاداشتی (مکافئە) وەردەگرێت.

### زنجیرەی کتێبی چاپکراوی سەنتەری نما

| ژ | ناوی کتێب | ناوی ن، و |
|---|---|---|
| ١ | گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی | ئیسماعیل کوردە، ڕەوشت ڕەشید، نووری بێخاڵی |
| ٢ | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | ئیسماعیل کوردە |
| ٣ | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | دیار عەزیز شەریف |
| ٤ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | ئیسماعیل کوردە، ڕێبین ڕەسول، نوری بێخاڵی |
| ٥ | راپسکانێ لەدنیای سیاسەت | ماجید نووری |
| ٦ | دەنگو سێبەر | ئازاد صبحی |
| ٧ | ئوشێنکاتی یەکەم، لەدووەم ئێستای سەگوەڕ | موتەڵب عەبدوڵڵا |
| ٨ | فروغی فەروخ زاد | سۆران نەقشەبەندی |
| ٩ | سێبەری با | د. موحسن ئەحمەد عومەر |
| ١٠ | مۆمیای عەرشی سپێدەیەک | ئیسماعیل کوردە |
| ١١ | ترسی ژمارەکان | شەهرام نامق |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | باخی زەمەنە بەزەخیەکان | بابان حەمە |
| ١٣ | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود |
| ١٤ | بۆشایی دنیا | نەبەز گۆران |
| ١٥ | رۆژێك کە تاك و تەنیایە | سەرهەنگ حەمە عەلی |
| ١٦ | جەژنی مەرگ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| ١٧ | سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات | کەریم دەشتی |
| ١٨ | قولاپی ماسی | دڵشاد کازم محەمەد |
| ١٩ | لەو دیو دەرگا داخراوەکان | ئارێز عەبدوڵلا |
| ٢٠ | گەمەی وردە ماسی | صەلاح عومەر |
| ٢١ | مۆدێرنەکان | ئازاد بەزنجی |
| ٢٢ | دەربارەی عەلمانیەت | بەختیا عەلی، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵلا،ئیسماعیل کوردە،جەمال حسێن،توانا ئەحمەد |
| ٢٣ | مارتن هایدگەر | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٤ | سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە | راسان موختار |
| ٢٥ | بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن | رێبین رەسوڵ |
| ٢٦ | عەلمانیەتی ئەوان و نیگەرانی ئێمە | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٧ | عەلمانیەت و کاریگەرییەکانی | جەمال پیرە |
| ٢٨ | دەسەلات و حەقیقەت | ئیدریس شێخ شەرەفی |
| ٢٩ | گلگامێش | ئیدریس شێخ شەرەفی |
| ٣٠ | پێکهاتەو راڤەی دەق | مەسعود بابایی |
| ٣١ | رۆژهەلات و رۆژئاوا | . ئاسۆ جەلال |
| ٣٢ | لەهۆکهایمەرەوە تا هابرماس | ئیسماعیل کوردە، |

| | | |
|---|---|---|
| | | جەمال پیرە |
| ٣٣ | دەروننزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| ٣٤ | کۆمەڵناسی | ستار باقی کەریم |
| ٣٥ | هیگڵ | ڕێبین ڕەسوڵ |
| ٣٦ | فەلسەفەی کۆچەری | هەندرێن |
| ٣٧ | ئەدۆنیس | موتەڵیب عەبدوڵلا |
| ٣٨ | داستانی سەفەر | باهۆز مستەفا |
| ٣٩ | ئیسلام‌و ڕۆشنگەری | هێمن مەحمود |
| ٤٠ | پێکهاتەو ڕافەی دەق/٢ | مەسعود بابایی |
| ٤١ | ئاشنابوون بەهیگڵ | ڕێباز مستەفا |
| ٤٢ | بێوار/ ڕۆمان | د. کامەران مەنتك |
| ٤٣ | ڕێگای یاخیان/ ڕۆمان | ئارێز عەبدوڵلا |
| ٤٨ | پێکهاتەو ڕافەی دەق/٣ | مەسعود بابایی |
| ٤٩ | تەختەی شانۆ | کامەران حاجی ئەلیاس |
| ٥٠ | ئاومار | شاخەوان مەلا مەحمەد |
| ٥١ | ئەماچانەی بەلێومانەوە.. | ئارام قادر |
| ٥٢ | شارلی چاپلن | و: کەمال عەبدوڵلا |
| ٥٣ | ڕەخنەو ئایدیۆلۆژیا | حەیدەر حاجی خدر |
| | | |